VOL.29 ISSUE 3 (2025)

ZANCO JOURNAL OF HUMAN SCIENCES

Zanco Journal of Human Sciences

Editor-in-chief
Prof. Dr. Himdad A. Muhammad

Associate Editors
Prof. Dr. Mahir Abdulwahid Aziz-Iraq
Prof. Dr. Javad Gholami-Iran
Prof. Dr. Ziad Darwish Mustafa Alkurdi-Jordan
Prof. Dr. Jessica Ashe-USA
Asst. Prof. Dr. Mwafaq Adil Omar-Iraq

Editorial Board
Prof. Dr. Mahdy Muhamad Elkassas-Egypt
Prof. Dr. Sanagr Qader Shekmohamad Haji-Iraq
Prof. Dr. Ayad Yasin Husein-Iraq
Asst. Prof. Dr. Rania Lampou-Greece
Asst. Prof. Dr. Delshad Shaker Ismael Botani-Iraq
Asst. Prof. Dr. Hazhar Talaat Abubaker Blbas-Iraq
Asst. Prof. Dr. Muthmainnah Unasman-Indonesia
Asst. Prof. Dr. Huner Abdulla Kak Ahmed-Iraq
Asst. Prof. Dr. Halgord Muhammad Hasan-Iraq
Dr. Sherwan Saber Khalid-Iraq

Management Staff:
Snoor Faisal Aziz Balani
Heshu Aziz Abdullah
Nawroz Faisal Ahmad

Linguistic Editor:
Prof. Dr. Sanagr Qader Shekmohamad Haji
Asst. Prof. Dr. Halgord Muhammad Hasan
Ferhad Sami Abdulqadir

Zanco Journal of Human Sciences (ISSN 2218-0222) is published by the Department of Scientific Publications at Salahaddin University-Erbil. The content of the journal is the sole responsibility of the authors and does not reflect the views of Salahaddin University-Erbil or the Journal's Editorial and Advisory Boards.

Contact Information: The Central Library of Salahaddin University-Erbil, Kirkuk Road, Erbil, Kurdistan Region, Iraq. Phone: +964 (0) 750 7761675, e-mail: zanco.humanity@su.edu.krd.

Copyright and Reprint Permission: Zanco retains the copyright to all technical contributions it publishes and facilitates their appropriate reuse. Photocopying is permitted for individual use with proper credit to the source. All Zanco journals are open-access.

Frequency: publishes one volume per year, consisting of six issues.

Available Online At:
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/
(Print Version: ISSN 2218-0222)
(Online Version: ISSN 2412-396X)

Vol.29 Issue 3
2025

Zanco Journal of Human Sciences

Volume 29, Issue 3 (2025)

The third issue of the Zanco Journal of Human Sciences presents a rich and diverse collection of scholarly works that reflect the breadth and depth of contemporary research in the humanities and social sciences. This issue brings together studies ranging from literary analysis and linguistic theory to historical inquiry and organizational leadership, offering readers a multifaceted exploration of human experience and societal dynamics.

Among the highlights is the insightful examination of feminist discourse in Jabbar Jamal Gharib's *The Age of Bilquis' Weeping*, which contributes to ongoing conversations about gender and literature. Complementing this, the study on gender inequality and entrepreneurship in Erbil critically assesses the performance of working women, shedding light on socio-economic challenges in the region.

The issue also delves into historical and political realms with a detailed analysis of national conflict for power at the Safavid court (1501–1722). The historical narrative is further expanded by the investigation into Ottoman terracotta pipes found in Arbelal Citadel, offering a tangible connection to the material culture of the Ottoman period.

Linguistic scholarship is well represented through the study on compensatory vowel lengthening of /A/ based on moraic theory, advancing phonological theory, and the psycho-cognitive analysis of Kurdish folklore vocabularies, which bridges language and cultural cognition. In literary studies, the exploration of narrative types and functions in Sabri Sulaifani's novel *Dergahe Dunyaye* and the application of New Historicism to Elif Shafak's *the Bastard of Istanbul* provide critical insights into narrative form and historical memory.

Leadership and organizational studies feature prominently with papers investigating affiliative and authentic leadership styles and their impact on organizational prosperity, employee well-being, and identification. These studies offer valuable perspectives for both scholars and practitioners aiming to enhance workplace dynamics.

The issue also addresses contemporary educational and cultural phenomena, including the impact of TikTok influencers on educational value and the role of cartoons and caricatures in Kurdish art, highlighting the intersection of media, culture, and society.

Finally, the examination of Shariah governance in Islamic banks within the Kurdistan Region and the analysis of U.S. foreign policy under President Bush towards the Middle East provide critical reflections on governance, finance, and international relations.

Together, these papers underscore the journal's commitment to fostering interdisciplinary dialogue and advancing knowledge across human sciences. We invite readers to engage deeply with these contributions, which illuminate the complexities of human societies past and present.

Editor-in-Chief

Zanco Journal of Human Science

ناوەرۆك- المحتويات- Content

Vol.29 Issue3 2025

ژمارە	ناونیشان	ژ.لاپەڕە
1.	دەرکەوتەکانی فێمینیزم لە ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس)ی جەبار جەماڵ غەریب دا دلدار عدو وسو بەشی کوردی، فاکەلتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران-هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق هونەر انور مام صوفی بەشی کوردی، فاکەلتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران-هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق	20-1
2.	دریژکردنەوەی قەرەبوویی بزوێنی // بەهۆی تێچوونی هەندێک لە نەبزوێنەکان بەپێی تێۆری مۆرایک ڕاز عزیز احمد بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق داستان صابر مامه وەزارەتی پەروەرد	49-21
3.	مەلمانێی نەتەوەیی لەسەر دەسەلات دەربارى سەفەوى (1501 – 1722) دلزار صالح صادق بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق	63-50
4.	تأثير القيادة بالانتماء على الازدهار التنظيمي: الدور الوسيط لرفاهية الموظف دراسة تحليلية لاراء عينة من العاملين في الجامعات الخاصة بمدينة اربيل في اقليم كوردستان العراق بيوار أحمد عبدالله قسم إدارة الأعمال، كلية العلوم الإنسانية، جامعة رابرين، رانية، إقليم كوردستان،العراق لوفان اكرم سعيد المعهد التقني السليمانية، قسم ادارة العامل/ جامعة السليمانية التقنية، السليمانية، إقليم كوردستان،العراق زانا مجيد صادق قسم ادارة الاعمال، فكلتي العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة كويه، إقليم كوردستان العراق ميديا اراس محمدسعيد قسم ادارة الاعمال، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة السليمانية، السليمانية، إقليم كوردستان،العراق	93-64
5.	سەبیلی گڵێنەیی سەردەمی عوسمانی لەقەڵای هەولێر (نموونەی هەڵبژێردراو) محمد قادر إسماعيل بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر هەرێمی کوردستان، عێراق عبدالله خورشيد قادر بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر هەرێمی کوردستان، عێراق سەنگەر محمد عبدالله پەیمانگای عیراقی بو پاراستنی شوینەوار وکەلەپوو	118-94

6.	سیاسەتا دەرڤەیا ئەمریکا لسەردەمێ کارگێرییا بۆشێ کور هەمبەری رۆژهەلاتا ناڤین 2001-2003: عێراق و ئەفغانستان وەک نموونە: خواندنەکا میژووی لبەر رۆناهیا گوتارێن بووشی کاروان صالح ویسی بەشی میژوو، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی زاخۆ- زاخۆ	143-119
7.	دور تطبيق حوكمة الشرعية في تحسين الأداء المالي في المصارف الإسلامية –دراسة الاستطلاعية لإراء عينة من العاملين في إدارات المصارف الإسلامية و مراقبي الحسابات في إقليم كوردستان– العراق بارزان حسن أحمد قسم المحاسبة ،فاكلتي العلوم الإنسانية والاجتماعية ، جامعة كويه بليسه نوزاد كاكه ره ش قسم المحاسبة ،فاكلتي العلوم الإنسانية والاجتماعية ، جامعة كويه	162-144
8.	دورالقيادة الاصيلة في تعزيز التماثل التنظيمي من خلال جودة حياة العمل دراسة تحليلية لاراء عينة من العاملين في عدد من المستشفيات الخاصة في محافظة السليمانية– العراق وريا نجم رشيد قسم ادارة التسويق ،كلية الادارة والاقتصاد، جامعة السليمانية ،السليمانية،أقليم كوردستان،العراق	194-163
9.	جۆر و ئەرکێن ڤەگێڕی د ڕۆمـانا (دەرگەهێ دونیایێ)ی یا (سەبری (سلیڤانەی)یدا عبدالكريم مصطفى محمدامين پشکا زمانێ کوردی، کولیژا زمانان، زانکویا دهوک – دهوک، هەرێمی کوردستان، عێراق ارام يوسف ابراهيم پشکا زمانێ کوردی، کولیژا زمانان، زانکویا دهوک – دهوک، هەرێمی کوردستان، عێراق شڤان جرجيس عبدالرحمن پشکا زمانێ کوردی، کولیژا زمانان، زانکویا دهوک – دهوک، هەرێمی کوردستان، عێراق	217-195
10.	کاریگەری تیکتۆککەرەکان لەسەر بەهای پەروەردەیی: توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لە شاری هەولێر هێرەن ابراهيم احمد بەشی دەروونزانی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق	237-218
11.	ڕۆڵی کارتۆن و کاریکاتێر لە هونەری کوردیدا (کوردستانی عێراق) محەمەد سالّح رۆستەم زادە بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،هەرێمی کوردستان، عێراق	260-238
12.	مهارات القيادة الناجحة وإدارة الفريق في القرآن الكريم فاطمة سعد النعيمي قسم القرآن والسنة، كلية الشريعة والدراسات الإسلامية، جامعة قطر، الدوحة، قطر	278-261

289-279	**Competence and Performance through the Lens of a Psycho-cognitive Analytical Approach: Kurdish Folklore Vocabularies as Case Study** **Khoshi Anwer Hasan Al-Jaf** Department of English, College of Education, University of Garmian, Kalar, Kurdistan Region-Iraq	13.
298-290	**Turbulent Legacies: New Historicism and Family Disintegration in Elif Shafak's the Bastard of Istanbul** **Dlnya Abdalla Mohammed Ali** Department of English, College of Basic Education, University of Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq **Bakhtiar Sabir Hama** Department of English, College of Basic Education, University of Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq	14.
233-299	**Kurdish Teachers and Students' Perceptions towards the Impact of AI on Teaching EFL at Salahaddin University** **Zaynab Razaq Rasul** Department of English, College of Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq **Nawsha Ghaleb Shareef** Department of English, College of Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq	15.
244-234	**Amid Gender Inequality and Entrepreneurship, Do Working Women in Erbil Underperform?** **Korazon Talib Abdullah** International Marketing and Languages, Technical Administration College, Erbil Polytechnic University, Kurdistan Region- Erbil	16.

Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.3.1

دەرکەوتەکانی فێمینیزم لە ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس)ی جەبار جەماڵ غەریب دا

دلدار عدو وسو / بەشی کوردی، فاکەلتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران-هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق
هونەر انور مام صوفی / بەشی کوردی، فاکەلتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران-هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق

OPEN ACCESS

*Corresponding author

Hunar Anwar Mamsofi

hunar.mamsofi@soran.edu.iq

RECEIVED :18 /08/2024
ACCEPTED :14/11/ 2024
PUBLISHED :15/06/ 2025

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: فێمینیزم لە ڕۆمانی)سەردەمی گریانی بەڵقیس)ی جەبار جەماڵ غەریب دا، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی پلەو پایەی ژن لە نێو ڕۆمانەکە، پاشان دەرخستنی تێڕوانینی نووسەر لە بەرگریکردن لە مافەکانی ژن و ئازادیەکانی، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ تێگەیشتن لە فێمینیزم. بۆ ئەم مەبەستەش کارمان لەسەر ڕۆمانی سەردەمی گریانی سەردەمی گریانی بەڵقیس کردووە، کە ئەویش تەنیا دەرخستنی لایەنی فێمینیزمە، بەمەبەستی دەرخستنی لایەنی مێینە لە نێو ڕۆمانەکەدا. ئەوەی جێگای تێڕامانە بەشێوەیەکی گشتی، لە نێو ڕۆمانەکە کێشەی ژن پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، بەڵام ئەوەی لێرەدا وەکو کێشە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە، ئەم ڕەنگدانەوەیە بە مەبەستی خستنەڕووی بەشێک لە کولتووری کوردییە لە چەوساندنەوەی ژن، یان نەهێشتنی پیاوسالاری و یەکسانکردنی ژنە لەگەڵ پیاودا، یاخود دەرخستنی کولتووری کۆمەڵگای کوردییە لەم بوارەدا؟ زۆرجار ئەم کولتوورە زیاتر پیاوی چەوساندووەتەوە لە ئافرەت، بۆیە ئەمە یەکێکە لە کێشەکان ئایا ئەمە کێشەیە یاخود کولتووری کوردی وایە؟ بەرانبەر هەردوو ڕەگەز نەک تەنیا ڕەگەزێک. وەکو دەبینین پیاوسالاری و چەوساندنەوەی ژنان بابەتێکی سەرەکی ناو ڕۆمانەکەیە، بە ڕوونی ئەم هزرە پیاوسالارییە لەناو ڕۆمانەکەدا دەرکەوتووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ژن وەک ژێردەستەیەک بە مولکی پیاو لێی بڕوانرێت. یەکێکیتر لەو بابەتە گرنگانەی لە ڕمانەکە هەستی پێ دەکرێت، جیاوازی ڕەنگی پێست: بە پیرۆزتر بینینی سپی پێست بە بەراورد بە ڕەش پێست لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. لە ڕووی میتۆدۆلۆجیی ئەم توێژینەوەیە کارکردنە بە میتۆدی (وەسفی- شیکاری).

وشە سەرەکییەکان:
فیمینزم ،
ڕۆمان،
نایەکسانی،
جیاکاریی ڕەگەز و پێست،
ژن و ڕۆڵی دایکایەتی.

About the Journal
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

-١پێشەکی

ئەگەر سەیری ئەم میتۆدە (ڕەخنەی فێمینیزم) بکەین، کار لەسەر ئەو خواست، ویست، کێشە و گرفت و ئاڵەنگارییانە دەکات، کە ئافرەت لە ژیانی ڕۆژانەیان دا ڕووبەڕووی دەبنەوە، بۆیە ئامانجمان دەرخستنی ئەو کێشە و گرفتانەیە، کە لە کۆمەڵگای کوردیش وەک هەر کۆمەڵگایەکی تر هەیە، ئەو کێشانەی ئافرەتان ڕووبەڕووریان بووەتەوە و هەیەتی، چ لە سەردەمە کۆنەکان چ لەو سەردەمەی ئێستاماندا، بۆیە ئەمەمان بە هەل زانی بۆ ئەوەی لەژێر ڕۆشنایی ئەو دەرکەوتانەی کە لە تیۆرەکە داهاتوون و لە ڕۆمانەکە هەن کاریان لەسەر بکەین.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە: ئەوەی جێگای ئاماژەدانە خودی ڕۆمانەکە تارادەیەکی زۆر یارمەتیدەر و گونجاوە تا لە ڕێگەی میتۆدەکە کێشە و گرفتەکانی ئافرەتی کورد، یاخود کۆمەڵگای کوردی بەشێوەیەکی گشتی بخەینەڕوو، ئەمەش لە کاتێک دا کە دوو نەوەی جیاواز، دوو کولتووری جیاواز، ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕەنگ و ڕووی جیاواز... لە ڕۆمانەکە کۆ دەکاتەوە، ئەمەش یەکێکە لە گرفتەکانی توێژینەوەکەمان. ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا هاتووە، کولتووری کۆمەڵگای کوردییە نیشان دەدات یاخود نوسەر ویستوویەتی ناڕەحەتی و ماف و ئازادییەکانی ئافرەتی کورد بخاتەڕوو، بۆیە جارێک بەخستنە ڕووی ئەم هەموو کێشانەی لەنێوان ئەم دووانە جیاوازانە لە لایەک و کارکردن بەپێ متۆدی ڕەخنەی دەروونی زیاتر هۆکارێک دەبێت بۆ دەرخستنی ئاستی کێشە و گرفتەکان لەلایەکی تر. سنوری کارکردنمان لە تەواوی ڕۆمانی سەردەمی گریانی بەلقیس دەبێت. توێژینەوەکەمان وا دەخوازێت بەسەر دوو تەوەر دابەش ببێت: لە تەوەری یەکەمدا بە شێوەیەکی تیۆری باس لە چیەتی و ڕەوت و شەپۆلەکانی فێمینیزم کراوە، لە تەوەری دووەمدا بەشێوەیەکی پڕاکتیکی دەرکەوتەکانی فێمینیزم لە ڕۆمانەکەدا باسکراوە، کە ئەویش هەریەکە لە (ڕۆل و بەهای ژن، پیاو سالاری، ژن وەک خۆشەویست، گرنگیدان بە جوانی و جەستەی ژن، جیاوازی لە وەسفی نێرو مێ، بەرگریکردن لە مافەکانی ژن، یەکسانیی ژن و پیاو، نیشاندانی لاوازی ژن لەبەرانبەر پیاو، ئازاری ژن لە دەست پیاو، ستەمی جنسی)دەگرێتە خۆی پاشان ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان ئامادەکراوە.

یەکەم

١.١. چیەتی فێمینیزم و ڕەوت و شەپۆلە جیاوازەکانی

١.١.١. چەمک و چیەتی فێمینیزم

فێمینیزم (Feminism) وشەیەکی لاتینییە لە وشەی فێمینا (Femina) وەرگیراوە، کە بە واتای (ئافرەت)(Women) دێت، لەم ڕووەوە جێندەری(Female)یش هەر لەو وشەیەوە هاتووە، کە مانای(مێ) دەگەیەنێت، لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (feminine) بەکارهاتووە، لە زمانی فەرەنسیشدا(Feminism) و (Feminine) (عبدول، ٢٠١٧: ١٠)، لەم ڕووەوە زاراوەکە زیاتر بە ڕەگەزی مێیینەوە پەیوەست بووە، دواتر جولانەوە ڕۆشنبیری و سیاسیەکانی تایبەت بە مافی ئافرەتان زاراوەکەیان بۆ ناونانی ڕێکخراو و جولانەوەکانیان بەکارهێناوە.

سەرەداوەکانی بەکارهێنانی زاراوەکە بۆ یەکەمجار مشتومڕی زۆری لەسەرە، باوەڕ وایە وشەی فێمینیزم وەک چەمکێکی سیاسی بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٨٩٠) لە ژمارە(١)ی ڕۆژنامەی(la frowned) لەلایەن مارگریت دوران(Marguerite Durand)ەوە بەکارهاتووە (ئەکرەم، ٢٠٢٢: ٧)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی زاراوەی فێمینیزم لە بواری بایەلۆجی، یان پزیشکی بۆ یەکەمجار لە "دەقێکی پزیشکی بە زمانی فەرەنسی بۆ شیکاری و ڕوونکردنەوەی جۆرە وەستانێک لە نەشونماکردنی ئەندامی لەش و تایبەتمەندییە جنسییەکانی ئەو پیاوە نەخۆشانە کەلکی لێ وەرگیراوە، ترسیان هەبووە لەوەی کە تایبەتمەندی ژنان بە خۆوە بگرن و نێرەموک ببن. پاشان ئەلکساندەر دووماى کوڕ، نوسەری کۆماری خوازی و دژە فیمینیستی فەرەنسی ئەم وشەیەیەی وەرگرت و لە ناملکەیەکی چاپی ساڵی (١٨٧٢) بەناوی (پیاو-ژن)، سودی لە وشەکە وەرگرت. مەبەستی لێکۆڵینەوەکە لەسەر ئەو ژنانە بوو کە ڕوالەت و هەڵسوکەوتیان پیاوانەیە، لە بواری سیاسیشدا کەلکی لێ وەرگیراوە بۆ ڕوونکردنەوەی بە پیاوانە بوونی تایبەتمەندییەکانی

ژنان"(فریدمەن، ١٣٨١: ٨، ٩).

Feminism بیردۆز، یان جوڵانەوەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتییە، کە داواکاری هەڵگرتنی کۆت و بەندی Restrictions یاسایی و کۆمەڵایەتیە لەنێوان هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاودا، لە هەموو ئاستەکانی ژیانی تایبەتی و گشتیدا (هەمەوەند، ٢٠٢٠: ١٠٤).

لە سەرەتادا ئەم وشەیە لە دەرەوەی ئەدەبیات سودی لێ وەرگیراوە، لە بواری زانستی پزیشکی بۆ ئەو نەخۆشانە بەکارهاتووە، کە ترسیان هەبووە لایەنێکی مێینەییان تێدا دەرکەوتبێت، یان بۆ ئەو ژنانەی هەڵسوکەوتیان پیاوانەیە و سیفەتی نێرینەیان تێدا دەرکەوتووە.

لە بواری فیکری، "فێمینیزم، لێکۆڵینەوەیە دەربارەی ژنان، لە فۆرمێکی هزری ڕووندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ خەسڵەتە بنەڕەتیەکانی ژیانی ئەزمونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەخاتەڕوو، لەم چوارچێوەیەدا پێناسەیەکی گشتگیر دەربارەی ژن و پێگەی ژن دەخاتەڕوو"(تربیت، ١٣٨٩: ١٠).

بەم جۆرە، فێمینیزم کار بۆ مافەکانی ژنان دەکات لەم بارەیەوە دەیل سپیندەر دەڵێت: "فێمینیزم بریتییە لە تەرزە شیکردنەوەیەکی ئەزمونی ژنان لەبارەی شێوازی بەڕێوەبردنی ژیان و جیهان، کە هاوسەنگی لە پێکەوە ژیان دابین دەکات و ژن لە موعانات، ترس، ژان، خوێنڕشتن دەپارێزێت، ئەوەی کە دەسەڵاتی باوکسالاری بەرهەمی دەهێنێت" (سپیندەر، ٢٠١٧: ٢٣)، واتا فێمینیزم کاردانەوەیەکە بۆ نەهێشتنی وەعی(لایەنگری) بۆ ڕەگەزێکی دیاریکراو لە پێناو بەدیهێنانی دادپەروەری لەنێوان ڕەگەزەکان، هەروەها فێمینیزم هەوڵێکە بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی و هاوسەنگکردنی ڕەگەزی نێر و مێ لە گشت بوارەکانی ژیان(سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری)، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕووبەڕوو بوونەوەیەکە دژی سەڵاتی پیاوسالاری، واتە دژی سەڵاتی باوک و هاوشێوەکانی، بە مەبەستی نەهێشتنی جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ، چونکە جێندەر "نایەوێت دان بە ڕەگەزی بایۆلۆژی مرۆڤ و ئەندامە زاوزێکانی مرۆڤ دابنێت و بەو پێیەی ئەم جیاوازییە نایەکسانی لەنێوان نێر و مێدا دروست دەکات، جێندەر وای دەبینێت جیاوازی بایۆلۆژی نێر و مێ هیچ پەیوەندیەکی بە ئاستی تێگەیشتن و توانای بیرکردنەوە نییە"(ئەسوەد، ٢٠١١: ١٦٢)، لە ڕوانگەی جێندەرەوە جیاوازی نێر و مێ جگە لە مەسەلەیەکی بایۆلۆژی هیچی تر نییە، هیچ پەیوەندی بە لایەنی بیرکردنەوە و داهێنانەوە نییە، تەنیا جیاکردنەوەیەکە لەنێوان نێر و مێ و هیچی تر. واتا "لێرەدا مەبەست لە جێندەر یان جنسیەتەوە نییە ئایا جیاوازی بایۆلۆجی ژن و پیاو چییە؟ یان ژن و پیاو چۆن لە ڕووی جەستەییەوە تەماشا دەکرێن، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئایا لە کەلتورەکان، بواره سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان چۆن لە ژن و پیاو دەڕواندرێت"(مەنتک، ٢٠١٨: ١٥٨).

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بە دواوە "بەتایبەتی لە پاش چالاک بوونی بزوتنەوەکانی فێمینیزم سیستەمی باوکسالاری دوچاری قەیران و بەرەنگاری بووەوە دەسەڵاتی پیاو کەمکرایەوە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان"(ئەسوەد، ٢٠١١:١٧٠), واتا سەرهەڵدانی بزوتنەوەی فیمینیستی کارتێکردنێکی زۆری هەبوو لەسەر کەمکردنەوەی ڕەوشی بااڵدەستی پیاو و بیرکردنەوەی باوکسالاری، ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ لەنگکردنی سەڵاتی پیاوسالاری بە تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا.

واتە دەتوانین بڵێین: هۆکاری سەرهەڵدانی فێمینیزم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "ڕوانگەیەک بۆ ژنان پێک بهێندرێت، لێیەوە دونیا ببینێ و ڕاڤەی ناسنامەی خۆی بکات، پەیوەندیەکانی خۆی و ژیانی خۆی لە ناو ئەو دونیایەدا ڕێک بخات و لەو دیدگایەوە لێکدانەوە بۆ کێشەکانی بکات و چارەسەریان بۆ پێشنیار بکات" (حەمەلاو، ٢٠١٠: ٣٣)، واتە فێمینیزم هەوڵی بەدەستهێنانی دادپەروەری، نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی، بەدەستهێنانی هاوسەنگییە لەنێوان نێرو مێ لە گشت کایەکانی ژیان.

لە بواری ئەدەبیدا، میتۆدی ڕەخنەی فێمینیستی "لەژێر کاریگەری و پاڵەپەستۆی ژنان بۆ سەلماندنی خود و نوسینی

خۆیان لە ئەورووپا پەیدابوو، بەوەی نوسین و دەقی ئەوان خاسیەتی تایبەتی هەیە و ناچێتە ژێر باری ئەو جیاوازییانەی لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێدا دەکرێن" (مەنتک، ٢٠١٨: ١٥٠)، واتا ئەم بابەتە لە سەرەتادا زیاتر لەشێوەی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەرکەوت نەک میتۆدێکی ڕەخنەیی، بەمەش دەکرێت بڵێین: فێمینیزم لە بواری ئەدەبیدا زیاتر "بایەخ بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئافرەتان دەدات، هەروەها باسی ڕۆڵی ئافرەتان دەکات لە داهێنانی ئەدەبدا و لە خاسیەتە ستاتیکی و زمانەوانی و بونیاتییەکانی دەکۆڵێتەوە" (قطوس، ٢٠١١: ٢٨٩)، لە بواری ئەدەبیش دا فێمینیزم گرنگی بە لایەنی مێینە (ژن) دەدات، باس لە ڕۆڵی ژن لە داهێنانی دەقی ئەدەبی دەکات.

٢.١.١. مێژووی سەرهەڵدانی فێمینیزم

لە لایەنی مێژوویییەوە، یەکەمین چرکەساتی پەیدابوونی بزووتنەوەی فێمینیزم لە ساڵی (١٧٩٢)دەست پێ دەکات، ئەویش بە بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێک بە ناونیشانی (دادخوازی بۆ ژنان) لەلایەن (ماری ولستۆن کرافت)ی بە ڕەچەڵەک ئینگلیز (هام مگی، ١٣٨٢: ١١)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە مێژوونوسان و شارەزایانی بواری فێمینیستی مێژووی پەیدابوونی ئەم بزوتنەوەیە دەگەڕێننەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە یان سەردەمی دامەزراندنی ئەنجومەنەکانی دژ بە کۆیلەداری لە ساڵی (١٨٣٢)ی زایینی، لە شاری (فیلادۆلفیا) و شارەکانی دیکەی ئەمەریکا (مشیرزادە، ١٣٨١: ٥١).

لە لایەکی تر حەمە مەنتک مێژووی سەرهەڵدانی فێمینیزم و گەشەسەندنی دەبەستێتەوە بە چەند تەوژمێک، کە لە ساڵی ١٩٢٠ دەست پێ دەکات، بەڵام پێی وایە بە شێوەیەکی گشتی فێمینیزم لە ساڵی ١٩٦٨ تەقیەوە (مەنتک ٢٠١٨: ١٥٢)، بەپێی ئەم تێڕوانینەبێت، ڕاستە قۆناغی دەرکەوتنەکەی بۆ بیستەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام تەشەنەسەندن و بڵاوبوونەوەکەی چ وەک ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی یان ڕەخنەیی لە ناوەڕاستی شەستەکان ڕووبداوە.

سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی فێمینیزم ئیبراهیم محمود خلیل: مێژووی دەرکەوتنی فێمینیزم گرێدەدات بە سەرهەڵدانی هەڵوەشانەوەگەرایی و ئاماژەی بە ساڵی ١٩٦٦ کردووە (خلیل، ٢٠١٧: ٢٠٨).

سەبارەت بە مێژووی بەکارهێنانی چەمکی فێمینیزمیش ئەوا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٨٧١) کاتێک لە نوسینێکی پزیشکی بە زمانی فەڕەنسی بەکارهات، بۆ ئاماژەدان بە جۆرێک لە نەخۆشی، کە تیایدا نەخۆش ئەندامانی جەستەی گەورە دەبێت و تایبەتمەندی ژنانە وەردەگرێت و بەمەش هەست بە ئازار و ناڕاحەتی دەکات (کشاورز، ١٤٠١: ٣٣٤).

هەرچی فێمینیزمی ئەدەبییە سەرەتایی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ "سەرهەڵدانی نوسینی بەرهەمە ئەدەبییە جیاوازەکان لە لای ژن و سەرهەڵدانی کۆمەڵێ ژنی بیریار و نوسەری بە توانای بواری ئەدەبی ڕۆژئاوایی لەو کاتەی کە گرنگی بە بەرهەمەکانی ژن نەدراوە، سەرەتا کۆمەڵێ ژن بە بەرهەمی ئەدەبی دەستیان کرد بە بەرگری لە مافەکانی خۆیان و بەرگری کردن لە یەک، بەو شێوەیە بوون بە کۆمەڵەیەکی بەهێزی ڕەوتی فێمینیزم، دەسپێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم ١٩٠٨" (ساڵح، ٢٠٠٥: ٢٧)، واتا کارکردنی ئافرەتان لە بواری ئەدەبی دەسپێشخەرییەکی باش بوو، تاکو لەو ڕێگەیەوە هەم تایبەتمەندییە هزرییەکانی ئافرەتان و هەم خواستەکانیان لەناو بەرهەمی ئەدەبی ڕەنگ بداتەوە و فۆرمێکی فێمینیستی یان ژنانە وەربگرێت.

٣.١.١. شەپۆلەکانی فێمینیزم

- فێمینیزمی شەپۆلی یەکەم
- فێمینیزمی شەپۆلی دووەم
- فێمینیزمی شەپۆلی سێیەم (مەنتک، ٢٠١٨، ١٥٢-١٥٣)

دەکرێت بڵێین فێمینیزم لە ڕەوتە مێژوویییەکەیدا دابەش دەبێت بەسەر چەند شەپۆلێک، هەریەکە لەم شەپۆلانە بە کۆمەڵێک داواکاریەوە لە بارەی مافی ژنانەوە هاتوونەتە پێشێ، بوونەتە هۆی گۆڕان و بەرەوپێشبردنی دۆخی ژنان لەوانە:

١.١.٣.١.١. شەپۆلی یەکەم: قۆناغی یەکەمی سەرهەڵدانی فێمینیزمە "دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١٨٥٠-١٩٦٠، ئەم قۆناغە بە مێژووی سەرهەڵدانی فێمینیزمی لیبراڵ، فێمینیزمی مارکسیەت و سۆسیال فێمینیستەکان ناسراوە" (ئەکرەم، ٢٠٢٢: ٨)، ئەم شەپۆلە لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە ئەنجامی پەیدابوونی کۆمەڵێک بزوتنەوە سەری هەڵدا، "ئەم گروپە زۆرجار پێیان دەوترێت گروپی میانڕەو یان محافزکارەکان" (مزیجانی، ١٣٩٤: ٥٣١)، (مێری وێلسن کرافت) کتێبێکی بە ناونیشانی(پشتیوانی لە مافەکانی ژنان)نووسی، کاریگەریەکی زۆری لەسەر ئەم شەپۆلە دانا، یەکێکی تر بەناوی (جان ستورات میل) کتێبێکی بە ناوی (بەند بوونی ژنان) لە ساڵی ١٨٦٨ نوسی ئەم کتێبەش تەکانێکی تری بەم شەپۆلە بەخشی (مرادخانی و طالبی، ١٣٨٩: ٩)، ئەم شەپۆلە کۆمەڵێک ئامانجیان هەبوون، لەوانە:

١- پاراستنی مافی دەنگدان و هەبوونی ڕای تایبەت (رحیمی و هدی سادات، ١٣٩٥: ١٣٤٥)

٢- چاککردن و پێداچوونەوەی ژیانی خێزاندار لە یاساکا، هەروەها مافی یەکسانی ژن لەگەڵ پیاو بۆ جیابوونەوەی یاسایی و هەندێک پرسی دیکە سەبارەت بە بابەتە سێکسییەکان. (صادقی و راضیه حجار، ١٣٩٢: ٧٤)

٢.٣.١.١. شەپۆلی دووەم: ئەم تەوژم یان شەپۆلەی فێمینیزم دریژەپێدەر یان تەواوکەر و ڕوانگەتێکی نوێی فێمینیزمە، کە لە ساڵانی نێوان"١٩٦٠-١٩٩٠ سەری هەڵدا، تیایدا بیرۆکەی ڕادیکاڵ فێمینیزم هاتە ئاراوە" (ئەکرەم، ٢٠٢٢: ٨). لە دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەوە لەژێر کاریگەری بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی چەپ و فەلسەفەی نوێدا دەستی پێ کرد، گۆڕانکارییەکی زۆریان لە بارودۆخی ژیانی ژندا کرد، وەک لایەنی (پەروەردە، فێربوون، کارکردن لە بواره جیاوازەکان، بە یاساکردنی لە باربردنی کۆرپەلە، یەکسانی مووچە، فراوان بوونی خواستی منداڵ نەبوون) بە ڕای ئەم شەپۆلە، ڕزگار کردنی ژن لە نایەکسانی بەس نییە، ژن دەبێت لە دەست پیاو ڕزگار بکرێت، لە لایەنی پیاوسالاری، گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە هاوسەرگیری، جەختکردن لەسەر توانای ئابووری ژن، بۆ ئەمەش جەختیان لە وتەیەکی (سیمۆن دیبۆڤوار) دەکردەوە، کە دەڵێت: ئازادی ژن لە سکییەوە دەست پێ دەکات (مەنتک. ٢٠١٨: ١٥٢)، واتا ئەوان گرێبەستی هاوسەرگیری و هزری پیاوسالاریان قبوڵ نەبوو، وەک کۆت و بەند بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری لێیان دەڕوانی.

جگە لەوە ئەم تەوژمەی فێمینیزم پێیان وایە "بۆ ڕزگار کردنی ژن دەبێت ڕۆحیاتی ژن لە ناو ببرێت هێندە زێدەڕۆییان دەکرد، جەختیان لەسەر ڕوانگەتی پیاوانە دەکرد" (شاهنده، ٢٠٠٦: ١٦)، واتا لای ئەوان ژنان وەک پیاوان دەتوان قژیان کورت بکەنەوە و پێڵاوی تەخت و قات و بۆینباخ و شێوازی پیاوان بەکاربهێنن، چونکە باوەڕیان وابوو جیاوازیە بایەلۆژیەکان نابنە ڕێگر لە ئەنجامدانی ئەو کارانە، ئەم جیاکاریەی کە دەکرێت تەنیا سەپاندنێکی سیستەمی بیرکردنەوە پیاوسالارییەکەی ڕۆژئاوایە و هیچی تر.

٣.٣.١.١. شەپۆلی سێیەم: ئەم قۆناغە هاوشانی بیری پاش نوێخوازی هاتەئاراوە سەرەتای ئەم قۆناغە لە "ساڵانی ١٩٩٠ دەست پێدەکات، هەتا ڕۆژگاری ئێستا ئەم شەپۆلە بە فێمینیزمی پۆستمۆدێرنیزمیش ناوی دەهێنرێت، تویژینەوە لەسەر ئەوە دەکەن وەڵامێک بۆ پاڵنەر و هۆکارەکانی دروستبوونی نایەکسانی لەنێوان ژن و پیاو بە درێژایی مێژوو بدۆزنەوە" (ئەکرەم، ٢٠٢٢: ٨-٩)، واتا لەکۆتایی هەشتا و سەرەتای نەوەدەکان دەستی پێ کرد، بە هۆی تونديەکانی شەپۆلی دووەم، شەپۆلی سێیەم هەوڵی نەرمبوونیان دەدا، ئەم شەپۆلە خوازیاری گەڕانەوەی بەها خێزانییەکان بوون، لەوانە جەختیان لە سەر "ڕوانگەتی ژنانە و هەڵسوکەوتی ناسک و ڕۆڵی دایکایەتی، خێزانی بە منداڵ " (سجادی، ١٣٨٤: ١٥). دەکردەوە، لەم ڕووەوە ئەم تەوژمە بەراورد بە تەوژمەکانی پێشتر هەندێک نەرمتربوو، ئەوان داواکاریەکانیان لە ڕۆڵی ئەساسی ئافرەتان چڕکردبووەوە بەوەی کە پێویستە ژن ڕۆڵی دایکایەتی خۆی ببینێت و ئەدای بنەڕەتییەکەی، کە نەرمونیانی و ناسکیە، ببینێت، دەشێت بڵێین جیاوازی جێندەری کاری سەرەکی ئەم تەوژمەیە" (مەنتک، ٢٠١٨: ١٥٢)، بە باوەڕی ئەوان، ژنان هاوتای پیاوان دەتوانن کاری هزری، هونەری و ئەدەبی گەورە ئەنجام بدەن و ڕۆڵ لە بەرەوپێشبردنی ڕۆشنبیریی مرۆیی ببینن.

٤.١.١. ڕەوتەکانی فێمینیزم

لە مێژووی فێمینیزم چەندین ڕەوتی جیاجیامان بەرچاو دەکەوێت، هەر یەکەشیان چەند تایبەتمەندیەکی هەیە لە پڕۆسەی کارکردندا، لێرەدا جەخت لە سەر هەندێک لەو ڕەوتانە دەکەین، کە لە زۆرترین سەرچاوەکان بەرچاو کەوتوون:

١.٤.١.١. ڕەوتی لیبڕاڵ:

هەر ڕەوتێک لە ڕەوتەکانی فێمینیزم خاوەن سیماو تێڕوانین و ناوەڕۆکی تایبەت بە خۆیەتی، ئەم ڕەوتەش هەوڵدەدا بۆ "ڕەخساندنی هەلی یەکسان لەنێوان پیاو و ژن لە بوارەکانی وەک ڕۆشنبیری، زانست و زانیاری، مافە مەدەنییە جیاوازەکان...هتد بۆ ئەوەی ژنانیش هاوشانی پیاوان ڕۆلیان لە پێشکەوتنە مەعریفیەکاندا هەبێت" (المساعد، ٢٠٠٦: ٨). ئەم ڕەوتە هەوڵی باشکردنی بارودۆخی ژنان دەدات، لە بەدەستهێنانی مافەکانیان و یەکسانییان لەگەڵ پیاو و یەکسانی لە هەلی کار، پێیان وایە دەبێت ژن "لە ڕێگەی یاسا مافەکانی خۆی بەدەست بێنێ و یەکسانی لە کۆمەڵگە دەستەبەر بکات، بێ ئەوەی پێویست بە گۆڕینی پێکهاتەی کۆمەڵگە بکات یان هەڵوەشێتەوە، لیبڕالەکان تێدەکۆشن بۆ بەدیهێنانی مافی دەنگدان، کارکردنی وەک یەک، مووچەی وەک یەک، نەهێشتنی توند و تیژی نێو بنەماڵە، هەلی یەکسانی بۆ خوێندن کە هەموو ئەمانە لە ڕێگەی سیاسی و یاساییەوە بەدەست دێت" (ئەکرەم، ٢٠٢٢، ١٢-١٣)، بەمەش ڕەوتی لیبڕال لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی و دوور لە توند و تیژی ژنان بخاتە نێو کایەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، ئەو ڕۆلیان بۆ بگەڕێنێتەوە کە لێیان زەوتکراوە.

تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕەوتە:

١- چارەسەری کێشەی ژنان بە شێوازێکی ڕاستەقینە (واقیعیانە) و دوورکەوتنەوە لەو مشتومڕەی کە هۆکاری جیاکاری نێوان ژن و پیاو چیە؟ واتا ناچنە نێو ئەو جەدەلەی بەدرێژایی مێژوو چ بنەمایەک بووەتە هۆی چەوساندنەوەی ژن (شمیسا، ١٣٧٨: ٣٣٠).

٢- پێیان باشە وەک دۆخێکی هەنووکەیی مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە بکەن نەک بگەڕێنەوە بۆ مێژوو (بیسلی، ١٣٩٧: ٨٦-٨٧)، لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەم ڕەوتە دەیەوێت، بە شێوازێکی نەرمونیان چارەسەری دۆخی دژواری ژنان بکات، واتە ئەوان زیاتر تەرکیزیان لەسەر دۆخی هەنووکەیی ژنان بوو، پشتیان لەو ڕابردووە دەکرد، کە ژنی تێدا چەوسێنرابووەوە.

٢.٤.١.١. ڕەوتی مارکسی:

ئەم ڕەوتە لە ڕوانگەیەکی چینایەتی سەیری دۆخی ژنان دەکات واتا "تەوژمێکی مۆلکداری و سەرمایەداری دەگرێتەوە، کە پێی وایە ژن دەبێت کار بکات و بودجە وەربگرێت لە بەرانبەر کارەکەیدا، هەروەها باوەڕیان وایە ژن هاوشێوەی پیاو توانای کاری هەیە، کەسانی بەرهەمهێنن، بەڵام کاری ناو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵی لە ئەستۆیە، کە لە بەرانبەر ئەم کارەدا هیچ داهات و بودجەیەکی پێنادرێت" (صالح، ٢٠١٩: ٦٠)، واتا بە باوەڕی ئەوان چۆن پیاو لە بەرانبەر کارکردنی لە دەرەوی ماڵ دەسکەوتی مادی بەدەستدەهێنێت، ئاواش ژنان لە بەرانبەر ئەرکەکانی ناو ماڵیان دەبێت مافەکانیان پارێزراو بێت. ئەم ڕەوتە لە فێمینیزم بە گوێرەی "لێکدانەوەکانی مارکسی دەپرژێنە سەر دۆخ و ستەمەکانی سەر ژنان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خاوەندارێتی تایبەتی و دابەشکردنی کاری جنسیەتی و لە کۆتاییشدا پیاوسالاری، وای دەبینن ژنان هێزی کاری دەستن بۆ سەرمایەداری" (ڕۆبن، ٢٠١٧: ٨٢-٨٣)، واتا ژنان بەهۆی دەستهەقی کەمیان لە کارکردن و چەوساندنەوەیان لە لایەنی ماددی دەبنە هۆی گەشەکردنی سەرمایەداری و خاوەن کارەکان سودێکی زیاتر دەبینن.

ئەم ڕەوتە لەو باوەڕەدان کە سیستەمی سەرمایەداری هۆکارێکە بۆ چەوساندنەوەی ژنان، بە تایبەتی ئەو کاتەی دەڵێن "ژنان توانای زۆریان نییە، بەڵام ئەم بۆچوونە دەرفەتی چەوساندنەوەی ژنان دەڕەخسێنێ، چونکە بە ئاسانی دەخرێنە ناوەوە و دەرەوەی بازاڕی کار، بۆیە نووسەرانی سەر بەم ڕەوتە دەڵێن پیاوان دووبارە ئەو سیستەمە چەوسێنەرە لە بواری تایبەتیدا بەرهەم دەهێننەوە، زۆرێک لەو شتانەی لە بارەی ڕۆلی دایکایەتی ژنانەوە دەوترێت، ئامانجیان ئەوەیە

ژنان لە کاری ناو ماڵ قەتیس بکەن، ئەم ڕەوتە بیرکردنەوەیە بە درێژایی چەندین سەدە لە هەموو بوارە فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان بااڵ دەست بووە و ژنی پێ چەوسێندراوەتەوە، وە ئەم دەرکەوتەیە هۆکاری ڕەخنەی مارکسی و کۆمەڵایەتی دێتە ژمار، مارکس ئەم شرۆڤەیەی دۆخی ژنان لە مێژووی کۆنەوە بۆ مێژووی نوێ ئەنجامدەدات (شمیسا، ١٣٧٨: ٣٣٠-٣٣٢).

سیستەمی سەرمایەداری لە کاروباری دەرەوە و لایەنی ئابووری، باوەڕیان وایە ژن دەبێت تەنیا کاروباری ناو ماڵ بەڕێوە ببات، لە ناوماڵ ژن و پیاو هاوبەشن، هەرچی ئەم ڕەوتەیە لە هەموو لایەنەکانی ژیان بانگەشەی یەکسانی دەکات. بە بڕوای ئەم ڕەوتە ئەوکاتە ژنان ئازادی وەردەگرن کە "سیستەمی سەرمایەداری کۆتایی هات و سیستەمی کۆمۆنیزم جێگەی گرتەوە، چونکە لە سایەی کۆمۆنیزم کەس لە کەس بەرپرس نابێت، لە لایەنی ئابورییەوە کەس لەسەر کەسی تر ناژی لە سەر ئاستی ئابووری، ئافرەتان بەسەربەستی لە پیاوان جیا دەبنەوە، بەم پێیە لەگەڵ پیاوان یەکسان دەبن" (المساعد، ٢٠٠٦: ١٨)، کەواتە ئەم ڕەوتە مەبەستی هەرە سەرەکی ئەوەیە ژن ئابوورییەکی سەربەخۆی هەبێت، ژیانی خۆی لەدەست خۆی دابێت. بە شێوەیەکی گشتی بیری ئەم قوتابخانە یان ڕەوتەی فێمینیزم لەم چەند خاڵەدا کورت دەبنەوە:

١-ژنێتی ڕێگر نییە لەو کارانەی کە پیاوان ئەنجامی دەدەن، واتا ئافرەتیش توانای ئەنجامدانی ئەو کارانەی هەیە کە پیاوان بە هی خۆیان دەزانن. (صالح، ٢٠١٩: ٦٤).

٢-دەبێت ژن ئازاد بێت لە پەیوەندییە سێکسیەکانی و ژن مواڵکی تاکی پیاو نییە، نابێت هاوسەرگیری مافی ئازادیی پەیوەندییە سێکسیەکان لە ئافرەت زەوت بکات.

٣-پێویستە ژینگەیەکی وا دروست ببێت، کە ژنیش خاوەن ئابوری تایبەت بە خۆی بێت، پێویستە کار بکات و بەرهەمهێن بێت و لە کاری ماڵەوە دوربخرێتەوە

٣.٤.١.١. ڕەوتی ڕادیکاڵ

ئەم ڕەوتە، هەر وەکو لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێ، بە شێوەیەکی ڕادیکالیانە بیردەکەنەوە، چونکە ئەوان "بانگەشە بۆ جودابوونەوەی ژنان لە جیهانی پیاوان دەکەن و دەیانەوێت مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت، لەمەش زیاتر دەیانەوێت کۆمەڵگەیەک پێکبهێنن تەنیا ژنی تێدا بێت، ئەویش وەکو ڕوانگەی نێر سالارانە، ڕوانگەکانی لەسەر بنەمای جەستەی ژنەوە پێکدەهێنن، بۆیە ژنان وەک بونەوەرێکی ژنانە دروست دەکات و لە جەستەی ژنەوە جیهانەکەی چارەسەر دەکات"(نەسوح، ٢٠١٧: ٣١٦)، هەر بۆیە گرنگی زۆریان بە جیاوازیە بایەلۆژیەکانی ژن داوە، کە بە هۆیەوە لە پیاوان جیا دەبنەوە، نەیانتوانیوە پشت گوێی بخەن.

ئەم ڕەوتە باوەڕی وایە "باوکسالاری سیستەمی یاسایی یا دەزگای سیاسی نییە، کە دەبێت قلپ بکرێتەوە و ژێر بخرێت، بەڵکو دەبێت باوکسالاری و دەزگای کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیش بگرێتەوە، بەتایبەتی سیستەمی خێزانی کە دەبێت هەڵبوەشێنرێتەوە" (المساعد، ٢٠٠٦: ٣٠)، ئەم ڕەوتە گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی، کە بەهۆی زاڵبونی بەها خراپەکان، بە ڕیفۆرم ناتوانرێت چارەسەر بکرێت، تەنیا چارەسەر هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خێزانییە.

لە لایەکی ترەوە، ئەم ڕەوتە دژی ئەو بۆچوونەن، کە باوەڕیان وایە ئافرەت لە ڕووی جەستە لە پیاو لاوازترە و ئەوە ڕەتدەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەش بە پێچەوانەی دەبینن، بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەوەیە دەڵێن، ئافرەت توانای وەچە خستنەوەی هەیە و پێویستی بە توانایەکی ماسولکەیی بەهێز هەیە، کە پیاوان ئەو توانایەیان نییە (نەسوح، ٢٠١٧: ٣١٦). ئەم گروپە ئامانجیان بوو، کە سیستەمی پۆلێنکردنی ژن و پیاو لەسەر بنەمای ڕەگەزەکەیان بڕوخێنن، ئەوان خوازیاری بە ناوەندیکردنی ڕەگەزی مێن لە کۆمەڵگای داهاتووی مرۆڤایەتی و هەوڵی پەراوێزخستنی پیاوان دەدەن، خاسیەتی ژنانە شایەنی ئەوەیە بەسەر بیرکردنەوەی جیهاندا زاڵ بکرێت و ژن لە کۆتوبەندی دایکایەتی و هاوسەرگیری ڕزگار بکرێت (ئەکرەم، ٢٠٢٢: ١٥-١٦).

ئەو ستەمەی لە ژن دەکرێت بابەتێکی ترە، کە ئەم ڕەوتە بایەخێکی زۆری پێداوە، چونکە ئەوان ژنان وەک چینێکی

بندەست لە بەرانبەر پیاوان پێناسە دەکەن، یەکێک لەو ستەمەی ژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە، ستەمی جنسییە، وەک یەکێک لە کۆنترین و توندترین شێوەی نابەرانبەرییە، ستەمێک کە ژنان بەهۆی ژن بوونیانەوە توشی دەبن. ئامانجی ئەم ڕەوتە لەم خاڵانە کورت دەبنەوە:

١-ئافرەت یان ژن خاوەنی لەشی خۆی و جنسی خۆیە، کاری جنسەکەیان تەنیا منداڵخستنەوە نییە، هەروەها پەیوەندیی پیاو و ژن نابێت تەنیا لە پەیوەندیە جنسییەکەدا کورت بێتەوە.

٢- هەموو جۆرە تۆندوتیژیەکی خێزانی و هەر چەشنە ستەمێکی نێر بەرانبەر مێ، دەکەن بە بابەتی نوسین و بڵاوی دەکەنەوە و داوای دامەزراندنی کۆمەڵێک دەزگا دەکەن، کە گرنگی بە داخوازی و خواستەکانی ژن بدات (صالح، ٢٠١٩: ٦٧).

٤.٤.١.١. ڕەوتی سایکۆلۆژی

فرۆید ئاماژە بە هەستی مێینە دەکات، کاتێک ئەندامی نێرینەی پیاو دەبینێت، فرۆید دەڵێت "کچۆڵەیەک بەدیتنی ئەندامی جنسی پیاوان تێدەگات ئەو ژنە و هەر ئەوەی وا ئەندامی جنسی وەک پیاوان نییە، خۆی بە شێوەیەکی کلۆل دەناسێنێت و لە ئاکام دا (بەخیلی بە ئەندامی جنسی پیاو) دەبێتە گرێیەک لە بیرو مێشکیدا، بەپێی ڕوانگەی فرۆید بەخیلی بە ئەندامی جنسی پیاو لە ژندا بە گشتی و دەبێتە هۆی ئەمەی خۆیان بە مرۆڤێکی ناتەواو پێ ئەژمارببێت" (تەمیزی، ٢٠١١: ٩٧).

ئیتر لە فێمینیزمی سایکۆلۆژی چوار ڕەوتی تر سەریان هەڵداوە، دەکرێت هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانیان بۆ تێڕوانینەکانی فرۆید بگەڕێتەوە:

- **ڕەوتی یەکەم**: هەوڵی داوە فرۆید لە هەموو نیشانە بایۆلۆجیەکان پاکبکاتەوە.

- **ڕەوتی دووەم**: هیچ بایەخێکی بە گرێی ئۆدیب نەداوە، بەڵکو بایەخی بە پێش ئۆدیب داوە، واتە ئەو ماوەیەی کە دایک بەکوڕ دەبەستێتەوە (فرجیان، ١٤٠١: ٢٢-٢٣).

- **ڕەوتی سێیەم**: بایەخی خۆی ئاراستەی خاڵی بەهێزی هەڵسوکەوتی ئەخڵاقی ئافرەت کرد، زیاتر لەو خاڵە لاوازانەی کە فرۆید جەختی لەسەر دەکردن.

- **ڕەوتی چوارەم**: هەوڵی داوە کە سەر لە نوێ گرێی ئۆدیب ڕاڤە بکاتەوە لە ڕێگای ئەوەی چەند مانایەکی نوێی دوور لە پاتریارکی (پیاوسالاری) بداتێ (المساعد، ٢٠٠٦: ٤٦).

شیکردنەوەی دەروونی و تێڕوانینەکانی فرۆید دوو شت دەردەخەن سەبارەت بە ژنان، یەکەم ئەوەی لە خۆگری چەمکی ڕزگاری ئافرەت لە هەمان کاتدا چەمکی چەوسانەوەشی لێ دەخوێندرێتەوە، کە ئەمە زیاتر فێمینیستەکانی توڕەکردوە و پێیان وایە لاوازی ئافرەت ئەساسی ژن نییە، بەڵکو ژینگە و کولتوور ژن دەخاتە ئەو دۆخە دژوارە.

٥.٤.١.١. ڕەوتی سۆسیالیزم

ئەم ڕەوتەش لە ئەنجامی "بێزار بوونی هەندێک لە فێمینیزمە مارکسیەکان لە تێپەڕ نەکردنی بیری مارکسی بۆ دابەشکردنی جنسی و باری نزمی ئافرەتانەوە سەری هەڵدا" (المساعد، ٢٠٠٦: ٥٣)، فێمینیزمی سۆسیالیزم بەرەنجامی ناکۆکی نێوان دوو ڕەوتە، چونکە لە ئەنجامی ململانێی نێوان ڕەوتی ڕادیکاڵ و ڕەوتی مارکسی دروست بوو، دەشێت بڵێین ڕوانگەی "سۆسیال فێمینیزم لە دەیەی ١٩٧٠ لە دەرئەنجامی تێکەڵاوکردنی بیری مارکسیست فێمینیزم و ڕادیکال فێمینیزم هاتووەتە ئاراوە، ئەم ڕوانگەیە بڕوای وایە: سیستەمی سەرمایەداریی پیاوسالارانە، کرێکاران و ژنان دەچەوسێنێتەوە، ژنان وەکو هاوڵاتی پلە دوو هەژمار دەکات"(ئەکرەم، ٢٠٢٢: ١٦-١٧).

ئەم ڕەوتەش کار لەسەر ژێر دەستەیی و نایەکسانی ژنان دەکەن. لە مەسەلەی چارەسەر کردنی کێشەکانی ژنان "ئەم ڕەوتە مەسەلەی سەرەکی وەڵامدانەوەی چۆنییەتی تێکەڵ بوونی سیستەمی سەرمایەداری و پیاوسالارییە،

بەجۆرێکی دیکە، ئەوان لەسەر ئەم باوەڕەن، بۆ لێکدانەوەی دۆخی ژێر دەستەیی ژنان، هەروەها داڕشتنی ستراتیژیی خەباتکارانە بۆ ئالۆگۆڕی ئەم دۆخە نابێت تەنیا لێکدانەوەیەکی یەک جەمسەری بێت، بەڵکو دەبێت کۆمەڵێک پرس و هۆکاری پێکهێنانی دۆخی ژێردەستەیی ژنان بدەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بۆ ئالوگۆڕی ژیانی ژنان و گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی یەکسان، دەبێت خەباتێکی هاوکات لە دژی سیستەمی پیاوسالاری و سەرمایەداری لە ئارادابێت (بیسلی، ۱۳۹۷: ۱۰۰-۱۰۱)، ئەوەی ئەم ڕەوتە جیا دەکاتەوە لە ڕەوتەکانی تر، کێشەی ژنان لە یەک ئاراستەوە سەیر ناکات، بەڵکو لە چەندین ئاراستەوە لێیان دەڕوانێت، خۆی بە یەک جەمسەرەوە گرێنادات، واتە کێشەی ژنان تەنیا بە سەرمایەداری نابەستێتەوە، بەڵکو لەپاڵ ئەوە باس لە مەسەلەی جێندەر دەکەن، لە چەندین لاوە لە کێشەکانی ژنان دەڕوانن.

ئەم ڕەوتەش چەندین داواکاری هەیە، لەوانە:

١- پشتگیریکردنی ئافرەت بۆ ڕزگاربوونی لەژێر چەپۆکی سەڵاتی پیاو، ئەمەش بە بەشداری پێکردنی ژن لە سیاسەتی ئابووری ناوکۆمەڵگا.

٢- لادانی سیستەمی سەرمایەداری و پیاوسالاری و هێنانەکایەوەی سیاسەت و سەڵاتێکی سۆسیالیستی.

٣- کێشەی نێوان ژن و پیاو، بە کێشەی نێوان کرێکار و بۆرژوازەوە گرێ دەدەن، هەر چەندە باوەڕیان وایە چەوساندنەوەی ئافرەتان هاوتای چەوساندنەوەی کرێکاران نییە. ئەوەی ئافرەت لە دەست پیاو دەیچێژێت، بەراورد ناکرێت بەو ئازارەی پرۆڵیتار لە دەستی بۆرژوازەکان دەیچێژن (صالح، ٢٠١٩: ٧٠).

٤- دەبێت ڕێژەی ژنان لە بەشداریکردنیان لە سەڵات دیاری بکرێت.

٥- باوەڕیان وایە، کە کێشەکانی نایەکسانی لە ڕێگەی ریفۆرمەوە چارەسەر دەکرێت، لە ڕێگەی یاساوە دەرفەت بۆ تاک دادەنێن (ئەکرەم، ٢٠٢٢: ١٧).

٦- وەستانەوە بە ڕووی ئایدیای سەرمایەداری (بیسلی، ١٣٨٥: ١٠٠).

٦.٤.١.٢. ڕەوتی وجودی

کتێبی ڕەگەزی دووەمی (سیمۆن دی بۆڤار) کاریگەری زۆری لەسەریان هەبوو، چونکە ئەو ئەوەی ڕوونکردەوە، هەر لە کۆنەوە پیاو ناوی (خودی) لە خۆی ناوە، ناوی (ئەوی تریشی) لە ژن ناوە، ئەگەر ئەوی تر هەڕەشە بێت بۆ خود، ئەوە ژن هەڕەشەیە لەسەر پیاو، پێویستە خۆی لێ ڕزگار بکات. جگە لەوە ڕەخنە لە بۆچوونەکەی فرۆید دەگرێت، سەبارەت بە هەست کردنی ژن لەبەر نەبوونی ئەندامی نێرینە لە لای وای کردووە پێگەی نزم بێت، ئەمە بە شیکردنەوەیەکی لاواز دادەنێ (عەبدوڵلا، ٢٠٠٧: ٧٢).

٧.٤.١.١. ڕەوتی فێمینیزمی ڕەش

ئەم ڕەوتە دژی ئەو ستەمانەیە، کە لە ژنە ڕەشپێستەکان دەکرێت، ئەمان سەرباری ئەوەی دژی نەژادپەرستین و نزیکن لە فێمینیستانی ئەفریقاوە، بەڵام زیاتر پێداگرن لەوەی کە ژنە ڕەشپێستەکان لە مافەکانیان بێبەری دەکرێن و بە هۆی پێست و ڕوخساریانەوە تووندوتیژیان لەگەڵ دەکرێت، (پۆڵ هۆک) لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی ئەم ڕەوتەیە (ئەکرەم، ٢٠٢٢: ٢٤). لەم ڕووەوە، خەباتی ئەم ڕەوتە تەنیا تایبەت بە ژنانی جوگرافیایەکی سنوردار نییە، بەڵکو هەوڵی کەمکردنەوەی تووندوتیژیی دژی ژنە ڕەشپێستەکان دەدات لە تەواوی جیهان، هەروەها بە تەواوی دژی ڕەگەزپەرستی دەوەستێتەوە. واتە دەشێت بڵێین ئەم ڕەوتە هەوڵی چەسپاندنی خەباتی ژنانی ڕەشپێست دەدات، لەسەر بناغەی نەریتی خەباتگێڕانەی چەپ دامەزراوە و سەر مەشقەکانی خۆی لە فێمینیزمی سۆسیالیستی وەردەگرێت. داخوازیان هێنانەدی تیۆرێکە کە پێویستیەکانی ژنانی ڕەشپێست دابین بکات (عەبدوڵلا، ٢٠٠٧: ٧٢).

٥.١.١. ئەدەبی ژنان (فێمینیستی)

سەبارەت بەوەی کام بەرهەم دەبێتە بەرهەمێکی فێمینیستی کام بەرهەم نابێت؟ چەندین ڕاوبۆچوونی جیاواز لەم بارەیەوە هەیە. هەندێکیان پێیان وایە "ئەدەبی فێمینیستی ئەو ئەدەبە دەگرێتەوە کە ئافرەت نووسیویەتی، هەروەها ئەو ئەدەبەش دەگرێتەوە، کە پیاو لە بارەی ئافرەت نوسیویەتی، هەر ئەدەبێک گوزارشت لە تێڕوانینی ئافرەت بکات لە خۆی، یان گوزارشت لە تێڕوانینی ئافرەت بکات بە پیاوەوە، یان گرنگی بدات بە گوزارشتکردن لە ئەزموونە ڕۆژانەیی و جەستەییەکانی ئافرەت و داواکارییە خودییەکان، ئەوا ئەدەبێکی فێمینیستییە (خلیل، ٢٠١٧: ٢٠٦)، بەو جۆرە هەموو ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی باس لە ئافرەت و خواست و ویستەکانی دەکات، بەبەرهەمی فێمینیستی دادەنرێت، بەهەمان شێوە نوسەرەکەشی بە فێمێنیست دادەنرێت.

بۆچوونێکی تر هەیە، پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی خستمانەڕوو، پێیان وایە "بێجگە لەو دەقانەی ژن نووسویەتی هیچ دەقێکی دیکە بە ئەدەبیاتی ژنانە هەژمار ناکرێت، لە وانە ماری ئینگلتۆن دەڵێ هەڵەیە دەقی ئەدەبی بە دەقی ژنان لە قەلەم بدەین، تەنیا لەبەر ئەوەی ژن دەیخوێنێتەوە. بەڵگەشمان ئەو هەموو کتێبانەیە، کە هاوسۆزی ژن نین و دەگونجێت ژنان بیخوێننەوە، کۆمەڵێ ڕۆمانیشمان هەن، کە نووسەرەکانیان ژنن و دوورن لە هەموو ڕەهەندێکی ژنانە (مەنتک، ٢٠١٧: ١٥١).

بۆچوونێکی دیکەمان هەیە پێیان وایە تەنیا ژن دەتوانێت لەبارەی ژنێتی خۆی بنووسێت (چینی هیریکورت) لەبارەی ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی دەکرێن لە لایەن هەندێ ئافرەتەوە، کە گوایە بەرهەمەکانی بە گوزارشتێکی پیاوانەوە نووسراوەتەوە، دەڵێ "بەڕێزان ناتوانم بنوسم تەنیا وەکو ژنێک نەبێت، زۆریش شانازی بەوە دەکەم کە ژنم (حسێن، biyav.blogsky.com).

دەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین، کە فێمینیزم، وەک جوڵانەوە، لە زۆربەی بوارە جیاوازەکانی وەکو سیاسەت، ئابوری، کۆمەڵایەتی و ئەدەبی کاری پێکراوە، واتە تیۆری فێمینیزم تەنیا تایبەت بە بواری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی نییە، بەڵکو ڕەخنەی ئەدەبی فێمینیستی و ئەدەبیاتی فێمینیستی بەرئەنجامی ئەو تیۆرە گشتییەیە کە فێمینیزم بە درێژایی مێژوو هەوڵی بۆ داوە. کە سەرەتاکانی ئەم هەوڵەش لە "ڕەخنەی ئەنگلۆ ئەمریکی دەست پێدەکات، کە جەخت لەسەر خۆدوورگرتن و خۆداماڵین لە هەموو ئەو سیفەتانە دەکاتەوە کە مانای ڕووکەش و کاتی و پەڕاوێزیان لکاندووە بە ژنانەوە و لە جەوهەر و ماهیەتی ئافرەت دوور دەکەونەوە" (نەسوح، ٢٠١٧: ٣٢٨)، بەگوێرەی ئەم تێگەیشتنە پێویستە ژن لە جەوهەر و بایەخەکەی دورنەخرێتەوە و وەک پەڕاوێزخراوێک چاوی لێنەکرێت، لەم ڕووەوە (سیمۆن دی بۆڤوار) "لە ڕوانگەیەکی ئۆنتۆلۆژی سەیری بابەتەکە دەکا و پێی وایە ژن دەبێت خۆی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە ((من کێم)) ئەمەش پەیوەست دەکات بە بابەتی ئازادیی لە بیرکردنەوەکانی خۆی، تەنیا ژن دەتوانێت تەعبیر لە وجودی ژنێتی خۆی بکات، باوەڕی وایە ژن بە ژنێتی و پاسیڤ لەدایک نابێت، بەڵکو ئەو بوونەوەرە لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەکرێتە ژن، پیاو ناتوانێت وجودی ژن پێناسە بکات، وە بە بڕوای ئەو پێویستە ئەدەبیاتی فێمینیستی لەلایەن ژنەوە بێت و کێشە و گرفتەکانی ژن بخرێنەڕوو" (جمال، ٢٠١٧: ٢٢١)، چونکە "فێمینیستەکان لەو باوەڕەدان کە جنسیەت بونیاتنراوێکی کۆمەڵایەتی و گۆڕاوە، واتا بابەتێکی بەرهەمهاتووی ژینگە و دۆخەکان و بە هۆکارە جێنەتیکی و بۆماوەییەکانەوە پەیوست نییە" (کلیگس،١٣٨٨: ١٣٨)، کەواتە لە ڕوانگەی فێمینیستەکانەوە ژن یان مێینە پێناسەکراوێکی دەستی کۆمەڵگا و ژینگە خوڵقێنراوەکانە و لەم ڕووەوە ناهەقی زۆر لەبارەی توانا و ماف و جەوهەری ژن کراوە.

دووەم:

١.٢. دەرکەوتەکانی گوتاری فێمینیزم لە ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس)ی جەبار جەمال غەریبدا.

١.١.٢. ڕۆڵ و بەهای ژن

لە ڕاستیدا وا باوە بڵێین پێناسەدانی ڕۆڵ و بەها بە ئافرەت کە فینیزم کاری بۆ دەکات، بەڵام بەهۆی ئەو ڕۆڵەی کە بە ئافرەتی کورد دراوە و لە ڕۆمانەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان دەرکەوتووە، بۆیە ڕۆڵ و بەهای ژنمان دەرخست نەک

نەبوونی ئەو ڕۆڵە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، دەبێت لەوە بڕوانین ئایا لە نێو ڕۆمانەکەدا ژن چ بەهایەکی پێدراوە و ئەو بەهایەی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا ئەم بەهایە ڕەنگدانەوەی کولتووری کوردەواریيە، یان نووسەر ئەو بەهایەی پێداوە، لە نێو ڕۆمانەکە باسی لە گرنگی دایک کردووە، کە وەک چەتر وایە بەسەر ئەندامانی خێزانەکەی "ئەو ئێستا لە دڵی منداڵەکانیدا تواوەتەوە، هەربەشەی لە دڵی یەکێکیاندایە، هەموشیان لە دڵی ئەودا، گەورەکەیان بەندی دڵی برد و ئەوی دیکەیان شادەمار و یەکێکی دیکەیان ڕەگی خوێن هێن، کچە چاو سەوزو قژ زەردەکەی کوڵمە پان و ددان هەروا تۆزێک کەرووشکانییەکەی هیچی بۆ نەمابۆوە بیبات، ئەو دوای پێنج برا هاتبوو، دوا منداڵی بوو، براکانی لە تێری بەشی خۆیانی لە دڵی برد بوو، ئەو تەنیا ڕەنگی دڵی بۆ مابۆوە، ڕەنگەکەی برد، ڕەنگەکە و بەس بەبێ ئەو ڕەنگە گەش و ئاڵە پارچەکانی دیکەی دڵی ئەو پارچانەی کەوتبوونە لای هەر پێنج براکەی، دەڕزین و بۆگەنیان دەکرد، بەبێ ئەو خوشکە هەنگوین و تاقانەیان دڵی براکانیش بێ ڕەنگ و خامۆش دەبوو، براکانی چیدیکە نەیاندەتوانی بەندی دڵی دایکیان بن"(غەریب، ٢٠١٨: ١٠-١١). ئەوەی لەم نموونەیەدا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، ئەوەیە، کە لەناو کولتووری نوسەردا کچ خاسیەتی جوانی، ناسکی و خۆشەویستی پێ دراوە، هەروەها دایک لە بەرانبەر ئەرکی دایکایەتیەکەیدا خۆشەویستی و پێگەیەکی ئێجگار مەزنی پێ دراوە، خێزان دەبێتە ئەو ناوەندە گرنگەی کە خۆشەویستی و ڕێز بۆ ڕەگەزی مێ فەراهەم دەکات، واتە لەناو ڕۆمانەکەدا بایەخێکی زۆر بە پێگەی ژن دراوە، ئەمەش لە دیدی یەکێک لە کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە بەدیار دەکەوێت "هەر لە سەر کاغەزەکەوە دەستی بە قژە زەردەکەی داهێنا، زۆرم چاوەڕێ کرد تا لەدایک بووی، پێنج برا یەک لە دوای یەکدا هاتن، لە یەکەم منداڵەوە من باوەشم بۆ تۆ کردبۆوە، دووەمیشیان هەر کوڕ بوو، سێیەم و چوارەمیش، پێنجەمیش، لەگەڵ پێنجەم کوڕم لە دایک بووی، دوای ئەویش، بە هاتنی تۆ منداڵەکەم ڕووناک بۆوە، ناوم نای نیان، گوتم لێرەوە ژیانی نیانی من دەست پێ دەکات، گەنج بوومەوە وەک تۆ نیان بوومەوە" (غەریب، ٢٠١٨: ٥٩، ٦٠) وەک دەبینین لێرەش ڕەگەزی مێ هەمان خاسیەتی نەرمونیانی ڕوناکی و درەوشاوەیی پێدراوە، دایک پێنج کوڕی بووە بەڵام بەهاتنی شەشەم منداڵ کە کچە منداڵی ڕووناک بووەتەوە، ئەوەش بۆ ئەو گرنگییە دەگەڕێتەوە، کە نووسەر بە ژنی داوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆمانووس لەسەر زاری دایکەکە، بە ناڕاستەوخۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ڕەگەزی نێر لە کولتووری ئەودا نەرمونیان و ڕوناکی بەخش نییە، واتا لەلای دایک ئەو نێرانە (کوڕان)ە، هەرگیز ئەو نەرمونیانی، ناسکی و ڕوناکیە نابن بۆ دایکیان، کە کە کچێک هەیەتی.

ڕەگەزی مێ هێندە گرنگی پێدراوە لە نێو ڕۆمانەکە، کاتێک کە وەسفی کچێک دەکات دەڵێت: "دەبێ ئینسان سنوورێک بۆ نەسلی خۆی دانێ، باشترین کاتیش ئێستایە، هەرگیز ئینسان وەچەیەکی دیکەی وەک تۆ ناخاتەوە، باشترین داهێنانیش ئەوەیە لە لوتکەدا وازبهێنی، هەموو لە دایکبوونەکان تاقیکردنەوە بوون تاتۆ لە دایک ببی، وەک چۆن ئەدیسۆن سەدان ڕێگای بەکارهێنا، تاگلۆپی دروستکرد، تاقیکردنەوەکان بۆ دروست کردنی گلۆپ لێرەدا وەستان" (غەریب، ٢٠١٨: ٣١٢). هەروەک دەبینین لە دایکبوونی کچ لای دایک، دواین داهێنان و سەرکەوتنی مرۆڤایەتییە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لە دایکبوونی پێنج کوڕەکەی هەموویان ئەزمون و تاقیکردنەوەبوون، تا لە دایکبوونی کچەکە هەموو هەوڵەکانی پێشووی وەک هەوڵەکانی پێش دروستکردنی گلۆپ لای ئەدیسۆن وابوونە، هەوڵی شکستخواردوو بوونە، واتا تاقیکردنەوەی سەرکەوتوو نەبوون. لەم ڕووەوە یان نوسەر یان کاراکتەری دایکەکە، جیاوازی لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ دەکات و وای دەبینێت ڕەگەزی مێ کۆتا ڤیرژن یان داهێنانی جۆری مرۆڤە و بە چاوێکی زۆر بەرز دەڕوانێتە ژنبوون، ئەوەی جێی بایەخە نوسەر لە ڕۆمانەکەدا ئەو مافەی بە ژن داوە خۆی وەسفی ڕەگەزی خۆی بکات.

٢.١.٢. پیاوسالاری

پیاوسالاری یەکێکە لەو دەرکەوتانەی فێمینیزم، کە لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەی کە لایەنگران و بیرمەندانی فێمینیزم بە توندی ڕووبەڕووی بوونەوە، واتا زاڵبوونی سەلاتی باوک، بەسەر تەواوی ئەندامانی خێزان، کە ڕێگرە لەوەی ژن هاوشانی پیاو مومارەسەی چالاکیە جۆربەجۆرەکانی ژیانی ڕۆژانەی بکات، کە هەموو ڕەوتەکانی فێمینیزم بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاماژەیان پێداوە، بە تایبەت ڕەوتی سۆسیالیزم زۆر جەختی لەسەر کردووەتەوە، لە ڕۆمانی سەردەمی گریانی بەڵقیسدا، پیاوسالاری لە هزر و ڕەفتاری پیاوی کورد لە زۆرینەی سێکتەرەکانی ژیان بەرجەستە

کراوە، بۆ نموونە لای پیاو وابوو کە نابێ پیاو زۆر ڕوو بداتە ژن و ڕووی خۆی بۆ دەر بخات، هەروەک ئەم جۆرە تێڕوانینە لەم بەشەی ڕۆمانەکەدا دەبیندرێت "کەمالی حاجی بەکر مەلکەندیی بەزاز مێردە سەر شێت و عاشقەکەی بەڵقیس، کە زانیبووی، ژنەکەی بەمنداڵەوەیە، شتێک وەک شانازی و پیاوەتی چووبووە ناو لوتە قەبەکەیەوە، سەریقورس، بەس تۆزێک بڵندی کردبوو، ئاخر ئەو کوردە و پیاوی کورد نابێ دڵخۆشی و گەشکەی بۆ ژنە بە ئازار و کۆرپە تازەکەی دەربخات" (غەریب، ٢٠١٨: ٣١)، ئەو سیفەتەی پیاو وای کردووە، کە نابێ خۆی لە ژنێک نزیک بکاتەوە کە بە ئازاری منداڵەوەیە یان کەیف خۆشی خۆی دەربخات، بە منداڵ بوونی، چونکە وا هەست دەکات ئەمە لە پیاوەتی و کەسایەتی کەم دەکاتەوە، بۆیە خۆی بە قوڕسی دەهێڵێتەوە و گرنگ نییە ژنەکەی بە چ ئازارێکەوەیە، جگە لەمە، پیاوی کورد گوێ بەوە نادات ژنەکە چ ماندووبوون و ئازارێک بە خستنەوەی منداڵ دەبینێت، هەموو ئەو ماندووبوونەی ژن لە پیاوەتی خۆیدا کورت دەکاتەوە و خۆشەویستی و ڕێزی بۆ ژنەکەی دەکاتە قوربانی هەیبەت و پیاوەتی خۆی.

لە بەشێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا، لایەنێکی تری پیاوسالاری بەدیار دەکەوێت، ئەویش لەو کاتەی کچ داوا دەکرێت لە باوک، ڕۆمانووس بەم جۆرە گفتوگۆیەکە دەگێڕێتێتەوە: "کاتێک چوومە لای کەمال و پێم گووت دێمە مااڵتان، دەمەوێ بەڵقیس خان ببینم، پرسی، بەڵقیس! بۆچی؟ ئەو نایەوێ کەس ببینێ، گوتم کاری خێرە، توند پرسی، چ خێرێک، هیچ خێرێک لە ڕوخساری تۆ دانابینم.. خۆم بەسەر پێڵاوەکانی دادا، پێڵاوەکانیم ماچ کرد، و گوتم پێت دەڵێم بەس یارمەتیم بدە، من بێ کەسم تەنیا ئەو کوڕەم هەیە، سەروەر بەقوربانی تۆی دەکەم ... کوڕەکەم زانیویەتی کچێکی چەند بە ئەدەب و سەنگینە، لێم پاڕایەوە بێم بۆلاتان پێتان بڵێم بیکەن بە کوڕی خۆتان. هەستاو، هیچ قسەیەکی نەکرد، دوکانەکەی جێ هێشت، منی بردەوە گەراج و سواری ترومبێلێکی هەولێری کردم گوتی جارێکی تر نەتبینمەوە" (غەریب، ٢٠١٨: ١٧٩-١٨٠)، ئەوەی لێرەدا دیارە و فێمینیستەکان قسەی لەسەر دەکەن، ئازادی ژنە، کەس بۆی نییە لەجیاتی بڕیار بدات، بەڵام نوسەر لێرەدا باسی کولتووری چەوساندنەوەی ژن و زەوتکردنی مافی هەڵبژاردنی هاوسەر لەلایەن ژنەوە دەکات، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بڕیاری کۆتایی لای باوکە و حەز و ئارەزوو و ویستی کچ هیچ لەبەرچاو ناگیرێت و باوک و گەورەی ماڵە و قسەی کۆتایی ئەو دەیکات.

بیرکردنەوەی پیاوسالاری و چەوساندنەوەی ئافرەت تا ئەو ئاستەیە، ئەگەر بێتو کچ خۆی بڕیاری زەواجی خۆی بدات بە ڕەدوکەوتوو حیسابی بۆ دەکرێت و دەرئەنجامی کارەکەش سزای قوڕسی بەدواوەیە، بەجۆرێک، کە باوک و براکان دەکەونە پیلان و بەرنامە دارشتن بۆی، وەک ئەوەی کە لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت: "عبدالکریمی کوڕی گوتی قسە مەکەن من پلانی خۆمم داناوە، وابزانن هیچ نەبووە، هەرچی بە تەلەفۆن گوتی پێی بڵێن باشە، پێی بڵێن وەرنەوە ئێرە، لێرە زەماوەندتان بۆ ڕێک دەخەین. لێرە هەموو شار بانگ دەکەین، دڵی خۆش بکەن، ئێوەش سیاسەتتان هەبێت، بابێنەوە شەرت بێت ئەبێت بیدەم بە ماسیەکانی دوکان" (غەریب، ٢٠١٨: ٥١). وەک دەبینین ژن یان ئافرەت بە هیچ جۆرێک مافی بڕیاردانی نییە و بۆی نییە کەسێک بە دڵی خۆی هەڵبژێرێت و بیکاتە شەریکی ژیانی خۆی، دەرئەنجامی ئەم کارە سزادانی قورسی بەدواوەیە، ئەمە ئەو بابەتەیە کە فێمینیزم زۆر دژی دەوەستێتەوە و پێی وایە ژنیش هاوتا لەگەڵ پیاو هەست و سۆزی هەیە و پێویستە حەز و ئارەزوو و خواستەکانی فەراهەم بن و زۆر بە تووندی دژی پیاوسالار دەوەستانەوە، چونکە سەڵاتی پیاو یان باوک، کارکردن و خوێندنی کچ و ژنیان پەیوەست کردووە بە کاری ناو ماڵ و پەروەردە کردنی منداڵ وەک ئەوەی کە لەم نموونەیەدا بەدیاردەکەوێت "کەماڵ هەر پێی وابوو منداڵ بوون کاری ژنە و ئەو تەنیا دەبێ دەنگ هەڵ بڕێ و بڵێ (کوڕمان بوو) " (غەریب، ٢٠١٨: ٢١) لەم نموونەیەدا (کەماڵ)ی کاراکتەر کە دەنگی پیاوە، بەچاوی مرۆڤی پلە دوو تەماشای ژن دەکات و ڕەگەزی نێر بە پیرۆز و بەرز سەیر دەکات و سەرباری ئەمەش هەموو جۆرە کارێک لە ژن قەدەغە دەکات، واتە ژن جگە لەوە نابێ کاری تر ئەنجام بدات. تەنیا ماڵ و منداڵ، ئەمەش دژی ئەو ئامانجەی فێمینیزمە کە ڕەوتی (مارکسی) بانگەشەی بۆ دەکەن، پێیان وایە دەبێ ژن ئازاد بێت، یەکسان بێت لەگەڵ پیاو لە لایەنی ئابووری و کاری سەربەخۆ، نابێت تەنیا لە ماڵەوە قەتیس بکرێن.

٣.١.٢. چەوساندنەوەی ژن

یەکێک لەو بابەتانەی لە نێو ڕۆمانەکە ڕەنگی داوەتەوە، مەسەلەی چەوساندنەوەی ژنە بەهۆی ڕەتکردنەوەی قسەی برا، باوک، خێزان، ئۆل و عەشیرەت، هەروەک دەزانین ژن بەردەوام لەژێر ڕکێفی سەلاتی باوک و برا و بڕیاری خێڵدابووە، ڕەتکردنەوەی ئەم سەلاتە لەلایەن کچێکی کورد بۆ گەیشتن بە خواست و حەزی خۆی و گەیشتن بە مەعشوق، لەم بارەیەوە ڕۆمانەکە باس لە خۆشەیستی نێوان دوو کاراکتەر بە ناوی نیان و سەروەر دەکات، کە بەجۆرێک هۆگری یەکتری بوونە هەموو سنوورەکان دەبەزێنن، سەرەڕای هەبوونی کێشەی خێزانی و ناوچەگەری لەنێوانیان، بەلام هیچ یەکێک لەمانە ناتوانن ڕێگر بن لەنێوانیان، باوەڕیان بەو خۆشەویستییەیە لەنێوانیاندا هەیە، بۆ ئەمەش توشی دەردەسەری و ئازار و ناڕاحەتییەکی زۆر دەبن و ڕووبەڕووی هەڕەشە و سزادان دەبنەوە وەک ئەوەی لەم نموونەیەدا باسی لێوە کراوە "هەڕەشە و تۆڵەسەندنەوەی پێنج برا و باوکێکی ئەشراف و خانەوادەیەکی حەفتاو سێ کەسی نایترسێنێ و دەست لە خۆشەویستیی ناشیرینترین کوری دونیا هەڵناگرێت" (غەریب، ٢٠١٨: ٦٤)، واتا کچ یان ڕەگەزی مێ بەهیچ جۆرێک ئەو سەلاتەی نییە بە ئارەزووی دڵی خۆی شوێن حەز و ئارەزووی بکەوێت، لە ئەگەری ڕەتکردنەوەی بڕیاری باوک یان ئۆل و عەشیرەت، ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ نامێنێت. کەواتە ئازادی ژن و تێکشکاندنی بڕیاری باوک لەو کولتوورەی ڕۆماننووس باسی لێوە دەکات هێڵی سوورە و ژن تەواوی ئازادییەکانی زەوتکراوە، زۆر بە توندی دەچەوسێنرێتەوە. نووسەر بەردەوام دەبێت لە باسی ئەو عیشقەی لەنێوان (نیان) و (سەروەر)دا هەیە، بەلام ئەوەی لە کولتووری کوردیدا هەیە، هەر خۆشەویستییەک لە دەرەوەی قسەی باوک، برا، مال و خزمانی بێت، بە خیانەت و بێ ئابڕوویی، ناموسبردن هەژمار دەکرێت "جوانترین شێوازی مردنە تا ئێستا عاشقان هەلیان بژاردبێ. نیان دەڵێ، مالی خۆمان دەگوازینەوە ناو ئاوێ، با کەس بە دواماندا نەگەڕێت، با بۆ ئەبەد لە ناو ئاودا بتوێینەوە، هەست دەکەین لەوەتەی هەین، پێش ئەوەی هەشبین هەر پێکەوە بووین و بۆیە دەمانەوێ لە زەمەنێکی گەردوونی نەبڕاوەشدا هەر پێکەوە بین، کەس بۆ ئێمە خەمبار نەبێت، ئێمە لە خەوداین و هەرگیز حەزناکەین لەو خەوە بەئاگا بێین، بێ یەکتر ناتوانین هەبین" (غەریب، ٢٠١٨: ٣٨١). ئەوەی لە دەقەکەدا دەبیندرێت ئەوەیە، کە تاکە ڕێگە بۆ ڕزگاربوونی کچەکە و کوڕەکە خۆ کوشتنیانە. لە کولتووری کوریدا خۆشەویستی بە تەواوی لە ژن قەدەغەکراو بووە، بەلام ئەم بابەتە بۆ کوڕ هیچ کێشەیەکی نەبووە، ئەمەش بەو پێیەی لە نەریتی کوردەواریدا عاشق بوون بۆ کچ لە دەستدانی شەرەف و ئابڕوو چونە، لە کەسایەتیان دەدات، چیرۆکەکە بەوجۆرەیە، کە کچەکە پاش ئەوەی خێزانەکەی ڕێگری دەکەن لە هاوسەرگیریەکە، لەسەر بڕیاری خۆی و بەشێوەیەکی یاسایی زەواج لەگەڵ کوڕەکە دەکات، بەلام ئەم کارەی کچەکە لای مالباتەکەی بە ڕەدوکەوتن دادەندرێت و خێزانەکەی کەوتوونەتە هەوڵی پاککردنەوەی ناموسیان، تا سەرەنجام بە خۆکوشتنیان کۆتایی دێت. ئەم توند و تیژیی بنەماڵەییە یەکێکە لەو لایەنانەی فێمینیزم بە تایبەتی ڕەوتی لیبڕال جەختی لەسەر کردووەتەوە و لە دژی وەستاون.

٤.١.٢. گرنگی جەستە و ڕەنگی پێست لە ئافرەت دا

بابەتی جوانی و ڕەنگی پێست یەکێکە لەو بابەتانەی کە جێی بایەخی فیمینیستەکان بووە، ئەوان باوەڕیان وابووە، کە هزری نێرسالاری ژنی ڕەشپێست بە ناشرین و نەگونجاو دادەنێت. لەڕووی جەستەییەوە ژن بە بێتوانا هەژمار دەکات، ئەم تێڕوانینە نێرسالاریانە پانتاییەکی فراوانیان لە نێو ڕۆمانەکەدا گرتووە، کە هزری نێرسالاری بەرانبەر بە مێینە دەخاتەڕوو، زۆرێک لە پیاوان تەنیا خواستیان جوانی ژنە، هەر لەو ڕووەشەوە ژنیان بینیوە و بەبێ بینینی ڕووی ناوەوە، بۆیە بەلقیس لە بارەی مریەمە ڕەشەوە دەڵێ "ئەوان نازانن هەر سروشتیان وایە، نازانن ژنی ئەسمەر، ژنی ڕەش دڵێکی چەند سپی و ڕۆحێکی چەند خوێنین و هەستێکی چەند گەرم و .. هەیە، ئەوان نازانن کە لەزەت، لەزەتی ڕاستەقینە، ئەو لەزەتەی پێی دەخاتە قوڵاییتەوە لای ئەو ژنانەیە کە پێستیان وەک شەوە زەنگە" (غەریب، ٢٠١٨: ٧٢)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە پیاوان تەنیا ژنی جوانیان مەبەستە، ناخ هەرچەندە جوان بێت هیچ گرنگییەکی نەبووە، بۆیە نووسەر کێشەی ژنێکی پێست ڕەش دەخاتەڕوو لەسەر زاری کاراکتەرێکی تری مێینە.

ئەم کێشەیە تەنیا لە نێو چینی ئاسایی کۆمەڵگا باونەبووە، بەڵکو لە سەردەمی ئێستاشمان کچی جوان هەمیشە سەرنج ڕاکێش بووە، بۆیە باس لە چینی ڕۆشنبیری ئەو کات دەکات، دەچێتە نێو زانکۆی بەغدا و دەڵێت: "لووسی و بریقەی

پێچکی پەریخان نەک ئاداب لە هەموو زانکۆی بەغدا دەنگی دابۆوە، دوو ئەوەندەی دڵە لەتەکەی سەربازی ون، تەماشاکاری هەبوو، هەمووان دەزانن کوڕە لادێیەکەی بەشی کۆمەڵناسی هەر ڕۆژێک چاوی بە پەریخان بکەوێ خۆی پیس دەکات" (غەریب، ٢٠١٨: ١٠٠، ١٠١)، نووسەر ئەو تێڕوانینە نێرسالاریەی دەرخستووە، کە هەمیشە ژنە جوانەکان لە پێشتر بوونە لە دیدیان، ئەم هەستە لای ڕەگەزی نێرینە شتێکی هەستپێکراوە، بۆیە وای دەرخستووە پیاوان بە بینینی ژنی جوان ئەگەر ناخیشی جوان نەبێت هەر حالیان بۆیان تێکدەچێت، لێرەدا پیاو جەستەی ئافرەت وەک کالاێەک دەبینێت، کە ئەمە ئەو شتەیە فێمینیزم دژی دەوەستێت و پێیان وایە ژن جگە لە جەستە، خاوەن هێز و هەست و سۆز و سایکۆلۆجیەتێکی تایبەت بەخۆیە و نابێت بایەخ و بوونی ئافرەت تەنیا لە جەستەدا کورتبکرێتەوە.

ئەوەی گرنگە و دەمانەوێت ئاماژەی پێ بدەین، ئەوەیە نوسەر باس لە لایەنی دەروونی کوڕ دەکات لە کاتی بینینی ژنێکی جوان ڕۆماننووس بەم جۆرە دریژە بە گێڕانەوەکەی دەدات کاتێک دەڵێت: "سۆهێر ڕەمزی .. لاقە دریژ و پتەوەکانی پرچە ڕەشمالیەکەی، سینگی تەخت و پانی، بااڵی سیحری. سەروەر بە هەرزەکاری، هەرزەکاریی تەواویش نا، ئەودەم ببووە شازدە ساڵ، شێتو شەیدای مەمکە گەورەکانی سوهێر ڕەمزی ببوو بەدەیان شەو لە خەونیدا وەک قورنە و گەنە پێوەیان دەنووسا، ئەو ساڵە و ساڵی دواتریشی هەر لە ناو گەرما و ناو نوێن بەسەر برد، خەو و خەونی دوور و دریژ" (غەریب، ٢٠١٨: ١٣٨)، لەم دەقە ئەوە بەدیار دەکەوێت، کە ئافرەت لەچاوی پیاودا وەک خۆراکێک بۆ تێرکردنی حەز و غەریزە سێکسییەکان سەیر دەکرێت، ڕۆماننووس ئەوەی دەرخستووە هۆکاری بینینی خەو بە ژنەوە جوانییەکەیەتی ئەگینا بۆچی پیاو خەو بە ژنە کەمتر بەرچاوکانەوە نابین، تەنیا جوانەکانیان دێتەوە خەونیان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت جوانی و جەستەی ژن، بەرانبەر تواناو لێهاتوویەکەی چەندە پڕبایەختر.

٥.١.٢. جیاوازی لە وەسفی نێرو مێ

یەکێک لە ئامانجەکانی فێمینیزم، بریتییە لە یەکسانی هەردوو ڕەگەز و نەبوونی جیاوازی لەنێوانیان، ئەم بابەتە وەک دەرکەوتە و بابەتێکی فێمینیزم لەناو ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەاڵم ئەوەی جێگەی سەرنجە دەبینین نوسەر لە ڕۆمانەکەدا، لە وەسفی هەردوو ڕەگەز هەرچی وەسفی جوان و ناسک هەیە بەو کاراکتەرانەی داوە کە لە ڕەگەزی مێینەن، هەرچی وەسف و وێنەی ناشرینە بە ڕەگەزی نێرینەکەی داوە، ئەمە تەنیا بە کاراکتەرەکە نەوەستاوە، بەڵکو خانەوادەکانیشیانی بەهەمان شێوە نیشان داوە، بۆنموونە خانەوادەی (نیان) خانەوادەیەکی بازرگان و باوکی گەورەی بەزازەکانە و دایکی شاجوانی شاری سلیمانییە. هەرچی خانەوادەی کوڕەکەیە (سەروەر) یەکێکن لە ماڵە هەژارەکانی هەولێر، باوکی وابەستەی کۆڕی شەوانەی هاوڕێیانییەتی، بەتۆمەتی شوعی بوون هەر زوو بزر دەکرێت، بە هەتیوی دەمێنێتەوە، ئەم جیاوازیی چینایەتییە جێی بایەخی فێمینیزمی شەپۆلی سێیەم بووە، کە دژی ئەم جیاوازیی چینایەتیە دەوەستانەوە، سەروەر ناوی دایکی مریەمە ڕەش بووە، ڕەشترین ژنی دونیا، بۆیە لە وەسفی هەردووکیان جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێت. لێرەوە گێڕەرەوە جیاوازییەکی چینایەتی دەداتە پاڵ ژن و دابەشی سەر دوو چینی ڕەش پێست و سپی پێستی دەکات، جیاوازی دەخاتە نێوان مەریەمی دایکی سەروەر و نیانی خۆشەویستەکەی وای دەبینێ ڕەنگی پێستی سپی پیرۆزترە، ناسکتر و خۆشەویستترە، لە کاتێکدا ڕەش پێست بە شوم و بێزارکەر سەیر دەکات.

لە وەسفی هەردوو کاراکتەرەکەدا دەڵێت: "سەروەر دیوە ڕەشەکەی، دیوە پڕ مردن و بێزارکەرەکەی، نیان دیوە بەڕەونەقەکەی، ئەو دوانە چۆن پێک هاتن، هیچیان لە یەکتر ناچێ!

ئەو ئاڵۆز و ناریک و پڕ مەینەت.

ئەو سادە و ڕووناک و ئاسودە.

وەک ئەوەیە تیشکی خۆر بکەوێتە سەر شارێکی وێران. شارێکی سوتاو بۆگەن" (غەریب: ٢٠١٨: ٢٢٨). لێرەدا ئەگەر سەیر بکەین گرنگی ژنی لە جەستە و ڕەنگی پێستدا کورتکردووەتەوە، واتا ئەگەر نیان ڕەنگی پێستی و جەستە ڕێکەکەی نەبایە، بە کەسێکی ناڕێک، بێزارکەر و شوم دادەندرا، لە بەرانبەردا بۆ کوڕەکەش ڕەنگی پێست هەمان بایەخی هەیە، هەروەک لە وەسفی نوسەردا ئەمە بەڕوونی دەبیندرێت.

زیاتر دریژە بەم وەسفە دەدات و دێتە سەر باسی جوانی جەستەی هەردووکیان "سەروەر.. یەکەم جار بوو ئاوا لە ئاوێنەیەکی ڕوون و گەورەدا جەستەی خۆی بە ڕووتی ببینێت، لە پشت جەستەی کرمی خۆیەوە، لەشی ئالتونی نیانی دیت" (غەریب، ٢٠١٨: ٣٢٣)، هەروەک دەبینین جیاوازی نێوان نێر و مێ لە وەسفی نوسەردا زیاتر لە جەستەدا کۆکردووەتەوە، لێرەوە باری دارایی، ڕەنگی پێست، جوانی جەستە بڕیار لەسەر بایەخی هەردوو ڕەگەز دەدات.

٦.١.٢. بەرگریکردن لە مافەکانی ژن و یەکسانی ژن و پیاو

ئەمەش یەکێکە لەو بابەتانەی کە بەرهەمی فیمینیستی لە بەرهەمی پیاوان جیا دەکاتەوە و پێی دەناسرێتەوە، بەو واتایەی ئەو بەرهەمانەی بە بەرهەمی فیمینیستی هەژمار دەکرێن، ئەو بەرهەمانەن کە بەرگری لەمافەکانی ژنان دەکەن یاخود باس لە خواست و حەز و ئارەزوو و ویستەکانیان دەکەن، جا ئەگەر ژن خۆی نووسیبێتی یاخود پیاو لە بارەی ژنان نووسیبێتی و بەرگری لە مافەکانی کردبێت، ئەوەی لەم بارەیەوە لەم ڕۆمانە ڕەنگی داوەتەوە و نووسەر باسی لێوە کردووە، بەڵقیس گلەیی لە یەکێک لە کوڕەکانی دەکات لە بەرانبەر پێنەدانی مافەکانی خوشکی و دابین نەکردنی پێداویستییەکانی، وەک دەڵێت: "تۆ ئەی برا گەورە تۆ ئەی پادشای ماڵ بۆچی ڕۆژێک خوشکەکەت نەلاواندەوە، بۆچی ڕۆژێک بۆخۆت نەتبردەوە بەغدا، بۆ ڕۆژێک لە پێویستیەکانیت نەپرسی" (غەریب، ٢٠١٨: ٦١)، لێرەدا جگە لەوەی کە ڕەگەزی نێر بەسەر مێدا زاڵ کراوە و بە سەروەر و سەرداری ماڵی داناوە، لەپاڵ ئەمەدا بەهۆی ئەوەی ئازادی لە ژن زەوتکراوە، ماف بە ژن نادات سەربەخۆیانە بڕیار بدات و پێداویستی خۆی دابین بکات، لەو کاتەدا پێویستە تۆ وەک برا گەورە کە هەموو شتێک لە دەست ئێوەدایە، لە هەموو شتێکی بپرسی، هەر لە خۆشەویستی و دڵداریەوە تا دوا داواکاری ژیانی.

ڕۆماننووس لە دریژەی گێڕانەوەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەندێک ماف بە مێ ڕەوا نابینرێت، لە کاتێکدا ئەمە بۆ ڕەگەزی نێر هیچ کێشەیەک دروست ناکات، هەروەک لە گێڕانەوەکەیدا دەڵێ "کوڕی ئەو کوردە وایە لەگەڵ دڵداری خۆیدا دەگەشێتەوە و لە دڵداری خوشکەکەی دا وشک دەبێت. دایک و باوکەکانیش بەسەر لێوەوە و بە بزەوە باسی عەشقبازی و دەستبازی کوڕەکانیان دەکەن، بەلەرز و حەیا چوونەوە لە کچەکانیان دەدوێن" (غەریب، ٢٠١٨: ٢٦٨). ئەوەی لەم تێکستە دەبینین، جەخت لەسەر ئەو کولتوورە ناشرینە کراوەتەوە، کە جیاوازی دەخاتە نێوان کوڕ و کچ و وای دەبینێت بابەتی خۆشەویستی و هەست و سۆزی مێ جێی شەرمەزاری و ئابڕوو چوونە لە کاتێکدا ئەم ڕەفتارانە بۆ ڕەگەزی نێر جێگەی شانازی و سەربەرزییە، ئەم جیاوازی دروستکردنە لەنێوان نێر و مێ یەکێکە لەو پرسانەی کە فێمینیزم زۆر بەجدی ڕەخنەی لێ دەگرێت و هەوڵی نەهێشتنی دەدات.

لە دریژەی گێڕانەوەکەیدا ڕۆماننووس بابەتی یەکسانی ژن و پیاو لە ماف و دەسەڵات دەخاتە پێشچاو، ئەم بابەتە لە فێمینیزمدا بایەخێکی زۆری پێدراوە، جەخت لەسەر یەکسانی ژن و پیاو دەکەنەوە، لە هەموو لایەنەکانی ژیان، هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەندێک لە ڕەوتەکانی فێمینیزم باس لەوە دەکەن، کە دەبێ بە یاسا ئەم مافانە دیاری بکرێن، لە بەرانبەریان ڕەوتی تر هەن دەڵێن: نەخێر، یاسا ناتوانێت مافەکانی ژن دەستەبەر بکات و یەکسانی بکات لەگەڵ پیاو بەبێ گۆڕان و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خێزان، لێرەدا نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە چۆن کچەکە بە یاسا داوای مافەکانی خۆی دەکات "هەمووتان تەنیا ڕوالەتن، لە ڕوالەتدا دوای خۆشەویستی و ئازادی و کەرامەت کەوتوون، ئامۆژگاریەکانت بۆ خۆت هەڵبگرە، من گەورەم و دەتوانم بڕیاربدەم، یاساش لەگەڵ منە" (غەریب، ٢٠١٨: ٢٥٣). ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین چۆن باس لە مافەکانی دەکات، کە بە یاسا لە تەمەنێکدا خۆی دەتوانی بڕیار لەسەر خۆی بدات، کەس ناتوانێت بڕیار لەجیاتی ئەو بدات، ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە هەندێک لە فیمینیستەکان دەیانەوێت، مافەکانیان بە یاسا پشتڕاست بکرێنەوە.

٧.١.٢. ئازادی منداڵ خستنەوە

ژن و بابەتی منداڵ خستنەوە و ئازادی ژنان لەم ڕووەوە یەکێکە لەو بوارانەی کە فێمینیزم بایەخی زۆری پێداوە، بە

تایبەتی ڕەوتی (ڕادیکاڵ)، سەرنجی زۆری خستووەتە سەر ئەم پرسە، ئەوان باوەڕیان وایە، ئەمە خواستێکە پەیوەندی بە ژنەوە هەیە، ناکرێت بەسەری فەرز بکرێت، چونکە خۆی زەحمەتی و ئازاری منداڵ هەڵگرتن و منداڵ بوون دەکێشێت و ئەو ئەزموونە تاقیدەکاتەوە، بۆیە ئازادی ژن لەم بارەوە دەبێت لەپێش هەموو شتێکەوە بێت، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین هەموو ئەمانە لە نێو ڕۆمانەکە ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە لەبارەی ئەو ئازارەی ژن لەکاتی منداڵبوون دەیچێژێت باسی لێکراوە، وەک ئەوەی لە بەشێکی دەقەکەدا هاتووە "بەڵقیس خەریک بوو ببوریتەوە، وەک ئەو ڕۆژەی ئەو بەڵایەی تێدا لە دایک بوو، ئەو ڕۆژەش ویستی ببوریتەوە مامانەکە زللەیەکی توندی لێدا، یەکێکی دیکە نوقرچێکی لە سینگی گرت، چاو دانەخەی، تین بدە خۆت، لەهۆش خۆت بچی منداڵەکەت دەمرێ بۆ خۆشت خوا دەزانێ... ئەو ڕۆژە ترسی لێ نیشت هەر لەو ترسەش بوو نەبووراپەوە، بەرگەی ئازارەکەی گرت و بێدەنگ فرمێسکی ڕشت" (غەریب، ٢٠١٨: ٢٨)، ئەوەی لە دەقەکەدا سەرنجی خراوەتە سەر زیاتر ئەو ئازارەیە، کە ژنان بەهۆی منداڵبوون دەیچێژن، ئازاری منداڵ هەڵگرتن و منداڵ بوون و مەترسیەکانی ئەو پرسە گرنگەیە، کە فێمینیزم بەردەوام کاری لەسەر دەکەن و ئەمەش بە ڕوونی لە دەقی ڕۆمانەکە ڕەنگی داوەتەوە.

لە هەمان کات فێمینیزم جەختیان لەوەش کردووەتەوە، کە خواستی منداڵبوونیش یەکێکە لە مافەکانی ژن "نیان بیری لە منداڵ و سەروەر بیری لە زەماوەند دەکردەوە، نیان گوتی، حەز ئەکەم کچێکی بچووکم هەبێ، کچێک قژیم لە دواوە بۆ بەستبێ، هەمیشە لە تەنیشتم بێ، کە بڕۆم لە دواوە تەنووکەکەم ڕاکێشێ، توزێکیش قەڵەو بێ، گۆرەوی سپی لەپێ بکەم و شوێن گۆرەوییەکان لەسەر قاچی دەر بچن، ئەو شوێن گۆرەوییانە ماچ بکەم" (غەریب، ٢٠١٨: ٣١١). وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئازادی لە منداڵ خستنەوە، یەکێکە لە پرسە هەرە پڕ بایەخەکانی فێمینیزم، کە ئەمەش لەناو ڕۆمانەکە کاری لەسەر کراوە و ویستی ژن و ئازادی ژن لەم بارەوە خراوەتەڕوو و باسی گرنگی ڕۆڵی دایکایەتیش بابەتێکی دیکەیە، کە دیسان قسەی لەسەر کراوە، هەروەها حەزی ژن بۆ جنسیەت یان ڕەگەزی منداڵ لەوەی منداڵەکە نێرە یان مێ دیسان قسەی لەسەر کراوە و پێچەوانەی عەقلیەتی نێرسالاری، کە حەزی لە خستنەوەی ڕەگەزی نێرە لێرەدا دایک حەز بە دایکایەتی کردن و خستنەوەی منداڵێکی مێیە.

٨.١.٢. نیشاندانی لاوازی ژن و چەوساندنەوەی لە لایەن پیاو(نێر)

فیمینیستەکان باوەڕیان وایە ژن بە لاوازی لەدایک نابێت، بەڵکو ئەوە عەقلیەت و کولتوور و ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکانن کە وێنەی مێ بە لاواز نیشان دەدەن و دەیکەنە دروستکراوێکی بێ سەڵات، فیمینیستەکان ئەوە ڕەتدەکەنەوە، کە ژنان لە پیاوان لاوازتر بن، بەڵکو پێیان وایە لە هەندێ ڕووەوە لە پیاوان بەهێزترن، لەم ڕۆمانە لە چەندین شوێن بێ هێزی ژن لە بەرانبەر پیاوان دەبینین، ئەمەش دژی ئەو تێڕوانینەی فیمینستەکانە کە بانگەشەی بۆ دەکەن "بەڵقیس بە دەگمەن بە تەنیا هاتۆتە بازاڕیش، ئەو نەک ماڵ و سامان هەموو شتێکی بە مولکی مێردەکەی دەزانی بە خۆشییەوە" (غەریب، ٢٠١٨: ٧)، لێرەدا ئەوەمان بۆ بەدیاردەکەوێت، کە چۆن کۆنترۆلکردنی ژن و لێسەندنەوەی هەموو ئازادیەکانی و بەندکردنی لەناو چواردیوار، عەقڵیەت و توانای ژن لەناو دەبات، بە جۆرێک کە خۆی وەک کۆیلە و مولکی ڕەگەزی بەرانبەرەکەی ببینێت، ئەمەش یەکێکە لە دەرکەوتە دیارەکانی فێمینیزم، کە داوا دەکەن ژن یان ڕەگەزی مێ لە وەها بارودۆخێک ڕزگار بکرێت و ماف و خواستەکانی جێبەجێ بکرێت.

لە لایەکی ترەوە ژن وابەستە دەکرێت بە مێردەکەیەوە، بەهاو پلەو پایەی کۆمەڵایەتی لە هاوسەرەکەیدا دا دەبینرێت "ئاخۆ ژن کە مێردی نەما لەو ولاتەدا وەک زبڵ تەماشا دەکرێت، ناشکێت و ئازار ناچێژێ، هەر شتێکی بەسەر بێت، لە نرخی کەم نابێتەوە"(غەریب، ٢٠١٨: ٢٤)، ئەمەش مانای ئەوەیە بەهای ژن یەکسانە بە هەبوونی مێرد، نەمانی مێرد نەمانی بەهاو پلە و پایەکەیەتی، ئیتر لە کۆمەڵگا بەو شێوەیە سەیر ناکرێت وەک ئەوەی سەردەمی مێرد هەبوونی. کەواتە ئەمە بێ هێزی و لاوازی ژن نیشان دەدات. ئەگەرهێز و توانای ژن یەکسان نەبێت بە هەبوونی مێردەکەی ئەوا لە هەموو کات و سەردەمێک ژن هەمان پلەو پایەی دەبێت و بە نەگۆڕی دەمایەوە.

چەوساندنەوەی ژن لە کولتووری کوردیدا، وەک پێشتریش ئاماژەی پێدرا، زۆر بە زەقی بەرچاو دەکەوێت،

ڕۆماننووس چیرۆکی ئازاردانی بەڵقیس و کچەکەی بە دەست میٚرد و کوڕەکانی کردووەتە باسی سەرەکی چیرۆکەکەی و وێنەی چەوساندنەوەیان دەخاتە بەر دیدی خوێنەران، لێرەدا گێڕەرەوە لەسەر زاری بەڵقیسی کاراکتەر دەڵێت: "بۆ خاتری ئەو خوایە، تۆ لە کوێ پەیدابووی، وەک جنۆکە دوای من کەوتووی؟ ئەمزانی ئەو نەفرەتیەت دۆزیوەتەوە، ببورە گەروا نەبا نەتئەهێشت لەگەڵتا بێم. بەڵقیس خەریک بوو لە تووڕەییان ببوریٚتەوە، هاواری کرد، ئەو دەمانچەیە دانێ تا کەتنێکت نەکردووە، مەحموود ناو جەرگتان ڕەش کردووم" (غەریب، ٢٠١٨: ٢٦). کەواتە ئەم هەموو بە نهێنی هاتن و خەمخۆریەی دایک لە پێناو کچەکەی بووە، بەڵام بە بەدەرکەوتنی کوڕەکەی دەتاسێ و کوڕەکەی بە سەرچاوەی ئازار و خەم دادەنێ کە ناو جەرگی ڕەش کردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کوڕەکانی هەمیشە جێگای خەم ئازار بوونە، بۆیە لە دەقەکەدا ئەو ئازارەی ژن دەیچێژێت لە دەست کوڕەکانی و پیاوەکەی دەخاتەڕوو. فێمینیزم دژی ئەو توند و تیژیەی سەڵاتی پیاوە، کە دەبێتە هۆی ئازاردانی ژن.

ڕۆماننووس لە بەشێکی دیکەی گێڕانەوەکەیدا باسی ئازارێکی دیکەی ژن لەناو کۆمەڵگای کوردی دەکات، ئەویش ئازاری هەڵخەڵەتاندنییەتی لە لایەن پیاوانەوە "بەڵقیس دەردی دیبوو، زۆریش، بەڵام لە هیچیان تەنیا نەبووە. جارێک عیشق پێش کەمال، قژی زەردی هەتیوێکی باریکە هەلی خەڵەتاند، چاکیشی هەڵخەڵەتاند، جا کچ تەنیا ئەو کاتانە ژیاوە کە هەڵخەڵەتاوە، کوڕە ناسک و قژ درێژ و سپیکاربوو، ئاخر کچ نییە ئەو کوڕەی دیبێ و عاشقی نەبووبێ، دەنگە ناسکەکەی، سەد جار قژی بۆ لادا و چاوی لێ داگرت ئەو هەتیوە، نە سەرنجی دایە و نە وەڵامی دایەوە. هەرناوی هاتبا، بەڵقیس سەد جنێوی شرینی پێ دەدا، تانە و تووڵی دەهاوێشت، بەڵام درۆ، لە دڵەوە عاشقی بوو، عاشقی هەموو شتێکی، هەتا عاشقی ئەو پێڵاوانەش بوو کە ئەو هەتیوە یاری پێ دەکرد" (غەریب، ٢٠١٨: ١٨–١٩). هەڵخەڵەتاندن و یاریکردن بە هەست و سۆزی ژن، بابەتێکی دیکەی گوتاری فێمینیزمە، کە بە تووندی دژی دەوەستنەوە، ڕۆماننووس لە گێڕانەوەکەیدا باس لەو دیاردە باو و ناشرینەی کولتووری خۆی دەکات، کە چۆن ژنان دەبنە نێچیرێکی ئاسانی حەز و ئارەزووی پیاو و تەنیا بۆ پڕکردنەوەی حەز و خواستەکانیان یاری بە هەستیان دەکەن. لێرەدا دەبێت باس لەوەش بکەین کە چۆن دووبارە بایەخی ڕەنگی پێست بۆتە پرسێکی گرنگ لەو کولتووڕە و چۆن بە پیرۆزتر و بەرزتر لێی دەڕواندرێت.

٩.١.٢. ستەمی جنسی

بنەما و دەرکەوتەیەکی دیکەی ڕەخنە و گوتاری ڕەوتی ڕادیکالی فێمینیزم باسی ستەمی جنسی و دەستدرێژی سێکسییە بۆ سەر ژنان. ئەمەش بەوەی بە هەڵخەڵەتاندن بێت یان بەزۆر وا لە ژن بکرێت کە جەستەی خۆی بداتە دەست پیاو و بەکاری بهێنێت بۆ مەرامی جنسی، ئەم بابەتە لە نێو ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە "فەرهاد لە وەڵامی ئەو قسانەدا بۆ سەردار پێی گوتبوو، ئێمە تازە بۆ یەکین، چ پێویستە چاوەڕێ بکەین، وابزانە لە مالێکداین، دواتر لە گەرمەی داواکارییە نەبراوەکانیدا گووتبووی، وابزانە ژن و مێردین. نیان ئەوەی بە دەستدرێژی زانیبوو، بە ئەتک و حەیا چوونی زانیبوو، گریابوو .. وەک ئەوەی پەلاماری بدا، وەک بیەوێ بەزۆر و دڕاندانە بیخاتە ژێر خۆی، نیان خۆی ڕاپسکاند و دووڕکەوتەوە" (غەریب، ٢٠١٨: ٤١–٤٢). هەڵخەڵەتاندن و دەستدرێژی کردن بۆ سەر جەستەی ژن بە ناوی خۆشەویستی یەکێکە لەو ستەمانەی، کە پیاو بەرانبەر ژن ئەنجامی دەدات واتا هەر لەو کاتەی کچیان خۆشدەوێت، بە هەلی وەردەگرن و کچ دەخەنە ئەو بارودۆخەی، ستەمی جنسی و دەست درێژیان بکەنە سەر. هەر لەم بارەیەوە ڕۆماننووس لە زاری کاراکتەری کچەوە باس لە ویست و مەبەستی کوڕ (نێر) دەکات بەرانبەر بە کچ (مێ) و دەڵێ "ئێوەی کوڕان هەموتان نەفرەتین، خۆشەویستی نازانن، کچانتان بەس بۆ یەک شت دەوێ، یەک شت و بەس، جگە لەو شتە هیچتان لە دەماغدا نییە .. نا ئێوە ڕۆحتان نییە .. هەست و خۆشەویستیتان نییە، تەنیا هەوەستان هەیە و تەواو. لەهەر تەمەنێکدابن کچتان بۆ ڕابواردن دەوێ، بۆ دەست گەرمکردنەوە و مەمکگوشین و پۆز لێدان و حەیا بردنی دەوێ" (غەریب، ٢٠١٨: ٤٣)، بابەتی دڕەندەیی نێر بەرانبەر ڕەگەزی مێ باسی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و ڕۆماننووس لەسەر زاری کاراکتەری ژنەوە پێناسەی دڕەندەیی نێر دەکات، کە تەواوی هەست و سۆزی پیاو لە حەز و ئارەزووە شەیتانییەکانی کورت دەکاتەوە و ڕەگەزی مێ وەک کالایەک بۆ پڕکردنەوەی غەریزە سێکسیەکانی بەکار دەهێنێت.

ئەنجام

١- پیاوسالاری و چەوساندنەوەی ژنان بابەتێکی سەرەکی ناو ڕۆمانەکەیە، بەڕوونی ئەم هزرە پیاوسالارییە لەناو ڕۆمانەکە، دەرکەوتووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ژن وەک ژێردەستەیەک بە مولکی پیاو لێی بڕوانرێت.

٢- جیاوازی ڕەنگی پێست: بە پیرۆزتر بینینی سپی پێست بە بەراورد بە ڕەش پێست لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

٣- بە لاواز بینینی ژن، گوزارشتکردن لە توانا و لێهاتوویی ئافرەت تەنیا لە ئەرکی منداڵ خستنەوە، کە تەنیا ئەرکی خستنەوەی منداڵە بە تایبەتی کوڕ. لە ڕۆمانەکەدا ئەمانە بە ڕوونی دەرکەوتوون، کە زۆرێک لە ڕەوتەکانی فێمینیزم ئەمە ڕەتدەکەنەوە و دژی ئەم بیرۆکەیە دەوەستن.

٤- لایەنێکیتر کە دەرکەوتووە بریتییە لە تۆندوتیژی بەرانبەر بە ژن بەناوی شەرەف، ناموس و ئابڕوو لە لایەن باوک، برا، خێل و عەشیرەت بە ڕوونی دەبیندرێت.

٥- جوانی جەستەی ئافرەت، تواناو لێهاتوویان لەوەوە بەدیار دەخات، ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێو ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە هەمیشە پیاو بۆ گەیشتن پێی هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی داوە و بەکاریهێناون.

٦- ستەمی جنسی و ئازاردانی سایکۆلۆجیەتی ژن لە لایەن کولتووری پیاوسالاری ڕۆماننووس، یەکێکی دیکەیە لە دەرکەوتە دیارەکانی فێمینیزم لەناو ڕۆمانەکەدا.

٧- لە ڕۆمانەکەدا زۆرترین ڕێژەی دەرکەوتنی دەرکەوتەکان بریتییە لە چەوساندنەوە ژن و پیاو سالاری، ئەگەرچی ئەوانی تریش بەڕێژەیەکی جیاوازی ڕەنگ و پێست دەرکەوتوون، کە هۆکارەکەی بە بەرز سەیرکردنی ناوچەیەکە بەسەر ناوچەیەکی تر، دوای ئەمانەش ستەمی جنسی دێت، کە زۆر بە بەربڵاوی باسکراوە، هەریەکە لە لاوازی ژن، ئازادی منداڵە خستنەوە، بەرگری کردن لە مافەکانی ژن، جیاوازی لە وەسفی نێر و مێ و ڕۆڵ بەهای ژن بە یەک ئاست دەرکەوتوون.

سەرچاوەکان :

سەرچاوەی کوردی

کتێبەکان

- ئەکرەم، سورێن(٢٠٢٢). فێمینیزم و جێندەرناسی، لە بڵاوکراوەکانی خانەی کولتوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ژمارە(٣٩).
- غەریب، جەبار جەمال (٢٠١٨)، سەردەمی گریانی بەڵقیس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە.
- المساعد، نورە فرج (٢٠٠٦)، فێمینیزم فیکر و ڕەوتەکانی، و، عەبدوللا تاهیر بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلیمانی.
- حەمەلاو، خالید عەبدولکەریم (٢٠١٠)، مەهاباد قەرەداغی لە فێمینیزمەوە تا هیومانیزم، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
- خەلیل، ئیبراهیم مەحمود (٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لە لاسایی کردنەوەوە بۆ هەڵوەشانەوەگەرایی، و، محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.
- سالح، کازیوە (٢٠٠٥)، فیمینستناسی و جڤاکی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- شاهندە، نوشین (٢٠٠٦)، نیتشەو فێمینیزمی هاوچەرخ، و، محەمەد کریم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- صالح، سازگار عبدول(٢٠١٩) فێمینیزم و هاوڵاتیبوونی یەکسان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.
- عەبدوڵڵا، عەباس سالح (٢٠٠٧)، فێمینیزم لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- فریدمەن، جیەن (١٣٨١)، فێمینیزم، و. فەرشید شەریفی، چاپخانەی کارۆ.
- قطوس، بەسام (٢٠١١)، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و، محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان.
- مەنتک، حەمە (٢٠١٨)، میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، دەزگای تەفسیر، هەولێر.نەقشی، ڕەحمان، کۆمەڵێک بابەت سەبارەت بە فێمینیزم، کۆکردنەوە.

گۆڤارەکان

- تەمیزی، بەکری (٢٠١١)، ڕەخنەی فیمینیستی فەرەنسی، و.فاتمە بوداغی، گۆڤاری ڕامان، ژ١٧٠، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- ڕۆبن، گەیل (٢٠١٧) بازرگانیکردن بە ژنان، لە ناملیکەی فێمینیزم، ڕێبازێکی ژیان و سیستەمێک بۆ لێکدانەوە، و. محمد حمە صالح، دۆسیەکانی سەردەم، ژمارە(١٥).
- گۆردن، لیندا (٢٠١٧)، فێمینیزم و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، لە ناملیکەی(فێمینیزم ڕێبازێکی ژیان و سیستەمێک بۆ لێکدانەوە). وەرگێڕانی محمد حمە صالح، دۆسیەکانی سەردەم، ژمارە(١٥).

- جمال، نەوزاد (٢٠١٧) سیمۆن دی بۆڤوار فەیلەسوفێک لە سەرووی ڕەگەزەوە بوونەگەرایەک لە سەرووی بوونەوە، لە ناملیکەی فێمینیزم، پڕۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان، بڵاوکراوەکانی ئایدیا، ژمارە(٢).
- سپێندەر، دەیل (٢٠١٧)، فێمینیزم و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، لە ناملیکەی(فێمینیزم ڕێبازێکی ژیان و سیستەمێک بۆ لێکدانەوە). وەرگێرانی ئاوات ئەحمەد، دۆسیەکانی سەردەم، ژمارە(١٥).
- عبدول، شاکار(٢٠١٧)، دەروازەیەک بۆ فێمینیزم، لە ناملیکەی فێمینیزم، پڕۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان، بڵاوکراوەکانی ئایدیا، ژمارە(٢)
- نەسوح، علی(٢٠١٧) فێمینیزم لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، وەرگێڕانی هاوار محمد، لە ناملیکەی فێمینیزم، پڕۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان، بڵاوکراوەکانی ئایدیا، ژمارە(٢)

فەرهەنگەکان

- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- هەمەوەند، حەیدەر(٢٠٢٠)، فەرهەنگی فەلسەفە، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

پێگەی ئەلیکترۆنی

- حسێن، سابیر، ئەدەبی ئافرەتان، لە گۆشەنیگای ڕەخنەگرانەوە، گۆڤاری بیاڤ، biav.blogsky.com.

سەرچاوی فارسی

پژوهشها

- تربیت، سارا (١٣٨٩)، نقد فیمینیستی بر غزل سیمین بهبانی، فصلنامه علمی پژوهشی زن و فرهنگ، سال دوم، شماره پنجم، صص٩-١٨.
- رحیمی،سید مهدی و هدی سادات میرزایی (١٣٩٥)، نقد فیمینیستی مجموعه داستان(تهران در بعد از ظهر) مصطفی مستور، یازدهمین همایش بین المللی انجمن ترویج زبان و ادب فارسی، دانشگاه گیلان، صص ١٣٤٤-١٣٦٤.
- کشاورز، خدیجه (١٤٠١)، خونش انتقادی کتاب نقد و نظر : درآمدی بر نظریه‌های فیمینیستی، پژوهشنامه انتقادی متون و برنامه‌های علوم انسانی، پژوهشها، علوم انسانی و مطالعات فرهنگی-ماه نامه علمی، شماره اول، صص٣٣٣-٣٥٣.
- صادقی، رضا(د) (١٣٩٢)، راضیه حجار، نقد فیمینیستی رمان (سگ و زمستان بلند) پژوهش ادبی، شماره (٢٦)، صص٧٣-٩٤.
- مزیجانی، فاطمه (١٣٩٤)، نقد ادبی بر سه آثار ((مرد، آهوی بخت من گزل، جای خالی سلوچ)) احمد دولت آباد، مجموعه مقاله‌های دهمین همایش بین المللی ترویج زبان و ادب فارسی، دانشهاه محقق اردبیلی، صص ٥٣١-٥٣٥.
- مرادخانی، صفیه و مریم طالبی(١٣٨٩)، نقد فیمینیستی مجموعه داستان (دختر خانه و ..) آثار فریده خرمی، زن در فرهنگ و هنر(پژوهش زنان) دورای اول، شماره (٤)، صص ٥-٢٤.

کتابها

- بیسلی، کریس(١٣٩٧)، چیستی فیمئنیسم درآمدی بر نظریه‌ی فیمینیستی، ترجمه/ محمد رضا زمردی، چاپ ٣، انتشارات : ڕوشنگران و مطالعات زنان، تهران.
- کلیگس، مری (١٣٨٨)، درسنامه‌ی نظریه‌ی ادبی، ترجمه جلال سخنور، نشر اختران، تهران.
- مشیرزاده، حمیرا (١٣٨١)، از جنبش تا نظریه ای اجتماعی : تاریخ دوو قرن فیمینیسم، تهران، پژوفش شیرازه.
- هام مگی، سارا (١٣٨٢)، فرهنگ نظریه‌های فیمینیستی، ترجمه/ فیروزه مهاجر و دیگران، تهران نشر توسعه

تجليات الخطاب النسوي في رواية "عصر بكاء بلقيس" لجبار جمال غريب"

دلدار عدو وسو
قسم الكورديه،فاكلتيى التربية،جامعة سوران–أربيل ،أقليم كوردستان،العراق
dldar.wsoo@soran.edu.iq

هونەر انور مام صوفى
قسم الكورديه،فاكلتيى التربية،جامعة سوران –أربيل، أقليم كوردستان،العراق
hunar.mamsofi@soran.edu.iq

ملخص

تمثل هذه الرواية فترة تاريخية في العراق، تصور مجموعة من التقاليد الاجتماعية عبر جيلين مختلفين: واحد لا يلتزم بالتقاليد الاجتماعية والآخر يؤمن بها بشدة. ويكشف عن ثقافتين متميزتين: الثقافة الكردية والثقافة العربية، وكلاهما أثر على جيل الشباب. تصور الرواية العصر القديم بطريقة حديثة، وتسلط الضوء على التقاليد المختلفة داخل المجتمع الكردي التي أدت إلى اضطهاد الأفراد الأكراد. ولم تكن الإناث وحدهن بل احيانا الذكور أيضا الضحايا الرئيسيين لهذه التقاليد. ومع ذلك ، في الدراسة الحالية ، ينصب التركيز بشكل خاص على النساء وحقوقهن ، التي يتم فحصها من خلال عدسة النظرية النسوية. هذه محاولة جديدة لاستكشاف الآثار الأيديولوجية للخطاب النسوي في رواية "عصر بكاء بلقيس" لجبار جمال غريب. تركز الدراسة على الجوانب المظلمة والخفية للثقافة الكردية، لا سيما الظلم والاضطهاد الذي تواجهه النساء، اللواتي يعاملن كطبقة مضطهدة داخل المجتمع. كما يسلط الضوء على أبرز التحديات والمصاعب التي تتحملها المرأة. نهدف في بحثنا إلى تحديد ما إذا كان الكاتب يتناول جوانب من الثقافة الكردية، أو انتهاكات حقوق المرأة، أو يهدف إلى رفع مستوى الوعي حول الحقوق والحريات المحرومة للمرأة الكردية، وما إذا كان الكاتب يدعم هذه الحقوق. يناقش هذا المقال باستفاضة وجهات نظر مختلفة حول الخطاب النسوي، بما في ذلك مفهوم النظام الأبوي، وتسليع المرأة واستغلالها، واضطهاد المرأة، والتمييز على أساس لون البشرة، والاختلافات في الطبقة الاجتماعية – والتي ينعكس الكثير منها في الرواية.

الكليمات المفتاحية: النسوية، الروايات، عدم المساواة، التمييز بين الجنسين والجلد، المرأة ودور الأمومة.

The Manifestations of Feminist Discourse in Jabbar Jamal Gharib's The Age of Bilquis' Weeping

Dldar Ado Wsoo
Kurdish Department, Faculty of Education, Soran University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
dldar.wsoo@soran.edu.iq

Hunar Anwar Mamsofi
Kurdish Department, Faculty of Education, Soran University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hunar.mamsofi@soran.edu.iq

Abstract

This novel represents a historical period in Iraq, portraying a set of social traditions across two different generations: one that does not adhere to social traditions and another that strongly believes in them. It reveals two distinct cultures: a Kurdish culture and an Arab culture, both of which have influenced the younger generation. The novel depicts the ancient era in a modern way, shedding light on various traditions within Kurdish society that have led to the oppression of Kurdish individuals. Not only females but also males have often been the primary victims of these traditions. However, in the current study, the focus is specifically on women and their rights, examined through the lens of feminist theory. This is a new attempt to explore the ideological implications of feminist discourse in Jabbar Jamal Gharib's novel The Age of Bilquis' Weeping. The study focuses on the dark and hidden aspects of Kurdish culture, particularly the injustices and oppression faced by women, who are treated as an oppressed class within society. It also highlights the most prominent challenges and hardships women endure. In our research, we aim to determine whether the author is addressing aspects of Kurdish culture, violations of women's rights, or aiming to raise awareness about the rights and freedoms denied to Kurdish women, and whether the author supports these rights. This article extensively discusses various perspectives on feminist discourse, including the concept of patriarchy, the commodification and exploitation of women, the oppression of women, discrimination based on skin color, and differences in social class—many of which are reflected in the novel.

Keywords: Feminism, Novels, Inequality, Gender and Skin Discrimination, Women and the Role of Motherhood.

Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.3.2

دریژکردنەوەی قەرەبوویی بزوێنی /ا/ بەهۆی تێچوونی هەندێک لە نەبزوێنەکان بەپێی تیۆری مۆرایک

OPEN ACCESS

*Corresponding author

Raz Aziz Ahmed
Raz.aziz@uor.edu.krd

RECEIVED :21 /09/2024
ACCEPTED :17/11/ 2024
PUBLISHED :15/06/ 2025

ڕاز عزیز احمد / بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
داستان صابر مامە / وەزارەتی پەروەرد.

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەدواداچون بۆ دریژکردنەوەی قەرەبویی بزوێنی /ا/ لە زمانی کوردیدا لە چوارچێوەی تیۆری مۆرایکدا دەکات. لەم توێژینەوەیەدا بۆ یەکەمجار لە زمانی کوردیدا پرۆسەی دریژکردنەوەی قەرەبویی بزوێنی /ا/ بە پشتبەستن بە تیۆری مۆرایک شی دەکرێتەوە. شێوازی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هێنانەوەی نموونەی گونجاو و شیکردنەوەی نمونەکان بەپێی تیۆری مۆرایک. دریژکردنەوەی قەرەبویی بزوێنی /ا/ ئاماژەیە بۆ پرۆسەی دریژکردنەوەی دەنگێک، کە زۆربەی کات بزوێنەکە وەڵامێکە بۆ پرۆسەی لابردنی یان کورتکردنەوەی دەنگێکی دیکە. لەڕاستیدا، دەنگێک دریژدەکرێتەوە بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەوەی کە لابراوە. بەو واتایەی دریژکردنەوەی قەرەبویی بزوێنی /ا/ لە ئەنجامی لابردن یان کورتکردنەوەی یەکەیەکی زنجیرەی تەنیشت یەکتر دروست دەبێت. لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا کێشی ئەو بڕگەیەی کە دریژکردنەوەی قەرەبوی تێیدا ڕوودەدات، بە جێگیری دەمێنێتەوە. هاوکات بۆ دڵنیابوون لە ئەنجامدانی پرۆسەکە وشەکانمان خوێندوەتەوە و تۆمارمان کردووە لە ڕێگەی پڕۆگرامی پرات (praat)، کە پڕۆگرامێکە تایبەتە بە شیکردنەوەی دەنگەکانی زمان لەڕووی فیزیکییەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم پڕۆگرامەوە دریژی بزوێنی /ا/ لە حاڵەتی ئاسایی خۆی و دریژتر لە حاڵەتی ئاسایی خۆیمان بۆ دەربکەوێت. ئەم پرۆسەیە لە زۆرێک لە زمانەکاندا باو و ئاساییە. ئامانجی تیۆری مۆرایکیش بۆ جیاوازی کردنە لەنێوان ئەو زمانانەی، کە دریژکردنەوەی قەرەبویی تێدا هەیە و ئەو زمانانەی کە ئەم پرۆسەیە تیایاندا ڕووندادات. مۆرا بۆ دیاریکردنی کێشی بڕگەکان بەکاردێت و پێکهاتەیەکی بڕگەیە، کە نێوەندگیرە لەنێوان چینی بڕگە و چینی فۆنێمی. دەتوانرێت یەکەکان لە چینە فۆنێمیەکە بە مۆراکان ببەسترێتەوە، کە هەڵگری کێشی فۆنێمی بن. تیۆری مۆرایک دەتوانێت ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی زۆرباش ڕوون بکاتەوە. لەم تیۆرەدا ئەم پرۆسەیە بەهۆی لابردنی یەکەیەک لە چینە فۆنێمیەکە و مانەوەی مورایی هەندێکیان بە ئازادی لە چینە مورایییەکاندا ڕوودەدات. ئەم بابەتە نیشانی دەدات، کە ئەنجامی ئەم پرۆسەیە بە پێچەوانەی ئەوەی هایس (1989) بانگەشەی بۆ کردووە، پاراستنی کێشی بڕگە نییە، بەڵکو پاراستنی کێشی وشەیە.

وشە سەرەکییەکان:
دریژکردنەوەی قەرەبویی، تیۆری مۆرایک، ماوەی خایەنراو، ت وندی دەنگ، پلەی دەنگ.

About the Journal
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

-١پێشەکی

ناونیشانی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (دریژکردنەوەی قەرەبووی بزوێنی /ا/ بەهۆی تێچوونی هەندێک لە نەبزوێنەکان بەپێی تیۆری مۆرایک)ە، دەچێتە ناو بواری فۆنۆلۆژییەوە، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە.

ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە: مەبەست و ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ناساندنی شیکردنەوەی ئەم دیاردە فۆنۆلۆژییە و پیشاندانی جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا، گرنگی ئەم توێژینەوەیەش ئەوەیە، کە دریژکردنەوەی قەرەبووی بزوێنی /ا/ دیاری دەکات، بەجۆرێک جیای دەکاتەوە لە جووت فۆنێمیی، کە بەسەر نەبزوێنەکاندا دێت، لە کاتێکدا لای بەشێک توێژەران ئەم دوو پرۆسەیە تێکەڵ کراون، ئەمەش لە چوارچێوەی تیۆری مۆرایک دیاری کراوە.

سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە: سنوری ئەم توێژینەوەیە لە بواری فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی زاری کرمانجی ناوەڕاستە، کەرەستەی توێژینەوەکەش بریتییە لەو نموونە هەڕەمەکییە مەبەستدارانەی، کە لە چوارچێوەی بەشی دووەمدا شیکراونەتەوە.

تیۆری کار پێ کراو لە توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە ڕوانگەی تیۆری مۆرایک لێی کۆڵدراوەتەوە.

ڕێبازی کار پێ کراو لە توێژینەوەکە: توێژینەوەکە، بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری ئەنجام دراوە، هەروەها بەشێوەیەکی پراکتیکی بە بەکارهێنانی پرۆگرامی پرات وشەکان تۆمار کراون و پرۆسەکەی لەسەر جێبەجێ کراوە. پرۆگرامی پرات تایبەتە بە شیکردنەوەی فۆنێمەکانی زمان لە ڕووی فیزیکییەوە، بۆ سەلماندنی دریژکردنەوەی بزوێنی /ا/ لە قەرەبوی تێچوونی نەبزوێنەکان ئەم پرۆگرامەمان بەکارهێنا، هەروەها بۆ زانین و دیاریکردنی ماوەی خایەنراو و توندی دەنگ و پلەی دەنگەکان.

گرفتی توێژینەوەکە: دریژکردنەوەی قەرەبووی بزوێنی /ا/ بەهۆی ئەوەی، کە زۆرجار لەگەڵ پرۆسەی جووت فۆنێمیی و پرۆسەی چونیەکی تێکەڵکراون و جیانەکراونەتەوە و نەکراونەتە مژاری توێژینەوە، بۆیە ئێمە بەدوای ئەم گرفتەدا دەچین و ئەم پرۆسەیە ڕوون دەکەینەوە.

بەشەکانی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان بەگشتی بۆ دوو بەش دابەش کراوە، لە بەشی یەکەمدا (چوارچێوەی تیۆری و ناساندنی پرۆسەی دریژکردنەوەی قەرەبووی)، بۆ (تیۆری مۆرایک)، (دریژکردنەوەی قەرەبووی) و (مۆرا لە کوردیدا) تەرخان کراوە، لە بەشی دووەمیشدا (دریژکردنەوەی قەرەبووی بزوێنی /ا/ لە زمانی کوردیدا)، کە تیایدا (جۆرەکانی دریژکردنەوەی قەرەبووی بزوێنی /ا/ لە زمانی کوردیدا) خراوەتە بەرباس.

١/١ چوارچێوەی تیۆری و ناساندنی پرۆسەی دریژکردنەوەی قەرەبووی

١/١-١ تیۆری مۆرایک

مۆرا زاراوەیەکە لە لێکۆڵینەوە باوە پێوانەییەکاندا بەکاردێت، بۆ ئاماژەکردن بە بچووکترین یەکەی کاتی پێوانەیی یان کێش. لە هەڕەمی پرۆسۆدیکدا هێما کراوە بە (μ) یان mu’. مۆرا، مۆراس ‘moras’ و ‘morea’شی پێ دەوترێت، بە یەکەی قورسایی weight unit دادەنرێت، کە یەکەیەکی فۆنۆلۆژییە و لە تاکە سەگمێنتێکی دەنگی گەورەترە و لە بڕگە بچووکترە(تۆفیق، ٢٠٢٤، ل. ٧٦). ئەم تیۆرییە بۆ یەکەمجار لەلایەن هایمن (١٩٨٥) خراوەتەڕوو، پاشان هایس (١٩٨٩) و مککارتی و پرینس (١٩٨٦) و (١٩٩٠) و زۆرێک لە فۆنۆلۆژیستەکانی دیکە لە توێژینەوەکانیاندا ئەم تیۆرەیان پێشنیار کردووە و گۆڕانکاری و دەستکارییان تێدا کردوە. لە هەر یەکەیەکی فۆنێمی، کە لە ڕووی پێکهاتەی ژێرەوە بەستراوەتەوە بە یەک پێگەی هەمانکاتی لە چینە بنەڕەتییەکەدا، هەمیشە ئەگەری دریژکردنەوەی قەرەبووی هەیە، بەڵام هەموو زمانەکان پرۆسەی دریژکردنەوەی قەرەبووی نییە. لە زمانێکدا هەندێکجار لە پێکهاتە تایبەتەکان دریژکردنەوەی قەرەبووی هەیە. ئامانجی تیۆری مۆرایک بۆ جیاوازیکردنە لەنێوان ئەو زمانانەی دریژکردنەوەی قەرەبووی تێدایە لەگەڵ ئەو زمانانەی کە ئەم پرۆسەیە تیایاندا ڕوونادات. مۆرا پێکهاتەیەکی بڕگەیە، کە نێوەندگیرە لەنێوان چینی بڕگە و چینی فۆنێمی. دەتوانرێت یەکەکان لە چینە فۆنێمیەکە بە مۆراکان ببەسترێتەوە، کە هەڵگری کێشی فۆنێمی بن(ثباتی،

١٣٩٧، ل. ٩٢). مۆرا دوو ڕۆڵی هەیە: ڕۆڵی کێشی فۆنێمی، ڕۆڵی پێگەی فۆنێمی. لێرەدا لە هەر یەکێک لەم ڕۆڵانە دەکۆڵینەوە:

-ڕۆڵی کێشی فۆنێمی

بڕگەی سوک لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە یەک مۆرا و بڕگەی قورس دوو مۆرای هەیە. ئەم جیاکردنەوەیەی کێش جگە لەوەی لە قافیە و شیعردا بەکاردێت، لە دیاریکردنی هێزیشدا بەکاردێت، مەگەر زمانێک هێزی جێگیری هەبێت.

-ڕۆڵی پێگەی فۆنێمی

دەتوانرێت ئەم ڕۆڵە بۆ نیشاندانی درێژکردنەوە بەکاربهێنرێت، وەک چۆن تیۆرەکانی نەبزوێن- بزوێن و ئێکس دەتوانن نیشانی بدەن. (مۆرا) پێشبینی دەکات، کە بزوێنی (درێژ) هەرگیز لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە بە سوک دانانرێت. یەکەی سەرەتایی، کە لە ڕووی فۆنێمییەوە بێ کێشە، هیچ ڕۆڵێکی لە دیاریکردنی کێش و هێزی بڕگەکاندا نییە. لە ئەنجامدا یەکەیەکی لەو جۆرە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە گرێی بڕگەوە، بۆیە لە تیۆری مۆرایکدا بڕگە یەکەیەکی کێشە، واتە بڕگەیەک، کە یەک مۆرای هەبێت، سوکە و بڕگەیەک، کە زیاتر لە مۆرایەکی هەبێت، بە قورس دادەنرێت (کامبوزیا، ١٣٨٥، ل. ١٣٣-١٣٥).

٢-١/١ درێژکردنەوەی قەرەبوویی

بێگومان دەنگەکانی ئاخاوتن پێویستییان بە کات یان ماوەیەکی خەیاندن هەیە، بۆئەوەی دەربببڕدرێن، بەڵام لە حاڵەتی درێژکردنەوەدا پێویستیان بە ماوەیەکی زیاتر لە ماوەی حاڵەتی ئاسایی هەیە، کە ئەمەش بەزۆری لە حاڵەتی قەرەبوویی ڕووەدات (درێژکردنەوە ئاماژەیە بۆ ئەو فۆنێمانەی، کە لە بنەڕەتدا دەتوانرێت درێژ بکرێنەوە. واتە دەتوانرێت لە ماوەیەکی درێژتردا بەرهەم بهێنرێن. دەتوانرێت بزوێن زیاتر لە هەموو یەکە فۆنێمییەکانی تر درێژ بکرێتەوە (کامبوزیا، ١٣٨٥،ل. ٢١٤)). بەو واتایەی، کە هەندێک لە فۆنێمەکان ماوەی خایاندنیان دیاری کراوە، بۆ نموونە فۆنێمە تەقاوەکان ماوەی خایاندنیان زۆر کورتە، بەڵام فۆنێمە بەردەوامەکان (continuats) دەتوانرێت بە ئاسانی درێژ بکرێنەوە، تا ئەو ڕادەیەی هەناسەی قسەکەر ڕێگەیان پێ دەدات، بۆیە درێژکردنەوە زیاتر فۆنێمە بەردەوامەکان دەگرێتەوە.

لێرەدا پێداچوونەوە بە هەندێک لەو باس و پێناسانە دەکەین، کە سەبارەت بە (درێژکردنەوە و درێژکردنەوەی قەرەبوویی) خراونەتە ڕوو و ڕای زمانەوانان دەخەینە ڕوو:

١-٢-١/١ لە زمانی کوردیدا

(شەریف، ٢٠٢٤، ل. ٩٤) لە باسی پرۆسەی توانەوەی دەنگدا، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە درێژکردنەوەی قەرەبوویی بدات، باس لە لابردنی فۆنێمی /د، ت/ لە کۆتایی وشەدا و گواستنەوەی وشەکە لە ئاستی قوواڵەوە بۆ ئاستی ڕووکەش دەکات. ئەو بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک بوونی پرۆسەکە دەسەلمێنێت، لەوانە:

زیاد ⟵ زیا

بەغداد ⟵ بەغا

جێگای ئاماژە پێ کردنە لەم وشانەدا جگە لە لابردنی فۆنێمێک پرۆسەی درێژکردنەوەی قەرەبوویی بزوێنی [ا]، بۆ قەرەبووکردنەوەی نەبزوێنی [د]، ڕوویداوە.

(ئیسماعیل، ٢٠٢٤، ل. ١٤١) بەهەمان شێوە لە لابردنی سەگمێنتێک، بەبێ ئاماژەکردن بە درێژکردنەوەی قەرەبوویی، باس لە لەناوچوونی فۆنێمێک لە ناوەوەی وشەدا دەکات و بە هێنانەوەی ئەم نمونانە بوونی پرۆسەکە دەسەلمێنێت:

منداڵ ⟵ منااڵ

خودا ⟵ خوا

بەغداد ⟵ بەغا

لەم وشانەدا جگە لە لەناوچوونی فۆنێمێک پرۆسەی دریژکردنەوەی قەرەبوویی بزوێنی [ا]، بۆ قەرەبووکردنەوەی نەبزوێنی [د]، ڕوویداوە.

۱/۱-۲-۲ لە زمانی فارسیدا

(درزی، ۱۳۷۲، ص. ۵۸) لە بارەی ئەم پرۆسەیەوە دەڵێت:

(دریژکردنەوەی قەرەبوویی فۆنێم، بە دریژکردنەوەی یەکەیەکی زنجیرەیی پێناسە دەکرێت، کە لە ئەنجامی لابردن یان کورتکردنەوەی یەکەیەکی زنجیرەی تەنیشت یەکتر دروست دەبێت. ئەم پرۆسەیە هەم لەسەر شوێنی توخمە زنجیرەییە سڕاوەکە لەناو برگەکەدا و هەم لەسەر هەڵبژاردنی توخمە زنجیرەییەکەی تەنیشت، کە پێویستە دریژ بکرێتەوە مەرجدارە. لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا،\ کێشی ئەو برگەیەی، کە دریژکردنەوەی قەرەبوویی تێیدا ڕووەدات، بە جێگیری دەمێنێتەوە.) لەلایەکی ترەوە (ثمره، ۱۳۸۱، ل. ۱۰۲) بۆ ئەم پرۆسەیە دەنوسێت: (دریژکردنەوە یان دریژکردنەوەی بزوێن بریتییە لە زیادکردنی ئەو برە کاتەی، کە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی بزوێنێک لە بارودۆخی ئاساییدا.)

هەروەها (آرلاتو، ۱۳۸۳، ل. ۸۸) پێناسەی ئەم پرۆسەیە دەکات و یاسایەک دەخاتە ڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

(لە دریژکردنەوەی قەرەبوویی، بزوێنێک دوو نەبزوێنی بەدوایدا دێت، کاتێک یەکێک لە نەبزوێنەکان لابرا، بزوێنی پێشوی دریژ دەکرێتەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی فۆنێمە لابراوەکە. دریژکردنەوەی قەرەبوویی بەزۆری بەم یاسا فەرمیەی خوارەوە دەردەبڕدرێت.)

V C1 C2 ⟶ V:C2

لەم یاسایەدا یەکێک لە فۆنێمە نەبزوێنەکان لابراوە و فۆنێمە بزوێنەکە دریژ کراوەتەوە.

۱/۱-۲-۳ لە زمانی ئینگلیزیدا

کریستاڵ (Crystal, 1980, p. 197) دەڵێت:

(دریژکردنەوە لە فۆنەتیکدا بریتییە لە خایاندنی فیزیکیی بزوێنێک، کە بە یەکەی چرکە دەپێورێت. دریژکردنەوە لە فۆنۆلۆژیدا ئاماژەیە بۆ خایاندنی ڕێژەیی دەنگ و برگەکان، کاتێک ئەم یەکانە لە ڕووی زمانەوانییەوە جیاواز دەبن. (دریژکردنەوە) بە چەندێتی دەنگیش دەوترێت، کە جیاوازە لە چۆنیەتی دەنگ. لە ڕووی چۆنیەتییەوە بەرهەمهێنانی دەنگ بەبێ گوێدانە خەیاندنەکەی باس دەکرێت و دەخرێتەڕوو. بەهاکانی (دریژی) و (کورتی) لە ڕووی فۆنێمیەوە هەم بۆ بزوێن هەم بۆ نەبزوێن لەبەرچاو دەگیرێن. زۆربەی زمانەکان پلەیەک دریژکردنەوەی فۆنێمییان هەیە. بزوێنە دریژەکان لە زمانەکانی عەرەبی و فینلەندیدا جیاوازی فۆنێمی دروست دەکەن. لە زمانەکانی لیتوانیایی و لوگاندایی نەبزوێنی دریژ هەیە. لە زمانی ئینگلیزیدا جیاوازی نێوان بزوێنە دریژ و کورتەکان لە beat و bit دا جیاوازی تەنها لە دریژییدا نییە، بەڵکو جیاوازیی لە کوالیتی بزوێنەکانیشدا هەیە.)

هەروەها کاتفۆرد (Catford, 1988, p. 184–186) دەنوسێت:

(دریژکردنەوە توخمێکی پرۆسۆدیکە، توخمی پرۆسۆدیک دیاردەیەکی فۆنەتیکییە، کە سەر بە تایبەتمەندی فۆنێمەکان نییە لە دۆخێکی جیاواز و لە دەرەوەی پێکهاتەدا، بەڵکو لەئەنجامی نزیکی فۆنێمەکان لەیەکترەوە سەر هەڵدەدات. هەروەها ئەم جۆرە دیاردانە لەسەر زیاتر لە یەکەیەکی فۆنێمی بەکاردەهێنرێن و پەیوەندییان بە یەکە گەورەتر لە فۆنێمەکان هەیە، کە پێیان دەوترێت تایبەتمەندی (سەروسەگمێنتەکان).)

گۆڵدسمیتیش(Goldsmith, 1990, p. 73) لەبارەی ئەم پرۆسەیەوە دەنوسێت:

دریژکردنەوەی قەرەبوویی ئاماژەیە بۆ پرۆسەی دریژکردنەوەی فۆنێمێک، کە زۆربەی کات بزوێنەکە وەڵامێکە بۆ پرۆسەی لابردنی یان کورتکردنەوەی فۆنێمێکی دیکە. لەڕاستیدا فۆنێمێک دریژ دەکرێتەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوەی کە لابراوە. ئەم جۆرە شێوەپێکهاتنەی دریژکردنەوەی قەرەبوویی هەم وەک پرۆسەیەکی میژووویی و هەم وەک بەشێک لە دەستوری هاوکاتی، لەبەرچاو دەگیرێت.

لەلایەکی ترەوە تراسک (Trask, 2015, p. 59) لەبارەی ئەم پرۆسەیە دەڵێت:

(درێژکردنەوەی قەرەبوویی پرۆسەیەکە، کە لە هەمان کاتدا بەشێکی وشەکە دەکێشرێت(درێژ دەکرێتەوە) و بەشێکی دیکە لا دەبرێت و بەم شێوەیەش بڕی ئەو کاتەی، کە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی وشەکە، دەپارێزرێت).
لە کۆتایی ئەو پێناسانەی، کە لەم زمانە جۆراوجۆرانەی ئاماژەمان پێدا، کە بۆ درێژکردنەوەی قەرەبوویی کراون، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەرجەمیان کۆکن لەسەر ئەوەی درێژکردنەوەی قەرەبوویی، بریتییە لە درێژکردنەوە و دەربڕینی فۆنێمێک بە ماوەیەکی زیاتر، بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی ئەو فۆنێمەی کە لابراوە.

٣-١/١ مۆرا لە کوردیدا

لە سەرچاوە دەنگسازییەکانی زمانی کوردیدا زۆر بەکەمی گرنگی بە مۆرا دراوە، بۆیە پەسەندکردن و جێگیرکردنی مۆرا لە کوردیدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و چڕ هەیە. (مۆرا بەیەکەی درێژی کاتی دەنگ (خایاندنی ماوە length/ duration) دانراوە، وا گریمانە دەکرێت، کە بزوێنە کورتەکان / قاوڵە کورتەکان تاک مۆراین Monomora و بزوێنە درێژەکانیش جووت مۆراین). (فەقێ ئیبراهیم، ٢٠٢٢، ل. ٦٢-٦٣). لێرەدا مۆرا پەیوەست دەبێت بە تایبەتمەندیەکانی ڕۆنانی برگەوە، چونکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ دەدرێت، ئەویش جیاکردنەوەی درێژی دەنگە، کە مەبەست لە بزوێنە تاک مۆراییەکانە، کە پەیوەستە بە تایبەتمەندی دروستەی برگەوە.
مۆرا پەیوەستە بەهێزی سەر دانە فەرهەنگییەکانەوە لە ئاستی فەرهەنگی و ئاستی دوای فەرهەنگیشدا، کە ئاستی دەربڕین دەگرێتەوە، دەکرێت بەم شێوەیە لێک بدرێتەوە، (یەک فۆنێمی نەبزوێن = سفر مۆرا، دو فۆنێمی نەبزوێن یان یەک فۆنێمی بزوێن = یەک مۆرا، دو فۆنێمی بزوێن = بە دو مۆرا) (Anthony Fox, 2000, p. 48)، بۆیە دەکرێت بڵێین مۆرا یەکەیەکە هاوشێوەی فۆنێمە بزوێنەکان، بەڵام نیوەی فۆنێمە بزوێنێک بێت. (وا گریمانە دەکرێت لە کوردیدا مۆرا = i بزرۆکەیەک وا دادەنرێت، کە نیو کەرتە دەنگ بێت، کە بەتەنها بەهای تەواوی فۆنیمیکی نییە، بەڵام لەگەڵ بزوێنەکان یان نەبزوێنەکاندا دێن، دەبنە کەرتێکی دەنگیی، کە لە دەنگە بزوێنێک گەورەتر دەبن و لە برگەیەکیش بچووکتر دەبن.) (تۆفیق، ٢٠٢٤، ل. ٧٧). جگە لەمەش لە ئاستی پرۆسۆدیکیشدا مۆرا = هیزی سەر برگە و وشەکان بەجۆرێک لە کوردیدا لەکاتی هەبوونی هێزی سەرەکی لەسەر برگەیەک لە وشەیەکدا هێزەکە مۆرایەک = (بزرۆکەیەک) دەبەخشێت بە بزوێنانەی، کە هەڵگری هێزەکەن و لە ئەنجامدا ماوەی خایاندنی ئەو بزوێنەی، کە هێزەکەی لەسەرە زیاتر دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بزوێنەکە توندتر و بەرزتر و لەکاتێکی زیاتردا گۆ بکرێت و بنوێنرێت لەچاو بزوێنی ئەو برگانەی تر، کە هێزیان لەسەر نییە، لە ئەنجامدا هارمۆنی دەنگە بزوێنەکە بەرز دەبێتەوە ئەو بزوێنانەی، کە دەکەونە ئەو برگانەوە، کە هێزیان لەسەر نییە مۆراشیان لەسەر نامێنێت، چونکە بزوێنەکان لە برگە ناهێزدارەکان کورت دەبنەوە، بەمەش کاتی کەمتر وەردەگرن بۆ درکاندنیان، ئەوەش مانای وایە مۆرایان لەسەر نامێنێت (هەمان سەرچاوە، ١٣٠). دەتوانین بڵێین بۆ پەسەندکردنی مۆرا لە کوردیدا پێوستمان بە توێژینەوەی ورد و چڕ هەیە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ سەلماندنی بوونی مۆرا، کە لە بەشی جۆرەکانی درێژکردنەوەی قەرەبوویی و لە ئەنجامی شیکردنەوەی داتاکان بۆمان دەردەکەوێت، کە مۆرا لە نواندنی وشەی فۆنۆلۆژیی و پرۆسۆدیکی کوردیدا هەیە.

٢/٢ درێژکردنەوەی قەرەبوویی بزوێنی /ا/ لەزمانی کوردیدا

بزوێنی درێژی /ا/، کە بەشێوەیەکی ئاسایی فۆنێمێکی درێژە و برگەی درێژ دروست دەکات، بەڵام بە توێژینەوەمان لە هەندێک لە وشە بەهۆی هەندێ لە دیاردەی فۆنۆلۆژییەوە بزوێنی /ا/ هەندێ جار لە شیوە ئاساییەکەی خۆی زیاتر درێژ دەبێتەوە، ئەویش بەهۆی لابردن و تێچوونی هەندێ لە نەبزوێنەکانەوە دەبێت، کە لێرەدا بزوێنی /ا/ ڕۆڵی فۆنیمێکی قەرەبوویی دەگێڕێت لە دەربڕینی وشەکان.
لەم بەشەدا جگە لە بەکارهێنانی تیۆری مۆرایک بۆ شیکردنەوەی نموونەکان و سەلماندنی پرۆسەکە، پڕۆگرامی پراتمان (praat) بەکارهێناوە، کە پڕۆگرامێکی تایبەتە بە شیکردنەوەی دەنگەکانی زمان لە ڕووی فیزیکییەوە. ئەم پڕۆگرامە

شوێنی ئەو ئامێرە فیزیکییانە دەگرێتەوە، کە لە تاقیکردنەوەی دەنگیی بەکاردەهێنرێت، لە رێگەی ئەم پرۆگرامەوە دەمانەوێت ئەم ڕاستییە بسەلمێنن، کە ئایا دەکرێت بزوێنی درێژی /ا/ لە شێوە ئاساییەکەی خۆی زیاتر درێژ بکرێتەوە یان نا؟

لە توێژنەوەی فیزیکی زیاتر باس لە سێ سیفەتی دەنگیی دەکرێت:

١-ماوەی خایەنراو: درێژی ئەو ماوەیەی کە دەنگەکەی تێدا دەردەبردرێت.

٢-توندی دەنگ: بەرزی و نزمی دەنگ دەگرێتەوە یاخود بەهێزی و بێ هێزی دەنگە کە بە (db) دەپێورێت.

٣-پلەی دەنگ: بریتییە لە باریکی و قەڵەوی دەنگ لەکاتی گۆ کردندا وەک جیاوازی نێوان دەنگی ئافرەت و پیاو، کە دەنگی ئافرەت بەشێوەیەکی گشتی ناسکتر و باریکترە لە دەنگی پیاو (جبر، ١٩٩٥، ص. ١١٧).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە بزوێنی /ا/ بزوێنێکی درێژە لەکاتی درکاندنیدا زمان لە پشتەوەی دەمدا دەبێت، هەردوو لێوەکانیش لەیەکتر جیا دەبنەوە بە ڕێژەی کرانەوەیەکی زۆری دەم. بەشێک لە شێوەی فۆنێم ئەوانەن، کە بەشێوەی جۆری دەربڕینی کەسانی جیاوازەوە بەستراون، بەڵام بەگوێرەی شوێن و پێویستی دەربڕنی خۆی دەگۆڕێت بۆ نموونە: فۆنێمی /ا/ دەتوانرێت بەرز یان نزم درێژ یان کورت گۆ بکرێت، ئەمەش بە هەر هۆکارێک بێت، بەکاریگەری فۆنێمەکانی دەوروبەری بەم شێوە دەربڕینە دەردەبڕدرێت، یاخود بەهۆی بوونی دیالێکت و بەشە دیالێکتی جیاوازەوە گۆڕانکاری بەسەردادێت. بزوێنی /ا/ هەندێ جار بەهۆی تێچوونی هەندێک لە نەبزوێنەکان درێژتر لە حاڵەتی ئاسایی خۆی دەردەبڕدرێت، بەمەش درێژکردنەوەی قەرەبوویی بەسەر دادێت، چونکە تێچوونی فۆنێمێک کاردەکاتە سەر فۆنێمی /ا/ و وەک قەرەبوویەک لەپای تێچوونی ئەم فۆنێمە فۆنێمی /ا/ درێژ دەبێتەوە و بەردەوامی پێ دەدرێت، بزوێنی /ا/ یەکێکە لە بزوێنە درێژەکان (لەکاتی درکاندنی ئاساییدا ماوەی خایەنراوی لە سەرەتای وشەدا کەمترین ماوە دەخایەنێت، کە (0.220) چرکەیە لە ناوەڕاستی وشەدا بەرز دەبێتەوە بۆ (0.226) چرکە لە کۆتایی وشەدا دەگاتە درێژترین ماوە کە(0.335) چرکەیە.(فەرهادی، ٢٠١٣، ل. ٢١٢). پێویستە بڵێین نەبزوێنەکانی زمانی کوردی هەموویان لە ڕووی کاتییەوە وەک یەکن. واتە هەریەکەیان یەک شوێنی بنەڕەتی و نەبزوێنە جووت فۆنێمییەکان دوو شوێنی بنەڕەتی داگیر دەکەن. بەڵام دۆخی بزوێنەکان پێویستی بە ڕەچاوکردنی زیاترە.

لە ڕووی چۆنایەتییەوە زمانی کوردی سیستەمی حەوت بزوێنی هەیە و لە هەر شوێنێکی بەرهەمهێنانەوە تەنیا یەک بزوێن بەرهەم دێت. ئەم حەوت بزوێنە لە ڕووی فۆنەتیکییەوە بەسەر گروپە بزوێنە کورت و درێژەکاندا دابەش دەکرێن. کورتی و درێژی بزوێنەکان لە زمانی کوردیدا جیاواز نیین، چونکە لە ڕووی چۆنایەتییەوە جیاوازن لەیەکتر، ئەم فاکتەرەش بەسە بۆ جیاکردنەوەی بزوێنەکان بەجۆرێک، کە جیاوازی درێژکردنەوە بەجۆرێک لە پرکردنەوە دادەنرێت(پرکردنەوەی بۆشاییەک، کە بەهۆی لابردنی فۆنێمێکەوە دروستبووە). بۆ نموونە وشەی (بادان) دەربڕینی خێرای بزوێن دوای لابردنی فۆنێمی /د/ دەبێتەهۆی ناڕوونی، لەم جۆرە حاڵەتانەدا قسەکەری زمانی کوردی ئەم درێژکردنەوەیە دەپارێزێت، بۆئەوەی وشەی (بادان) لەگەڵ (بان) تێکەڵ نەکرێت.

٢/٢-١ جۆرەکانی درێژکردنەوەی قەرەبوویی بزوێنی /ا/ لە زمانی کوردیدا

لابردنی نەبزوێن لە برگەدا، دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی قەرەبوویی بزوێن. ئەم نموونە جیاوازانەی خوارەوە بەڕوونی ئەم بابەتە نیشان دەدەن. لەم تەوەرەیەدا هەوڵ دەدەین شیکردنەوە بۆ نموونە و داتاکانی ئەم پرۆسەیە بکەین، لەڕوانگەی تیۆری کارپێکراو، لە چوارچێوەی ئەم ڕێژە وشەیەی وەرمانگرتون.

٢/٢-١-١ درێژکردنەوەی قەرەبوویی بەهۆی لابردنی نەبزوێنی /د/

فۆنێمی /د/ فۆنێمێکی دداننییە، سازگەی دروستبوونی ددانی سەرەوەیە. لەکاتی دەربڕیندا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت. فۆنێمێکی وەستا و گرە. لەناوچوونی نەبزوێنی /د/ دیاردەیەکی فۆنولۆژییە لە زمانی کوردیدا، بەشێوەیەکی فراوان ئەم دیاردەیە لە شێوەزاری سلێمانیدا بەرچاو دەکەوێت، کە لە چەند ڕێگەیەکی جیاواز دەکرێ ئەم فۆنێمە تێبچێت بە هۆکاری

کارتێکردنی فۆنێمەکانی دەوروبەری بەمەبەستی ئاسانی و سوکی لە دەربڕیندا، ئەم تێچونەش دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی بزوێنی /ا/ وەک قەرەبووێک بۆ تێچوونی نەبزوێنی /د/ و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بەهۆی تێچوونی نەبزوێنی /د/ەوە دروست دەبێت، هەروەکو ئەم نمونانەی خوارەوە بەجۆرێک ئەگەر ئەم وشانە دوای تێچوونی نەبزوێنی /د/ لەکاتی دەربڕیندا بزوێنی /ا/ بەهەمان خێرای پێشوتر دەربڕیدرێت، دەبێتە هۆی ناڕوونی و لێڵی لە واتادا، بۆیە قسەکەری زمانی کوردی ئەم درێژکردنەوەیە لەسەر دوو بنەما دەپارێزێت ئەوانیش:-


1- کێشی برگە بەجێگیری دەهێڵێتەوە.

2- ناروونی دروست ناکات و کار لە واتای وشەکە ناکات.

وەک لەم نمونانەدا، کە نەبزوێنی /د/ تێدەچێت:

قەرەداغ	[qəra:G]	⟵ /qərədaG/	قەراغ	[qəraG]
چادر	[ʧa:r]	⟵ /ʧadɪr/	چار	[ʧar]
قادر	[qa:r]	⟵ /qadɪr/	قار	[qar]
بادان	[ba:n]	⟵ /badan/	بان	[ban]
بادام	[ba:m]	⟵ /badam/	بام	[bam]

یاسای لابردنی {d} لە سەرەتا و کۆتایی برگە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:



یاسای سەرەوە نیشانی دەدات، کە نەبزوێنی تەقیوی ددانی {d} لە سەرەتا و کۆتایی برگە لا دەبرێت، بەجۆرێک مۆراکەی لە چینە بنەڕەتییەکەدا بمێنێتەوە.


لێرەدا ئەم نمونانەی سەرەوە بەپێی ئەم یاسایە لە چوارچێوەی تیۆری مۆرایک ڕوون دەکەینەوە:

١- داڕشتنی پێکهاتەی ڕووکەشی [qəra:G] لە پێکهاتەی ژێرەوەی /qərədaG/ بەم شێوەیەیە:

/قەرەداغ/ ⟵ [قەراغ]


/qərədaG/ ⟶ [qəra:G]

(ا) نواندنی پێکهاتەی ژێرەوەی وشەی (قەرەداغ) /qərədaG/




ئەوەی لەم هێڵکارییەدا پیشاندراوە نواندنی بنچینە و بنەڕەتی وشەی /qərədaG/ە.

(ب) لابردنی نەبزوێنی /د/




ئەو هێڵکارییەی سەرەوەش نیشانی دەدات، کە /d/ لە چینی فۆنێمیدا لە سەرەتای بڕگە لابراوە.

(پ) درێژکردنەوەی قەرەبوویی و بڕگەبەندی کردنەوە




ئەو هێڵکارییەش ئەوە نیشان دەدات، کە پرۆسەی درێژکردنەوەی قەرەبوویی بوەتە هۆی بڕگە بەندیکردنەوە، لەبەرئەوەی بەپێی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی سەرەتای بڕگە بە بزوێن دەست پێ ناکات، بۆیە بڕگەی سێیەم بە بڕگەی دووەمەوە دەلکێت و بزوێنی بڕگەی دووەم، کە بزوێنێکی کورتە تێدەچێت، بزوێنی بڕگەی سێیەم، کە بزوێنێکی درێژە، درێژکردنەوەی قەرەبوویی بەسەردادێت.

(ت) نواندنی پێکهاتەی ڕووکەش



بەپێی بەرنامەی پراتیش بزوێنی /ا/ لە حاڵەتی ئاسایی و لە حاڵەتی درێژتر لە دەربڕینی حاڵەتی ئاسایی لەم وشەیەدا، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- وێنەی شەپۆلی دەنگیی بزوێنی /ا/ وەک دەنگێکی درێژ لە حاڵەتی ئاسایی لە وشەی (قەرەداغ).




q ə r ə d a G

وشە	ماوەی خایەنراوی /ا/ بە چرکە	تۆندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
قەرەداغ	0.175	82.04	207.7

لەئەنجامی شیکردنەوەی ئەم دەنگە بۆمان دەردەکەوێت، کە ماوەی خایەنراوی بزوێنی /ا/ لە وشەی (قەرەداغ) (0.175) چرکە تۆندی دەنگەکە (82.04) db یە هەروەها پلەی دەنگەکە بریتییە لە (207.7) Hz.

- وێنەی شەپۆلی دەنگی بزوێنی /ا/ وەک دەنگێکی درێژ، کە درێژتر لە حاڵەتی ئاسایی خۆی لە وشەی (قەراغ) بەکارهاتووە.



q ə r a: G

وشە	ماوەی خایەنراوی /ا/ بە چرکە	تۆندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
قەراغ	0.218	82.46	249.3


لە وشەی قەراغ ماوەی خایەنراو بزوێنی /ا/ درێژبۆتەوە بۆ (0.218) چرکە و ڕادەی تۆندی دەنگەکەش بەرزبۆتەوە بۆ (82.46) dbی، هەروەها پلەی دەنگەکەش بەرز دەبێتەوە بۆ (249.3) Hz .

٢- داڕشتنی پێکهاتەی ڕووکەشی وشەی [ʧa:r] لە پێکهاتەی ژێرەوەی /ʧadɪr/ بەم شێوەیەیە:

/چادر/ ⟵ [چار]

/ʧadɪr/ ⟶ [ʧa:r]

(ا) نواندنی پێکهاتەی ژێرەوەی وشەی (چادر) /ʧadɪr/




ئەوەی لەم هێڵکارییەدا پیشاندراوە نواندنی بنچینە و بنەڕەتی وشەی /ʧadɪr/ە.

(ب) لابردنی نەبزوێنی /د/




ئەو هێڵکارییەی سەرەوە نیشانی دەدات، کە /d/ لە چینی فۆنێمیدا لە سەرەتای بڕگە لابراوە.

(پ) درێژکردنەوەی قەرەبوویی و بڕگەبەندیکردنەوە (داڕشتنی بڕگەی تازە)




ئەم هێڵکارییە ئەوە نیشان دەدات، کە پرۆسەی درێژکردنەوەی قەرەبوویی بوەتەهۆی بڕگەبەندیکردنەوە، لەبەرئەوەی بەپێی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی سەرەتای بڕگە بە بزوێن دەست پێ ناکات، بۆیە بڕگەی دووەم بە بڕگەی یەکەمەوە دەلکێت و بزوێنی بڕگەی دووەم تێدەچێت، بزوێنی بڕگەی یەکەم درێژکردنەوەی قەرەبوویی بەسەردادێت.

(ت) نواندنی پێکهاتەی ڕووکەش



بەپێی بەرنامەی پراتیش بزوێنی /ا/ لە حاڵەتی ئاسایی و لە حاڵەتی درێژتر لە دەربڕینی حاڵەتی ئاسایی لەم وشەیەدا، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- وێنەی شەپۆلی دەنگی بزوێنی /ا/ وەک دەنگێکی درێژ لە حاڵەتی ئاسایی لە وشەی (چادر).




ʧ a dɪr

وشە	ماوەی خایەنراوی /ا/ بە چرکە	تۆندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
چادر	0.185	84.36	219.2

لە وشەی (چادر) ماوەی خایەنراوی بزوێنی /ا/ بریتییە لە (0.185) چرکە، ڕادەی تۆندی دەنگ (84.36) db، یە هەروەها پلەی دەنگەکە بریتییە لە (219.2) Hzە.

- وێنەی شەپۆلی دەنگی بزوێنی /ا/ وەک دەنگێکی درێژ، کە درێژتر لە حاڵەتی ئاسایی خۆی بەکارهاتووە لە وشەی (چار).



ʧ a: r

وشە	ماوەی خایەنراوی /ا/ بە چرکە	تۆندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
چار	0.265	84.7	225.1


لە وشەی (چار) ماوەی خایەنراوی بزوێنی /ا/ درێژبۆتەوە بۆ (0.265) چرکە، ڕادەی تۆندی دەنگەکە بە ڕێژەیەکی کەم زیادی کردووە بۆ (84.7) db، هەروەها پلەی دەنگەکە بەرزبۆتەوە بۆ (225.1) Hz.

٣- داڕشتنی پێکهاتەی ڕووکەشی وشەی [qa:r] لە پێکهاتەی ژێرەوەی /qadɪr/ بەم شێوەیەیە:

/قادر/ ⟵ [قار]

/qadɪr/ → [qa:r]

(ا) نواندنی پێکهاتەی ژێرەوەی وشەی (قادر) /qadɪr/




ئەوەی لەم هێڵکارییەدا پیشاندراوە نواندنی بنچینە و بنەڕەتی وشەی /qadɪr/ەـ.

(ب) لابردنی نەبزوێنی /د/




ئەو هێڵکارییەی سەرەوە نیشانی دەدات، کە /d/ لە چینی فۆنێمیدا لە سەرەتای بڕگە لابراوە.

(پ) درێژکردنەوەی قەرەبوویی و بڕگەبەندیکردنەوە (داڕشتنی بڕگەی تازە)




لەم هێڵکارییەشدا ئەوە نیشاندراوە، کە پرۆسەی درێژکردنەوەی قەرەبوویی بوەتەهۆی بڕگەبەندیکردنەوە، لەبەرئەوەی بەپێی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی سەرەتای بڕگە بە بزوێن دەست پێ ناکات، بۆیە بەهەمان شێوەی نموونەی پێشو بڕگەی دووەم بە بڕگەی یەکەمەوە دەلکێت و بزوێنی بڕگەی دووەم تێدەچێت، بزوێنی بڕگەی یەکەم درێژردنەوەی قەرەبوویی بەسەردادێت.

(ت) نواندنی پێکهاتەی ڕووکەش



بەپێی بەرنامەی پراتیش بزوێنی /ɪ/ لە حاڵەتی ئاسایی و لە حاڵەتی درێژتر لە دەربڕینی حاڵەتی ئاسایی لەم وشەیەدا، بەم شێوەیەیە:

- وێنەی شەپۆلی دەنگی بزوێنی /ɪ/ وەک دەنگێکی درێژ لە حاڵەتی ئاسایی لە وشەی (قادر).




q a dɪr

وشە	ماوەی خایەنراوی /ا/ بە چرکە	تۆندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
قادر	0.164	82.8	225

لە وشەی (قادر) ماوەی خایەنراوی بزوێنی /ا/ بریتییە لە (0.164) چرکە ، ڕادەی تۆندی دەنگ بریتییە لە (82.8) db، هەروەها پلەی دەنگ بریتییە لە (225) Hz.

- وێنەی شەپۆلی دەنگی بزوێنی /ا/ وەک دەنگێکی درێژ، کە درێژتر لە حاڵەتی ئاسایی خۆی بەکارهاتووە لە وشەی (قار).



q a: r

وشە	ماوەی خایەنراوی /ا/ بە چرکە	تۆندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
قار	0.285	84.12	227.9


لە وشەی (قار) ماوەی خایەنراو بزوێنی /ا/ درێژبۆتەوە بۆ (0.285) چرکە، ڕادەی تۆندی دەنگەکەش بەرزبۆتەوە بۆ (84.12)db، هەروەها پلەی دەنگەکەش بەرزبۆتەوە بۆ (227.9) Hz.

٤- داڕشتنی پێکهاتەی ڕووکەشی وشەی [ba:n] لە پێکهاتەی ژێرەوەی /badan/ بەم شێوەیەیە:

/بادان/ ⟵ [بان]

/badan / ⟶ [ba:n]

(ا) نواندنی پێکهاتەی ژێرەوەی وشەی (بادان) /badan/




ئەوەی لەم هێڵکارییەدا پیشاندراوە نواندنی بنچینە و بنەڕەتی وشەی /badan/ە.

(ب) لابردنی نەبزوێنی /د/




ئەو هێڵکارییەی سەرەوەش نیشانی دەدات، کە /d/ لە چینی فۆنێمیدا لە سەرەتای بڕگە لابراوە.

(پ) درێژکردنەوەی قەرەبوویی و بڕگەبەندیکردنەوە (داڕشتنی بڕگەی تازە)




بەهەمان شێوەی نموونەکانی پێشو ئەم هێڵکارییەش ئەوە نیشان دەدات، کە پرۆسەی درێژکردنەوەی قەرەبوویی بوەتەهۆی بڕگەبەندیکردنەوە، لەبەرئەوەی بەپێی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی سەرەتای بڕگە بە بزوێنی دەست پێ ناکات، بۆیە بڕگەی دووەم بە بڕگەی یەکەمەوە دەلکێت و بزوێنی بڕگەی دووەم تێدەچێت، بزوێنی بڕگەی یەکەم درێژردنەوەی قەرەبوویی بەسەردادێت.

(ت) نواندنی پێکهاتەی ڕووکەش



بەپێی بەرنامەی پراتیش بزوێنی /ا/ لە حاڵەتی ئاسایی و لە حاڵەتی درێژتر لە دەربڕینی حاڵەتی ئاسایی لەم وشەیەدا، بەمشێوەیەی خوارەوەیە:


- وێنەی شەپۆلی دەنگی بزوێنی /ا/ وەک دەنگێکی درێژ لە حاڵەتی ئاسایی لە وشەی (بادان).



وشە	ماوەی خایەنراوی /ا/ بە چرکە	تۆندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
بادان	0.215	81.56	212.8

لە وشەی (بادان) ماوەی خایەنراوی بزوێنی /ا/ بریتییە لە (0.215) چرکە، ڕادەی تۆندی دەنگەکە بریتییە لە (81.56) db، هەروەها پلەی دەنگەکە بریتییە لە (212.8) Hz.

- وێنەی شەپۆلی دەنگی بزوێنی /ا/ وەک دەنگێکی درێژ، کە درێژتر لە حاڵەتی ئاسایی خۆی بەکارهاتووە لە وشەی (بان).



وشە	ماوەی خایەنراوی /ا/ بە چرکە	تۆندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
بان	0.287	84.47	227.4


لە وشەی (بان) ماوەی خایەنراوی بزوێنی /ا/ درێژ دەبێتەوە بۆ (0.287) چرکە، ڕادەی تۆندی دەنگەکەش بەرز دەبێتەوە بۆ(84.47) db, هەروەها پلەی دەنگەکەش بەرز دەبێتەوە بۆ (227.4) Hz.

٥- داڕشتنی پێکهاتەی ڕووکەشی وشەی [ba:m] لە پێکهاتەی ژێرەوەی /badam/ بەم شێوەیەیە:

/بادام/ ⟵ [بام]

/badam/ ⟶ [ba:m]

(ا) نواندنی پێکهاتەی ژێرەوەی وشەی (بادام) /badam/




ئەوەی لەم هێڵکارییەدا پیشاندراوە نواندنی بنچینە و بنەڕەتی وشەی /badam/ە.

(ب) لابردنی نەبزوێنی /د/




ئەو هێڵکارییەی سەرەوە نیشانی دەدات، کە /d/ لە چینی فۆنێمیدا لە سەرەتای برگە لابراوە.

(پ) درێژکردنەوەی قەرەبوویی و برگەبەندیکردنەوە (داڕشتنی برگەی تازە)




بەهەمان شێوە هێڵکاری ئەم نموونەیەش وەک نموونەکانی پێشو ئەوە نیشان دەدات، کە پرۆسەی درێژکردنەوەی قەرەبوویی بوەتەهۆی برگەبەندیکردنەوە، لەبەرئەوەی بەپێی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی سەرەتای برگە بە بزوێن دەست پێ ناکات، بۆیە برگەی دووەم بە برگەی یەکەمەوە دەلکێت و بزوێنی برگەی دووەم تێدەچێت، بزوێنی برگەی یەکەم درێژردنەوەی قەرەبوویی بەسەردادێت.

(ت) نواندنی پێکهاتەی ڕووکەش



بەپێی بەرنامەی پراتیش بزوێنی /ا/ لە حاڵەتی ئاسایی و لە حاڵەتی درێژتر لە دەربڕینی حاڵەتی ئاسایی لەم وشەیەدا، بەمشێوەیەی خوارەوەیە:


- وێنەی شەپۆلی دەنگی بزوێنی /ا/ وەک دەنگێکی درێژ لە حاڵەتی ئاسایی لە وشەی (بادەم).



وشە	ماوەی خایەنراوی /ا/ بە چرکە	تۆندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
بادەم	0.175	84.01	218

لە وشەی (بادەم) ماوەی خایەنراوی بزوێنی /ا/ بریتییە لە (0.175) چرکە، ڕادەی تووندی دەنگەکە بریتییە لە (84.01) db، هەروەها پلەی دەنگەکەش بریتییە لە (218) Hz.

- وێنەی شەپۆلی دەنگی بزوێنی /ا/ وەک دەنگێکی درێژ، کە درێژتر لە حاڵەتی ئاسایی خۆی بەکارهاتووە لە وشەی (بام).



وشە	ماوەی خایەنراوی / ا / بە چرکە	تووندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
بام	0.283	83.19	221.9

لە وشەی (بام) ماوەی خایەنراوی بزوێنی /ا/ درێژ دەبێتەوە بۆ (0.283) چرکە، ڕادەی تووندی دەنگەکە کەم دەبێتەوە بۆ (83.19) db، هەروەها پلەی دەنگەگەش بەرز دەبێتەوە بۆ (221.9) Hz.

٢-١-٢/٢ درێژکردنەوەی قەرەبوویی بەهۆی لابردنی نەبزوێنی /گ/

نەبزوێنی /گ/ دەنگێکی مەڵاشویی نەرمە سازگەی دروستبوونی مەڵاشوی نەرمە، دەنگێکی وەستاو و گڕە لەکاتی درکاندنا زمان بەرەو دواوەی مەڵاشو دەچێت، هەندێ جار بەهۆی کاریگەری دەنگی دەوروبەر تێدەچێت و کار دەکاتە سەر دەنگەکانی دەوروبەری.

ئاگر	/ʔagɪr/⟶ [ʔa:r]	ئار	[ʔar]

یاسای لابردنی {g} لە سەرەتای برگە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

$$g \rightarrow \emptyset \;/\; \overset{\mu}{C} \text{ ——}$$

یاسای سەرەوە نیشان دەدات، کە نەبزوێنی{g} لە سەرەتای برگە لادەبرێت، بەجۆرێک مۆراکەی لە چینە بنەڕەتییەکەدا بمێنێتەوە.


لێرەدا ئەم نموونەیەی سەرەوە بەپێی ئەم یاسایە لە چوارچێوەی تیۆری مۆرایک ڕوون دەکەینەوە:

١- داڕشتنی پێکهاتەی ڕووکەشی وشەی [ʔaːr] لە پێکهاتەی ژێرەوەی /ʔagɪr/ بەم شێوەیەیە:

/ئاگر/ ⟵ [ئار]

/ʔagɪr/⟶ [ʔaːr]

(ا) نواندنی پێکهاتەی ژێرەوەی وشەی (ئاگر) /ʔagɪr/




ئەوەی لەم هێڵکارییەدا پیشاندراوە نواندنی بنچینە و بنەڕەتی وشەی /ʔagɪr/ە.

(ب) لابردنی نەبزوێنی /گ/




ئەو هێڵکارییەی سەرەوەش نیشانی دەدات، کە /g/ لە چینی فۆنێمیدا لە سەرەتای بڕگە لابراوە.

(پ) دریژکردنەوەی قەرەبوکەرانە و بڕگەبەندیکردنەوە (داڕشتنی بڕگەی تازە)




لەم هێڵکارییەشدا ئەوە نیشاندراوە، کە پرۆسەی دریژکردنەوەی قەرەبوویی بوەتەهۆی بڕگەبەندیکردنەوە، لەبەرئەوەی بەپێی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی سەرەتای بڕگە بە بزوێن دەست پێ ناکات، بۆیە بڕگەی دووەم بە بڕگەی یەکەمەوە دەلکێت و بزوێنی بڕگەی دووەم تێدەچێت، بزوێنی بڕگەی یەکەم دریژردنەوەی قەرەبوویی بەسەردادێت.

(ت) نواندنی پێکهاتەی ڕووکەش



بەپێی بەرنامەی پراتیش بزوێنی /ا/ لە حاڵەتی ئاسایی و لە حاڵەتی درێژتر لە دەربڕینی حاڵەتی ئاسایی لەم وشەیەدا، بەمشێوەیەی خوارەوەیە:


- وێنەی شەپۆلی دەنگی بزوێنی /ا/ وەک دەنگێکی درێژ لە حاڵەتی ئاسایی لە وشەی (ئاگر).



وشە	ماوەی خایەنراوی / ا / بە چرکە	تۆندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
ئاگر	0.221	83.56	225

لە وشەی (ئاگر) ماوەی خایەنراوی بزوێنی /ا/ بریتییە لە (0.221) چرکە، ڕادەی تۆندی دەنگەکە بریتییە لە (83.56) db، هەروەها پلەی دەنگەکەش بریتییە لە (225) Hz.

- وێنەی شەپۆلی دەنگی بزوێنی /ا/ وەک دەنگێکی درێژ، کە درێژتر لە حاڵەتی ئاسایی خۆی بەکارهاتووە لە وشەی (ئار).



وشە	ماوەی خایەنراوی / ا / بە چرکە	تۆندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
ئار	0.408	83.74	258.1


لە وشەی (ئار) ماوەی خایەنراوی بزوێنی /ا/ درێژدەبێتەوە بۆ (0.408) چرکە، ڕادەی تۆندی دەنگەکە بە ڕادەیەکی کەم بەرز دەبێتەوە بۆ (83.74)db ، هەروەها پلەی دەنگەکەش بەرز دەبێتەوە بۆ (258.1) Hz.

٣-١-٢/٢ دریژکردنەوەی قەرەبوویی بەهۆی لابردنی نەبزوێنی /هـ/

نەبزوێنی /هـ/ دەنگێکی خشۆکی کپە، لەبەشی خوارەوەی گەروودا پەیدا دەبێت، بەهۆی کاریگەری دەنگەکانی دەوروبەری هەندێ جار تێدەچێت.

ژەهر	/ʒəhɪr/ ⟶ [ʒaːr]	ژار	[ʒar]
بەهرۆز	/bəhroz/ ⟶ [baːroz]	بارۆز	[baroz]

یاسای لابردنی {h} لە سەرەتا و کۆتایی برگە بەم شێوەیەیە:



یاسای سەرەوە نیشانی دەدات، کە نەبزوێنی گەروویی خشۆکی {h} لە سەرەتا و کۆتایی برگە لادەبرێت، بەجۆرێک مۆراکەی لە چینە بنەڕەتییەکەدا بمێنێتەوە.


لێرەدا ئەم نمونانەی سەرەوە بەپێی ئەم یاسایە لە چوارچێوەی تیۆری مۆرایک ڕوون دەکەینەوە:

١- داڕشتنی پێکهاتەی ڕووکەشی وشەی [ʒaːr] لە پێکهاتەی ژێرەوەی /ʒəhɪr/ بەم شێوەیەیە:

/ژەهر/ ⟵[ژار]

/ʒəhɪr/⟶ [ʒaːr]

(ا) نواندنی پێکهاتەی ژێرەوەی وشەی (ژەهر) /ʒəhɪr/




ئەوەی لەم هێڵکارییەدا پیشاندراوە نواندنی بنچینە و بنەڕەتی وشەی /ʒəhɪr/ە.

(ب) لابردنی نەبزوێنی /هـ/




ئەو هێڵکارییەی سەرەوە نیشانی دەدات، کە /هـ/ لە چینی فۆنێمیدا لە سەرەتای برگە لابراوە.

(پ) دریژکردنەوەی قەرەبوویی و برگەبەندیکردنەوە (داڕشتنی برگەی تازە)




ئەو هێڵکارییەی سەرەوە ئەوە نیشانی دەدات، کە پرۆسەی دریژکردنەوەی قەرەبوویی بوەتەهۆی داڕشتنی بڕگەی تازە، لەبەرئەوەی بەپێی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی سەرەتای بڕگە بە بزوێن دەست پێ ناکات، بۆیە بڕگەی دووەم بە بڕگەی یەکەمەوە دەلکێت و بزوێنی بڕگەی دووەم تێدەچێت و بزوێنی بڕگەی یەکەم دریژردنەوەی قەرەبوویی بەسەردادێت. پێوێستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە پێش پرۆسەی دریژردنەوەی قەرەبوویی، پرۆسەی گۆڕینی فۆنێم ڕوویداوە و بزوێنێکی کورت گۆڕاوە بۆ بزوێنێکی دریژ، پاشان دریژکردنەوەی قەرەبوویی ڕوویداوە.

(ت) نواندنی پێکهاتەی ڕووکەش



بەپێی بەرنامەی پراتیش بزوێنی /ه/ وەک دەنگێکی کورت لە حاڵەتی ئاسایی و بزوێنی /ا/ لە حاڵەتی دریژتر لە دەربڕینی حاڵەتی ئاسایی لەم وشەیەدا، بەم شێوەیەیە:

- وێنەی شەپۆلی دەنگی بزوێنی /ه/ وەک دەنگێکی کورت لە حاڵەتی ئاسایی لە وشەی (ژەهر).




ʒ ə hɪr

وشە	ماوەی خایەنراوی / ه / بە چرکە	تووندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
ژەهر	0.185	84.03	254.2

لە وشەی (ژەهر) ماوەی خایەنراوی بزوێنی /ه/ بریتییە لە (0.185) چرکە، ڕادەی تووندی دەنگەکە بریتییە لە (84.03) db، هەروەها پلەی دەنگەکەش بریتییە لە (254.2) Hz.

- وێنەی شەپۆلی دەنگی بزوێنی /ا/ وەک دەنگێکی درێژ، کە درێژتر لە حاڵەتی ئاسایی خۆی بەکارهاتووە لە وشەی (ژار).



ʒ a: r

وشە	ماوەی خایەنراوی / ا / بە چرکە	تۆندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
ژار	0.269	84.14	237.9


لە وشەی (ژار) ماوەی خایەنراوی بزوێنی /ا/ درێژ دەبێتەوە بۆ (0.269) چرکە، ڕادەی تۆندی دەنگەکە بەڕادەیەکی کەم بەرز دەبێتەوە بۆ (84.14) db هەروەها پلەی دەنگەکەش کەم دەبێتەوە بۆ (237.9) Hz.

٢ – داڕشتنی پێکهاتەی ڕووکەشی [ba:roz] لە پێکهاتەی ژێرەوەی /bəhroz/ بەم شێوەیەیە:

/بەهرۆز/ ⟵ [بارۆز]


/bəhroz/ ⟶ [ba:roz]

(ا) نواندنی پێکهاتەی ژێرەوەی وشەی (بەهرۆز) /bəhroz/




ئەوەی لەم هێڵکارییەدا پیشاندراوە نواندنی بنچینە و بنەڕەتی وشەی /behroz/ە.

(ب) لابردنی نەبزوێنی/هـ/




ئەو هێڵکارییەی سەرەوە نیشانی دەدات، کە /هـ/ لە چینی فۆنێمیدا لە کۆتایی بڕگە لابراوە، بەڵام مۆرایەکەی لە چینە بنەڕەتییەکەدا ماوەتەوە.

(پ) دریژکردنەوەی قەرەبوویی




لەم هێڵکارییەدا ئەوە نیشاندراوە، کە هەرکاتێک یەکەیەکی مۆرای ئازاد لە کۆتایی برگەدا هەبێت، کە بە هیچ توخمێکەوە لە چینە فۆنێمەکەدا نەبەسترابێتەوە، لە ئەنجامی پرۆسەی دریژکردنەوەی قەرەبوویی، ئەو مۆرا ئازادە بەپێی یاسا تایبەتەکانی زمان و بنەماکانی بەستنەوە، بە توخمێکەوە لە چینی فۆنێمیەوە دەبەستریتەوە، کە لەم نموونەیەدا بەستراوەتەوە بە ناوەکی برگەکەوە. جێگای ئاماژە پێ کردنە، کە پێش پرۆسەی دریژکردنەوەی قەرەبوویی، پرۆسەی گۆڕینی فۆنێم ڕوویداوە و بزوێنە کورتەکەی برگەی یەکەم گۆڕاوە بۆ بزوێنێکی درێژ و پاشان دریژکردنەوەی قەرەبوویی ڕوویداوە.

(ت) نواندنی پێکهاتەی ڕووکەش



بەپێی بەرنامەی پراتیش بزوێنی /ه/ وەک دەنگێکی کورت لە حاڵەتی ئاسایی و بزوێنی /ا/ لە حاڵەتی درێژتر لە دەربڕینی حاڵەتی ئاسایی لەم وشەیەدا، بەم شێوەیەیە:

- وێنەی شەپۆلی دەنگی بزوێنی /ه/ وەک دەنگێکی کورت لە حاڵەتی ئاسایی لە وشەی (بەهرۆز).




b ə hroz

وشە	ماوەی خایەنراوی / ه / بە چرکە	توندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
بەهرۆز	0.107	84.95	225.2

لە وشەی (بەهرۆز) ماوەی خایەنراوی بزوێنی /ه/ بریتییە لە (0.107) چرکە، ڕادەی توندی دەنگەکە بریتییە لە (84.95) db، هەروەها پلەی دەنگەکەش بریتییە لە (225.2) Hz.

- وێنەی شەپۆلی دەنگی بزوێنی /ا/ وەک دەنگێکی درێژ، کە درێژتر لە حاڵەتی ئاسایی خۆی بەکارهاتووە لە وشەی (بارۆز).



b a: roz

وشە	ماوەی خایەنراوی /ا/ بە چرکە	تووندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
بارۆز	0.218	83.73	216

لە وشەی (بارۆز) ماوەی خایەنراوی بزوێنی /ا/ درێژ دەبێتەوە بۆ (0.218) چرکە، ڕادەی تووندی دەنگەکە کەم دەبێتەوە بۆ (83.73) db، هەروەها پلەی دەنگەکەش کەم دەبێتەوە بۆ (216) Hz.

٤-١-٢/٢ درێژکردنەوەی قەرەبوویی بەهۆی لابردنی نەبزوێنی /خ/

نەبزوێنی /خ/ دەنگێکی خشۆکی کپە، سازگەی دروستبوونی مەڵاشوی نەرمە، لەکاتی درکاندنی زمان بەرەو دواوەی مەڵاشو دەچێت.

زەخم	/zəxɪm/ ⟶ [za:m]	زام	[za:m]

یاسای لابردنی {x} لە سەرەتای برگە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

$$x \longrightarrow \overset{\mu}{\underset{|}{\emptyset}} \Big/ C \text{ ——}$$


یاسای سەرەوە نیشانی دەدات، کە نەبزوێنی خشۆکە گەرووی {x} لە سەرەتای برگە لادەبرێت، بەجۆرێک مۆراکەی لە چینە بنەڕەتییەکەدا بمێنێتەوە.

١- داڕشتنی پێکهاتەی ڕووکەشی وشەی [za:m] لە پێکهاتەی ژێرەوەی /zexɪm/ بەم شێوەیەیە:

/زەخم/ ⟵ [زام]

/zəxɪm/ ⟶ [za:m]

(ا) نواندنی پێکهاتەی ژێرەوەی وشەی (زەخم) /zəxɪm/




ئەوەی لەم هێڵکارییەدا پیشاندراوە نواندنی بنچینە و بنەڕەتی وشەی /zəxɪm/ە.

(ب) لابردنی نەبزوێنی /خ/




ئەو هێڵکارییەی سەرەوە نیشانی دەدات، کە /خ/ لە چینی فۆنێمیدا لە سەرەتای بڕگە لابراوە.

(پ) درێژکردنەوەی قەرەبوویی و بڕگەبەندیکردنەوە (داڕشتنی بڕگەی تازە)




بەهەمان شێوە ئەو هێڵکارییەی سەرەوە ئەوە نیشان دەدات، کە پرۆسەی درێژکردنەوەی قەرەبوویی بوەتەهۆی داڕشتنی بڕگەی تازە، لەبەرئەوەی بەپێی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی سەرەتای بڕگە بە بزوێن دەست پێ ناکات، بۆیە بڕگەی دووەم بە بڕگەی یەکەمەوە دەلکێت و بزوێنی بڕگەی دووەم تێدەچێت، بزوێنی بڕگەی یەکەم درێژکردنەوەی قەرەبوویی بەسەردادێت. جێگای ئاماژە پێ کردنە، کە پێش پرۆسەی درێژکردنەوەی قەرەبوویی، پرۆسەی گۆڕینی فۆنێم ڕوویداوە و بزوێنێکی کورت گۆڕاوە بۆ بزوێنێکی درێژ، پاشان درێژکردنەوەی قەرەبوویی ڕوویداوە.

(ت) نواندنی پێکهاتەی ڕووکەش



بەپێی بەرنامەی پراتیش بزوێنی /ە/ وەک دەنگێکی کورت لە حاڵەتی ئاسایی و بزوێنی /ا/ لە حاڵەتی درێژتر لە دەربڕینی حاڵەتی ئاسایی لەم وشەیەدا، بەم شێوەیەیە:

- وێنەی شەپۆلی دەنگی بزوێنی /ە/ وەک دەنگێکی کورت لە حاڵەتی ئاسایی لە وشەی (زەخم).




z ə xm

وشە	ماوەی خایەنراوی / ە / بە چرکە	تۆندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
زەخم	0.130	85.34	238.5

لە وشەی (زەخم) ماوەی خایەنراوی بزوێنی /ە/ بریتییە لە (0.130) چرکە، ڕادەی تۆندی دەنگەکە بریتییە لە (85.34) db، هەروەها پلەی دەنگەکەش بریتییە لە (238.5) Hz.

- وێنەی شەپۆلی دەنگی بزوێنی /ا/ وەک دەنگێکی درێژ، کە درێژتر لە حاڵەتی ئاسایی خۆی بەکارهاتووە لە وشەی (زام).



z a: m

وشە	ماوەی خایەنراوی / ا / بە چرکە	تۆندی دەنگ (db)	پلەی دەنگ (Hz)
زام	0.244	84.28	238.9

لە وشەی (زام) ماوەی خایەنراوی بزوێنی /ا/ درێژ دەبێتەوە بۆ (0.244) چرکە، ڕادەی تۆندی دەنگەکە کەم دەبێتەوە بۆ (84.28) db، هەروەها پلەی دەنگەکەش بەڕادەیەکی کەم بەرز دەبێتەوە بۆ (238.9) Hz.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بخەینەڕوو، کە هەریەک لەم نموونە جیاواز و جۆراوجۆرانەی سەرەوە، کە لە جۆرەکانی درێژکردنەوەی قەرەبووێی ئاماژەمان پێ کردوون و خستوومانتە ڕوو، بەڕوونی بوونی ئەم پرۆسەیە لە زمانی کوردیدا دەسەلمێنن. لێرەدا پێویستە ئاماژەش بەوە بکەین، کە نموونەکان ڕێژەیین و نموونەی تری لەم جۆرە لە زمانی کوردیدا هەن، شیکردنەوە و خستنەڕووی ئەم نمونانە بۆ سەلماندنی بونی پرۆسەکەیە لە زمانەکەماندا.

ئەنجامەکان:

١- پرۆسەی دریژکردنەوەی قەرەبووکەرانە بەهۆی گۆڕانی تایبەتمەندییەوە دروست نابێت، بەڵکو بەهۆی لابردن یان کورتکردنەوەی توخمێکی فۆنێمییەوەیە، کە دریژکردنەوەی بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو توخمە فۆنێمیەیە، کە لابراوە یان کورت کراوەتەوە.

٢- پرۆسەی دریژکردنەوەی قەرەبوکەرانە لە زمانی کوردیدا تەنیا لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی فۆنۆتاکتیک و کێش دامەزراوە.

٣- دەنگی /ا/ وەک بزوێنێکی دریژ دەکرێت لە هەندی وشەدا لە حاڵەتی ئاسایی خۆی زیاتر دریژ بکرێتەوە و بەدەوامی پێ بدرێت، ئەویش لە ئەنجامی تێچوونی هەندێ لە نەبزوێنەکان، کە بزوێنی /ا/ ڕۆڵی فۆنیمێکی قەرەبوویی لە دەربڕینی وشەکان دەگێڕێت.

٤- دریژکردنەوەی بزوێنی /ا/ کار لە کێشی برگە ناکات و لێڵی لە واتا و ناڕوونی دروست ناکات، بە پێچەوانەوە ئەگەر دریژ نەکرێتەوە لێڵی لە واتا دروست دەبێت.

٥- شیکردنەوەی بزوێنی /ا/ بە بەکارهێنانی پڕۆگرامی پرات لەم نمونانەی کە باسکران ماوەی خایەنراوی بزوێنی /ا/ بە ڕێژەیەکی زۆر دریژ دەبێتەوە.

٦ - ڕادەی توندی دەنگ، کە بە (db) دەپێورێت بەشێوەیکی گشتی زیاد دەکات، بەڵام بەڕێژەیەیکی کەم، هاوکات دەکرێت هەندێ جار کەمبێتەوە ئەویش بە ڕێژەیەکی کەم.

٧ - توندی دەنگ کە بە هێرتز (Hz) دەپێورێت، بەگشتی لەم نمونانەی باسکران بەرز دەبێتەوە، تەنیا لەو شوێنانە نەبێت، کە دەنگی بزوێنی /ه/ دەگۆڕێت بۆ بزوێنی /ا/ نزم دەبێتەوە جگە لە وشەی (زەخم)، کە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیووە.

سەرچاوەکان:

بەزمانی کوردی:

- ئیسماعیل، ش. ئ. (٢٠٢٤) گرفتە فۆنۆلۆژییەکانی زمانی ستاندارد. تێزی دکتۆرا. زانکۆی سلێمانی.
- تۆفیق، ل. م. (2012) دەربڕینی چەمکی دیاریکردن و ئاشکرانەکردنی ناو لە کوردی و چەند زمانێکی هاوگروپی خۆی و دوور لێوەی. نامەی ماستەر، زانکۆی سلیمانی- کۆلێژی زمان.
- شەریف، ش. ع. (٢٠٢٤) پێڕەوبەندی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر. زانکۆی سلێمانی.
- فەرهادی، عاتف عەبوڵلا، (2013) هەندێ لایەنی دەنگسازی شیوەزاری باڵەکایەتی لەسەر بنچینەی پرات. هەولێر. چاپخانەی حاجی هاشم.
- فەقێ ئیبراهیم، هـ . ن . (2022) دەنگسازی بەرهەمهێنان لە نێوان کێشناسی و دەنگسازی کەرتە دەنگیە خودکاریەکاندا. نامەی دکتۆرا- زانکۆی ڕاپەڕین.

به زمانی فارسی:

- آرلاتو، آ. (١٣٨٣) در آمدی بر زبان‌شناسی تاریخی. ترجمه یحیی مدرسی. تهران. پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.
- ثمره، یـ . (١٣٨١) آواشناسی زبان فارسی. ویرایش دوم. چاپ هفتم. تهران. مرکز نشر دانشگاهی.
- ثباتی، ا. (١٣٩٧) تجزیه و تحلیل کشش جبرانی واکه در گونه‌های کردی ایلامی با تکیه بر تحلیل مورایی. علم زبان: سال ٥، شمارهٔ ٧، بهار و تابستان.
- درزی، ع. (١٣٧٢) کشش جبرانی مصوتها در فارسی محاوره‌ای امروز، مجله زبان‌شناسی. سال دهم. شماره ٢.
- کامبوزیا، ع. ز. (١٣٨٥) واجشناسی: رویکردهای قاعده بنیاد. تهران. انتشارات سمت.

به زمانی عەرەبی:

- جبر، هـ . (1996) نضرية ألاهتزازات و ألامواج الميكانيكية. ديوان المطبوعات الجامعية. الجزائر.

به زمانی ئینگلیزی:

- Anthony Fox (2000) prosodic Features and prosodic Structure, OXFORD UNIVERSTUY PRESS, United Kingdom .
- Catford, John Gunnison, (1988) A Practical Introduction to Phonetics, Oxford, Clarendon press.
- Crystal, David, (1980) A Dictionary of Linguistics and Phonetics, 3rd ed, Blackwell Publishers.
- Goldsmith, John Anton, (1990) Autosegmental and Metrical phonology, Oxford, Basil Blackwell.
- Trask, Robert Lawrence, (2015) Historical linguistics, Edited by McColl Millar, R. New York, Routledge (Third Edition).

تمديد التعويض لحرف علّة /آ/ بسبب الزِحاف في بعض من الحروف الصحيحة حسب نظرية مورايك

راز عزيز احمد
قسم الكورديه ،كلية التربية الأساس، جامعة رابرين، رانيه ، أقليم كوردستان ،العراق
Raz.aziz@uor.edu.krd

داستان صابر مامه
وزارة التربية،أربيل،أقليم كوردستان،العراق
Dastansaber1988adren@gmail.com

ملخص

هذا البحث يهتمُّ بِدراسة مسألة التمديد التعويضى لحرف العلة /آ/ فى اللغه الكوردية، فى إطار نظريّة مورايک، فى هذا البحث ولأوّلِ مرّة فى اللّغة الكورديّة يتمّ تحليل العمليّة تمديد التعويضيّ لحرف العلّة /آ/ بإعتماد نظرية مورايک ، طريقة هذا البحث تقوم على الإتيان بنماذج وأمثلة مناسبة وتحليلها حسب نظريّة مورايک، مسألة تمديد تعويضى لحرف العلّة /آ / هى إشارة الى عمليّة تمديد الفونيميک، الّتى في أغلب الاوقات تعدّ هذه العلة استجابة لعمليّة مسح أو تلخيص فونيم أخر، فى الحقيقة تعدّ فونيمک تمديد واستمرار كتعويض للملغى، وبهذا المعنى فإنّ مسألة تمديد التّعويض لحرف العلّة /آ/ هى بالاساس نتيجة عن مسح أو تلخيص وحدة متسلسلة بجانب بعضها البعض، ونتيجة لهذه العملية فإن وزن الفقرة الّتى تحدث فيها عمليّة تمديد التّعويض، تبقى ثابتة ،وللتأكيد على تطبيق العمليّة قمنا بقراءة الكلمات وتسجيلها عبر برنامج برات (praat)، التى هي برنامج خاص بتحليل الاصوات اللّغة من الناحية الفيسولوجيّة، ومن خِلال هذه البرنامج، يتبيَّنُ لنا طول ومدَّة عِلّة /آ / في حالة الطبيعيّة أو مدّة أطول مِن حالتها الطّبيعيّة، هذه العمليّة موجودةٌ في العديد من اللّغات وهي حالة طبيعيّة وشائعة والغايةُ في نظريّة مورايک هي التمييز مابين اللّغات الّتي تتواجدُ فيها عمليّة تمديد التّعويض، وتلک الّتي لاتتواجد فيها هذه العمليّة. مورا يستخدم لأجلِ معرفةِ وزن الفقرات الّتي هي ذات بنية فقريّة، الّتي تتوسّط مابين طبقة الفقرة وطبقة الفونيم، الّتي باستطاعتها أن تربط الوحدات من طبقة الفونيم بالمورا ذات أوزان وأحجام الفونيميات، تستطيع نظرية مورايک توضيح هذه العمليّة بشكل جيّد، ففي هذه النظريّة تحدث هذه العمليّة بسبب مسح وحدةٍ من طبقة الفونيم وبقاء مورا بعضها بحريّة في طبقة المورادا. هذا الموضوع تظهر نتيجة هذه العمليّة وبعكس ما ادعاه هايس فى عام 1989، ليس المحافظة على وزن الفقرة، وإنّما هي المحافظة على وزن الكلمة.

الكلمات المفتاحية: التمديد التعويضي، نظريّة مورايک، الصلابة الصوتيّة، المدة المقدّرة، درجة الصوت.

Compensatory Vowel Lengthening of /A/ Occurs due to the Deletion of Certain Consonants according to Moraic Theory

Raz Aziz Ahmed
Kurdish Department, College of Basic Education, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq
Raz.aziz@uor.edu.krd

Dastan Saber Mama
Ministry Of Education, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Dastansaber1988adren@gmail.com

Abstract

This study investigates compensatory vowel lengthening of /a/ in Kurdish within the framework of Moraic theory. For the first time, the process of compensatory lengthening of /a/ is analyzed using Moraic theory in the Kurdish language. Compensatory lengthening refers to the process of lengthening a phoneme, most often a vowel, in response to the removal or shortening of another phoneme. Essentially, a vowel is lengthened to compensate for the omission of another phoneme. Compensatory lengthening results from the reduction or shortening of an adjacent phoneme. As a result, the weight of the segment where compensatory lengthening occurs remains constant. To analyze this process, we recorded and examined words using (Praat), a program dedicated to the acoustic analysis of speech sounds. Through this program, we measured the length of the vowel /a/ in both its normal and extended states to observe the differences. This process is common in many languages. The goal of Moraic theory is to distinguish between languages that exhibit compensatory lengthening and those that do not. In addition, the mora is used to determine syllable weight and serves as a structural unit between the syllable and phoneme tiers. Phonemes can be associated with morae, which carry phonemic rhythm. Moraic theory effectively explains this process, which occurs when a unit is reduced in the phoneme tier, leaving some morae free in the moraic tier. This article demonstrates that, contrary to Hayes' (1989) claim, the result of this process is not the preservation of sentence weight but rather the preservation of word weight.

Keywords: Compensatory lengthening, Moraic theory, Duration, Sound intensity, Sound level.

Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.3.3

ململانێی نەتەوەیی لەسەر دەسەڵات دەربارى سەفەوی (1722 – 1501)

دلزار صالح صادق /بەشی مێژوو، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق

OPEN ACCESS

*Corresponding author

Delzar Salih Sadiq

dlzar.sadiq@su.edu.krd

RECEIVED :20 /09/2024
ACCEPTED :22/11/ 2024
PUBLISHED :15/06/ 2025

وشە سەرەکییەکان:
دەوڵەتی سەفەوی،
دەربارى شا،
ململانێ،
تورک،
فارس.

پوختە

وڵاتی ئێران لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی (1501 – 1722) ، کە دەوڵەتێکی سەربازی شیعە مەزهەبی توندڕەو بوو، ململانێیەکی توندی نەتەوەیی لەسەر دەسەڵآت بەخۆوە بینی، بەتایبەتی لەنێوان ئەو نەتەوانەی کە لە دامەزراندنی دەوڵەتەکەیاندا پشتیوانی بنەماڵەی سەفەوییەکانیان کرد، ئەگەرچی پێکهاتەی دەوڵەتی سەفەوی کۆمەڵێک ئایین و ئاینزای جیاوازی وەک (موسڵمان، کریستیان، جولەکە و زەردەشتی)، لەڕووی نەتەوەییشەوە (کورد، فارس، تورک، عەرەب) و چەند نەتەوەیەکی دیکەی لەخۆ گرتبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ململانێیەکان زیاتر لەنێوان (فارس و تورک)ەکان ڕوویدا، چونکە هەر یەکێک لەوانە خۆی بەشیاوتر و شایستەتر دەبینی لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا، ئەو ململانێیەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی (تورک/ قزلباش)ەکان کە بە (پیاوانی شمشێر) ناسرابوون، پێیان وا بوو ئەوان بوون، کە ڕۆڵی سەرەکییان بینی لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی، بۆیە پێویستە سەرجەم جومگە هەستیارەکانی ئەو دەوڵەتە وەک پاداشتێک بۆ قوربانییەکانیان لە دەستی ئەوان دابێت.

ئەگەرچی لە سەرەتا شا ئیسمایلی یەکەم (1501 – 1524) دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەوی، زۆربەی پێگە و پایە هەستیارەکانی دەوڵەتەکەی بە ئەوان سپارد، بەڵام بەهۆی فروانبوونی دەسەڵاتی تورکەکان هەستی بە مەترسی کرد لەسەر ئایندەی فەرمانڕەواییکردنی ئێران لەناو بنەماڵەکەیاندا، بۆیە هەوڵیدا هاوسەنگی هێز ڕابگرێت، بەمەش بەشیک لە پۆستە هەستیارەکانی دا بە فارسەکان، کە (تاجیک)یان پێ دەگوترا بە(پیاونی قەڵەم) ناسرابوون. هەرچەندە لەدوای نەمانی شا ئیسماعیلی یەکەم زۆربەی شایەکانی دیکەی سەفەوی لەسەر هەمان ڕێباز ڕۆیشتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی فەرمانڕەوایی هیچ یەکێک لە شایەکان بە بێ کێشە و ململانێی نێوان فارس و تورکەکان کۆتایی پێ نەهات، بەجۆرێک ئەو ململانێیە گەیشتبووە نێو دەربارى سەفەوی، سەرباری ئەوەی هەریەکێک لەو دوو نەتەوەیە دوژمنی سەرسەختی یەکتری بوون، هاوکات هەریەک لەوان لەلای خۆیەوە بەتوندی پشتیوانیان لە یەکێک لە شازادەکانی ئەو بنەماڵەیە دەکرد بۆ بردنە سەر تەختی دەسەڵات، ئەو ململانێیەش ڕەنگدانەوەی بەسەر سەرجەم جومگەکانی ئەو وڵاتە دروست کرد، کە ئەمەش لەکۆتاییدا ئەو دەوڵەتەی بەرەو لاوازی بردو سەرەنجام لەسالی 1722 بەیەکجاری ڕووخاو لەناوچوو.

About the Journal
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

1-پێشەکی

هێنانە پێشەوەی نەتەوەی فارس بۆ ناو دامەزراوەی سیاسی و کارگێڕی دەوڵەتی سەفەوی، ناڕەزایی تووندی تورکە قزلباشەکانی لێ کەوتەوە، چونکە ئەوان پێیان وابوو، بە جێگیربوونی دەسەڵاتی فارسەکان لەنێو پایەکانی دەوڵەتداری و حوکمڕانیدا، چیدیکە دەوڵەتی سەفەوی کاری بە ئەوان نامێنێت و بەرەبەرە شایەکانی سەفەوی ئەوان لە پایەکانی دەسەڵات دوور دەخەنەوە و کاروباری کارگێڕی و بەڕێوەبردنی حکومەت ڕادەستی فارسەکان دەکەن، بەمەش ئەمەیان بە هەڕەشە و مەترسی لەسەر ئایندەی پێگەی سیاسی خۆیان دەبینی، بەئاسانی بوونی فارسەکانیان لەنێو کایەکانی دەوڵەت پێ قبوڵ نەدەکرا، بۆیە بەتوندی دژایەتیان دەکردن.

شا ئیسماعیلی یەکەم (1501 – 1524) لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکەی پۆستە کارگێڕییەکانی دابەشی سەر فارسەکان کردبوو، پۆستە سەربازییەکانیشی دابوو بە قزلباشەکان، بۆیە ئەو دوو نەتەوەیە لە سەرەتادا بە شێوەیەکی نهێنی ململانێی یەکتریان دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی شا ئیسماعیل پۆستە سەربازییەکانی لە تورکەکان وەرگرتەوە و دای بە فارسەکان، ململانێیەکانی نێوان ئەو دوو نەتەوەیەش تەقییەوە و شێوازێکی ئاشکرای بەخۆوە بینی، تا ڕووخانی دەوڵەتی سەفەوی لە ساڵی 1722 بەردەوام بوو. بەجۆرێک لەو ماوەیەدا قزلباشەکان چەندین کەسایەتی دیاری فارسەکانیان کوشت، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو کینەیەی کە تورکەکان نەتەوەی فارس هەیانبوو، چونکە فارسەکان خۆیان بەشارستانی بە چاوی ناشارستانی و سووک سەیری تورکەکانیان دەکرد، هەر ئەمەش ڕقی تورکەکانی بەرانبەریان زیاتر کرد.

شا عەباسی یەکەم لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا هەوڵیدا پشت بە هێزی سێیەم ببەستێت، ئەویش بە هێنانی نەتەوەی گورجی و ئەرمەنەکان و دامەزراندنی سوپایەکی نوێ بۆیان لەژێر فەرماندەیی خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ململانێیەکان لەنێوان ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتە هەر بەردەوامی هەبوو، تەنانەت هەندێک لە شایەکانی کە لەدوای مردنی شا عەببباس دەسەڵاتیان گرتەدەست، بۆ کۆتایی هێنان بە هەژموونی قزلباشەکان لەسەر دەوڵەتەکەیان زۆر بەتوندی کەوتنە سەرکوتکردنی قزلباشەکان، ئەمەش وای کرد دەوڵەتی سەفەوی لە کۆتایی تەمەنیدا بەهۆی مەترسی بەهێزبوونی پێگەی قزلباشەکان بەتەواوی لایەنی سەربازی پشتگوێ خست، تا سەرەنجام لساڵی 1722 لەلایەن ئەفغانییەکانەوە هێرش کرایە سەر وڵاتەکەیان و کۆتاییان بە ماوەی فەرمانڕەوایی سەفەوییەکان هێنا، کە زیاتر لە دوو سەدە بوو، فەرمانڕەوایی ئێرانیان دەکرد. ئامانجی سەرەکی لەو توێژینەوەیەدا خستنەڕووی ململانێیەکانی ناو دەوڵەتی سەفەوییە، کە لەنێوان هەردوو ڕەگەزی تورک و فارسدا هەبوو.

ئامانجی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە بەدیارخستنی ململانێی نەتەوەییە دەربارەی سەفەوی لەنێوان هەردوو نەتەوەی (تورک و فارس)، هەروەها لە هەلومەرج و بارودۆخی ئەو ململانێیە نەتەوەییەش بکۆڵێتەوە. سەرباری دیاریکردنی کاریگەری ململانێی نەتەوەیی لەسەر بارودۆخی سیاسی وڵاتی ئێران بەگشتی و سەفەوی بەتایبەتی، چونکە ڕکابەرییە نەتەوەییەکانی نێوان تورک و فارسەکان لەسەر دەسەڵات کاریگەری نەرێنی بەسەر کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی و سەفەوی بەتایبەتی هەبوو، هەروەها توێژینەوەکە لەو گریمانەیەش دەکۆڵێتەوە، کە ئایا ململانییەکانی نێوان تورک و فارسەکان کاریگەری لەسەر ڕەوشی سیاسی وڵاتی ئێران هەبووە یاخود نا؟

لەم توێژینەوەیەدا لە چوارچێوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی‌دا، هەردوو شێوازی پێکهاتەیی (ترکیبی) و شیکاری (تحلیلي) پەیڕەو کراوە. چونکە بۆ وێناکردنەوەی ململانیی نەتەوەیی لە دەرباری سەفەوی لە ماوەی ساڵانی (1501 – 1722)، پێویست بەوە دەکات، زانیاریی مێژووییەکان کۆبکرێنەوە و لێک بدرێن. تا خەملاّن و پێکهاتنی ململانییەکانی ئەو ماوەیە ڕوون بکرێتەوە. دواتریش لەڕێگەی شرۆڤەکردن و شیکارییەوە ڕەوت و ئاراستە و کاریگەریی ململانێیەکە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ئێران دیار بکرێت.

ئەو توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی پێک دێت، کە دابەشی سەر سێ قۆناغ کراوە، بەجۆرێک لە تەوەری یەکەم باس لە ململانییەکانی ساڵانی (1501 – 1576) دەکات، هەروەها لە تەوەری دووەمیش باس لە قۆناغی دووەمی

ململانێیە سیاسی و سەربازییەکانی نێوان تورک و فارسەکان دەکات، ئەو تەوەرە بەچوونە سەر دەسەڵاتی شا ئیسماعیلی دووەم دەست پێ دەکات و بە مردنی شا عەببباس لە ساڵی 1629 کۆتایی دێت، هەروەها تەوەری سێیەمیش کە کۆتا تەوەری ئەو توێژینەوەیە بە سەرهەڵدانەوەی ململانێ لەدوای مردنی شا عەببباس دەست پێ دەکات و بە ڕووخانی دەوڵەتی سەفەوی کۆتایی دێت.

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە پشت بە کۆمەڵێک سەرچاوەی جیاواز بە زمانی جیاواز بەستراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سوود لە سەرچاوە بە زمانی (فارسی) وەرگیراوە، چونکە ئەو توێژینەوەیە بەگشتی لە بارەی مێژووی ئێرانە، سەرباری ئەوەی ڕووداوەکانی ناو ئەو توێژینەوەیە زیاتر لە سەرچاوە فارسییەکاندا باسکراوە، بۆیە زۆر کەمتر بەزمانەکانی دیکە لەسەر ململانێی نەتەوەیی دواون لە سەردەمی سەفەوی، هەر ئەمەش هاندەر بوو بۆ ئەوەی لە نووسینی ئەو توێژینەوەیەدا سەرچاوەی فارسی سەرچاوەی سەرەکی توێژینەوەکە بن، سەرباری ئەوەی تەنها توانراوە لەڕێگەی سەرچاوەکان بە زمانی فارسی کەلێنەکانی توێژینەوەکە پڕبکرێتەوە. ئەگەرچی زۆربەی ئەو سەرچاوانەی لەو توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون سەرچاوەی بەسوود و پڕ بایەخ بوون، هەرێەک لەوان بەپێی توانا کەلێنێکیان لە توێژینەوەکە پڕکردۆتەوە و سوودیان بە دەوڵەمەندکردنی ئەو توێژینەوەیە گەیاندووە لەڕێگەی زانیارییەکانیان، بەڵام دەکرێت ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە دیارترین ئەو سەرچاوانە بکەین، کە سوودمان لێیان بینیووە. بۆ نموونە هەر سێ کتێبی لێکۆڵەری بیانی (راجر سیوری، ایران عصر صفوی/ ئێرانی سەردەمی سەفەوی، درباب صفویان/ لەبارەی سەفەوییەکان، تحقیقات درتاریخ ایران عصر صفوی/ لێکۆڵینەوەکان لە مێژووی ئێرانی سەردەمی سەفەوی)، ئەم کتێبانە نموونەی ئەو سەرچاوانەن لەو توێژینەوەیەدا سوودیان لێ بینراوە، چونکە ناوبراو بە یەکێک لە دیارترین لێکۆڵەرەکانی مێژووی دەوڵەتی سەفەوی دادەنرێت، تەنانەت ئەو کتێبانە لە ئێرانیش لە ڕیزی باشترین کتێبەکانی تایبەت بە مێژووی سەفەوی هەژمارکراوە و لەلایەن لێکۆلەرانی ئێرانی بایەخی تایبەتی پێ دەدرێت. یەکێکی دیکە لەو سەرچاوانەی سوودی بەو توێژینەوەیە گەیاندووە کتێبەکەی (امیر حسین خنجی، قزلباشان در ایران/ قزلباشەکان لە ئێران) ناوبراو یەکێک لە توێژەرە دیارەکانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی ئێرانە ئەو کتێبەی لەبارەی مێژووی قزلباشەکان لە ئێران نووسیووە، گومانی تێدا نییە، کە زۆر وردەکاری تایبەت بەو هۆزانە لەنێو ئەو کتێبەدا ئاماژەی پێ کراوە، کە لێرەدا بەکارهاتووە. ئەمە سەرباری هەندێ سەرچاوەی ڕەسەنی وەک (خواندمیر، امیر محمود، تاریخ شا اسماعیل و شا تهماسب/ مێژووی شا ئیسماعیل و شا تەهماسب) و (ترکمان، اسکندر بیگ (1364ش)، تاریخ عالم ارای عباسی) و چەند نموونەیەکی دیکە لەو نووسەرانەن، کە لەناو ڕووداوەکاندا ژیاون نووسینەکانیان بۆ شایەکانی سەفەوی نووسیوەتەوە و باسی زۆربەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی سەردەمی شایەکانی سەفەوییان کردووە.

1. سەردەمی یەکەم (1501 – 1587):-

لەو ماوەیەدا دەوڵەتی سەفەوی (1501 – 1722)[1] لە سەرەتای دامەزراندنی دابوو و هێشتا پایەکانی دەوڵەتەکە بەتەواوەتی جێگیر نەببوو، بۆیە لەگەڵ هاتنەکایەی ئەو وڵاتە تازە دامەزراوە ململانێی نەتەوەیی لەنێوان ڕەگەزی تورکەکان، کە هاوکات پێیان دەگوترا قزلباش[2] و پیاوانی شمشێر، لە دژی فارس (تاجیک[3])ەکان کە بە(پیاوانی قەڵەم) ناسرابوون سەریهەڵدا.

دەوڵەتی سەفەوی لەڕووی کارگێڕی و سەربازییەوە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەبوو، لەلایەک قزلباشەکان کە موڕید و سۆفی سەر بە ڕێبازی سەفەوی بوون و هاوکات ڕۆڵێکی کارایان گێڕا لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی و گەیاندنی شا ئیسماعیلی سەفەوی (1501 – 1524) بۆ سەرتەختی دەسەڵات لە وڵاتی فارس[4]، (بەمافی خۆیان دەزانی کە وا لەو دەوڵەتە نوێیەدا پۆستی سیاسی و سەربازی گرنگیان هەبێت و پێ بدرێت، هاوکات فارسەکان کە خۆیان بە میراتگری ئیمپراتۆرییەکانی پێشوو و شارستانی دێرینی ئێران دەزانی، جگە لەوەی لە بواری کارگێڕی شوێن پەنجە و لێهاتوویی خۆیان بۆ دەوڵەتەکانی تری بەر لە دەوڵەتی سەفەوی سەپاندبوو، بۆیە لەگەڵ دامەزارندنی ئەو دەوڵەتە ململانێی نێوان

ئەو دوو نەتەوەیەش زۆر بەتوندی سەریهەڵدا، بەجۆرێک لە مێژووی ئەو وڵاتە ناسراوە بە ململانێی نێوان پیاوانی شمشێر و پیاوانی قەڵەم. (کمبریج، 1380ش، ص 162؛ تاریخ ایران از باستان تا امروز، 1389ش، ص 245 – 250). قزلباشەکان لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی شا ئیسماعیلی سەفەوی لە دژی دەوڵەتی ئاق قۆینلو[5] کە لە ساڵی (1494) دەستی پێ کرد هاوکاری و پشتیوانییەکی زۆری ناوبراویان کرد، ڕۆڵی کارایان گێڕا لە دامەزراندنی دەوڵەتەکەی و سەرکەوتن بەسەر نەیارەکانیدا، بۆیە شا ئیسماعیل لەژێر کاریگەری ئەو خزمەتە زۆرەی کە وا قزلباشەکان لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە پێشکەشی ناوبراویان کردبوو، لە گەیشتنی بە تەختی پادشایەتی وڵاتی ئێران، بۆیە کاتێک دەوڵەتەکەی دامەزراند کۆمەڵێک پۆستی سیاسی و سەربازی و کارگێڕی گرنگی پێیاندا. (Aubin, 1970, p. 239)

شا ئیسماعیلی یەکەم لەسەرەتا پۆستی (وەکیل)[6] ی دا بە یەکێک لە سەرکردەی قزلباشەکان کە لە کاتی شۆڕشەکەیدا پشتیوانی و هاوکاری کردبوو بەناوی حوسێن بەگی شاملو(1501 – 1507)[7]، کە بە نوێنەر و جێگری شا دادەنرا بۆ کاروباری کارگێڕی و سەربازی. (سیوری، ایران عصر صفوی، ص 22 – 25). دەکرێت بڵێین پێدانی پلەیەکی وا بەرز لە دەوڵەتی سەفەوی بە یەکێک لە سەرکردە سەربازییەکانی قزلباشەکان کارێکی ئاسایی و پێویست بوو. بەهۆی ئەوەی شا ئیسماعیلی یەکەم لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکەیدا بوو، هێشتا پایەکانی دەوڵەتەکەی لە ئێران و ناوچەکانی ترادا بەتەواوی جێگیر نەببوو. جگە لەوەی ڕکابەرەکانی لە پاشماوەی بنەماڵەی ئاق قۆینلو لە ناوچەکەدا مابوونەوە و هەوڵی گێڕانەوەی ئەو ناوچانەیان دەدا، کە لەلایەن شا ئیسماعیلەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، هەروەها مەزهەبی شیعەی دوازە ئیمامی[8] کە شا ئیسماعیل لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتەکەیدا بەسەر خەڵکی ئێرانیدا سەپاندبوو، بەتەواوەتی لەناو خەڵکی جێگیرنەبووبوو. بۆ ئەم مەبەستانەی سەرەوە شای ئیسماعیلی سەفەوی پێویستی بە توانای سەربازی و مرۆیی هۆزەکانی قزلباش هەبوو، تاکو بتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەتەواوەتی جێ َگیر بکات و بەسەر گرفتەکانی بەردەمیدا زاڵبێت، بۆیە دەبوو هێز و توانای قزلباشەکان لەبەرچاو بگرێت و پلە و پۆستی کارگێڕی و سەربازی گرنگیان پێ بدات. (کریم، 2018، ل 47 –54).

سەرباری ئەوەی شا ئیسماعیل چەند پۆستێکی دیکەی کارگێڕی و سەربازی وەک (میری میران[9] و قورچی باشی[10]) دا بە قزلباشەکان، لە بەرانبەردا تەنیا دوو پۆستی (وەزارەت و سەدارەت[11])ی دابوو بە نەتەوەی فارس (تاجیک)، بەجۆرێک ئەو دوو پۆستە بەراورد بە سێ پۆستەکەی تر سەنگ و توانایەکی ئەوتۆیان نەبوو، چونکە ئەمانەی تر پایەی سەربازی و کارگێڕی گرنگ بوون لەناو دەوڵەتی سەفەویدا، خاوەنی ئەو پایانە هێز و دەسەڵاتێکی بەرفراوانی لەلایەن شاوە پێ درابوو. (سیوری، ایران عصر فوی، ص 30). لەڕاستیدا ئەگەر بێتوو سەیری دابەشکردنی پۆستەکان بکەین، دەبینین گرنگترین و بەهێزترین پۆستەکان کە زیاتر پۆستی سەربازی بوون لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی لە دەستی قزلباشەکاندابوو، لە بەرانبەردا فارسەکان زیاتر ئەو پۆستە کارگێڕییەکانیان لەدەستدابوو، ئەمەش زیاتر دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی ئێرانیەکان لە مێژووی دێرینی خۆیاندا بەتایبەتی لە بواری کارگێڕیدا شارەزایی و توانایەکی بەرزیان هەبووە، توانیویانە توانا و هەژموونی کارگێڕی خۆیان بەسەر ئەو هێز و لایەنانەدا پسەپێنن، کە فەرمانڕەوایی ئێرانی کردووە لەدوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی (226 – 651ز) و هاتنی سوپای ئیسلام بۆ ئەو وڵاتە لە ساڵی (651ز)دا. (نصیری، 1372ش، ص 3 – 5).

شا ئیسماعیلی یەکەم لەدوای جێگیربوونی پایەکانی دەسەڵاتی، هەستی بە مەترسی فراوانبوونی دەسەڵاتی قزلباشەکان کرد، پێی وابوو ئەگەر دەسەڵاتەکانیان زیاتر پەرە بستێنێت، لە داهاتوودا دەبنە هەڕەشە لەسەر دەسەڵاتی خۆشی، بۆیە ویستی لەڕیگەی هێنانەپێشی فارسەکان و پێدانی هەندێک پۆستی کارگێڕی گرنگ لەدەوڵەتەکەی، لە مەترسی فراوانبوونی دەسەڵاتی قزلباشەکان کەم بکاتەوە، چونکە ناوبراو پێی وابوو هاوسەنگی لەدابەشکردنی پۆستەکاندا نییە لەنێوان هەردوو نەتەوەی (تورک و فارس)دا، بۆیە سەر لەنوێ پێگە گرنگەکانی دەوڵەتەکەی لەنێوانیاندا دابەش کردەوە، بۆ ئەو مەبەستەش هەردوو پۆستی (وەکیل و میری میران)ی دا بەیەکێک لە سەرکردە فارسەکان، بەناوی (ئەمیرنەجم مەسعوود زەرگەری ڕەشتی/ 1508 – 1510) ناسراو بە (نەجمی یەکەم)، چونکە ناوبراو لە ماوەی ساڵانی (1494 – 1499) دااڵدەی شا ئیسماعیلیدا، کاتێک لەترسی نەیارەکانی پەنای بردبووە بەر ناوچەکانی باکوری ئێران، ئەمە جگە لەوەی

پشتیوانی ئیسماعیلی یەکەمی کرد لە سەرخستنی شۆڕشەکەیدا. (عالم ارای صفوی, 1350ش, ص 305؛ خواندمیر، 1370ش، ج3، ص 491). بەمەش پارسەنگی هێز زیاتر بەلای فارسەکاندا شکایەوە و دەسەڵات و هێزی ئەوان لە قزلباشەکان زیاتربوو. (سیوری، ایران عصر صفوی، ص 30).

شیاوی باسە ئەم هەنگاوەی شا ئیسماعیل بووە مایەی ناڕەزایی و نیگەرانی قزلباشەکان، چونکە پێیان وابوو ئەوان کە پیاوی سەربازی و جەنگاوەری دەوڵەتی سەفەوی بوون، ئەو دەوڵەتە بە زەبری هێزی بازووی ئەوان دامەزرابوو، بە لای ئەوان شەرمەزاری بوو ئەرک و فەرمانی سەربازی لە کەسانێک وەربگرن، کە پێشتر جەنگاوەر نەبووبن و تەنها لە کاری دەوڵەتداری و کارگێڕی شارەزا بن. (سیوری، ایران عصر صفوی، ص 31)، چونکە ئەوان قزلباشەکان هۆز و عەشیرەتی کۆچەر بوون و فێری ژیانی شارستانی نەببوون و زیاتر لەسەر ژیانی سەربازی و شەڕکردن ڕاهاتبوون، سەرباری ئەوەی سۆفی بوونی ئەوان ببوو بە هۆکاری ئەوەی دڵسۆزی ڕێبازی سەفەوی و شایەکانی ئەو بنەماڵەیە بن، ئەمەش هاندەر بوو بۆ شا ئیسماعیلی یەکەم لە ماوەی نێوان ساڵانی (1501 – 1512) لە چەند هەڵمەتێکی سەربازی بۆ سەر ناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئێران سوود لە توانای سەربازی قزلباشەکان وەربگرێت، کە هاوکات شا ئیسماعیل ئەو مەبەستەشی هەبوو ئەوان بە شەڕەکان سەرقاڵ بکات، بۆ ئەوەی دژایەتی دەسەڵاتەکەی نەکەن. (هرن، 1314ش، ص 82 – 85؛ سیوری، ایران عصر صفوی، ص 29 - 31)، بەڵام هەندێک لەو هەڵمەتانە بەهۆی ململانێی نێوان تورک و فارسەکان دووچاری شکست بوویەوە، بۆ نموونە دوای ئەوەی ئەمیر نەجمی یەکەم لە ساڵی 1510 کۆچی دوایی کرد، شا ئیسماعیل یەکێکی دیکەی لە فارسەکان بە ناوی ئەمیر یار ئەحمەدی خوجانی (1510 – 1512) لە شوێنی ئەو دانا، هەروەها بەهۆی ئەو خۆشەویستییەی بۆ نەجمی یەکەمی هەبوو نازناوی (ئەمیر نەجمی دووەمی) پێدا، بەڵام کاتێک شا سەرکردایەتی سوپای سەفەوی پێ سپارد بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماری تورکمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران، کە بە (ئۆزبەک)ەکان ناسرابوون، سەرکردەکانی قزلباشەکان لە ساڵی 1512 سەرپێچی فەرمانی شایان کرد و بەر لە هەڵگیرسانی جەنگ لە مەیدانی جەنگ کشانەوە، بێگومان ئەمەش بووە هۆی تێکشکانی سوپای (ئەمیر نەجمی دووەم) و کوژرانی لە بەرانبەر سوپای ئۆزبەکەکاندا (سیوری، ایران عصر صفوی، ص 36؛ خواندمیر، 1370ش، ج3، ص 150 - 151). لەڕاستیدا ئەم ڕووداوە نیشاندەری نموونەیەکە لە خراپی پەیوەندی نێوان هەردوو نەتەوەی تورک و فارس، بەجۆرێک ئەوان نەک ئامادە نەبوون لە کاتی بوونی هەڕەشە و مەترسی لەسەر ولاتەکەیاندا هاوکاری یەکتری بکەن، بەڵکو هەوڵیان داوە شکست بەیەکتریش بهێنن.

لەدوای کۆچی دوایی شا ئیسماعیلی یەکەم لە ساڵی 1524 دا، هاتنە سەر دەسەڵاتی شا تەهماسبی یەکەم (1524 – 1576)، ململانێی نێوان تورک و فارسەکان زۆر پەرەی سەند، بەجۆرێک لەو ماوەیەدا جەنگی ناوخۆیی لەنێوان لایەنە دەسەڵاتخوازەکان سەریهەڵدا.(Newman, 2006, p. 26). چونکە شا ئیسماعیل ئەرکی سەرپەرشتیاریکردنی شا تەهماسبی یەکەمی سپاردبوو بە سەرۆکی هۆزی (تەکەللو) بەناوی (دیۆ سولتانی تەکەللو)، ئەو هۆزە یەکێک لەو حەوت هۆزە دیارەکانی قزلباشەکان بوو، ڕۆڵیان بینیبوو لە گەیاندنی شا ئیسماعیلی سەفەوی بۆ سەر تەختی دەسەڵات، بەڵام لە دوای مردنی شا، دیۆ سولتان سوودی لە پێگەکەی خۆی وەرگرت، بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی و هۆزەکەی و لاوازکردن و لەناوبردنی نەیارەکانی. (صفاکیش، 1390ش، ص 66)، بەمەش ململانێیەکی توند لەنێوان هۆزە دیارەکانی قزلباشەکان لەلایەک و لەنێوان قزلباش و فارسەکانیش لەلایەکی دیکەوە لەسەر گەیشتن بە دەسەڵات سەریهەڵدا، بەتایبەتی لە ماوەی 10 ساڵی یەکەمی فەرمانڕەوایی شا تەهماسب، ململانێیەکان زۆر پەرەیان سەند، چونکە کاتێک ناوبراو دەسەڵاتی گرتەدەست تەمەنی 10 ساڵان بوو، شارەزای لە بەڕێوەبردن و ولاتداری نەبوو، بەمەش ماوەی 10 ساڵ بەڕێوەبردنی کاروباری ولات کەوتە ژێردەستی سەرکردە بەهێزەکانی قزلباشەکان. (بنانی ودیگران، 1380ش، ص 87). بەمەش ولاتی ئێران لە ماوەیەدا دووچاری باروودۆخێکی نالەباری سیاسی و سەربازی ناوخۆیی و دەرەکی بوویەوە، بەهۆی ململانێی نێوان هەردوو نەتەوە دیارەکە و کێشمەکێشی نێوان قزلباشەکان خۆشیان لەسەر ئەوەی کێ لەو ماوەیەدا دەسەڵات بگرێتە دەست. (ترکمان، 1364ش، ص 46). بەجۆرێک لەسەر ئاستی دەرەکی ولاتی ئێران ڕووبەڕووی زنجیرەیەک شەڕی یەک لەدوای یەک بوویەوە، چونکە دەوڵەتی عوسمانی لە سنورەکانی ڕۆژئاوا و

باکووری ڕۆژئاوای ئێران لەنێوان ساڵانی (1533 – 1553) چوار جار پەلاماری ئێرانیاندا، لەو ماوەیەدا دەستیان بەسەر ناوچەیەکی فراوانی وەکو (کوردستان و ئازربایجان) داگرت، سەرەنجام شەڕەکانیان بە ڕێکەوتنامەی ئەماسیا لە ساڵی 1555 کۆتایی پێهات، هەروەها لە سنوری ڕۆژهەڵاتیش ئۆزبەکەکان بەهەمان شێوە چەند جارێک پەلاماری ئێرانیاندا و توانیان لە هەر جارێکدا زەرەر و زیانێکی زۆر بەو ناوچانە بگەیەنن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هەریەک لە. (لابی ار، 1369ش، ص 1-75، 900 – 917؛ ملکم، 1380ش، ص 345، 347).

لە دیارترین هەنگاوەکانی دیڤ سولّتانی تەکەللو کە لە دژی فارسەکان گرتیەبەر، لە ساڵی 1524 هەستا بە کوشتنی خواجە جەلالەددین محەمەدی تەبریزی (1523 – 1524)، کە بەرپرسی دیوانی چاودێری شا بوو (ترکمان، 1364ش، ص 159). بەمەش شا تەهماسب ناچار بوو، کەسێکی دیکە بەناوی (قازی جیهانی قەزوینی) کە ئەویش فارس بوو، لە شوێنی ئەو دابنێت (روملو، 1357ش، ص 185)، بەڵام دیڤ سولّتان کە لە بنەڕەتدا دژی بالّا دەستی فارسەکان بوو، قازی جیهانی دەستگیرکرد و خستیە زیندان، لە شوێنی ئەودا کەسێکی فارسی دانا بەناوی (میر جەعفەری ساوجی/ 1532 – 1533)، بەمەش شا تەهماسب هەرچەندە ئەو هەنگاوەی بە دڵ نەبوو، بەڵام نەیتوانی تا ساڵی 1529 هیچ هەڵوێستیک بەرانبەر بە دیڤ سولّتان بگرێتە بەر، بەتایبەتیش دوای ئەوەی توانی لەڕێگەی بەدەستهێنانی پشتیوانی هۆزێکی دیکەی قزلباشەکان، کۆتایی بە بالّا دەستی هۆزی تەکەللو هێنا و دیڤ سولّتانی سەرۆکی هۆزی تەکەللو کوشت (Newman, 2006, p. 27)

شیاوی باسە شەڕ و ململانێی ناوخۆیی لەنێوان قزلباش لەدوای کوژرانی دیڤ سولّتانی تەکەللوش هەر بەردەوامی هەبوو، ئەم جارەیان سەردەمی هۆزی شاملو دەستی پێ کرد، سەرکردەکانی ئەو هۆزەش بەهەمان شێوە توانیان بۆ ماوەی چەند ساڵێک کاروباری ولّات هەڵبسوڕێنن و پۆست پێگە سیاسی و کارگێڕییە گرنگەکان بەخۆیان پڕ بکەنەوە. سەرۆکی هۆزی شاملو لە ساڵی 1533 هەستا بە کوشتنی (میر جەعفەری ساوجی) سەرپەرشتیاری شا (صفا کیش، 1390ش، ص 66- 67). پاشان کەسێکی نزیک لە خۆیان بەناوی (نوور کەمالی ئەسفەهانی) لە شوێنی ئەو دانا (قمی، 1383ش, ص 218)، بەمەش بالّا دەستی قزلباشەکان بەسەر دەرباری شای سەفەوی و ململانێیان لەگەڵ فارسەکان تا ساڵی 1535 بەردەوام بوو، بەجۆرێک شا تەهماسب لەو ماوەیەدا تەمەنی بوو بە 20 ساڵ و بەرەبەرە شارەزایی و هێزی لە بواری کارگێڕی و سەربازی پەیداکرد، بەمەش هەستا بە کوشتنی سەرۆکی (هۆزی شاملو)و پاشان (نور کەمالی ئەسفەهانی)شی لە پۆستەکەی دوورخستەوە و (قازی جیهانی قەزوینی) لە زیندان ئازاد کرد و گەڕاندییەوە بۆ سەر پۆستەکەی پێشووی (قمی، 1383ش، ص 364). دوای گەڕانەوەی ناوبراو بۆ سەر پۆستەکەی، بۆ ماوەی 15 ساڵ لە شوێنی خۆیدا مایەوە، بەمەش لەو مێژووە بەدواوە سەردەمی بەهێزی شا تەهماسبی سەفەوی و لاوازی قزلباشەکان بوو. تەنانەت شا تەهماسب لەو ماوەیەدا لە زۆربەی پۆست و پێگە هەستیارەکان فارسەکان دانا. (روملو، 1357ش، ص 373). سەرباری ئەوەی شا تەهماسب توانی قزلباشەکان لاواز بکات و بەتوندی بەرەنگاریان بوویەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بەردەوام بوون لە دژایەتیکردنی فارسەکان، پێیان شەرمەزاری بوو، کە ئەرک و فەرمان لەوان وەربگرن، هەر ئەمەش وای کردبوو ئەو سەرکردە فارسانەی کە پۆستی (وەکیل) یاخود (وەزیر)یان وەردەگرت، دەست لە کاروباری سەربازی وەرنەدەن و خۆیان بەدوور بگرن لە هەڕەشە و مەترسییەکانی قزلباشەکان، بۆ ئەوەی گیانیان پارێزراو بێت (رویمر، 1353ش، ص 344)، ئەگەرچی شا تەهماسب بۆ ماوەیەک توانی هاوسەنگی هێز لەناوخۆی ولّاتەکەی ڕابگرێت و ململانێی نەتەوەیی نێوان ئەو دوو نەتەوە دیارە کاڵ بکاتەوە، بەڵام جارێکی دیکە بارودۆخی ناوخۆیی ئێران لەکۆتاییەکانی تەمەنی ئەودا بەرەو پشێوی و ناهەمواری هەنگاوی نایەوە، بەتایبەتیش لەسەر دیاری کردنی شای ولّات ململانێیەکی توند لەنێوان هێزە جیاجیاکانی ناو دەرباری سەفەوی سەری هەڵدایەوە، بەجۆرێک کار گەیشتە کوشتنی میر و شازادەکان، کە داوای تەختی پادشایەتی ئێرانیان دەکرد. (صفاکیش، 1390ش، ص 70 – 79).

2- قۆناغی دووەم (1578 – 1629):-

قۆناغی دووەمی دەوڵەتی سەفەوی بە هاتنە سەر تەختی شا عەببасی یەکەم (1588 – 1629) دەست پێ دەکات. ئەوەی جێگای ئاماژەیە وڵاتی ئێران لەدوای مردنی شا تەهماسب یەکەم تاکو هاتنی شا عەببасی یەکەم، دووچاری بارووودۆخێکی ناهەموار و ململانێیەکی توندی سیاسی و سەربازی لەنێوان فارسەکان و تورکەکان لەناو دەرباری سەفەوی بوویەوە. ڕکابەری ئەو دوو نەتەوەیە کە لەناو دەرباری سەفەوی بەهێزەوە هەبوون، لەسەر پشتگیریکردنی ئەو شازادانە بوو، کە لەڕووی بیروباوەڕەوە لەوان نزیک بوو، بۆ ئەوەی پشتیوانی بکەن و بیخەنە سەر تەختی دەسەڵات، واتە هەریەکێک لەو دوو نەتەوەیە هەوڵیاندەدا ئەو شازادانە بکەن بە شای ئێران کە داواکارییەکانیان زیاتر جێبەجێ بکات و پۆست و پایە بەرزو گرنگەکانیان پێ بدات. بۆ ئەو مەبەستەش فارسەکان هەر لەدوای مردنی شا تەهماسب هەوڵیاندا یەکێک لە شازادەکان بەناوی (حەمزە میرزا) بکەن بە شا، بۆ ئەو مەبەستەش بەرلەوەی هەواڵی مردنی شا بڵاو بکەنەوە تاجی پادشایەتیان لەسەرنا، لە بەرانبەردا سەرکردەکانی قزلباشەکانیش پشتیوانیان لە شازادەیەک دەکرد بەناوی (ئیسماعیل میرزا)، بەڵام ناوبراو بەهۆی هەڵسوکەوتێکی نابەجێ لە دژی باوکی خرابووە بەندیخانەوە، بۆیە قزلباشەکان ئاگادار بوون شا تەهماسب لەسەر مەرگدایە، (ئیسماعیل میرزا)یان لە زیندان ئازاد کرد. گومانی تێدا نییە ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕێکی خوێناوی لەنێوان لایەنگرانی هەردوو شازادەکەدا، کە سەرەنجام شازادە ئیسماعیل میرزا بە پشتیوانی قزلباشەکان توانی تاجی پادشایەتی سەفەوی بۆخۆی مسۆگەر بکات و ڕکابەرەکانی لەناو ببات، کە دواتر بەناوی (شا ئیسماعیلی دووەم/ 1576 – 1577) لە مێژووی نوێی ئێران ناسرا. (روملو، 1357ش، ص 344 - 346). لەڕاستیدا ماوەی فەرمانڕەوایی شا ئیسماعلی دووەم زۆر درێژەی نەکێشا، چونکە ناوبراو سیاسەتێکی تووندوتیژی بەرانبەر بە زۆربەی شازادەکانی بنەماڵەی سەفەوی و سەرانی قزلباشەکانیش گرتەبەر، ناوبراو ئەو ماوەیەی لە زیندان بوو مەیلی زیاتر بەلای مەزهەبی سوونندا چووبوو، بۆی ڕقی خۆی بەسەر قزلباشەکان بەتاڵکرد، هەر ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکان بوو، قزلباشەکان هەوڵی لەناوبردنی بدەن (سیوری، 1380ش، 242). بەتایبەتیش دوای ئەوەی قزلباشەکان هەستیان بە مەترسی شا ئیسماعیل کرد لەسەریان. بیریانکردەوە کە وا پێویستە ناوبراو لە دەسەڵات دوور بخەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش بە یارمەتی یەکێک لە خوشکەکانی شا بەناوی (پەریخان خانم)، توانیان شا ئیسماعیل بکوژن و کۆتایی بە دەسەڵاتی بهێنن کە کەمتر لە دوو ساڵ فەرمانڕەوایی کرد. لە شوێنی ئەودا یەکێک لە شازادە لاوازەکان بەناوی (سوڵتان محەمەد خودابەندە/ 1578 – 1588) لەسەر تەختی دەسەڵات دابنێن (هینتس، 1371ش، ص 54 – 60، 68 – 69).

لەڕاستیدا ڕکابەری نەتەوەیی لەناو دەرباری سەفەوی لەنێوان تورک و فارسەکاندا نەک هەر تەنها لەسەر وەرگرتنی پۆستەکان و دانانی شازادەکانی نزیک لە خۆیان بوو، بەڵکو گەیشتە ئەو ئاستەی کە شایەکانیش لەناو ببەن و یەکێکی دیکە لە شوێنی دابنێن، بەتایبەتیش دوای ئەوەی هەستیان کرد، کە ئەو شایەی دایاننا وەکو چاوەڕوانیان دەکرد، خواستەکانی ئەوانی بەدی نەهێنا، بەمەش ململانێ نەتەوەیی لەناو دەرباری سەفەوی گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە بە کوشتنی شازادەکان و خودی شایەکانیش بگرێتەوە، ئەگەرچی شا ئیسماعیلی یەکەم هەر زوو هەوڵی لاوازکردنی قزلباشەکانیدا، بەڵام ئەوان لەدوای هەر شایەکی لاواز سەرلەنوێ بەهێزەوە دەردەکەوتنەوە، بۆیە شایەکانی سەفەوی کەهەستیان بە مەترسی قزلباشەکان کردبوو لەسەر دەسەڵاتیان هەوڵی لاوازکردنی ئەوانیان دەدا، بەڵام وەکو پێویست سەرکەوتوو نەبوون. (رویمر، 1353ش، ص 344). قزلباشەکان لە ماوەی 10 ساڵی فەرمانڕەوایی محەمەد خودابەندە، دەسەڵاتێکی ڕەهایان پەیدا کرد. هەر لەوماوەیەدا کەوتنە دژایەتییەکانیان جگە لەگەڵ فارسەکان تەنانەت لەناو دەرباری شاش خێزانی شایان بەناوی (مەهدی عولیا) کوشت، چونکە ناوبراو کاریگەرییەکی بەهێزی بەسەر فەرمانەکانی شا هەبوو، هەروەها لە دژی بەرژەوەندییەکانی قزلباشەکان دەوەستایەوە، بۆیە ئەویان بە هەڕەشە لەسەر خۆیان دەبینی، بەمەش توانیان لەناوی ببەن (فلسفی،ج1، 1347ش، ص 54 – 55). سەرباری ئەوەش محمەمەد خودابەندە هیچ کاردانەوەیەکی بەرانبەریان نەگرتەبەر، چونکە کەسێکی لاواز و بێتوانا بوو، بەتەواوی کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ئەوان، تەنانەت سەرباری لاوازی بێتواناییشی هێشتا قزلباشەکان لێی ڕازی نەبوو، بۆیە لە ساڵی 1588 هەستان بە لادانی

(سولّتان محەمەد خودا بەندە) لەسەر تەختی دەسەلّات و دانانی (شازادە عەببباس میرزا)ی کوڕی لە شوێنی باوکیدا، کە دواتر بەناوی (شا عەببباسی یەکەم/ 1588 – 1629) ناسرا. (سیوری، ایران عصر صفوی، ص 256).

شا عەببباسی یەکەم هەرچەندە بە پشتیوانی قزلباشەکان و بە یارمەتی یەکێک لە سەرکردە بەهێزەکانی ئەو هۆزەیە بەناوی (مورشید قولیخان)ی سەرۆکی هۆزی ئوستاجلوی تورکمانی گەیشت بە تەختی دەسەلّات، بەلّام هەولّیدا خۆی لە دەسەلّاتی ئەوان ڕزگار بکات، بۆ ئەو مەبەستەش سودی لە ناکۆکی نێوانیان وەرگرت، سەرەتا توانی لەڕێگای مورشید قولیخان سەرجەم ڕکابەرە بەهێزەکانی قزلباشەکان لەناوببات و پایەکانی دەسەلّاتی خۆی بەتەواوی جێگیر کرد، بۆیە دواتر هەستا بە لەناوبردنی (مورشید قولیخان)ی سەرکردەی قزلباشەکانیش، بەمەش لەدوای چەند ساڵێک لەهەولّی بەردەوام توانی کۆتایی بە سەرەڕۆیی قزلباشەکان بهێنێت. (فلسفی، ج 1، 1347ش، ص 138 – 147)، بەلّام لەگەلّ ئەوەشدا ململانێ و ناکۆکییەکانی ناو دەرباری سەفەوی لەنێوان فارسەکان و تورکەکاندا بووە هۆی لەدەستدانی ناوچەیەکی بەرفراوانی خاکی ئێران، کە لەلایەن عوسمانییەکان لەبەرەی ڕۆئاوا و باکووری ڕۆژئاوا و ئۆزبەکەکانیش لە بەرەی ڕۆژهەلّات دەستی بەسەر دابگرن (بنانی و دیگران، 1380ش، ص 206). بۆیە شا عەببباس بڕیاریدا پشت بەهێزی سێیەم ببەستێت، بۆ ئەو مەبەستەش خەلّکانی جیاوازی لەڕووی ئایینی و نەتەوەیی وەک (ئەرمەنی، گورجی و چەرکەس)ی، کە خەلّکی بەتوانابوون لەڕووی کارگێڕی و سەربازی و بازرگانی و نیشتەجێی ناوچەکانی (قەفقازو ئەرمینیا) بوون، هێنا بۆ ئێران، کاروباری سوپا و دەولّەتداری بە ئەوان سپارد، ئەم هەنگاوەی ناوبراو لەدوای ئەوە هات کاتێک لە ساڵەکانی (1604 – 1605 و 1616) چەند هەلّمەتێکی سەربازی بۆ سەر ئەو ناوچانە ئەنجامدا و ژمارەیەکی زۆری لە نەتەوەکانی ئەرمەنی و گورجی و چەرکەسی گواستەوە بۆ ئێران، سوپایەکی لە گەنجانی سەر بەو نەتەوانە دروستکرد بۆ پاراستنی دەسەلّاتەکەی (خداوردیان، 1360ش، ص 258 – 260).

گومانی تێدا نییە، کە ئەمە بەیەکێک لە گرنگترین هەنگاوەکان دادەنریت لە مێژووی دەولّەتی سەفەوی، کە یەکێک لە شایەکانی ئەو بنەماڵەیە بۆ ڕزگاربوون لە ململانێی نەتەوەیی کە بۆ ماوەیەکی درێژب وو باڵی بەسەر دەرباری ئەو بنەماڵەیەدا کێشا بوو. سەرباری ئەوەی شا عەببباسی یەکەم لەپێناو نەهێشتنی ئەو ململانێیەدا چەند هەنگاوێکی دیکەشی نا، لەوانەش گواستنەوەی پایتەختی ئێران لە شاری قەزوین لە باکووری ئێران بۆ شاری ئەسفەهان لە ناوەڕاستی ئەو وڵاتەدا، چونکە شاری قەزوین ناوەندی دەسەلّاتی قزلباشەکان بوو، بەمەش بە گواستنەوەی پایتەخت بۆ ئەسفەهان ویستی لە هەڕەشە و مەترسییەکانی ئەوان بە دوور بێت، هەروەها بەشێک لە پۆستە کارگێڕی و سەربازییە هەستیارەکانی بە نەتەوەکانی (ئەرمەنی، گورجی، چەرکەس) سپارد، لەوانەش پۆستی قولەر ئاغاسی[12] دا بەگورجیەکان (نصیری، 1372ش، ص 16). لەڕاستیدا ئەم هەنگاوەی شا عەببباس لێدانێکی بەهێزبوو لە پێگەی قزلباشەکان، چونکە بە دامەزراندنی ئەو پۆستە کە پێگەیەکی سەربازی بوو، دەسەلّاتی سەربازی قزلباشەکانی کەم کردەوە و لاوازی کرد. لەلایەکی دیکەشەوە لە جێگەی سەرۆک هۆزەکانی قزلباشەکان زیاتر بایەخی بە کوڕ و نەوەکانی ئەواندا، لەلایەک وەک بارمتە بەکاری دەهێنان بۆ ئەوەی سەرکردەکانی قزلباشەکان دژایەتی دەسەلّاتەکەی نەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە ئەوانی لەناو دەربار پەروەردە کرد، بۆ ئەوەی فێری ژیانی کارگێڕی و سیاسی ببن و بە تەنها دڵسۆزییان بۆ شای سەفەوی بێت. (سیوری، ایران عصر صفوی، ص 166 – 173). جێگەی ئاماژەیە هەرچەندە شا عەببباسی یەکەم سەرکەوتوو بوو لەو هەنگاوانەی گرتیەبەر، بەلّام بە مردنی ئەو چاکسازییەکانی بەرەو کاڵبوونەوە چوون و جارێکی دیکە ململانێیەکانی نێوان تورک و فارس و نەتەوەکانی دیکەش لەناو دەرباری سەفەوی سەری هەلّدایەوە، بەمەش قۆناغی سێیەمی ململانێیەکان دەست پێ کرد، کە قۆناغی هەژموونی دەربارە بەسەر شایەکاندا.

3- قۆناغی سێیەم (1629 – 1722):-

ئەم قۆناغە لە هاتنە سەردەسەلّاتی شایەکانی سەفەوی کە لەدوای شا عەببباسی یەکەم دەستی پێ کرد، تا ڕووخانی دەولّەتی سەفەوی لە ساڵی (1722) بەردەوام بوو، ئەگەرچی شا عەببباسی یەکەم هەموو توانای خۆی خستەگەڕ بۆ لاوازکردنی قزلباشەکان و نەهێشتنی ململانیی نەتەوەیی لەنێوان فارس و تورکەکان لەناو دەرباری سەفەویدا، بەلّام لە

کنەو پشکنینی شوێنەواری ئەنجامدراوە لەم قەڵایە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای بوژاندنەوەی قەڵای هەولێر لەسەرەتاوە پلانێکی پێنج ساڵەی بۆدانراوە بۆ کاری هەڵکۆلین لە ڕێکەوتی (2013/3/15) ،لە سەرەتادا دەستەیەکی باڵای هەڵکۆلین دەستنیشان کرا بۆ کاری هەڵکۆلینی شوێنەواری بە سەرۆکایەتی (عبدالله خورشید قادر) لەگەڵ چەند ئەندامێک لە شوێنەوارناسان ،جگە لە دەستەی باڵای هەڵکۆلین چەند ڕاوێژکارێکی بیانی دامەزران کە لە زانکۆی کامبریدجی بەریتانیەوە هاتبوون و پسپۆری شوێنەواریان هەبوو، هەروەها چەند پسپۆری تری شوێنەواری لە زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر و شوێنەوارناسان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و لێژنەی باڵای بوژانەوەی قەڵای هەولێر بەشداریان کردووە. کنەوپشکنینەکانی شوێنەواری لەم قەڵایەدا تاوەکو ئێستا چوار وەرزی هەڵکۆلینی تێدا ئەنجامدراوە، بەجۆرێک وەرزی یەکەم ئەنجامدراوە لە ڕێکەوتی (2013/4/1) تاوەکو (2013/6/30)،هەروەها وەرزی دووەم لە هەمان ساڵدا ئەنجامدراوە لە ڕێکەوتی (2013/8/10) تاوەکو (2013/10/20) (قادر وأخرون،2018، ص204). مەبەست لەم کنەو پشکنینیە لەلایەن دەستەی بوژانەوەی قەڵای هەولێر بۆ تیشک خستنەسەر قۆناغە مێژوویی و شارستانیەتەکانی ئەم قەڵا کۆنەیە کە پێیدا تێپەڕبووە، کە ناوەندێکی کۆنی شاری هەولێر بووە لە کۆن و ئێستادا، بەگوێرەی ئەو ماستەر پلانەی کە دانرابوو (7) ناوچە دەستنیشان کرد لەناو قەڵای هەولێر کەبریتی بوون لە ناوچەکانی (A,B,C,D,E,F,G) (هێلکاری ژمارە 1).



هێلکاری ژمارە 1 نەخشەی کنەو پشکنین لەقەڵای هەولێر وەرگیراوە لە(قادر وأخرون،2018،ص208)

سەرەتای کاری هەڵکۆلین لە ناوچەی (AREA-E) ئەنجام دراوە ، شوێنەکەی دەکەوێتە لێواری باکووری ڕۆژئاوای قەڵاکە،وەبەشی ڕۆژئاوای دەرگای سەرەکی قەڵاکە کە بەدەرگای (أحمدی) ناسراوە,هەڵبژاردنی ئەم خاڵە لەلایەن دەستەی باڵای هەڵکۆلین بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەیە کە یارمەتی دەردەبێت بۆ دۆزینەوەی شورای کۆنی قەڵاکە کەمەبەستی سەرەکی کاری هەڵکۆلینەکەبوو لەم قەڵایە،جگە لەمەش ئەم شوێنە ڕووبەرەکەی فراوانترە بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تر کە دەستنیشان کراون بۆ کاری هەڵکۆلین ،لەبەرئەوەی ناوچەکانی تر هەندێکیان خانووی نیشتەجێ بوونی تێدایە کۆڵانەکانی تەنگ و باریکە بۆیە کاری هەڵکۆلینی تێدا قورسترە و کەمتر زانیاری دەدات بەدەستەوە(قادر وأخرون، 2018، ص208)

لە ئەنجامی کنەو پشکنینی وەرزی یەکەم ودووەم توانرا بەشێک لە شورای کۆنی قەڵاکە بدۆزرێتەوە کەپێک دێت لە(بورج و دیواری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بورجەکە لەگەڵ دەرکەوتنی سەکۆیەک) ،ئەمە جگە لە دۆزینەوەی ڕێژەیەکی

زۆر لە گلێنەی جۆراوجۆر کەبەشی زۆریان دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی ئیسلامی ناوەڕاست (قادر وأخرون،2018، ص209-217).

لێژنەی هەڵکۆلینی شوێنەواری لەقەڵای هەولێر بڕیاریاندا بۆ وەرزی سێیەمی هەڵکۆلین بەردەوام بن لە ناوچەی (AREA-E) لە ڕێکەوتی (2014/9/1) بۆ دەستکەوتنی زانیاری زیاتر لەسەر مێژووی شورای کۆنی هەولێر،لەهەمان شوێنی وەرزەکانی تر لە ناوچەکانی بورج و دیواری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەردەوامبوون لە هەڵکۆلینی شوێنەواری، بەڵام سەبارەت بە وەرزی چوارەمی هەڵکۆلین لە ڕێکەوتی (2015/9/1) تاوەکو(2015/10/31) بەردەوامبوو ،هەڵکۆلینەکان لە دوو شوێن ئەنجامدرا کە بریتی بوون لە ناوچەکانی (AREA-E) بوو کەتیایدا مەبەستیان زیاتر دابەزین بوو لەهەڵکۆلین بەرەو خوارەوە بۆ قوڵاییی لە بەشی ڕۆژئاوای شوراکە،وەناوچەی دووەم بریتی بوو لە ناوچەی (AREA-G) کە دەکەوێتە بەشی باشووری قەڵاکە (هێلکاری ژمارە 1) مەبەست لێی دۆزینەوەی بەشێکی تری شورای کۆنی قەلاکەبوو (قادروئەوانی تر،2019،لا48-53). هەروەها لە ئەنجامی کنەو پشکنینی وەرزی سێیەم وچوارەم کەلە ناوچەی (AREA-E) ئەنجامدرابوو بەتایبەتی لە بەشی باکووری شوێنی هەڵکۆلین کە شورای کۆنی قەڵاکەی تێدا دۆزرابویەوە، هەستان بەناردنی سێ نمونە لەخەڵوز بۆ زانکۆی کامبریدجی بەریتانی بەمەبەستی شیکردنەوەی (C14) بۆزانینی تەمەنی چینە شوێنەواریەکان لەئەنجامدا دەرکەوت، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی سەدەی یەکەم تاوەکو نیوەی سەدەی سێیەمی زایینی دەرکەوت، کە ئەم چینە زۆر کۆنترە لە چینەکانی سەروورتر(قادروئەوانی تر،2019،لا60). دواتر لە دەرئەنجامی شیکردنەوەی دوو نموونە لە کەرپوچی دیواری ڕۆژهەڵات لە بەشی سەروو و خواروو لە تاقیگەکانی زانکۆی کامبریدج دەرکەوت، کە مێژووی یەکێکیان لەنێوان (800 تاوەکو 1120زایینی) نمونەی دووەم مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نێوان سالانی (1000 تاوەکو 1120زایینی (قادروئەوانی تر،2019،لا60).

بەپێی ئەم کنەو پشکنینە شوێنەواریە کەچوار وەرزی هەڵکۆڵین کراوە لەقەڵای هەولێر لە ئەنجامی شێکردنەوەی پارچە شوێنەواریەکان دەرکەوتووە کە چەندین سەردەمی جیاواز لەخۆ دەگرێت کە دەست پێ دەکات لەسەردەمەکانی (ئیسلامی ،ساسانی ، هیلنستی وفرثی و ئاشووری ،هەزارەی دووەمی پێش زایین)، هەرچەندە تاوەکو ئێستا لەبەشێکی زۆر بچوکی ئەم قەڵایە کەهەردوو ناوچەی (AREA-G /AREA-E) ئەنجامدراوە توانراوە دەرئەنجامێکی زۆر باش دەست بکەوێت لە زانینی بەشێک لە مێژووی قەڵاکە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لەسێ هەزار ساڵ پێش ئێستا بە بەردەوامبوون لە کنەو پشکنینی زیاتر لەم قەڵایە دەتوانرێت بەڵگەی زیاتر و باشتر بدات بەدەستەوە بۆ زانینی مێژووی ڕاستەقینەی قەڵاکە، کە گومان دەکرێت مێژووەکەی زۆر کۆنتر بێت لەم مێژووەی کە لە بەڵگەی مادی ناو قەڵا کەلە ئەنجامی کنەوپشکنین دۆزراوەتەوە(قادروئەوانی تر،2019،لا60-61).

3- نموونە وەرگیراوەکانی قەڵای هەولێر:

سەبیلە گلێنەییەکانی ئەم توێژینەوەیە لە کنەو پشکنینەکانی قەڵای هەولێر وەرگیراون لە سێ وەرزی هەڵکۆلین کە هەریەک لە وەرزەکانی (یەکەم ودووەم وسێیەم) کەلەسالەکانی (2013-2014) هەڵکۆلینی تێدا کراوە لەلایەن کۆمسێۆنی باڵای نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر ئەنجام دراوە، (15) نموونەی سەبیلی گلێنەیی وەرگیراون لە کۆی گشتی دەیان سەبیل لە ژووریک پاریزراون و لەقەڵای هەولێر، کە زۆربەیان سەبیلی تەواون تەنها چەند بەشێکیان لێ شکاوە و نەماوە لەگەل چەند نموونەیەک کە تەنها لوولەی دەمیان ماوەتەوە، کۆی گشتی سەبیلەکان پێشووتر هیچ خوێندنەوەیەکی زانستیان بۆ نەکراوە، توێژەر هەستاوە بە تۆمارکردنیان و شیکردنەوەیان بەشێوەیەکی زانستی، هەروەها بۆ هەر نموونەیەک لە سەبیلە وەرگیراوەکان هەستاوین بە وێنەگرتنی ڕووی دەرەوە وناوەوە لاتەنیشتی گلێنەکان، لەگەڵ وێنەکردنی شێوەی نەخش و زەخرەفەکانیان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕوونتر دیار بکەون.

4- مێژووی دەرکەوتنی سەبیل لە سەردەمی عوسمانی:

سەرەتای سەرهەڵدانی سەبیلی عوسمانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەی زایینی لە ئەستەنبوڵ لە دوای سەد ساڵ لە سەرهەڵدانی سەبیل لە ووڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکا(Grehan,2006,1352)، لە سەرەتادا لە ڕێگەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەفریقیا بەتایبەتی لە ووڵاتی مصر دەهێنرا بۆ ئەستەبوڵ بەتایبەتی لە نێوان ساڵانی (1601-1603زایینی)، دواتر سەبیل بەشێوەیەکی بەرچاو بڵاوبوویەوە بەناوچەکانی ئاسایای بچووک و بەلقان و ناوچە کەناراوەکانی دەریای ڕەش(Khalil,2018, 231).

هەروەها لە سەرچاوە میژووییەکاندا هاتووە، کە سەبیل لە نێوان ساڵانی (1599-1606زایینی) لە ووڵاتانی ئەمەریکاوە هێنراوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگەی ووڵاتانی ئەورووپیەوە، بەجۆرێک لە ووڵاتانی (بەریتانیا و هۆڵەندا و پورتوگال و ئیتالیا) وە سەبیل لەڕێگەی بازرگانی کردنەوە دەگوازرایەوە بۆ شاری ئەستەنبول لەڕێگەی دەریاوە، دەتوانین بڵێین یەکێک لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی سەبیل لە ئەستەنبول بریتی بوو لە سەرەنجدانی خەلک بۆ کەشتیگەلی بازرگانەکان بوو، کە لە ووڵاتانی ئەورووپیەوە دەهاتن بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بینینی دەریاوانەکان کاتێک سەبیلیان کێشاوە کاریگەری گەورەی هەبوو، لە بڵاوبونەوەی سەبیل لەلایەن خەڵکەوە بەشێوەیەکی خێرا(Simpson,2013, 252).

لە سەرچاوە میژووییەکاندا ئاماژە کراوە کەلە ساڵی (1633زایینی) سوڵتانی عوسمانی (مورادی چوارەم) کە حوکمی کردووە لە نێوان ساڵەکانی (1623-1640زایینی)، ئەم سوڵتانە هەستاوە بەدەرکردنی بڕیاری قەدەغەکردنی جگەرە کێشان، ئەمەش لە ئەنجامی ڕووداتی کەوتنەوەی ئاگرێکی گەورە لە ووڵاتی تورکیا، بە هۆکاری گوێنەدانی مامەڵەکردن بە ئاگر لە ساڵی جگەرە کێشاندا، لەگەل هەموو ئەو بڕیاری قەدەغەکردنانەدا کەلەلایەن سوڵتانی عوسمانی دەرکراوە بۆ مەبەستی پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیان نەتوانراوە کێشانی سەبیل بوەستێنن، بەتایبەتی خەڵکەکان سەبیلیان دەکێشا کاتێک لە قاوەخانەکانی ئەستەنبوڵ دادەنیشتن بۆ بەسەربردنی کات و قسەکردن و قاوە خواردنەوە، کێشانی سەبیل بەشێوەیەکی خێرا بە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا بڵاو بوبەوە، بۆیە ئەم دیاردەیە نەتوانراوە بەتەواوی کۆنترۆڵ بکرێت لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی(Bouzigard,2010,14)، هەرلەبەر ئەوە لە ساڵی (1646 زایینی) لە سەردەمی سوڵتان إبراهیمی یەکەم، کە حوکمی کردووە لە نێوان ساڵەکانی (1640-1648زایینی) بڕیارێکی دەرکرد بە کۆتایی هێنانی قەدەغەکردنی سەبیل و جگەرە کێشان، لەبەرئەوەی داهاتێکی گەورەی دەستەبەر دەکرد بۆ خەزێنەی دەوڵەت، تا وای لێ هات ئەم عادەتە زیانبەخشەی کێشانی سەبیل هەموو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەکانی دەوڵەتی عوسمانی گرتەوە، هەریەک لە پیاو و ئافرەت هەڵدەستان بە کێشانی سەبیل، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە دەدرا بە پیاوان، کە لە شوێنە گشتییەکاندا سەبیل بکێشن، بەڵام ئافرەتان تەنها لە ماڵەوە یاخود لە حەمامەکاندا دەیانکێشا، ئەم دیاردەیەش بە بەڵگە سەلمێنراوە بەوەی وێنەی ئافرەت دەرکەوتووە کە سەبیلی لە دەستە، ئەم وێنەیەش کێشراوە لەسەر دەفرێکی خەزەفی کە میژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (18 زایینی)(Simpson,2000b,15)(وێنەی ژمارە 1).

بڵاوبونەوەی سەبیل لە ووڵاتی حیجاز و یەمەن لە ساڵی (1590 زایینی) دەرکەوتووە، لەوانەیە لە ڕێگەی زەریایی هندییەوە گوازرابێتەوە بۆ ئەم شوێنانە، هەروەها لە چارەکی دووەمی سەدەی حەڤدەهەمی زایینیدا کێشانی توتن و سەبیل بەشێوەیەکی خێرا بڵاو بوبەوە لە ناوچەکانی (ئەفریقیا ، إیران ، هندستان ، چین و یابان)، دواتر لەهەمان سەردەمدا سەبیل هەندێک جار بەکارهاتووە بۆ کێشانی ماددەی تر جگە لەتووتن لەوانە(حەشیش و ئەفیون) (Simpson,2013, 253).

لە سەرەتادا لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی کێشانی جگەرەو سەبیل دەنگۆیەکی گەرمی دروست کرد، بەشێوەیەکی فەرمی لەهەموو جیهاندا بڵاوکرایەوە، بە جۆرێک کەنیسەی کاسۆلیکی هەڕەشەی لە جگەرە کێشەران دەکرد بە بەند کردنیان(Bouzigard,2010,14)، هەروەها لە سەرچاوەکاندا باسکراوە، کە چۆن لە ووڵاتی ئێراندا شا عەباسی یەکەمی سەفەوییەکان کە ماوەی حوکمی لەنێوان ساڵانی (1578- 1629 زایینی) بووە، فەرمانی دەرکردووە ئەگەر هاتوو هەر سەبیلێک بدۆزرێتەوە لەلای هەر سەربازێکدا ئەوا پێویستە بە زیندوویی لەگەڵ سەبیلەکەیدا بسووتێنرێت،

هەروەها گەشتیارێکی ئینگلیز ئاماژەی بەوەکردووە کە چۆن شا عەباس هەستاوە بە سوتاندنی باری (40) حووشتر لە تووتن کە لە ولاتی هندستانەوە هاتبوو، هۆکاری ئەم قەدەغەکردنەش لە ئەنجامی دەرچوونی فەتوای دینی زانیان بوو کەبەشێوەیەکی ڕوون ئاماژەیان بۆ کردووە، کە کێشانی تووتن و جگەرە زیانی هەیە و جۆرێکە لە بێ هۆشی، هەروەک زانایانی ئیسلام لەهەر چوار مەزهەبەکە ئاماژەیان بە حەرام کردنی جگەرە کردووە، لە ولاتی میسر لە ساڵی (1616 زایینی) کتابێک دەرچوو سەبارەت بە دووڕکەوتنەوە لە کێشانی تووتن وجگەرە لە لایەن شێخێکی میسری بەناوی إبراهيم اللقاني کە لە ساڵی (1631 زایینی) کۆچی دوایي کردووە(Simpson,2013, 253).

هەروەها یەکێکی تر لە زانایانی ئیسلامی کەلەسەر مەزهەبی حەنەفیە بەناوی (أحمد الرومي)باس لە بەڵگە یەکلاکەرەوە دەکات لە نووسینەکانیدا لەسەر تووتن نوسیویەتی ، کە تیایدا ئاماژە بە بەڵگەی قورئانی دەکات سەبارەت بە زێدەڕۆیی (إسراف) دەکات ، لەگەڵ هێنانەوەی بەڵگەی پزیشکی لەسەر کێشانی تووتن و جگەرە کە زیانی تەندروستی هەیە بۆ سەر مرۆڤ، هەروەها لە بەڵگەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوداي لەسەر بێت) باس کراوە کە ڕقی لە بۆنی ناخۆش و خواردنەوەی گەرم بووە، هەروەها نووسەرکانی تری عوسمانی باسیان لە زیانەکانی پزیشکی و کۆمەڵایەتی کردووە، کە کاردەکاتە سەر کەسایەتی جگەرەکێش، لەو نووسەرانەش بریتی بوون لە إبراهيم بيشيفى (1574- 1650 زایینی) ژیاوە لەگەڵ نووسەر کەتیب چەلەبی (حاجی خەلیفە)(1609 – 1657 زایینی) ژیاوە (Simpson,2013, 253) لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەی زایینیدا بەتایبەتی لە ساڵی (1720 زایینی) ڕێگەدرا بە کێشانی تووتن، لەلایەن موفتی شاری دمشق شێخ عبدالغني النابلسي (1641- 1731 زایینی) ژیاوە، باسی لەوە کردووە کە جگەرە کێشان وەک خواردن وایە ئەگەر هاتوو زیانی هەبوو ئەوا دەبێت وازی لێ بهێنرێت، ئەگەر وانەبوو ئەوا ڕێگە دەدرێت تووتن بکێشرێت، دواتر کێشانی تووتن بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردو بلاوبۆوە لە هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ماوەی سەدەی (18 – 19)زایینی(Bouzigard,2010,15).

کێشانی تووتن لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بوو بە سیمایەکی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بەتایبەتی لەگەڵ قاوە خواردنەوە، بەڵام ئەم دیاردەیە زیاتر لەلایەن پیاوانەوە باوتر بووە کەلە شوێنە گشتییەکاندا تووتن دەکێشرا، لەگەڵ ئەوەشدا باس لەوە دەکرێت شان بەشانی پیاوان ئافرەتانیش هەستاون بەکێشانی تووتن و سەبیل و قاوە خواردنەوە لە شوێنە گشتییەکاندا(Grehan,2007,149-150)، ئەم دیاردانەش بینراون لە ولاتانی سوریا و ئوردن لەلایەن چەند گەریدەیەک کە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەی زایینیدا سەردانی ئەم شوێنانەیان کردووە و بینیویانە، لەبەرئەوە کێشانی سەبیل ناوبانگێکی گەورەی بەدەستهێنا لەلایەن کۆمەڵگەی ئەوسەردەمەدا، ئەم ڕاستیەش بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە لە بەرهەم هێنانی سەبیل، بەجۆرێک هەستاون بە نەخش و زەخرەفەکردنی و گرنگی پێدانی بە جۆر و کوالیتی دروست کردنی سەبیل، هەر بۆیە لە سەردەمی عوسمانی جۆری سەبیل و شێوازی دروست کردنەکەی کەسایەتی خاوەنەکەی دیاری دەکرد، هەندێک لە دەست ڕۆیشتوەکان خزمەتکارەکانیان بەکاردەهێنا بۆ کڕینی سەبیل لە بازاڕەکان و دواتر خاوێنکردنەوەیان لە ئەستۆی ئەواندابوون، هەروەها کەسانی هەژار جۆر و کوالیتی خراپ لە سەبیلیان بەکارهێناوە، لەوڵاتی مصردا باس لەوە دەکرێت سەبیلی لەدار دروست کراو بەکارهاتووە، کە لوولەکەی لە قامیش دروست کراوە بەکارهاتووە لەلایەن کەسانی هەژار و کەم دەرامەت لە پیاوان و ئافرەتان، هەروەها جۆری سەبیلی دروست کراو لە داری گوێز یاخود عاج کە لوولەکەی لە قامیش دروست کراوە بەهەمان شێوە لەلایەن کەسانی هەژارو کەم دەرامەتی کۆمەڵگەی باکووری ئەفریقیا بەکارهاتووە(Simpson,2013, 257)، هەروەها لە هەندێک حاڵەتی تردا سەبیل بەکارهاتووە لە شێوەی کاغەزی لوول دراو هاوشێوەی جگەرەی ئێستا بووە یاخود لە شێوەی چاڵ لە زەوی دروست کراوە پێ دەگوترا (سەبیلی زەوی)، ئەم دوو جۆرە لە ناوچەکانی ئاسایا و ئەفریقیا ناسراوبووە و بەکارهاتووە، هەروەها لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە چۆن لە ماوە سی بۆ چلەکانی سەدەی بیستەم ڕەوەندەکانی جەزیرەی عەرەبی قەوانی فیشەکیان بەکارهێناوە بۆ کێشانی تووتن(Simpson,2000b,17).جگە لە جیاوازی بەکارهێنانی جۆری شێوازی باشی سەبیل لە نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکانی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمانەدا، بەهەمان شێوە جیاوازی بەدی دەکرا لە کێشانی تووتنی بەکارهاتوو لە کۆمەڵگادا، بەجۆرێک کەسانی دەوڵەمەند جۆری تووتنی باشیان بەکارهێناوە لە

سەبیلەکانیاندا وە بە پێچەوانەوە کەسانی هەژار تووتنی خراپیان بەکارهێناوە،لەبازاڕەکانی ئەستەنبوولدا بازاری تایبەت هەبووە بە کڕین و بەکرێدانی سەبیلی جۆراوجۆر، هەروەها کرێکاری تایبەت هەبووە بەخاوێن کردنەوەی سەبیلەکان، بەتایبەتی جوولەکەکان هەڵدەستان بەم جۆرە کارە بەشێوەیەکی گەڕۆک لە گەڕەکەکان دەسوڕانەوە بەمەبەستی خاوێن کردنەوەی سەبیل(Simpson,2013, 258).

سەبارەت بە دەرکەوتنی سەبیل وکێشانی تووتن لە ویلایەتی موصل و بەغدای سەردەمی عوسمانی بەشێوەیەکی بەرچاو لە شارە گەورەکاندا دەرکەوتن، وەک (بەغدا ، بەصرە ، موصل ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی)، شاری بەصرە یەکێک بووە لەم شوێنانەی کە سەبیلی بۆ ولاتی ئێران و دوورگەی عەڕەبی ڕەوانەکردووە، لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە بۆ یەکەمجار سەبیل دەرکەوتووە لە ساڵی (1616 زایینی)، وە لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەی زایینیدا زیاتر بڵاو بویەوە ،هاشێوەی ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بەشێوەیەکی خێرا سەبیل و کێشانی تووتن لە شارەکاندا بڵاوبۆوە، سەرەڕای دژایەتی کردن و قەدەغەکردنی کێشانی سەبیل لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، بەگوێرەی گێڕانەوەکانی مێژوو نووس (کاتب چەلەبی) باس لەوە دەکات کە سوڵتان مورادی چوارەم هەستاوە بە دەستگیرکردنی (15 بۆ 20) کەس لە سەرکردەکانی سوپاکەی بەتۆمەتی کێشانی سەبیل لە ساڵی هەڵمەتی سەربازی بۆ سەر شاری بەغدا لە ساڵی (1638زایینی)(KRITZECK,1964, 372).

سەرەڕای سزادانی بەکارهێنەرانی سەبیل لەلایەن سوڵتانەوە، بەڵام ئەمە پشتگوێ خراوە لەلایەن خەڵکەوە، بۆیە کشتوکاڵی تووتن بەشێوەیەکی فراوان دەرکەوت لە ناوچە جیاوازەکانی ویلایەتی موصل و بەغدا، تووتنی جیاواز و جۆراوجۆر بەرهەم دەهات لەم ناوچانە، ناوەکانیان جیاوازبوو، هەندێکیان ناو دەنرا بەو شوێنەی کە لێی بەرهەم هاتووە یاخود ناوەکەی ئاماژە بوو بۆ جۆری تووتنەکە، بەناوبانگترین جۆری تووتن بەرهەم دەهات لە ناوچەکانی ویلایەتی موصل لە جۆری بۆندار، کە دەتوانرا تووتنەکە بکێشرێت بەبێ زیادکردنی بۆن و گوڵاو بۆ تووتنەکە، لەگەڵ دەرکەوتنی جۆری تووتنی شیرازی کە ناوبانگێکی زۆری هەبووە ، لەگەڵ جۆرێکی تری تووتن کە ڕەنگێکی زەردی ئاڵتونی هەبووە، ئەم جۆرە تووتنە بە تەڕی خەزن دەکرا یاخود لە ساڵی فرۆشتندا بە ئاو تەڕیان دەکرد، هەروەها لە ناوچەکانی ویلایەتی بەغدا تووتنی هیندی ناوبانگی دەرکردبوو(Simpson,2013, 259)

یەکەم سەبیلی گڵێنەیی دۆزراوە لە کوردستان لە ئەشکەوتی شانەدەر دۆزراوەتەوە لە ئەنجامی کنەو پشکنینی شوێنەواری لەچینەکانی بەشی سەرەوەی ئەشکەوتەکە دۆزراوەتەوە(SOLECKI,1952,144-145). دواتر لە زۆربەی شارە گەورەکاندا لە ئەنجامی کنەو پشکنینی شوێنەواری چەندین سەبیلی جۆراو جۆر دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (18- 19 زایینی)، بەتایبەتی لە ناوچە جیاوازەکاندا ژمارەیەکی زۆر لە سەبیل دۆزراونەوتەوە کە زۆربەیان نەخش و زەخرفەی جۆراوجۆری لەسەر کراوە لەوانە زەخرەفەی ڕووەکی و ئەندازەیی، هەندێکیان لەقوڕ دروست کراون دواتر ڕووپۆش کراوە بە چینێکی تەنکی قوڕی سوور(Simpson,2013, 258-265)، هەروەها لە ئەنجامی کنەو پشکنینی شوێنەواری لە پارێزگای هەولێردا لە هەردوو قەڵای دوین و قەڵای هەولێردا چەندین سەبیلی گڵێنەیی دۆزراوەتەوە کە لە ڕووی شێوازی دروست کردن و نەخش و زەخرەفەدا هاوشێوەن لەگەڵ سەبیلە دۆزراوەکانی ناوچەکانی تری ویلایەتی موصل و بەغدا(إسماعیل،2022،لا134).




وێنەی ژمارە(1) دەفرێکی خەزەفیە لەشاری کوتاهیە وێنەی ئافرەتێکە سەبیلی لەدەستە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (18 زایینی)وەرگیراوە لە (Khalil,2018,235)


5- تەکنیکی دروستکردنی سەبیلی گڵێنەیی سەردەمی عوسمانی:

لە سەردەمی عوسمانیدا لە شێوازی دروست کردنی سەبیلی گڵێنەیی کاریگەربوون بە هەردوو شێوازی سەبیلی ئەوروپی و ئەفریقی، شێوەی سەبیلی گڵێنەیی ئەوروپی لەدوو بەشی سەرەکی پێک دێت، کە بریتییە لە دەفری تووتن کە شوێنی دانانی تووتن و سوتاندنیەتی، بەشی دووەم بریتییە لە لوولەی دەم کە لە ڕێگای ئەم لوولەیەوە دووکەڵ بە ڕێڕەوێکی باریک دەگوازرێتەوە بۆ دەم، ئەم شێوازەش پێی دەگوترێت کاۆلین (kaolin pipe). بەڵام جۆری ئەفریقی لە سێ بەش پێک دێت، ئەویش بریتییە لە دەفری تووتن کە سەبیلەکە دەگرێتەوە، لەگەڵ داری دووکەڵ کێش یان لوولەی پێ دەگوترێت، لەگەڵ مەبسەم یاخود پارچەی دەمی پێ دەگوترێت ئەم جۆرە سەبیلە پێ دەگوترێت شیبۆوک(chibouk) (Khalil,2018,235-236). (شێوەی ژمارە1).

سەبارەت بەتەکنیکی دروست کردنی سەبیلی گڵێنەیی عوسمانی لە جۆرە قوڕێکی خاوێن دروست دەکرا کە خەوش و خالی کەم بووە، ڕەنگی قوڕەکەی جۆراو جۆربووە لەوانە (سپی ، خۆڵەمێشی ، قاوەیی و ڕەش) دواتر دەخرایە ناو قاڵبێکی لەبەرد یاخود کانزا دروست کراوە کە لە دووبەش پێک هاتووە، دوای دەرهێنانی لەناو قاڵبەکە هەردوو دەرچەی دەفری تووتن و لوولەی دەمەکەی دەکرێتەوە لەڕێگای بڕینی پارچەقوڕەکی سەریان، دواتر سەبیلەکە نەخشی بۆ دەکرێت بە ڕێگای جیاواز لەوانە ڕێگای مۆرکردن کە زیاتر بۆ زەخرەفەی سادە بەکارهاتووە، بەڵام لە زەخرەفەی ئاڵۆزدا لەڕێگای دەستەوە ئەنجام دەدرا، بە ئامێرێک کۆتاییەکەی نوک تیژ و شێوەی دداندارى هەبێت یاخود ئامێرێک کۆتاییەکی مۆرکراو بێت بە زەخرەفەیەکی دیاریکراو.جۆری زەخرەفەکان پێک هاتبوون لە زەخرەفەی ئەندازەیی و ڕووەکی هەروەک لە (شێوەی ژمارە2)، دا قۆناغی دروست کردنی سەبیل دەردەکەوێت ، هەروەها سەبیلی گڵێنەیی سەردەمی عوسمانی ڕووی دەرەوەی ڕووپۆش دەکرا بە شووشە، یاخود ڕەنگ دەکرا بە ڕەنگی جۆراو جۆر لەوانە(سوور ، قاوەیی، زەرد ، سەوز) ، بۆ یەکەم جار وەستاکانی سەردەمی عوسمانی لەسەدەی حەڤدەی زایینیدا سەبیلی گڵێنەییان لە قوڕی سپی و خۆڵەمێشی دروست کردووە، دواتر لە کۆتایی سەدەی حەڤدە و سەرەتای سەدەی هەژدەی زایینیدا وەستاکانی عوسمانی هەستان بەبەکارهێنانی قوڕی سوور لە دروست کردنی سەبیلی گڵێنەیدا، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی لە ناوچەکانی ئاسیای بچووک و نیمچە دوورگەی قرم وبەڵقان بڵاوبوویەوە، پاشان سەبیلی گڵێنەیی پلەبەپلە گۆرانکاری بەسەردا هات لەدوای زیادبوونی بەرهەم هێنانی تووتن گۆڕانکاری کرا لە شێوە و جۆری دەفری تووتنی سەبیل لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەرەتای سەدەی حەڤدەوە تاوەکو سەدەی بیستی زایینی(Bouzigard,2010,18-19).



شێوەی ژمارە(1) شێوازی سەبیلی ئەوروپی و ئەفریقی وەرگیراوە لە(Bouzigard,2010,15)



شێوەی ژمارە(2) تەکنیکی دروست کردنی سەبیلی عوسمانی وەرگیراوە لە (Khalil,2018,236)

یەکێک لە سەرچاوە یەمەنییەکان کە لەلایەن مێژوونووس (القاسم) نووسراوە، باس لەوە دەکات کە دوو جۆر لە کێشانی تووتن هەبووە، یەکەمیان بە ئاو بووە ئەوی تریان کیشانی تووتنی ووشک بووە، هەروەها باس لەوە دەکات کە کێشانی تووتنی ووشک باوتربووە وەک لە ڕێگای ئاوی کە بەهۆی شیشە یاخود نێرگەلەوە دەکێشرێت، کەبە یەکێک لە داهێنانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادنرێت (Simpson, 2000b,15).

سەبیلی گڵێنەیی ئەوروپی کەناسراوە بە (کاۆلین–kaolin) لەناو شاری ئەستەنبول بەکارهاتووە کە لە ڕێگەی دەریاوە لە وڵاتانی ئەوڕوپییەوە هاوردە دەکرا(Robinson,1985,153). بەڵام جۆری سەبیلی گڵێنەیی بەکارهاتوو لە زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بریتی بوو لە جۆری ئەفریقی(ڕۆژهەڵاتی) کە ناسراوە بە(شیبۆوک)، کە لە ڕێگەی باکووری ئەفریقیاوە هاوردەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرا، زیاتر ئەم جۆرە سەبیلە باوتربووە لەلایەن خەلکەوە و

گرنگیان پێداوە بۆ کێشانی تووتن(Baram, 2000, 149)، سەبیلی جۆری شیبۆک هەروەک لە پێشووتر ئاماژەمان پێکردووە لە سێ بەش پێک هاتووە (دەفری تووتن ، لوولەی دوکەڵکێش و مەبسەم)، دەفری تووتن لە ماددەی جۆراوجۆر دروست کراوە لەوانە(دار، بەرد، کانزا) بەڵام باوترینیان ماددەی قوڕە، داری دوکەڵکێش لە دار یاخود لە قامیش دروست دەکرا، کە درێژیەکەی لە نێوان (1–4 م) بووە، بەشی مەبسەم لە سەبیلدا لە بەردی بەنرخ دروست دەکرا لەوانە(کەهرەمان ، مەرجان) یاخود هەندێک جار ئاڵتوونی بۆ زیاد دەکرا بەپێی ئارەزووی کڕیارەکە(Robinson,1983,266).

ئەگەر سەرنج بدەین لە ڕووی شوێنەواریەوە زیاتر دەفری تووتنی سەبیل بەڕێژەیەکی زۆر لە ناوچە شوێنەوارییەکاندا دەدۆزرێتەوە، لەبەرئەوەی بە قوڕ دروست کراوە، هەروەها بەئاسانی دەشکێت وە دوای فڕێدانی بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە، بەڵام داری دوکەڵکێش بە دەگمەن دەدۆزرێتەوە، لەبەرئەوەی لە ماددەی ئەندامی دروست کراوە بەرگەی کەش و هەوا ناگرێت و شی دەبێتەوە، هەروەها سەبارەت بە پارچەی مەبسەم لە سەبیلدا بەهەمان شێوە بە دەگمەن دەدۆزرێتەوە، لەبەرئەوەی لە ماددەی بەنرخ دروست کراوە دووبارە بەکاریان هێناوەتەوە بۆ مەبەستی تر(Baram,1999, 142).

بەهۆی جیاوازی کەش وهەوا و جیاوازی کەلتوریەوە، بووە هۆی سەرهەڵدانی دوو جۆر لە سەبیلی گڵێنەیی لەئەوروپاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەر ئەوەی کەش وهەوای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەرمە بۆیە ڕەزامەندی لەسەر کێشانی (دوکەڵی سارد) زیاتربووە، وە بە پێچەوانەوە لە وڵاتانی ئەورووپی بە هۆی کەش وهەوای سارد ئارەزوویان لەسەر کێشانی (دوکەڵی گەرم) زیاتر بووە، بۆ ئەم مەبەستە چارەسەری ئەمە کراوە لە ڕێگای ساردکردنی دوکەڵی تووتنەکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی داری دوکەڵکێش، لەبەرئەوەی درێژی داری دوکەڵکێش وادەکات دوکەڵەکە سارد ببێت تاوەکو دەگاتە دەم، هەندێک جار قوماشی حەریری تەڕکراو بەکارهاتووە بۆ داپۆشینی داری دووکەڵکێش بۆ زیاتر ساردکرنی دووکەڵ. ئەو ناوچانەی زیاتر گەرم بوون لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی بەتایبەتی بەشی باشووری، داری دوکەڵکێشی سەبیل درێژیان بەکارهێناوە کە هەندێکیان درێژیەکەی دەگەیشتە (4م)، بەڵام لە ناوچەکانی باکووری ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی کە گەرمیەکەیان کەمتربووە، داری دوکەڵکێشی کورتیان بەکارهێناوە کە درێژیەکەی لە نێوان (20 سم – 1م) بووە(Dekkel,2008,114).

6- جۆر و بەشەکانی سەبیلی توێژینەوەکە:

لە ئەنجامی دیراسەکردنی سەبیلەکانی قەڵای هەولێر بۆمان دەرکەوتووە کەوا سەبیلەکانی قەڵای هەولێر لە جۆری شیبۆکە بەڵام شێوە و قەبارەی جۆراو جۆریان هەیە لێرەدا ئاماژە بە جۆر و بەشەکانیان دەکەین.

1.6- جۆری یەکەم: لاشەی تووتن کە شوێنی سووتاندنی تووتنەکەیە لەشێوەی لوولەییە قەبارە گەورەیە، تا بەرەو لێوار بڕۆین لوولەکە فراوانتر دەبێت، بنکەی شێوە بازنەیی یاخود شێوەی خڕیان هەیە، دەفری تووتن و بنکەکەی ڕازاوەتەوە بە زەخرەفەی جۆراو جۆر، دەفری تووتن بەستراوەتەوە بە لوولەیەکی درێژی باریک، کە درێژیەکەیان جیاوازە، بەهۆی ئەم لوولەوە لەڕێگەی کونێکی تەسکەوە دووکەڵ دەگوازرێتەوە بۆ دەم، ئەم لوولەیە ڕازاوەتەوە بە زەخرەفەی جۆراوجۆر کۆتایی دێت بە لێوارێکی ئەستووری بارز یاخود هەندێکیان لێواری سادەی وەرگرتووە لەنموونەی ئەم جۆرە سەبیلانە وەک سەبیلی ژمارە(1، 2، 3، 4، 5، 8، 9).

2.6- جۆری دووەم: ئەم جۆرەیان دەفری تووتنەکەی قەبارەیەکی بچووکی هەیە لەشێوەی لوولەیی کورتە، زەخرەفەی بۆ کراوە، بنکەکەی لەشێوەی ڕاستی تەختە، بەستراوەتەوە بە لوولەی دەم کە شێوەی لوولەیی درێژی هەیە، کە لە لێوارەکەیدا فراوانتر دەبێت، لێوارەکەی کۆتایی دێت بە زیادەیەکی بارزی تیژ (سەبیلی ژمارە 6، 7).

3.6- جۆری سێیەم: ئەم جۆرەیان دەفری تووتنەکەی لە شێوەی نیمچەخڕدایە و قەبارەیەکی بچووکی هەیە، بنکەکەی لە شێوەی خڕدایە، لاشەو بنکەکەی ڕازاوەتەوە، دەفری تووتن بەستراوەتەوە بە لوولەیەکی باریک کۆتایی دێت بە زیادەی بارز کە نەخشی جۆراو جۆری بۆ کراوە (سەبیلی ژمارە 8).

4.6- جۆری چوارەم: ئەم جۆرەیان قەبارەی گەورەیە و جیاوازە لە سەبیلەکانی تر، بەجۆرێک شێوەکەی لە پیتی (L) ئینگلیزی دەچێت، دەفری تووتنەکەی شێوەی لوولەیی درێژە لە ناوەڕاستی زیادەی شێوەی تیژی هەیە، نەخش و زەخرەفەی بۆ کراوە، بنکەیەکی شێوە ڕاستی هەیە، بەستراوەتەوە بە لوولەی دەم شێوەکەی لوولەیی باریکە تابەرەو لێوار بڕۆین لوولەکە باریکتر دەبێتەوە(سەبیلی ژمارە 10).

5.6- جۆری پێنجەم: دەفری تووتن لە دوو قات پێک هاتووە نێوانیان داخراوە بە پارچە قوڕێکی بازنەیی کونکراو، کە لەڕێگەی (5) کونی بچووکەوە دووکەڵ دەگوازرێتەوە بۆ دەم، بەشی سەرەوەی دەفری تووتن شێوەیەکی لوولەی هەیە لەکۆتاییەکەیدا فراوانتر دەبێت و زەخرەفەی بۆکراوە، بەشی خوارەوەی دەفری تووتن شێوەیەکی خڕی هەیە بەڵام زەخرەفەی بۆ نەکراوە، ئەم بەشەی بەستراوەتەوە بە لوولەی دەم کۆتایی دێت بە زیادەی بارز، زەخرەفەی بۆ نەکراوە(سەبیلی ژمارە 11).

6.6- جۆری شەشەم: ئەم جۆرەیان بەتەواوی جیاوازە لەکەڵ سەبیلەکانی تر لە ڕووی شێوەو قەبارەدا، بە جۆرێک سەبیلەکە تەنها پێک دێت لە دەفری تووتن بەبێ بوونی لوولەی دەم ، دەفری تووتن لە دووقات پێک دێت نێوانیان داخراوە لە ڕێگەی پارچە قوڕێکی بازنەیی کە لە ڕێگەی (5) کونی بچووکەوە دووکەڵ دەگوازێتەوە بۆ بەشی خوارەوەی دەفری تووتن، بەشی سەرەوەی دەفری تووتن شێوەیەکی لوولەی وەرگرتووە زەخرەفەی بۆ کراوە، بەشی خوارەوەی شێوەکەی خڕە، بنکەکەی شێوەی بازنەیی بەرزی هەیە، لە ناوەڕاستی بەشی خوارەوەی دەفری تووتن دەرچەیەکی شێوە بازنەیی هەیە کە شوێنی دانانی داری دوکەڵکێشە لە ڕێگەیەوە دووکەڵ دەگوازێتەوە بۆ دەم(سەبیلی ژمارە 12)

7- ڕەنگ و جۆری قوڕی بەکارهاتوو لەدروستکردنی سەبیلەکانی قەڵای هەولێر:

لە ئەنجامی دیراسەکردنی قوڕی سەبیلەکانی قەڵای هەولێر بۆمان دەرکەوتووە، کە قوڕی بەکارهاتوو لە دروست کردنی سەبیلەکاندا لە جۆری خاوێنە، واتە خەوش وخاڵی کانزایی کەمە، هەروەها خەوش وخاڵی ئەندامی کەلە گڕو گیا و ڕەگی ڕووەکی مردوو دروست دەبێت لە قوڕی گڵێنەکاندا نابینرێن، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت وەستاکانی سەردەمی عوسمانی هەولێیان داوە قوڕەکە پاک بکەنەوە لەم خەوش و خاڵانەی کە لەسروشتدا تێکەڵ دەبێت لە گەڵ قوڕدا، بۆ ئەوەی سەبیلەکە تووشی درزو شکان نەبەت، ڕەنگی ئەو قوڕانەی بەکارهاتوو لە دروست کردنی سەبیلەکانی قەڵای هەولێر جۆراوجۆرن لەوانە:

1.7.ڕەنگی قوڕی سپی یان خۆڵەمێشی بەکارهاتوو لە سەبیلی توێژینەوەکە:

ڕەنگی قوڕی سپی یان خۆڵەمێشی کۆنترین جۆری قوڕن کە لە زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بەکارهاتووە لە دروست کردنی سەبیلی گڵێنەیی، مێژووی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی حەڤدەی زایینی و سەرەتای سەدەی هەژدەی زایینی(Hayes,1980,101). ئەو سەبیلانەی بەم جۆرە قوڕە دروست کراون لە جۆری خاوێنە، ڕووی دەرەوەی لووسکراوە هەرەوەک سەبیلی ژمارە(14، 15)، هەروەها جۆرێکی تری سەبیل کە لە ڕەنگی خۆڵەمێشی دروست کراوە ڕووی دەرەوەی ڕووپۆش کراوە بە چینێکی تەنکی شووشەیی ڕوون(شفاف) وەک سەبیلی ژمارە(8).

2.7. ڕەنگی قوڕی قاوەیی بەکارهاتوو لە سەبیلی توێژینەوەکە:

ڕەنگی قوڕی قاوەیی بە باوترین جۆری قوڕ دادەنرێت لە دروست کردنی سەبیلی گڵێنەیی عوسمانی، ئەم جۆرە سەبیلانە بەڕێژەیەکی زۆر لە ئەنجامی کنەو پشکنینی شوێنەواری لە زۆربەی ناوچە شوێنەواریەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەدۆزرێنەوە، ئەم جۆرە قوڕە لە کۆتایی سەدەی حەڤدەی زاینیدا لە دەوڵەتی عوسمانی بەدەرکەوت، بەڵام لە سەدەی هەژدەی زاینیدا زیاتر بڵاوبوویەوە، ئەم جۆرە سەبیلانە ناوبانگیان دەرکردبوو لەناو خەڵکی بە (سەبیلی قوڕی سوور)، ئەم جۆرە سەبیلە بەردەوامبوو تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم، تاوەکو جگەرە شوێنی سەبیلی گرتەوە(Khalil,2018,249)، زۆربەی ئەو سەبیلانەی لە کنەو پشکنینی قەڵای هەولێر دۆزراونەتەوە لە ڕەنگی قاوەیی دروست کراون، لە جۆری قوڕێکی باش و خاوێن، زۆربەی سەبیلەکان چارەسەرکردنی ڕووی دەرەوەیان بۆ کراوە لە ڕێگەی (لووسکردن یان سافکردن)، هەروەها هەندێکیان ڕووی دەرەوەیان ڕەنگکراوە بە ڕەنگی سوور وەک سەبیلەکانی

ژمارە(1، 2، 3، 4، 7، 13). یاخود هەندێکیان ڕووی دەرەوەیان ڕەنگکراوە بە ڕەنگی قاوەیی وەک لە سەبیلەکانی ژمارە(5، 6، 9، 10).

3.7.ڕەنگی قوڕی ڕەشی بەکارهاتوو لە سەبیلی تۆڕێنەوەکە:

قوڕی ڕەش جۆرێکی تری بەکارهاتووە لە دروست کردنی سەبیلی گلێنەیی قەڵأی هەولێر، دوو نمونەمان بەدەست گەیشتووە، کە لەم جۆرە قوڕە دروست کراون، یەکێکیان ڕووی دەرەوەی ڕووپۆش کراوە بە چینێکی تەنکی شووشەیی ڕوون (شفاف) وەک لە سەبیلی ژمارە(11)، ئەوی تریان ڕووی دەرەوەی لووسکراوە سەبیلی ژمارە(12).

8-جۆرەکانی نەخش و زەخرەفە و ڕێگاکانی جێ بەجێکردنی:

1.8.جۆرەکانی زەخرەفەی بەکارهاتوو لە ڕازاندەوەی سەبیلی تۆڕێنەوەکە:

نموونەی سەبیلەکانی وەرگیراوەکانی قەڵای هەولێر زەخرەفەی جۆراوجۆری لەسەر نەخش کراوە لە وانە: ڕووەکی و ئەندازەیی وێنەی ئاژەڵی، لێرەدا تیشکمان خستۆتە سەر گرنگترین ڕەگەزەکانی زەخرەفە بەکارهاتووەکانی نموونەی سەبیلەکانی ئەم تۆڕێنەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1.1.8. زەخرەفەی ڕووەکی :

مەبەست لە زەخرەفەی ڕووەکی هەموو ئەو پێکهاتە زەخرەفیانە دەگرێتەوە، کە پشت دەبەستێت بە ڕەگەز و یەکە جیاوازەکانی ڕووەک، جا چ بەشێوەیەکی سروشتی نەخش کرابێت، یاخود بەشێوەی هێماو ڕەمزبێت دوورلەشێوەی ڕاستەقینەی خۆی کێشرابێت(الجنابی، 1978،لا143 ؛ مرزوق، 2007،لا140)، زەخرەفەی ڕووەکی گاریگەری ڕوون وئاشکرای خستۆتە سەر زەخرەفەی ئیسلامی، هەروەک ئاشکرایە کە هونەرمەندی موسڵمانەکان خۆیان بەدوور گرتووە لە لاسایکردنەوەی سروشت (حسن،1948،لا250)، لەوانەیە بیرۆکەی حەرامبوون و ڕق لێ بوونەوەی وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵ لە سەردەمی ئیسلامی کاریگەری گەروەی کردبێتەسەر هونەرمەندی موسوڵمان بۆ ئەوەی بیر لە زەخرەفەی ڕووەکی کردبێتەوە و گرنگی زۆری پێبدا (الجمعة،1992،لا344)، هونەرمەندەکان لە زەخرەفەکردندا قەد و گەڵای ڕووەکیان بەکارهێناوە، کە تایبەتمەندە بە شێوازی دووبارە و بەرامبەر یەکتر کە لەڕاستیدا شێوەیەکی ئەندازەیی وەرگرتووە، کە ئەمەش بە شێوازی هێماو ڕمز لە هونەری ئیسلامی دەناسرێت(الأنباری،2009،لا124).

-زەخرەفەی ڕووەکی دەرکەوتووە لەسەر هەندێک نموونەی سەبیلەکانی تۆڕێنەوەکە، گرنگترین ئەو ڕەگەزە ڕووەکیانەی دیاریمان کردوون ئەوانەی خوارەوەن:

1- گەڵای مێو: باوترین ڕەگەزی زەخرەفەی ڕووەکیە کە بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە لە ڕازاندنەوەی شاری سامەڕا، بەتایبەتی لە بەکارهێنانی زەخرەفەی سەر گەچ لە تەرزی یەکەم و دووەمدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرایە کە شێوازی بەکارهێنانی گەڵای مێو لە پێش ئیسلامدا دەرکەوتووە(المالکی،2008،لا98).

گەڵای مێو بەشێوەی جۆراو جۆر دەرکەوتووە لە ڕازاندنەوەی سەبیلەکان، بەجۆرێک بەشێوەی گەڵای سێ لایی نزیک لەشێوەی سروشت بەتەنیا و بێ لق و پۆپی ڕووەکی دەردەکەوێت لە سەبیلی ژمارە (8) ، کە لاشەی توتنی پێ ڕازاوەتەوە بەشێوەیەکی چرو پڕ، بەڵام لە سەبیلی ژمارە (7)دا گەڵای سێ لایی و پێنج لایی کە لە لق و پۆپی ڕووەکی دەردەچێت بەشێوەیەکی نزیک لە شێوەی ڕاستەقینەکەی کێشراوە، هەروەها لە بەشی خوارەوەی سەبیلی ژمارە(15) دەردەکەوێت.

2-گەڵای شێوە بادەمی: ئەم گەڵایە دەرکەوتووە لە سەبیلی ژمارە(3) بەجۆرێک لە لق وپۆپی ڕووەکی بازنەیی دەرچووە.

3-گەڵای شێوە ڕم(رمح):ئەم گەڵایە کۆتاییەکەی هاوشێوەی (ڕم)ە، هەندێک لەم گەڵایانە لەلق و پۆپی ڕووەکی دەرچووە بەشێوەیەکی نزیک لەسروشت لە سەبیلی ژمارە(13)، یاخود بەتەنیا وێنەیان کێشراوە هەروەک لە سەبیلی ژمارە(3، 5، 10).

4-گەڵای شێوە نیوە بازنەیی: ئەم جۆرە گەڵایە دەرکەوتووە بەشێوەیەکی بارز دووبارە بۆتەوە لە بەشی خوارەوەی لێواری دەمی سەبیلی ژمارە (15).

5-گوڵ: ڕەگەزی گوڵ بەشێوە جۆراو جۆرەکانی بەیەکێک لە هێما پیرۆزەکان هەژمار دەکرێت لە بیرو باوەڕی کۆنەکانی پێش ئیسلام، گوڵ بەشێوە سروشتیەکەی لە زۆربەی هونەرەکانی پێش ئیسلام بڵاو ببۆوە، لەگەڵ هەندێک جیاوازی لە پێکهاتەو شێوەکەی، بەجۆرێک لە زۆربەی هونەرەکانی عێراقی کۆندا گوڵ بەکارهاتووە، لەوانە شارستانیەتی سۆمەری بابلی و ئاشوری (إسماعيل،2013،لا73).هەروەها لە سەردەمی ئیسلامیشدا گوڵ گرنگی زۆری پێدراوە لەهونەرەکانی سەردەمی ئومەوی و عەباسیدا وە بەشێوەیەکی بەرچاو بەکاریانهێناوە(الأنباری،2009،لا125).

گڵێنەسازی سەردەمی عوسمانی هەستاون بە نەخش کردنی وێنەی گوڵ لە ڕازاندنەوەی سەبیلەکان هەندێک کات بەشێوەیەکی سروشتی وێنەیان کێشاوە، بەڵام بەشی زۆری گوڵەکان بەشێوەیەکی دوور لەڕاستەقینە وێنەی کێشراوە کە زیاتر شێوەی ئەندازەییان وەرگرتووە، بەجۆرێک گوڵەکان پەلکەکانیان جیاوازن لە ژمارەدا، لەوانە گوڵی چوار لایی دەردەکەوێت لە سەبیلی ژمارە(15) کەبەشێوەیەکی دوور لەڕاستەقینە کێشراون، هەروەها گوڵی شەش لایی لەناو بازنەدا دەردەکەوێت لە سەبیلی ژمارە(1)، یاخود گوڵی شەش لایی دەرکەوتووە بەجۆرێک هەندێکیان پەلکەکانی مەعینی دەردەکەوێت وهەندێکی تریان پەلکەکانی لەشێوەی بازنەی وێنەی کێشراوە سەبیلە ژمارە(4)، هەروەها گولی بەشێوەی حەوت لایی دەردەکەوێت، کە لایەکانی لەشێوەی بازنەیی بچووکدایە هەروەک لە سەبیلی ژمارە(6، 11)، بەشێکی تر لەگوڵەکان بەشێوەی هەشت لایی دەرکەوتوون کە لایەکانی بەشێوەی بازنەیی بجووک کراون لە بنکەی سەبیلی ژمارە(2، 3، 5). لە بەشێکی تری سەبیلەکاندا گوڵ بەشێوەی سروشتی نزیک لە شێوەی ڕاستەقینەکەی دەرکەوتووە، بەجۆرێک لە سەبیلی ژمارە(7)دا گوڵەکە لق و پۆپ گەڵای لێوە دەردەچێت، بەهەمان شێوە لە سەبیلی ژمارە(13)دا بەشێوەیەکی سروشتی وێنەی کراوە بەجۆرێک کە قەدی گوڵەکە لی زەویەوە دەردەچێت و گەلاکانی لەشێوەی (ڕم)دایە.

6- لق و پۆپی ڕووەک: لق و پۆپی ڕووەک کە چواردەوری گەڵای داوە بەشێوەیەکی لولپێچی هەروەک لە سەبیلی ژمارە(3)، یاخود وەک ڕەگەزێکی سەرەکی وێنەی کێشراوە کە لە گوڵ دەردەچێت بەشێوەیەکی سروشتی هەروەک لە سەبیلی ژمارە(7، 13).

7- دار خورما: داری خورما نزیک لە شێوە ڕاستەقینەکەی دەرکەوتووە لەڕازاندنەوەی بنکەی سەبیلەکانی ژمارە(2، 3، 5)، یاخود لە شێوەی ڕاستەقینەی خۆی دەرکەوتووە لەڕازاندنەوەی لێواری دەمی سەبیلی ژمارە(14)دا، بەجۆرێک یەکێکیان ئاراستەکەی بۆ سەرەوەیە ئەوی تریان بۆ خوارەوەیە.

2.1.8 . زەخرەفەی ئەندازەیی:

زەخرەفەی ئەندازەیی لە زۆربەی هونەرەکانی پێش ئیسلام بەکارهاتووە، بەڵام بەکارهێنانی لە هونەری زەخرەفەدا بەشێوەیەکی سادەو ساکار بووە، کە خۆی دەبینێتەوە لە هێلی شکاوە کە وەکو چوارچێوە یاخود وەکو شریتی زەخرەفی سادە بەکارهاتووە(حسن،1948،لا148)، بنچینەی بەکارهێنانی ئەم زەخرەفەیە پشت بە خاڵ و هێل بەجۆرەکانیەوە،جگە لەمانە هونەرمەندی مووسڵمان لە بەکارهێنانی زەخرەفەی ئەندازەیی پشتی بەستووە بە هەندێک ڕەگەزی تری ئەندازەیی وەک(سێگۆشە، چوارگۆشە، مەعین، بازنە)(العلي،1990،لا149).

هونەرمەندی مووسڵمان لە بەکارهێنانی زەخرەفەی ئەندازەیی گەیشتن بە ئاستێک کە هاوتای نەبووە لە شارستانیەتەکانی پێش ئیسلام، لەوانەیە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و هەڵوێستی زانایانی ئیسلام سەبارەت بە حەڕام کردنی وێنەی بوونەوەری زیندوو کاریگەری گەورەی هەبوبێت لەسەر پێشکەوتنی ئەم جۆرە زەخرەفەیە(مرزوق،1944،لا3).

- لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی نموونەی سەبیلەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەرکەوتووە کەوا ڕەگەزی زەخرەفەی ئەندازەیی جۆراوجۆر بەکارهاتووە، کە لەڕووی شێوازی جێ بەجێکردنیان جیاوازن، گرنگترین ئەو زەخرەفە ئەندازەییانەی دەرکەوتوون لەسەر سەبیلەکان ئەمانەی خوارەوەن:

1-بازنە و نیوە بازنە: بەشێوەی جۆراو جۆر لە سەبیلەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبینرێت، کە زیاتر وەکو شێوەیەکی ئەندازەیی زەخرەفەی تری لەناوکێشراوە، وەکو لە سەبیلەکانی ژمارە(1، 2، 3، 5، 6، 11) دەردەکەوێت کە وێنەی گوڵی لەناوکێشراوە، هەروەها لە دروست کردنی وێنەی خودی گوڵەکە بەکارهاتووە کە پەلکەکانی بەشێوەی بازنەیی بچووکن سەبیلی ژمارە(3، 5، 6)، یاخود بازنەی بچووک بەکارهاتووە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان گەڵا و گولەکان سەبیلی

ژمارە(7)، هەروەها شێوەی نیوە بازنە دەرکەوتووە بەجۆرێک چواردەوری داری خورمای داوە هەروەک لە سەبیلی ژمارە(2، 3، 5).

2-زەخرەفەی دداندار(المسننة): ئەم جۆرە زەخرەفەیە پێک دێت لە هێلی شکاوەی بچووک هاوشێوەی ددانی مشار وایە، بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە لە ڕازاندنەوەی سەبیلەکان، بەجۆرێک وەکو شریتی زەخرەفی بەکارهاتووە لە لێواری دەم لێواری تووتن و بنکەی سەبیلەکان هەروەک لە سەبیلی ژمارە(2، 3، 4، 5، 8، 10، 14، 15).

3-شێوەی مەعینی: ئەم جۆرە زەخرەفەیە دەرکەوتووە بەشێوەیەکی ستوونی لەسەر یەکێک لە سەرەکانی ڕاوەستاوە، ناوەڕاستی هێلێکی ستوونی بەناوەڕاستیدا کێشراوە، یاخود هەندێکی تر لەناوەڕاستیدا وێنەی بازنە کێشراوە سەبیلی ژمارە(2)، هەروەها لە سەبیلی ژمارە(4)دا شێوەی مەعینی بەکارهاتووە لە دروستکردنی پەلکی گوڵەکان.

4-شێوەی سێگۆشە: وەکو شریتی زەخرەفی دەبینرێت لە ڕازاندنەوەی لاشەی توتن، بەجۆرێک ئاراستەی هەندێکیان بۆسەرەوەیە ئەوی تریان بۆ خوارەوەیە سەبیلی ژمارە(6، 9)، هەروەها شێوەی سێگۆشە وەکو چوارچێوە بەکارهاتووە کە زەخرەفەی ڕووەکی لەناو کێشراوە سەبیلی ژمارە(3، 5).

5-شێوەی بادەمی: ئەم جۆرە زەخرەفەیە بەکارهاتووە وەکو شریتی زەخرەفی کە لاشەی توتنی پێ ڕازاوەتەوە وەک لە سەبیلی ژمارە(1، 2).

6- دەنکۆڵەی تەسبیح: پێک دێت لە بازنەی بچووک بڵاوبۆتەوە لە نێوان ڕەگەزی زەخرەفی ڕووەکی بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوانیان وەک لە سەبیلی ژمارە(13)، یاخود لەشێوەی دوو بازنەی لەناو یەکتر دەردەکەوێت لە سەبیلی ژمارە(6).

7-هێلی ئەندازەیی: ئەم جۆرە زەخرەفەیە بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە لە ڕازاندنەوەی سەبیلەکان، لەبەر ئەوەی نەخشاندنی ئاسانە، شێوە و ڕێگای جێ بەجێ کردنیان جیاوازە، هەندێکیان وەکو چوارچێوە یاخود بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکارهاتووە، شێوەی هێلی ئاسۆیی کورت ودرێژ دەرکەوتووە لە سەبیلی ژمارە(2، 3، 4، 6، 7)، یاخود بەشێوەی لار دەرکەوتووە لە سەبیلی ژمارە 3، 9، 12، 14)، یان لەسەر شێوەی پیتی (Z) ئینگلیزی دەردەکەوێت لە بنکەی سەبیلی ژمارە(4)، هەروەها هێلی یەکتربڕ لە شێوەی پیتی (V) ئینگلیزی دەبینرێت، کە پڕ کراوەتەوە بە زەخرەفەی ددانداری سەبیلی ژمارە(8)، هێلی ستوونی دەرکەوتووە لەگەڵ زەخرەفەی ددانداری یان بەشێوەی سەربەخۆ هەروەک لە سەبیلی ژمارە(10، 14)، جگە لە دەرکەوتنی هێلی چەماوە بەشێوەیەکی چاڵ دەردەکەوێت، کە لە ڕێگەی نیۆکی پەنجەی دەستی گلێنەساز جێ بەجێ کراوە، بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەردەکەوێت بەشێوەی ستوونی لەسەر یەکتر نەخش کراوە سەبیلی ژمارە(11)، هەروەها لە سەبیلی ژمارە(12)دا هێلی چەماوەی چاڵکراو بەکارهاتووە وەکو ئاماژە بە بڕۆی باڵندە.

3.1.8. زەخرەفەی ئاژەڵی:

لە ئەنجامی دیراسەکردنی سەبیلەکانی قەڵای هەولێر بۆمان دەرکەوتووە کە لەیەکێک لە سەبیلەکان وێنەی ئاژەڵی (شێر)ی لەسەر کێشراوە، بەجۆرێک کە تەنها سەری شێر وێنەی کراوە بە شێوەیەکی ڕەمزی ، ئەگەر سەیری بکەین دەبینین هەردوو چاوەکانی بەشێوەی دوو بازنەی لەناو یەکتر کێشراوە، لوتی شێرەکە بە شێوەی هێلێکی ستوونی کراوە کە لە نیوچەوانی هاتۆتەخوارەوە کۆتایی دێت بە هێلێکی ئاسۆیی، دەمی شێرەکە بەشێوەی نیوە بازنەیی کێشراوە، هەروەها سەر و دەم وچاوی ڕازاوەتەوە بە شێوە بادەمی کە ئاماژەیە بۆ مووی سەروو دەم و چاوی، سەبیلی ژمارە(1).

جگە لە دەرکەوتنی وێنەی ئاژەڵی، بۆمان دەرکەوتووە لە یەکێک لە سەبیلەکانی ئەم توێژینەوەیە، وێنەی سەری باڵندەیەک کراوە بەشێوەیەکی ڕەمزی دوور لەشێوەی ڕاستەقینەکەی، پێدەچێت وێنەی کوندەپەڕۆ بێت، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین وێنەی چاو و بڕۆی بەشێوەیەکی گەورەو زەق دەرکەوتووە، چاوەکانی بەشێوەی بازنەیی بارز کێشراوە، بڕۆی بەشێوەی نیوە بازنەیی کراوە، هێلێکی ستوونی لە نێوچاوانی هاتۆتە خوارەوە کە ئاماژەیە بۆ دەنووکی باڵندەکە،سەبیلی ژمارە(12).

2.8. ڕێگاکانی جێ بەجێکردنی زەخرەفەی بەکارهاتوو لە ڕازاندەوەی سەبیلی توێژینەوەکە:

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی سەبیلەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەرکەوتووە کە ڕێگەی جۆراو جۆر بەکارهاتووە لەجێ بەجێکردنی نەخش و زەخرەفەی سەر سەبیلەکان، کە هەمان ڕێگایە بەکاردێت لە نەخش و زەخرەفەکردنی گۆزەی گڵینەیی، لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین کە ئەمانەی خوارەوەن:

1- ڕێگەی دێردار (الحزوز):

ئەو ڕێگەیە بەئاسانترین ڕێگە دادەنرێت بۆ جێبەجێ کردنی زەخرەفە لەسەرگڵینە، لەبەرئەوەی تەنها پێویستمان بە ئامێرێکی بچووک هەیە، کە سەرەکەی تیژ بێت، ئەم ڕێگایە جێبەجێ دەکرێت پێش ووشکبوونەوەی گڵینەکە(القبطان،1970،ص104). ئەم ڕێگایە بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە لە ڕازاندنەوەی سەبیلەکان، گرنگترین جۆری ئەو زەخرەفانەی کەبەم ڕێگایە جێ بەجێ کراون لەسەر سەبیبەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەزەخرەفی ئەندازەیی کە پێک دێت لەهێڵی ئەندازەیی، شێوەی هێڵەکان جۆراو جۆرن لەوانە(شێوەی هێڵی ئاسۆیی و ستوونی و یەکتربڕ و هێڵی لار و هێل لەسەر شێوەی پیتی Z) هەروەک لە سەبیلەکانی ژمارە(2، 3، 4، 5، 7، 8، 9، 10، 12، 14، 15).

2- مۆرکردن:

ڕێگەی مۆرکردن بۆ نەخش کردنی گڵینە بە دوو شێواز ئەنجام دەدرێت، یەکەمیان لەم شێوازەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەخش دەکرێت بەهۆی قاڵبێکی زەخرەفی ئامادەکراو لەسەر ڕووی گڵینەکە بەهۆی پاڵەپەستۆ خستنەسەر قاڵبەکە بۆ سەر ڕووی گڵینەکە بۆ دەستکەوتنی زەخرەفە داواکراوەکە. بەڵام سەبارەت بەشێوازی دووەمی مۆرکردن، ئەو زەخرەفەیەی کە مەبەستە سەرەتا لەسەر پارچەیەک لەقوڕ نەخش دەکرێت بەجیا لەدەرەوەی گڵینەکە، دواتر ئەم پارچەمۆرکراوە دەلکێنرێت بەشوێنی دیاریکراو(القبطان،1970،ص105). لە نمونەی سەبیلەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەم ڕێگایە بەرچاو دەکەوێت، ئەو نەخش و زەخرەفانەی کە بەم ڕێگایە جێ بەجێکراون بریتین لە زەخرەفەی ڕووەکی وەک وێنەی گوڵ لە سەبیلەکانی ژمارە(1، 2، 5، 6، 11)، وە لە نەخش کردنی وێنەی داری خورما هەروەک لە سەبیلی ژمارە(2، 3، 5، 14)، هەروەها لە نەخش کردنی وێنەی دار لە شێوەی چەنگال بەکارهاتووە هەروەک لە سەبیلی ژمارە(8، 9)، هەروەها ڕێگای مۆر بەکارهاتووە لە نەخش کردنی وێنەی شێر لە سەبیلی ژمارە(1).

3- زەخرەفەی قاڵب:

ئەم ڕێگایە بەدروست کردنی نموونەی قاڵبێکی هەڵکۆڵدراو لەدار یاخود گەچ لەو جۆرە زەخرەفەیەی کەمەبەستە دروست دەکرێت ، دواتر قوڕەکە دەخرێتە ناو قاڵبە هەڵکۆڵدراوەکە بەهۆی پاڵەپەستۆ خستنەسەری پاشان قوڕەکە نەخشەکەی سەرقاڵبەکەی لەسەر دەردەکەوێت، لێرەدا پێویستە قاڵبە سەرەکییەکە چەوربکرێت بۆئەوەی قوڕەکە بەقاڵبەکەوە نەنووسێت، ئەم کارەش ئەنجام دەدرێت پێش ئەوەی گڵینەکە بخرێتە ناوکوورە سووربکرێتەوە(الیاور،1972،ص105)، ئەم ڕێگایە بەکارهاتووە لە هەندێک لە نموونەی سەبیلەکان وەک لە جێ بەجێ کردنی زەخرەفەی ئەندازەیی لە سەبیلی ژمارە(2، 3، 4)، هەروەها لە نەخش کردنی زەخرەفەی ڕووەکی بەکارهاتووە لە سەبیلەکانی ژمارە(3، 7، 8، 15).

4- ڕێگەی چاڵکردن(الحفر):


بریتییە لە بڕینی بەشێک لە قوڕی گڵینەکە بەهۆی چەقۆیەک یاخود بەئامێرێکە کۆتاییەکەی کەوانەیی بێت، ئەویش بەپێی جۆری زەخرەفەکە دەگۆڕێت(قبطان،1970،ص104).ڕێگای چاڵکردن بەکارهاتووە لەسەر هەندێک لە سەبیلەکان، بەتایبەتی دەرکەوتووە لەسەر جێ بەجێ کردنی زەخرەفەی ڕووەکی وەک لەنمونەی ژمارە(1، 5، 13)، هەروەها ئەم ڕێگایە بەکارهاتووە لە دروست کردنی زەخرەفەی ئەندازەیی وەک لە نموونەی ژمارە(2، 3، 4، 10، 14)، هەروەها بە دروست کردنی هێلی چەماوەی ڕێگای چاڵکردن بەکارهاتووە بەهۆی نینۆکی پەنجەی دەست وەک لەنمونەی ژمارە(11، 12).

خشتەی ژمارە(1)

ژمارەی مۆزەخانە	EC007	ژمارەی چوارگۆشە	Area-G	

شوێنی دۆزینەوە	قەڵای هەولێر	ژمارەی چین	-
مێژووەکەی	عوسمانی	تیرەی لێواری توتن	4سم
تیرەی لێواری دەم	2.5 سم	ئەستووری لاشە	0.5سم






جۆری نەخش و زەخرەفە: ئەم سەبیلە ڕازاوەتەوە بە زەخرەفەی ڕووەکی ئەندازەیی و ئاژەڵی ، بەجۆرێک لە نزیک لێواری دەفری توتن دوو شریتی زەخرەفی کراوە، یەکەمیان بریتییە لە زەخرەفەی ددانادار (مسننە) ، شریتی دووەم بریتییە لە ڕیزێک لە شێوەی بادەمی کەبەچواردەوری دەمەکەیدا دەسوڕێتەوە، هەروەها یەکێک لەلایەکانی شێوەی گوڵێک کراوە کە بەڕێگای مۆرکردن ئەنجامدراوە، وە لە ناوەڕاستیدا وێنەی سەری ئاژەلێک کراوە پێ دەچێت وێنەی سەری(شێر)بێت ئەگەرسەرنج بدەین گلێنەساز سەرکەوتوو بووە لە نەخشکردنی قژو دەم وچاوی شێرەکە ئەم وێنەیە بەشێوەیەکی ڕەمزی وێنەی کراوە بەڕێگای مۆرکردن. ، بەشێک لە لێواری دەم و لێوارە تووتن شکاوە ، هەروەها شوێنەواری دووکەڵی ڕەش بە دەمی تووتنەوە ماوە.

خشتەی ژمارە (2)

ژمارەی مۆزەخانە	EC2221	ژمارەی چوارگۆشە	Area-E
شوێنی دۆزینەوە	قەڵای هەولێر	ژمارەی چین	-
مێژووەکەی	عوسمانی	تیرەی لێواری دەم	1.6 سم
تیرەی لێواری توتن	3.7 سم	ئەستووری لاشە	0.6سم






جۆری نەخش و زەخرەفە: دەفری توتن بە چوار شرپیتی زەخرەفی ڕازاوەتەوە ،شریتی یەکەم دەکەوێتە نزیک لێوارەکەی بریتییە لە شێوەی مەعینی هێلێکی ستوونی لە ناوەڕاستی کراوە، شریتی دووەم پێک دێت لە چەند ڕیزێکی ستوونی لەشێوەی بادەمی کەلە هەر ڕیزێکیان سێ دانە لەشێوەی بادەمی هەیە، شریتی سێیەم بریتییە لە شێوەی مەعینی لە ناوەوەیدا بازنەی شێوە چاڵکراو هەیە ، شریتی چوارەم بریتییە لە هێلی لار بەشێوەی دێردار جێ بەجێ کراوە، هەروەها بنکەی ڕازاوەتەوە بە زەخرەفەی ڕووەکی کە پێک دێت لە دوو داری خورما ڕووەکانیان پێچەوانەی یەکترن، لەم لاو ئەولای وێنەی دوو گوڵ کراوە لەناو بازنە بەڕێگای مۆر(ختم) جێ بەجێ کراوە، لێواری دەمەکەی زەخرەفەی شێوەی ددانداری بۆکراوە پاشان شریتێکی تری زەخرەفی کراوە کە بریتییە لە هێلی پانی ستوونی کە بە دەوری دەمەکەی دەسوڕێتەوە ، پاشان کۆتایی دێت بە ڕیزێک لە هێلی ددانادار.

خشتەی ژمارە(3)

ژمارەی مۆزەخانە	EC2467	ژمارەی چوارگۆشە	Area-E
شوێنی دۆزینەوە	قەڵای هەولێر	ژمارەی چین	E039
مێژووەکەی	عوسمانی	تیرەی لێواری دەم	1.6 سم
تیرەی لێواری توتن	3سم	ئەستووری لاشە	0.6سم




جۆری نەخش و زەخرەفە: ، لێواری دەمەکەی زەخرەفەی بۆ کراوە بە شێوەی دداندار، دواتر ناوچەیەکی تری زەخرەفی دێت بریتییە لە هێڵی ستوونی بارز ، پاشان کۆتایی دێت بە چەند هێڵێکی بارزی کورت، لاشەی توتن ڕازاوەتەوە بە گەڵای شێوە بادەمی کە لە گەڵای شێوە پێچاو پێچ دەرچووە بەچواردەوری گەڵاکە سوڕاوەتەوە ، لە بەشی خوارەیدا نزیک بنکەکەی ڕیزێک لە هێڵی لار نەخشکراوە ، بنکەکەی، بریتییە لە داری خورما کەئاراستەیان پێچەوانەیە، یەکێکیان ئاراستەی بۆسەرەوەیە ئەوەی تریان بۆ خوارەوەیە، ئەو دارەی ئاراستەی بۆ سەرەوەیە لەناو سێ نیوە بازنە یاخود کەوانی نیوە بازنەیی کراوە،دارەکەی تریان لەناو شێوەیەکی سێگۆشەیی نەخش کراوە ، لەلای ڕاست و چەپی دارەکان گول نەخش کراوە لەناو بازنە.	

خشتەی ژمارە (4)

ژمارەی مۆزەخانە	EC1664	ژمارەی چوارگۆشە	Area-E	
شوێنی دۆزینەوە	قەڵای هەولێر	ژمارەی چین	E033	
مێژووەکەی	عوسمانی	تیرەی لێواری دەم	1.5 سم	
تیرەی لێواری توتن	3.5سم	ئەستووری لاشە	0.5سم	
جۆری نەخش و زەخرەفە: لێواری توتن ڕازاوەتەوە بە چوار شریتی زەخرەفی ، شریتی یەکەم بریتییە لە گوڵی شەش لایی کە پەلکەکانی لە شێوەی مەعینی دایە، شریتی دووەم بریتییە لە گوڵی شەش لایی بەڵام پەلکەکانی جیاوازە بەشێوەی بازنەیی کێشراوە، شریتی سێیەم بریتییە لە زەخرەفە لەشێوەی دەنکۆڵەی تەسبیح ، بەجۆرێک ناوەڕاستەکەی چاڵکراوە، بەشی سەرەوە و خوارەوەی بە ڕیزێک زەخرەفەی دداندار ڕازاوەتەوە، شریتی چوارەم کە دەکەوێتە نزیک بنکەکەی پێک دێت لە هێڵی لار بەڕێگای دێردار ئەنجامدراوە، هەروەها بنکەی ئەم سەبیلە ڕازاوەتەوە بە هێڵی دێردار ، دەمەکەی ڕازاوەتەوە بە دوو شریتی زەخرەفی ، شریتی یەکەمیان بریتییە لە هێڵی ستوونی چاڵ کە لە ئەنجامدا چەند ناوچەیەکی بارزی لێ دروست بووە و کۆتایی دێت بە زەخرەفەی دداندار، بەڵام شریتی دووەم پێک دێت لە چەند ڕیزێک لە شێوەی مەعینی دایە.				

خشتەی ژمارە(5)

ژمارەی مۆزەخانە	EC3109	شوێنی دۆزینەوە	قەڵای هەولێر	
ژمارەی چوارگۆشە	Area-E	ژمارەی چین	-	
مێژووەکەی	عوسمانی	تیرەی لێواری دەم	2 سم	
تیرەی لێواری توتن	3سم	ئەستووری لاشە	0.3سم	


جۆری نەخش و زەخرەفە: زەخرەفەی سەرکی ئەم سەبیلە بریتییە لەجۆری ڕووەکی و ئەندازەیی ، لوولەی دەمەکەی ڕازاوەتەوە بەگەڵای شێوە ڕم کەبەشێوەیەکی بارز دەرکەوتووە، کۆتایی دێت بە شریتێکی بچووکی شێوە دداندار ، یەکێک لە لایەکانی گۆلیک نەخش کراوە لەناوبازنەیەک کەشێوەکەی ڕەمزی دوور لەشێوەی ڕاستەقینەکەی نەخش کراوە لەڕێگای مۆرکردن ، لاشەی توتن ڕازاوەتەوە بە دوو ڕیز لە شریتی زەخرەفەی دداندار لەناوەڕاست و بەشی خوارەوەی نزیک بنکە، بنکەی ئەم سەبیلە هاوشێوەی دوو سەبیلەکەی تری پێشووتر ڕازاوەتەوە بە دوو داری خورما کە ئاراستەیان پێچەوانەی یەکترە ، یەکێکیان نیوە بازنەیەکی لەسەر کراوە ، هەروەها لەلای ڕاست و چەپیدا وێنەی گولی شەش لایی کراوە لەناو بازنە. ئەم سەبیلە بەشێک لەلێواری تووتن شکاوە.	

خشتەی ژمارە (6)

ژمارەی مۆزەخانە	EC2475	شوێنی دۆزینەوە	قەڵای هەولێر
ژمارەی چوارگۆشە	Area-E	ژمارەی چین	E002
مێژووەکەی	عوسمانی	تیرەی لێواری دەم	2.5 سم
تیرەی لێواری توتن	2 سم	ئەستووری لاشە	0.4 سم




جۆری نەخش و زەخرەفە: زەخرەفەی سەرەکی ئەم سەبیلە بریتییە لە ڕووەکی و ئەندازەیی، لاشەی توتن ڕازاوەتەوە بەچوار ناوچەی زەخرەفی بەشێوەی یەک لەدوای یەک دەوری لاشەی توتنیان داوە، کە بریتییە لە بازنەیەک لەناوەڕاستیدا گوڵی حەوت لایی نەخش کراوە ، بەشی سەرەوەی شریتێکی زەخرەفی نەخش کراوە پێک دێت لە شێوەی سێگۆشەیی چاڵکراو سەری سێگۆشەکە ڕووەکەی بۆ سەرەوەیە ، بەڵام لە بەشی خوارەوەیدا بەهەمان شێوەی سەرەوە ڕیزێک لە سێگۆشە هەیە، کە ئاراستەکەی بۆ خوارەوەیە ، لێواری دەمەکەی رازاوەتەوە بە دوو ڕیز لە هێلی چاڵی لار، هەروەها لە ناوەڕاستی لوولەی دەمەکەی وێنەی دەنکۆڵەی تەسبیح کراوە لەناو دوو بازنە ، ئەم سەبیلە بەشێک لە لێواری توتنەکەی شکاوە.



خشتەی ژمارە(7)

ژمارەی مۆزەخانە	EC1659	شوێنی دۆزینەوە	قەڵای هەولێر
ژمارەی چوارگۆشە	Area-E	ژمارەی چین	E015
مێژووەکەی	عوسمانی	تیرەی لێواری دەم	2 سم
تیرەی لێواری توتن	2.سم	ئەستووری لاشە	0.7سم



جۆری نەخش و زەخرەفە: ئەم سەبیلە ڕازاوەتەوە بە زەخرەفی ڕووەکی و ئەندازەیی ، لاشە و بنکەی ئەم سەبیلە ڕازاوەتەوە بە زەخرەفەی ڕووەکی نزیک لەشێوەی سروشت ، کەپێک دێت لە گەڵا و گوڵ و قەد و لق وپۆپی ڕووەکی لە نێوانیاندا چەند بازنەیەکی بچووکی بارز نەخش کراوە و لەنێوانیاندا بڵاوبوونەتەوە ، گەڵای سێ لایی پێنج لایی دەبینرێت، گڵێنەساز زەخرەفەکانی بەشێوەیەکی وورد نەخش کردووە بەڕێگای قاڵب جێ بەجێ کراوە، لێواری دەمەکەی دوو شریت نەخش کراون پێک دێت لە هێڵی شێوەی ئاسۆیی دێردار ، هەروەها لە ناوەڕاستی لولەی دەمەکەیدا هێڵێکی بارزی ئاسۆیی کراوە لە سەرەوە و خوارەوەیدا هێڵی ئاسۆیی بچووک نەخش کراوە بەشێوەی دێردار. ئەم سەبیلە ڕەنگ کراوە بە ڕەنگی سوور ، بەشێک لە لێواری توتنەکەی شکاوە.	

خشتەی ژمارە (8)


ژمارەی مۆزەخانە	EC1670	شوێنی دۆزینەوە	قەڵای هەولێر
ژمارەی چوارگۆشە	Area-E	ژمارەی چین	E0140
مێژووەکەی	عوسمانی	تیرەی لێواری دەم	1.6 سم
تیرەی لێواری توتن	2 سم	ئەستووری لاشە	0.3 سم
جۆری نەخش و زەخرەفە:لێواری دەمەکەی ڕازاوەتەوە بە وێنەی دار کە لەشێوەی چەنگاڵ(چەتەڵ) دەچێت یەکێکیان ئاراستەی بۆسەرەوەیە ئەوەی تریان بۆ خوارەوەیە، لە بەشی خوارەوەیدا هێڵێکی ئەستووری بارز دەردەکەوێت کە زەخرەفەی دداندارى بۆکراوە،هەروەها لووکەی لەگەڵ بەشێک لە بنکەکەی ڕازاوەتەوە بە وێنەی دار کەلەشێوەی چەتاڵ دەچێت، لێواری دەمی توتن ڕازاوەتەوە بە دوو ڕیز لە هێڵی دداندار، دەفری توتن ڕازاوەتەوە بە زەخرەفەی گەڵای مێوی شێوەی سێ لا، کە بەچەند ڕیزێکی چڕ وێنەی کراوە بەشێوەیەکی دووبارە لەسەر یەکتر، بنکەکەی ڕازاوەتەوە بە دوو شریتی زەخرەفەی ددانداری کەلە شێوەی دوو هێڵی یەکتربڕ دەردەکەوێت، هەروەها ئەم سەبیلە شوێنەواری چینێکی تەنکی شووشەیی ڕوون پێوە دیارە.			



خشتەی ژمارە(9)

ژمارەی مۆزەخانە	EC1671	شوێنی دۆزینەوە	قەڵای هەولێر
ژمارەی چوارگۆشە	Area-E	ژمارەی چین	E025
مێژووەکەی	عوسمانی	تیرەی لێواری دەم	2 سم
تیرەی لێواری توتن	2.8سم	ئەستووری لاشە	0.5 سم



جۆری نەخش و زەخرەفە: لێواری توتن بەچەند ناوچەیەکی زەخرەفی ڕازاوەتەوە ، لە ناوەڕاستی ملەکەیدا چوار ڕیز لە هێڵی دێردارى ئاسۆیی بۆ کراوە کە بە دەروی ملەکەیدا دەسورێتەوە، لە بەشی خوارەوەیدا ڕیزێک لە زەخرەفەی سێگۆشەیی کراوە، پاشان دوو هێڵی تری دێردار کراوە ، لە بەشی خوارەوەیدا نزیک بنکە ڕازاوەتەوە بە زەخرەفەی دار کە لە شێوەی چەتاڵ دەچێت ، هەروەها بنکەکەی ڕازاوەتەوە بە چەند هێڵێکی دێردارى لار وەکو تیشک لەناوەڕاستەوە دەردەچێت، دەمەکەی بەهۆی هێڵێکی چاڵەوە دابەش بووە بۆ دوو بەشی بارز کە تیایدا شێوەی سێگۆشەیی لە بەشی خوارەوەی کراوە بەڕێگای چاڵکردن جێ بەجێ کراوە، لە بەشی خوارەوەیدا ڕیزێک لە هێڵی لاری دێردار کراوە. شوێنەواری سوتان لە دەمی توتن دەبینرێت.	

خشتەی ژمارە (10)

ژمارەی مۆزەخانە	EC3096	شوێنی دۆزینەوە	قەڵای هەولێر
ژمارەی چوارگۆشە	Area-E	ژمارەی چین	E015
مێژووەکەی	عوسمانی	تیرەی لێواری دەم	1.5سم
تیرەی لێواری توتن	2.5 سم	ئەستووری لاشە	0.3 سم
جۆری نەخش و زەخرەفە: لێواری توتن ڕازاوەتەوە بەسێ ڕیز لە شریتی زەخرەفی ، شریتی یەکەم بریتییە لە زەخرەفەی ددانداری ، لە شریتی دووەمدا گەڵای شێوی ڕم کراوە ، شریتی سێیەم دووبارە زەخرەفەی ددانداری بۆکراوە کە بە دەوری ملەکەیدا دەسورێنەوە، بەڵام ناوەڕاستی ملی دەمەکەی ڕازاوەتەوە بە هێڵی دێردارى ئاسۆیی کەلەنێوان دوو هێڵی بارزی ستوونی نەخش کراوە، ئەم سەبیلە قەبارەی گەورەترە لە سەبیلەکانی تر، بەشێک لە لێواری توتن شکاوە هەروەها شوێنەورای سووتان بە دەمی توتن دیارە.				





خشتەی ژمارە(11)

ژمارەی مۆزەخانە	EC2222	شوێنی دۆزینەوە	قەڵای هەولێر
ژمارەی چوارگۆشە	Area-E	ژمارەی چین	-
مێژووەکەی	عوسمانی	تیرەی لێواری دەم	1.5 سم
تیرەی لێواری توتن	3سم	ئەستووری لاشە	0.5 سم
جۆری نەخش و زەخرەفە: بەشی خوارەوەی دەفری توتن ڕازاوەتەوە بە وێنەی گوڵ لەناو بازنەیەک بەشێوەیەکی ڕمزی دوور لەشێوەی ڕاستەقینەکەی کراوە، بەجۆرێک چوار جووت لەم گوڵانە لەسەر یەکتر کراون بەچواردەوری ملەکەی دەسورێتەوە بەڕێگای مۆرکردن، لەنێوانیاندا شێوەی هێڵی چەماوەی چاڵ کراوە کەبە هۆی نیۆکی دەست جێ بەجێ کراوە، ناوەڕاستی ملەکەی داخراوە بە پارچە قورێکی بازنەیی کە پێنج کوونی لێ کراوە بۆ هەڵکێشانی دووکەڵی توتنەکەیە، بەشێک لە لێواری توتن شکاوە.				






خشتەی ژمارە (12)

ژمارەی مۆزەخانە	EC2453	شوێنی دۆزینەوە	قەڵای هەولێر
ژمارەی چوارگۆشە	Area-E	ژمارەی چین	E0138


مێژووەکەی	عوسمانی	تیرەی لێوار	2.5 سم
تیرەی بنکە	2.6 سم	ئەستووری لاشە	0.3 سم
جۆری نەخش و زەخرەفە: لێواری توتن ڕازاوەتەوە بە شەش ڕیز لە هێڵی ستوونی لاری دێردار دایە، لاشەکەی ڕازاوەتەوە بە دوو ناوچەی زەخرەفی، یەکەم بریتییە لە شێوەی نیوە بازنەیی ، شریتی دووەم بریتییە لە شێوەی دەم چاوی باڵندە لەوانەیە کوندەبەبۆ بێت، بەجۆرێک ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین وێنەی چاوی کراوە بەشێوەی بازنەیی لەچواردەوریدا وێنەی برژانگی بۆکراوە،وێنەی برۆی بەشێوەی نیوە بازنەیی کراوە، هەروەها وێنەی لووتی کراوە بەشێوەی هێڵی ستوونی ، ئەم وێنەیە چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە بە دەوری لاشەکەیدا، لێرەدا گڵێنەساز مەبەستی ئەوەبووە وێنەی دەم و چاوی بەشێوەیەکی ڕەمزی بکێشێت ، لە ناوەڕاستی لاشەکەیدا کونێکی شێوە بازنەیی هەیە کە شوێنی هەڵکێشانی دووکەڵی توتنەکەیە.			





خشتەی ژمارە(13)


ژمارەی مۆزەخانە	EC2459	شوێنی دۆزینەوە	قەڵای هەولێر
ژمارەی چوارگۆشە	Area-E	ژمارەی چین	E080
مێژووەکەی	عوسمانی	تیرەی لێواری دەم	2 سم
درێژی لاشە	4.5 سم	ئەستووری لاشە	0.3 سم
جۆری نەخش و زەخرەفە: ئەم سەبیلە بە زەخرەفەی ڕووەکی ڕازاوەتەوە بەشێوەیەکی نزیک لەسروشت بەشێوەیەکی بارز نەخش کراوە، زەخرەفەکە پێک دێت لە وێنەی گول کە گەڵاکانی لەشێوەی (ڕم) دایە ، لە چواردەوری گەڵاکان بازنەی بچووک کراوە هاوشێوەی دەنکۆڵەی (تەسبیح)ە، ئەم گولە لەسێ لای لێواری ئەم سەبیلە دووبارە دەبێتەوە بەهۆی هێڵێکی پانی بارز ، ئەم سەبیلە تەنها لوولەی دەمەکەی ماوە ، ڕەنگکراوە بە ڕەنگی سوور.			





خشتەی ژمارە (14)

ژمارەی مۆزەخانە	EC2465	شوێنی دۆزینەوە	قەڵای هەولێر
ژمارەی چوارگۆشە	Area-E	ژمارەی چین	E140
مێژووەکەی	عوسمانی	تیرەی لێواری دەم	2.2 سم
درێژی	4.2 سم	ئەستووری لاشە	0.5 سم

جۆری نەخش و زەخرەفە: ئەم سەبیلە تەنها بەشی دەمەکەی لەگەڵ بەشێک لە لوولەی دەم ماوەتەوە ، لێواری دەم ڕازاوەتەوە بە زەخرەفەی ڕووەکی بەڕێگای مۆر (ختم)،کە بریتییە لە داری خورما نزیک لە شێوەی ڕاستەقینەکەی خۆی بەجۆرێک یەکێکیان بۆ ڕووی دارخورماکە بۆ سەرەوە کراوە ئەوەی تریان ڕووی بۆ خوارەوەیە، لە بەشی سەرەوەو خوارەوەیدا دوو شریتی زەخرەفی کراوە کە پێک دێت لە هێڵی لاری چاڵ، هەروەها لوولەکەی زەخرەفەی بۆ کراوە لە شێوەی دوو هێڵی دێرداری ستوونی بۆ کراوە ، هاوشان لەگەڵیدا لەم لاو ئەو لایدا دوو هێڵی تر کراون کە پێک دێت لە زەخرەفەی دداندار.	 

خشتەی ژمارە(15)

ژمارەی مۆزەخانە	EC1663	شوێنی دۆزینەوە	قەڵای هەولێر
ژمارەی چوارگۆشە	Area-E	ژمارەی چین	E028
مێژووەکەی	عوسمانی	تیرەی لێواری دەم	2 سم
درێژی	5 سم	ئەستووری لاشە	0.4 سم
دەمێ ڤەگێڕ ب ئەرکێ ڤەگێڕانەکا دروست ڕادبێت، سالوخەتێ کەسایەتییان و ڕەفتارێن وان وەسان دەتە دیارکرن، وەکو دیمەنەکێ ڕاستی ل بەرچاڤێن ئەوێ بۆ ڤەگێڕای دروست دبێت. ڤەگێڕ د بەحسکرنا سالوخەتێن سەیدیدا کو فەرماندەکێ پێشمەرگەیە ڤەدگێڕیت: ((ڕاستە سەید مروڤەکێ نەخوێندەوار بوو، بەلێ وەکو فەرماندە تێرا خوە د سیاسەتێ د گەهشت. هەبوونا وی د ناڤ مەدە هێزەکا تایبەت ددا مە، پتر ژجارەکێ گوتە مە: "کا چاوان باب سەرکردەیە، لازمە سەرکردەژی باب بت...." ئەڤە بیست و هەشت کتە ساڵە سەرکردەک کورد ئاخافتنەکا وەسان نەکرییە مخابن))(سلێڤانەیی: 2019 ، 70). ل ڤێرە ڤەگێڕ سالوخەتێن کەسایەتیا سەیدی دیار دکەت و ڕادێ هەستکرنا وی ب بەرپرسایەتی و تێگەهشت و هوشمەندییا وی ڤەدگێڕیت.

ژ لایەکێ دوێڤە (ڕەمەزان) وەکو ڤەگێڕەکێ دیدەڤان هەوا عەرەبکرنێ ڤەدگێڕیت، کا چەوا حوکومەتێ بریاردان هوزێن عەرەب ببەنە جهێن کوردان و تالان کرنێ بکەن، واتە ڤەگێڕ ئاماژە ب تەعریبکرنێ دکەت و ڤەدگێڕیت: ((ڕەحمەتیێ بابێ من عاجز بی، نەدڤیا مە ل بەرمایکێن گوندەک داگیرکری، ل بەختێ هندەک هۆزێن عەرەب وەک جوبری و سینان بهێلت، ئەو هوزە ب بریارەکا حوکمەتێ هاتن سەر گوندێن دەڤەرێ و بینە خودان، ئەم ژی ل وارێ خوە بینە بێکەس و غەریب، وێ هەیامێ کایێ عەرەبان خورت بی، دگوتن: "تروح سالم و ترجع غانم"، نە ژ خودێ د ترسیان و نە ژی ژ بەنییان سەرم دکرن، هەگەر دەکیڤا خوە دیتبان دا مە دەستەسەرکن و پەزێ مەژی تالان کن.))(سلێڤانەیی: 2019 ، 185).

د ڤێ نموونێدا ڤەگێڕ ب ئەرکی ڤەگێڕانا هەوەکێ ب ناڤێ هەوا تەعریبکرنێ ڕادبێت، ئێک ژ پروژێن سیاسەتا ڕژێما بەعس بوو، ژبۆ کو کوردان ژ جهـ و وارێن وان دەربکەن.

دیسان (ڕەمەزان) ڤەگێڕەکێ پشکدار د شەرێ عیراق و ئیرانێدا دەمێن پشتی شەری ڤەدگێڕیت و بەحسێ ئێخسیران دکەت، ئەوێن ل ئیرانێ تووشی نەخوشی و دەردەسەریان بووین، کا چەوان بەرێ ئێخسیران ل ڤەگەریانێ یە بۆ وەلاتی و ڤەدگێڕیت: ((هەر شەڤ مە د خەون ب ڤەگەرێ ڤە دیتن، هەیڤەک دوو هەیڤ، ب وی دەستوداری هەتا ساڵەک قەدیا و ئەو ساڵە بەرابەری ساڵێن دی هەمیان بی، هەر ئێخسیرەک بێ خودان چیروک و بیرهاتن، ب سالان دشێت بۆ دوێندەها خوە ڤەگێڕت. روژا جەنگ ڕاوەستیایی، من د گەل خوە گوت... دبت هندەک کەس ژ مە خەونان ب سوباڤە ببینن، بەلێ ئەز پشت راستم کو بەهرا پتر ژ مە دێ ڕۆندکان بۆ دوهی و پێر بارینن))(سلێڤانەیی: 2019 ، 254).

د ئەڤێ نموونێدا ناڤێ چیرۆک و ڤەگێڕان ب خۆ هاتیە، ئەڤەژی زێدەتر جەختێ ل ئەرکێ ڤەگێڕانێ دکەت.

2-9- ئەرکێ ئاراستەکرنێ:

ڤەگێڕ ڕاستی و دورستیا ئەوێ ڕویدانا رویدای بۆ ئەوێ ڤەگێڕای ئاراستە دکەت. داکو ئەوێ بۆ دهێتە ڤەگێڕان ڕازی ببیت کو باوەریێ ب وێ ڕویدانێ بینیت، هەروەکی د کەتواریدا ڕویدای، بۆ نموونە دەمێ دەشتی ب گومان کەفتی کا ئایا سێڤدینی ب دروستی کریارا جووتبوونێ ل گەل کوردێ ئەنجامدایە یان نە؟ کوردێ هەڤژینا مەلا یاسینی ئەو چەند سال بوون چ زاروک ژ مەلا یاسینی نەبوون، بەلێ پشتی ڤیان و جوتبوونا سێڤدین و کوردێ سێڤدین گوندی بجهـ دهێلیت و پشتی هینگێ خودێ کچەکێ ددەتە کوردێ ب ناڤێ نۆرهان، ڤەگێڕێ هەمی تشت زان ئەڤێ چەندێ ڤەدگێڕیت

کو کوردێ گەلەک خەریبیا سێڤدینی دکەت: ((ب ڕاستی ژی مافێ وێ هەبی هندە خەریب ببت، هەگەر سێڤدینی هندەک بیرهاتن بۆ من هێلابن، پانێ نۆرهان وەک روحەکا نوی بۆ وێ هێلا.... روحەک دایێ بژیت و بۆ بژیت))(سلێڤانەیی: 2019 ، 47). هەروەکو د ڤێ نموونێدا دیار کو هەبوونا کچەکێ ب ناڤێ نۆرهان گروڤەیە ل سەر هندێ کو کریارا جووتبوونێ د ناڤبەرا سێڤدین و کوردێدا هاتیە ئەنجامدان، ڤەگێڕ ژی ب پەیڤا (ڕاستی) داکوکیێ ل ئەڤێ چەندێ دکەت.

ڤەگێڕ بەحسێ ژیانا بەرێ دکەت کا چەوا د خانیکێن سار و تاری ڤە ژیاینە، ئاماژە دکەتە وێ چەندێ کو ژیانا کوردان هەردەم زەحمەتی و بەرخودان بوویە. پاشی دیار دکەت کو پشتی ئەوێ هەمی زەحمەتێ هێشتا ئەم بزاڤێن پێشڤەچوون و گوهورینێ ناکەین. ل ڤێرە خواندەڤان دهێتە ئاراستەکرن کو ل سەر ڕاستیا ئەوان ڕویدانان زانیاری هەبن، کا ئایە ب دروستی ئەم هاتینە گوهورین و ژیانا کوردان بەرەڤ خوشیێ چوویە؟ ب شێوەکێ سەر سورمانی دهێتە ڤەگێڕان ((ئەم د زنجان دە مەزن و پەروەدەبین. زنجێن سار و تاری وەک شکەفتان، فەرقا مە و نیاندەرتالی نەبی. تو ب قەدرێ خودێ کی، مانها ژی نەوەسایە؟ ئەم بەس دخون و ڤەدخۆن و دنڤن.... پشتی هندە سالێن کوردینیێ هێژ ئەم ل بەخت و بارێ تاری و سەرمایێ نە))(سلێڤانەیی: 2019 ، 22).

ڤەگێڕ کاروانێ سیاسی ل عیراقێ ڤەدگوهێزیت و بەحسێ ئەوان سەرکردێن ئێک ل دوێڤ ئێک دکەت، وەکو ڤەگێڕەکێ هەمی تشت زان ڤەدگوهێزیت کو ئەو هەمی سەرکردە ئێک ل دوێڤ ئێکی پتر خرابیا ل گەل مللەتێ کورد کری و سەرکردێن کوردی ژی مفا ژ هەمی سەربور و مێژوویێ وەرنەگرتیە. لەورا ڤەگێڕ ئەوێ بۆ ڤەگێڕای ئاراستە دکەت، کو ئەڤ چەندا هەنێ ب دروستی ڕویدایە دەمێ ب توندی بەحسێ سەرکردێن کورد دکەت، کەسەک نینە ب دروستی مللەتێ کورد بدەتە نیاسین ((هەما بەرێ خوە بدە سەرکردێن نها ل دەڤەرێ. بیلاهی یێ ژ هەمیان باشتر کوریێەک ژێ کێمە، نە دیرۆکێ دخوینن و نە وەجەکێ ژ سەربوران دبینن. ئەڤە هەفتێ ساڵە عیراق شەرێ مە دکت، ئەقلدارەک دناڤ دە نینە بێژتە خوە قەومێ کورد وەک رها فریزی یە و خوە بەردایە ئاخێ، هندی تو بقوسینی پتر شین و هاردبت))(سلێڤانەیی: 2019 ، 107).

ل ڤێرە ڤەگێڕ ڕاستیا مللەتێ کورد د چەسپینیت، پشتی وان هەمی قرکرن و ژ ناڤبرن و کیمیابارانکرن و ئەنفالکرنێ مفا ژ مێژوویێ نەهاتیە وەرگرتن.

2-10- ئەرکێ ڕێکخستنێ:

چەوانیا ڕێکخستنا ڕەگەز و ڕویدانان ئێک ل دوێڤ ئێک داکو هزر ب جوانی بگەهیت و ڤەقەتیان نەکەڤیتێ، بۆ نموونە دەمێ (دەشتۆی) ب شێوەکێ ڕێکخستی سەرهاتیەکا خۆ ڤەدگێریت: ((وەکی خەونێن شەڤان ل بیرا منە، جارەکێ ژ جاران من بیستان ئاڤدا، بەری ب دوماهیک بینم، ژنکا جیرانا مە مریەمێ گوتە من دەشتۆ دایێ کا گازی خالێ خوە شەهبازی بکە د وێ ناڤبەینێ دە، ئاغایێ گوندی د بەر بیستانکی رە د بۆری، ژ گەرمادا سیهوانە ل هنداڤی کەڤینکا خوە یا بەلەک د زڤران، ب بستەهی و هاوارکی گوت: خودێ قەوەتێ مرۆ، شاهباز نەدیارە؟ حورمەتێ بەرسڤا وی دا و گوت: ڕەحمەت ل تە و دایبابێن تە ئاغا، وەلا نڤستیەی))(سلێڤانەیی: 2019 ، 254).

د ڤێرەدا ڤەگێڕ ڕویدانان ب شێوەکێ زنجیرەیی و بێ ڤەقەتیان ڤەدگێریت، ئەرکێ ڕێکخستنێ ب جوانی پێڤە یێ دیارە.

ڕێکخستن و ڕێزکرنا بوویەرا ب شێوەکێ زنجیرەیی ل دوێڤ ئێک ژ خالێن هەرە گرنگێن جوانکاریا چیرۆکێنە. خواندەڤان ب دروستی دچیتە د ناڤ چیرۆکێدا و هەست ب بێزاریێ ناکەت، بۆ نموونە لێ گەریانا دەشتی ل سێڤدینی هەتا وی دبینیت، (دەشتو)وەکی ڤەگێڕەکێ هەمی تشت زان ڤەدگێریت: ((نیڤرو بی ئەزێ تەرحاندی ل سەر دکانکا مزگەفتێ ل بەندێ بیم، بەلێ چو بەحسێ وی نەبی، دلێ من بی تەساور، ئەو چار سال بی گاڤەک بێ من نە دهاڤێت، بەلێ ئەو نەقلا ئێکێ بی ئەز چو ژێ نزانم، لەورا ئەز دەگر دەبیم، وەک دەرۆێشەکی. دەر ب دەر ئەز ل ناڤ گوندی گەریام، پاشی من قەستا سەر ئاڤێ کر بەلکی ل وێدەرێ ببینم، پشتی هینگێ چوومە گڤاندێ نیسکان، بەلێ هەرێژنا وی نەهات، نەخوە کویڤە چوویە؟ هەوارا من نەدهات، هەر کەسێ ئەز دیتبام دزانی تشتەک ژ من کێمە. من نە دوێریا پتپتێ ژی بکم چونکی

جارەکێ من وەکر ئێدی من خوە نەدیت: هەر گاڤەکا ئەز دیار نەبیم، نەترسە، بزانە مژویلم))(سلێڤانەیی: 2019 ، 287، 290).

پشتی ژێکڤەبوونا سێڤدینی و بەدرخانی ل دەمێ خۆ ڕادەستکرنێ، ڤەگێڕ کومەکا دیمەنان ڕێک دئێخیت، تێدا ئەرکێ ڕێکخستنێ ب جوانی دیار دبیت، چونکی کومبون و ڕێکخستنا کومەکا دیمەن و هەستان پەرەگرافەکێ ڕێکخستنێ دهێتە ئافراندن و دهێتە ڤەگێڕان ((پێ من تبلێن من د بەریکا من خەبتین ژبلی بێنجی دیناران پارچەیەکا قوماشی ژی تێدە بوو.... دیاریا سێڤدینی بوو، وەختێ دایە من گوتبو ڤەنەکە هەتا ڕوژا وێ بهێت. دیاری سێڤەکا سۆر بوو، ب مێخێن قەرەفلێ قوتاندی بوو. بێهنەکا دلحەبین ژێ دفری، وەک مروڤەکێ ژ مێژا نە نڤستی و تو ژ خەوا گران هشیار بکی هێدی هێدی ئەز رابمە سەر خوە، ب دلەک سۆتی و کەلەخەک ماندی ڤە د سەر ملێ خوە ل وان چیایان زڤریم، سێڤدین و گەلەک تشتێن دی هاتنە بیرا من))(سلێڤانەیی: 2019 ، 100).

ئەنجامەکان

ل دوماهیێ دا ئەم گەهشتینە ڤان ئەنجامان:

1. ڕۆمانناڤیس ب ڕەنگەکێ باش شیایە ئەرکێن ڤەگێڕی د ڕۆمانا خۆدا بەرجستە بکەت، ب ڤێ چەندێ خاندەڤان ل هەست ب ڕاستی و کەتواریبوونا ڕویدانێن وێ دکەت.
2. هەبوونا ئەرکێن جودا جودا ییێن ڤەگێڕی د ڕۆمانا (دەرگەهێ دونیاییدا)،دبیتە ئەگەر کو ب ساناهی زانیاری ب دەست خاندەڤانی بکەڤن، ژ ئەنجامێ ڤێ چەندێ خاندەڤان دگەهیتە کویراتیا بابەت و ڕویدانان و د هەمان دەمدا ئەو کارلێکێ ل گەل بابەتی دکەت.
3. ڕۆمانناڤیسی ب ڕێکا ئەرکێن ڤەگێڕی شیایە ڕویدانێن ڕۆمانا خۆ ب شێوەکێ جوان و خوش ئاڕاستەی خاندەڤانی بکەت و ڕویدانێن ڕۆمانێ ل دەف وی د روهن و ئاشکرانە.
4. ڕۆمانناڤیسی د ئەڤێ ڕۆمانێدا و ب ڕێکا ئەرکێن جودا جودا ییێن ڤەگێڕی شیایە چەندین هزر و ڕویدانان پێشکێشی خاندەڤانی بکەت، ل گەل ڤێ چەندێ ئەوی جورە هەفسەنگیەکێ د ناڤبەرا خۆ و کەسایەتییێن ڕۆمانێدا بپارێزیت.
5. ئەرکێن ڤەگێڕی ب ڕەنگەکێ شەهرەزایی و ل دویف پێدڤی هاتینە بکارهینان داکو سەرەنجا خاندەڤانی ب خۆ ڕاکێشیت، ئەڤەژی ب ڕێکا هەر ئێک ژ ئەرکێ ئایدولوژی، ئەرکێ سوزداری، ئەرکێ ئەدەبی، ئەرکێ کارتێکرنێ، ئەرکێ شلوقەکرنێ، ئەرکێ هوشداریێ، ئەرکێ بەلگەهینانێ، ئەرکێ ڤەگێڕانێ، ئەرکێ ئاراستەکرنێ هاتیە ئەنجامدان.

سەرچاوەکان:

پەرتوک

– ب زمانێ کوردی:

– احمد، دلدار ابراهیم (2017)، تیۆر و تەکنیکێن ڤەگێرانێ پراکتیزەکرن ل سەر ڕۆمانا (ئالێ دی یێ پرێ)،چ1، دەزگەهێ نالبەند یێ چاپ و وەشانێ، دهوک.

– ئەلۆەنی، نەجم (2015)، دەسەلاتی حەکایەتخوان لە چیرۆکدا بە نموونەی کۆ چیرۆکی (کێ وەستا کەریمی کوشت؟) لە نووسینی (موحین چینی)، شیکردنەوەیەکی ڕەخنەییە لە ڕوانگەی بنیاتگەری سۆسیۆلۆژییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

– ئەلۆەنی، نەجم خالید نەجمەددین (2000)، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا، ژانی گەل، شار، ڕاز (لێکۆلینەوەیەکی تیۆری، پراکتیکی، ڕەخنەیی)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

– ئامێدی، بەیان ئەحمەد حسێن (2013)، گۆشەنیگا لە ڕۆمانەکانی سەبری سلێڤانی دا، چ1، یەکێتیی نووسەرانی کورد، هەولێر.

– سەعید، جەلال ئەنوەر (2009)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی، بەختیار عەلی دا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

– سلێڤانەیی سەبری (2019)، دەرگەهێ دونیایێ، چاپا ئێکێ، موکس یێ چاپ وەشانێ، دهوک.

– ب زمانێ عەرەبی:

– إبراهيم، عبد الله (1992)، السردية العربية (بحث في البنية السردية للموروث الحكائي العربي)، الطبعة الأولى، المركز الثقافي العربي، بيروت.

– الابراهيم، ميساء سليمان (2011)، البنية السردية في كتاب الامتاع والمؤانسة، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق.

- بارت، رولان (2014)، التحليل البنيوي للقصص، ت: د. منذر عياشي، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع، دمشق.
- البياتي، سوسن (2010)، اساطير العراق القديم البابلية والسومرية (دراسة في تشكلها السردي)، ط1، دار الحوار للنشر والتوزيع، اللاذقية.
- جبارة، كوثر (2012)، علي تبئير الفواعل الجمعية في الرواية، الطبعة الأولى، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية.
- جنيت، جيرار (1997)، خطاب الحكاية (بث في المنهج)، ط2، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة.
- جينيت، جيرار ؛ بوث، واين ؛ أوسبنسكي، بوريس ؛ غيون، فرتسواز ف. روسوم ؛ أنجلي، كريستيان ؛ ايرمان، جان (1989)، نظرية السرد من وجهة النظر الى التبئير، ت: ناجي مصطفى، ط1، منشورات الحوار الاكاديمي والجامعي، دار البيضاء.
- جينيت، جيرار و بوث، وواين (1989)، نظرية السرد من وجهة النظر إلى التبئير، ترجمة: ناجي مصطفى، الطبعة الاولى، مطبعة منشورات الحوار الاكاديمى الجامعي، دار الخطابى للطباعة و النشر، دار البيضاء.
- العامري، كامل عويد (2018)، معجم النقد الادبي الحديث، ط1 ، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع، دمشق.
- عزام، محمد (2005)، شعرية الخطاب السردي، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
- عيلان، عمر (2008)، في مناهج تحليل الخطاب السردي، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
- الكردي، عبد الرحيم (1996)، الراوي والنص القصصي، الطبعة الثانية، دار النشر للجامعات، مصر.
- لحميداني، حميد (1991)، بنية النص السردي (من منظور النقد الادبي)، ط1، المركز الثقافي للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت.
- المرزوقي، سمير ؛ شاكر، جميل (1986)، مدخل الى نظرية القصة (تحليلاً و تطبيقاً)، دار الشؤون الثقافة العامة – افاق عربية، بغداد.
- مويڤن، المصطفى (2001)، تشكل المكونات الروائية، ط1، دار الحوار للطباعة والنشر والتوزيع، اللاذقية.

ب زمانێ ئنگلیزی:

- Abrams, M. H. ; Harpham, Geoffrey Galt (2009), A glossary of literary terms, ninth edition, Wadsworth Cengage Learning, Boston.
- Bal, Mieke (1997), Narratology Introduction to the Theory of Narrative, 2nd Edition, University of Toromto press incorporated, Canada.
- Stanzel, Franz (1971), Narrative Situations in the Novel, Tranlated by James P. Pusaek, Indiana University Press, London.
- Fludernik, Monika (2009), An Introduction to Narratology, Translated from the German: Patricia Häusler-Greenfield and Monika Fludernik, Einführung in die Erzähltheorie, Germany .

فەرهەنگ:

- ب زمانێ کوردی:

- دوسكي، محمد أمين (2013)، قاموس سپيريز (كوردي – عربي)،ط2، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك.
- قاضی، حافظ (2005)، فەرهەنگا قازي (كوردی : عەرەبی – عەرەبی : كوردی)، چ٢، دەزگەهێ سپيريز يێ چاپ و وەشانێ، دهوك.
- نیزامەدین، فازل (2003)، فەرهەنگی ئەستێرە گەشە (كوردی – عەرەبی)، چ3، دەزگای چاپ و بەآوكردنەوەی ئاراس، هەولیر.

- بەزمانی عەرەبی:

- بدوي، محمد (2003)، قاموس اكسفورد المحيط (انكليزي – عربي)، اكاديميا انترناشيونال للنشر والطباعة، بيروت.
- برنس، جيرالد (2003)، المصطلح السردي (معجم مصطلحات)، ت: عابد خزندار، المجلس الاعلى للثقافة.
- عبدالنور، جبور (1979)، المعجم الادبي، ط1، دار العلم للملايين، بيروت.
- علوش، سعيد (1985)، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، دار الكتاب اللبناني، بيروت.

نامەی ماستەر و دکتورا:

- ب زمانێ کوردی:

- ابراهيم، ارام يوسف ابراهيم(2022)، شرۆڤەكرنا بنياتێ حيكايەتا فولكلوريا كوردی، ناما دكتورايێ، زانكويا دهوك- كوليژا زمانان، دهوك.
- محمد، هێمن جاسم (2015)، هونەری گێرانەوە لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا (چیرۆکی منداڵا بەنموونە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین – کولیژی زمان، هەولێر.
- محەمەد، بوشرا قادر كاكه (2022)، ئیستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا – لێکۆڵینەوەیەکی بونیادگەرییە، نامەی دکتورا، زانکۆی سلێمانی-کولیژی زمان، سلێمانی.

- ب زمانێ عەرەبی:

- بلعابد، صفية (2015)، إشكالية ترجمة المصطلح السردي من الفرنسية الى العربية مسرد المصطلحات لكتاب بنية النص السردي لحميد لحميداني نموذجا ، رسالة ماجستر، كلية الأداب واللغات، جامعة أبي بكر بلقايد، تلمسان.

- دلال، صبور (2006)، بنية النص السردى في معارج ابن عربى، رسالة ماجستير، جامعة منتورى، كلية الآداب واللغات، قسم اللغةالعربية وادابها، الجزائر.
- حداد، نبيل (2010)، البناء الفني في روايات سهيل ادريس، رساله ماجستير، كلية الاداب، جامعة ال البيت، الأردن.
- أمين، هيرش محمد (2016)، السرد فى المقامات النظرية لابى بكر بن محسن باعبود الحظرمى من علماء القرن الثانى عشر للهجره، اطروحة دكتوراه، كلية اللغات، جامعة كوية.

انواع و وظائف السارد في رواية – دەرگەهێ دونیایێ – للروائي صبري السليفاني

عبدالكريم مصطفى محمدامين
قسم اللغة الكردية "كلية اللغات" جامعة دهوك– دهوك
abdulkareem.mohammadamin@uod.ac

ارام يوسف ابراهيم
قسم اللغة الكردية "كلية اللغات" جامعة دهوک–دهوک
aram.ibrahim@uod.ac

شڤان جرجيس عبدالرحمن
قسم اللغة الكردية "كلية اللغات" جامعة دهوک–دهوک
shivan.jarjees@uod.ac

ملخص

يعتبر السارد من احد المحاور الرئيسية للنتاج السردي، ولكن في الاعمال السردية تظهر السارد بعدة انواع وعن طريق كل نوع من تلك الانواع ينجز هذا السارد عدد وظائف، و بالتحديد تلك الوظائف التي يريد كاتب الرواية استخدامها ل جذب انتباة القراء بما يسرد، فلذلك يحاول بكل امكاناتة استخدام الشخصيات و ايضا المبادء السردية الاساسية الاخرى، وتوظيفها في خدمة السارد، من اجل اضهار تلك الوظائف التي يريد الروائي استخدامها لغرض او لمغزا معين. و من اجل هذا اجرينا هذه الدراسة على هذا الموضوع الموسوم ب عنوان (انواع و وظائف السارد في رواية – دەرگەەێ دونیایێ للروائي صبري السليفاني). يتكون هذة الدراسة من فصلين، حيث يتناول الفصل الاول الجانب النظري لمفهوم السارد و انواعه و وظائفه، كذلك خصصة الفصل الثانى من هذة الدراسة لتحديد وظائف السارد في الرواية، و بيان نمط و صيغة الوظيفة المستخدمة من هذه الوظائف،

الكلمات المفتاحية: السارد، الراوي، النوع، الوظائف، دەرگەەێ دنیایێ.

Types and the Functions of the Narrator in the Novel – Dergahe Dunyaye – By the Novelist Sabri Sulaifani

Abdulkareem Mustafa Mohamed Ameen
Kurdish Department, College of Languages, University of Duhok - Duhok
abdulkareem.mohammadamin@uod.ac

Aram Yousif Ibrahim
Kurdish Department, College of Languages, University of Duhok - Duhok
aram.ibrahim@uod.ac

Shivan Jarjees Abdulrahman
Kurdish Department, College of Languages, University of Duhok - Duhok
shivan.jarjees@uod.ac

Abstract

The narrator is considered one of the main sources of narrative production, but in narrative works, the narrator is measured in several types and through each of these types, this narrator reduces the number of functions, and identifies those that the writer of innovative stories wants to attract the attention of readers, including narration. Therefore, he tries with all his ability to use characters. And also, other basic narrative principles, and employing them in the service of the narrator, in order to demonstrate those functions that the novelist wants to use or for a specific purpose.

This study consists of two chapters, where the first chapter deals with the theoretical concept of the narrator, its types and functions, and the second chapter of this study also specializes in the functions of the narrator in the novel, and explains the style and usage of this function. For this reason, we conducted this study on this topic with tags entitled (Types and the functions of the narrator in the novel – Dergahe Dunyaye by the novelist Sabri Sulaifani).

Keywords: Narrator, novelist, genres, function, Dergahe Dunyaye.

Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.3.10

کاریگەری تیکتۆککەرەکان لەسەر بەهای پەروەردەیی: تویژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لە شاری هەولێر

هێردن ابراهیم احمد/ بەشی دەروونزانی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Herdn Ibrahim Ahmed
herdn.ahmed@su.edu.krd

RECEIVED :20 /08/2024
ACCEPTED :08/12/ 2024
PUBLISHED :15/06/ 2025

وشە سەرەکییەکان:
تیکتۆکەر، بەهای پەروەردەیی، ئەخلاقی دیجیتاڵی، ڕەفتاری پڕۆکۆمەڵایەتییەکان

پوختە

ئەم توێژینەوەیە، ورد دەبێتەوە لە چاوپلکەی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوورییەوە. لە دیمەنێکی دیجیتاڵیدا کە بە خێرایی گەشە دەکات، تیکتۆک لەم ساڵانەی دواییدا وەک هێزێکی کولتووری باڵادەست دەرکەوتووە، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ژیانی منداڵان و هەرزەکاران هەبووە. ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی لەم پلاتفۆرمە، دەگێڕێت بریتییە لە "تیکتۆکەرەکان" کە کاریگەری بەرچاوی لەسەر بەها و بیروباوەڕی بینەرەکانی هەیە .

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، ڕێبازێکی ئەنترۆپۆلۆژیایی کولتووری بەکاردەهێنرێت، کە چاودێریکردنی بەشداربووان، کاری مەیدانی، شیکاری ناوەڕۆک و فۆرمی ڕاپرسی تێکەڵ دەکات. دیزاینێکی وەسفکەری بڕبڕەیی بەکاردەهێنێت، کە دایک و باوکی قوتابیانی سەنتەری شاری هەولێر دەکاتە ئامانج، لەم توێژینەوەیەدا تەکنیکی نموونە گرتنی ئاسانکاری (convenience sampling) بەکارهێنراوە. هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە (G*Power version 3.1.9) بەکارهێنرا، و (٤٩٢) فۆرمی ڕاپرسی شیکراونەتەوە. میتۆدۆلۆژیا ئاسانکاری بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەشداریکردنی قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی لەگەڵ ناوەڕۆکی تیکتۆکەر لە چوارچێوەی کولتووریی خۆیاندا دەکات.

دەرئەنجامەکان تیشک دەخەنە سەر دینامیکی کولتووریی ئاڵۆزی تیکتۆک، جەخت لەسەر ڕۆڵی تیکتۆکەر لە داڕشتنی بەها پەروەردەیی دەکەنەوە. دایک و باوکان نیگەرانی خۆیان دەربڕی کە ناوەڕۆکی تیکتۆک پێچەوانەی ئەو بەها پەروەردەییانەیە، کە فێری منداڵەکانیان دەکەن. زۆرێک لە پەروەردەکاران دژایەتییەکی تووندیان بۆ منداڵەکانیان دەربڕی، کە ئاواتەخوازن ببنە تیکتۆکەر. ئەو توێژینەوەیە تێڕوانین بۆ دایک و باوکان دەدات، ڕۆشنایی دەخاتە سەر بەرەنگاری و کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا لەسەر خۆشگوزەرانی منداڵان و گەشەپێدانی بەهاکان. ئەنجامەکان دەتوانن گفتوگۆکان لەسەر دروستکردنی ناوەڕۆکی بەرپرسیارانە و پێشخستنی بەها پەروەردەیی لە فەزای دیجیتاڵیدا ئاگادار بکەنەوە.

About the Journal
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

1-پێشەکی

پێشکەوتنە بەردەوامەکانی تەکنۆلۆژیا- دونیایی دیجتاڵی بۆتە هۆکاری گۆڕانکاری لە زۆر بواردا، بێگومان ئەو گۆڕانکارییانەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تاکەکان و دەزگاکانی تری کۆمەڵایەتی هەیە، لەبەر گرنگیان بوونەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەیان، ئەوەش لە دەرئەنجامی پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەیە، کە ئەو پلاتفۆرمە دەیخاتە بەردەم بەکارهێنەرانی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستەکانی. سۆشیال میدیا بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی سەردەمی هاوچەرخی ئێمە دادەنرێت وەک زمانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کە کاریگەری سەرەکی و بەرچاوی لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگاکان هەیە، دوای ئەوەی ئینتەرنێت دەرکەوت و چەندین ماڵپەڕی سۆشیالیستی بەناوبانگی بەدوای خۆیدا هێنا، چەندین ئەپڵیکەیشنی سۆشیال میدیا دەرکەوتن بە کاریگەرییەکی بەرجەستە و کاریگەر (الزهراني، ٢٠١٨: ١٦٠).

بەکارهێنانی سۆشیال میدیا پاڵنەرە بۆ پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان، ڕزگاربوون لە بێزاری و تەنیایی، دەرخستنی توڕەیی، کات بەسەربردن، ئارامگرتن، پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دیکە، شوێنکەوتنی هەموو شتێکی نوێ لە گۆڕەپانی میدیا و فێربوونی زیاتر دەربارەی کەسانی دیکە (خليفة، ٢٠٢١: ١٩٣). "تیکتۆک"یش، پلاتفۆرمێکی بەناوبانگی سۆشیال میدیایە و بە ناوەڕۆکی ڤیدیۆیی کورت فۆرم ناسراوە، بووەتە سەرچاوەیەکی بەرچاوی زانیاری و کات بەسەربردن بۆ بینەرێکی فراوان و هەمەچەشن. بەکارهێنەرانی زیاتر منداڵان و هەرزەکارانن، ئەوەش کەم یان زۆر کاریگەری لەسەر دەزگاکانی تری (خێزان، قوتابخانە،..) ناو کۆمەڵگا دروستکردووە. لەم توێژینەوەدا لە هەوڵی ئەوەدا دەبین بەدوای وەڵامی ئەوپرسیارنەدا بگەڕێین: کاریگەریی تیکتۆککەرەکان بەسەر کۆمەڵگادا ؟ پاڵنەر و ستراتیژییەکانی تیکتۆککەرەکان بۆ بەشداریکردن لە دروستکردنی ناوەڕۆکی پەروەردەیی لە تیکتۆکدا چین ؟ ناوەڕۆکی پەروەردەیی تیکتۆککەرەکان چۆن کاریگەرییان لەسەر ئەزموونی فێربوون و بەدەستهێنانی زانیاری بەکارهێنەرانی تیکتۆککەر هەیە؟ دروستکەرانی ناوەڕۆک لەسەر تیکتۆک، لەسەر ئەو بەها پەروەردەییەی کە لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکەوە دابین دەکرێت؛ ئەوانە دەبنە کێشە و ئامانجی توێژینەوەکە کە چۆن تیکتۆککەرەکان، چ بە شێوەیەکی فەرمی و چ بە شێوەیەکی نافەرمی، بەشداری لە بەهای پەروەردەیی دەکەن ؟

تیکتۆک بە خێرایی ناوبانگێکی زۆری لەنێو منداڵان و هەرزەکاراندا پەیداکردووە، وەک سەرچاوەیەکی کات بەسەربردن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ئەوەی تیکتۆککەرەکان (دروستکەرانی ناوەڕۆک لەسەر تیکتۆک) کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر بینەری گەنجەکانیان هەیە. زۆر گرنگە توێژینەوە بکرێت، کە چۆن تیکتۆککەرەکان کاریگەرییان لەسەر بەها و بیروباوەڕی منداڵان هەیە.

کێشەی توێژینەوە:

توێژینەوەکە باس لە لەشکرکێشی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان- تیکتۆک دەکات، کە دوژمنایەتی کولتووری کۆمەڵگای کوردی دەکات، ئەوەش لەوکاتەوە دێت بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی دیجیتاڵی- سەرهەڵدانی ئامێرە زیرەکەکانی وەکو موبایل و چەندین ئامرازی پەیوەندی، کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتی زیاتر کرد، هەرئەوەش وای کردووە ئۆپەراسیۆنەکانمان قورستر بێت، لەبەرئەوەی پەیوەندییە فراوانە کۆمەڵایەتییەکانیان گۆڕییەوە بۆ پابەندبوونیان بە سۆشیال میدیا- تیکتۆک، بۆیە دەکرێت کێشەی ئەم توێژینەوە لە چەند پرسیارێک کورت بکەینەوە، کە لە بیری توێژەر چەکەرەی کردووە و هەوڵدەدات بگات بە وەڵامەکانیان، ئەوانەش بریتیین: چ جۆرە بەها و باوەڕێک بە شێوەیەکی باو لەلایەن تیکتۆککەرەکانەوە لەسەر پلاتفۆرمەکە پەرەی پێ دەدرێت؟، تا چەند تیکتۆککەرەکان ناوەڕۆکی پەروەردەیی لەسەر تیکتۆک دروست دەکەنو هاوبەشی دەکەن؟ منداڵان و هەرزەکاران چۆن هەست بەو بەها و پەیامانە دەکەن، کە لەلایەن تیکتۆککەرەکانەوە پێشکەش دەکرێن؟ ئەو کێشانە لەکاتێکدایە بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا زاڵن، کە هەڵگری کولتوورە تێکەڵەکانن و کاریگەرییان لەسەر ڕەفتار و بەهادا هەیە، هەڵگری هۆکاری بابەتیین لە پەروەردە و ئابووریدا، بۆیە توێژەر لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت لەم توێژینەوەیەدا هەموو ئەو پراکتیک و میکانیزمانەی کارکردن ئاشکرا بکات کە لەسەر بنەمای ئەم لەشکرکێشییە.

گرنگی توێژینەوە:

لە ڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووریییەوە گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، بەهۆی بەشداریکردنی تاکی کۆمەڵگا- منداڵان و هەرزەکاران لە پانتایی سۆشیال میدیا- تیکتۆک و باسکردن لە داینامیکی کولتووری، تێگەیشتنی قوولترمان پێ دەدات لە گۆڕانکاری و بەردەوامی کولتووریییەکان، بۆیە دەتوانرێت ئاشکرا بکرێت، کە چۆن تیکتۆککەرەکان بەشداری لە گۆڕینی نۆرم و بەها کولتووریییەکان لەناو کایەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەکەن ؟دەتوانین ڕۆشنایی بخەینە سەر چۆنیەتی بەشداریکردنی تاک-هەرزەکار لەگەڵ ناوەڕۆکی تیکتۆککەرە بۆ پیشاندانی شوناس و ناسنامەکە؟ بۆیە تێگەیشتن لەم پرۆسانە بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری زۆر گرنگە، ئەوەش بۆ ئەوەیە تێبگەین کە چۆن کولتوور لە سەردەمی دیجیتاڵیدا دەگونجێت و پەرەدەسێنێت؟

ئامانجی توێژینەوە

مەبەست لەم توێژینەوەیە دیاریکردنی کاریگەری تیکتۆککەرەکانە لەسەر بەهای پەروەردەییەکان. ڕێکارەکانی ئەم توێژینەوە، توێژینەوەیەکی چەندایەتییە، کە توێژەر چەند دایک و باوکێک بە نموونە وەردەگرێت بۆ باسکردنی هەڵوێستیان لەبارەی دیاردەکە.

1- بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی بەشداربووان.

2- گەڕان بەدوای ڕێگا و شێوازەکانی بەکارهێنانی تیکتۆک لە نێوان گروپە دیمۆگرافییە جیاوازەکاندا.

3- هەڵسەنگاندنی کاریگەری تیکتۆککەرەکان لەسەر بەها پەروەردەییەکان لەنێو بەکارهێنەران.

4- پشکنینی ئەو بەرەنگاربوونەوانەی کە دایک و باوکان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی تیکتۆک بۆ منداڵەکانیان.

5- دیاریکردنی پەیوەندی لەنێوان ڕێگاو شێوازەکانی بەکارهێنانی تیکتۆک و بەها پەروەردەییەکان.

6- دیاریکردنی کاریگەری ڕێگا و شێوازەکانی بەکارهێنانی تیکتۆک لەسەر بەها پەروەردەییەکان.

1- چەمکە سەرەکییەکان

1-1-بەها

1-بەها: ناوەڕۆکی توخمی کولتووری پێکدێنێت (میران، ٢٠٢١: ٨٥)؛ "بریتییە لە نۆرمی سەرەکی بەباشدانراو لە کۆمەڵگادا، کە لەلایەن کولتوورەوە، بۆ مەبەستی ئاڕاستەکردنی تاک و ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگا دیار دەکرێن" (عەبدوڵڵا, ٢٠٢٢: ٣١٤)؛ هەر کۆمەڵگایەک چەندین بەهای تایبەت بە خۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەسەر زۆربەی وڵاتانی جیهانیشدا بەهایەکی گشتی هەیە (MIRAN, et al., 2021)، زۆرێک لە گەلان بەجۆرێک لە بەهای قبوڵ دەکەن، دەکرێت چوارچێوەیەک بێت، کە سیستەمی کۆمەڵگا بە دەوریدا دەسوڕێتەوە، یان دەکرێت بەهایەک بێت لە پێکهاتە کولتووریییەکان، واتە زۆرینەی خەڵک پابەندی بن و ڕێز لەم بەهایە بگرن "نەوەک گشتیان پابەندی بن"، دەکرێت بەهایەک لە بەهایەکی تر گرنگتر بێت (ناصر، ٢٠٢٠: ١٢٣)، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە هەموو کۆمەڵگایەک بەهای تایبەتی خۆی هەیە. هەرچەندە زۆربەیان ئەخلاقێکی هاوبەشی جیهانیان هەیە، بۆ نموونە هەندێک لە گەلان بەهایەک وەک بەهای ناوەندی، کە هەموو لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لەناویدا دەسوڕێنەوە، یان ئەو بەهایەی کە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بەرز دەکاتەوە، کە زۆربەی خەڵک پابەندن بەو بنەمایە نەک هەموو کەسێک. بەهایەک لە بەهاکەی تر گەورەتر دەردەکەوێت.

2- پەروەردەیی: چەمکێکی فراوانە کە گرنگی بە پەروەردەکردنی بەها مەدەنی و ئەخلاقییەکان دەدات لە پراکتیکەکەیدا (YAZICI, 2013) . شانبەشانی زاراوەی دیکەی بەکارهێنراوی باو وەک پەروەردەی ڕۆحی، ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی و کولتووری بەکاردەهێنرێت. (Halstead & Taylor, 2000).

3-بەهای پەروەردەییەکان: ئاماژەیە بۆ ئەو بەها و پرەنسیپانەی کە لە ڕێگەی پەروەردەوە فێر دەکرێن، کە بەشدارن لە گەشەسەندنی تاکەکان (سیوەیلی، ٢٠١٦: ١٩١). ئەو بەهایانە لە لایەن سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی وەک مامۆستا، دایک و باوک، ئەدەب و فیلمەوە بچێنرێن، بۆ نموونە فیلمە کارتۆنییەکانی چیرۆکی ئەفسانەیی دەتوانن بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان دابین بکەن، کە لە چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانە (Suryanti, 2023) پراکتیز دەکرێت(.

بەها پەروەردەییەکان: ئاماژەن بۆ ئەو بنەما و باوەڕانەی کە ئەزموونی فێربوون و گەشەکردنیان لە قاڵب دەدەن (BALTACI, 2019). ئەم بەهایانە ڕێنمایی دەکەن، کە قوتابیان چۆن هەست بە پەروەردە دەکەن، هەڵوێستەکانیان بەرانبەر بە فێربوون و ڕەفتارەکانیان لە شوێنە پەروەردەییەکاندا (Beaty, 2016). بۆیە "بەهای پەروەردەییەکان" گرنگی بە بنەماکانی فێربوون، ڕێنماییکردنی ڕەفتار و پەروەردەکردنی گەشەی کەسی و کۆمەڵایەتییە.

1-2-تیکتۆککەرە:

تیکتۆک پلاتفۆرمێکی بەناوبانگی سۆشیال میدیایە، (پلاتفۆرمی ڤیدیۆیی کورتە) و ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات ڤیدیۆ کلیپی کورت دروست بکەن و هاوبەشی بکەن، کە درێژییەکەی لە ١٥ چرکە – ١٠ خولەک، ناردنی نامەی کەسی، هەروەها دروستکردنی پەخشی ڕاستەوخۆی هەیە، کە توانای دەستکاریکردنی بەهێزی هەیە، کە بەکارهێنەر دەتوانێت جۆرە جیاوازەکانی زیاد بکات لە مۆسیقا و کاریگەرییەکان بۆ ڤیدیۆکانیان (محمدی &حسنی، ٢٠٢٤: ٧٦). بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت و لە ساڵی ٢٠١٨ەوە چالاکە، لە ساڵی ٢٠١٩دا ناوبانگێکی جیهانی بەدەست هێنا و گەیشتە زیاتر لە ٨٠٠ ملیۆن بەکارهێنەر. ئێستا زیاترە لە ١٠٠٠ ملیۆن بەکارهێنەر، کە ئەمەش لە ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە ڕێژەبەندی شەشەم دێت (we are social, 2023). تیکتۆک دەتوانێت هەم کاریگەری ئەرێنی و هەم کاریگەری نەرێنی لەسەر بەکارهێنەرانی هەبێت، لەبەرئەوەی تەکنەلۆژیا کاری کردۆتە سەر هەموو کایەکانی ژیان (خۆشناو, ٢٠٢٤: ٢٣٤). لە ڕوویکدا سەکۆیەکە بۆ خۆدەربڕین و داهێنان، کە ڕێگە بە تاکەکان دەدات بۆچوون و ئەزموون و هەڵسەنگاندنی خۆیان بۆ ئەوانی دیکە هاوبەش بکەن، لە لایەکی ترەوە پەیوەندی بە کێشەکانی تەندروستی دەروونی و هێرشکردنە سەر ئەلیکترۆنی و ناوەڕۆکی نەشیاوەوە هەیە، هەروەها تیکتۆک وەک میدیایەکی پەیوەندیی دیجیتاڵی مارکێتینگ بەکارهێناوە، ئەمەش ڕێگە بە فرۆشیاران و بازرگانان دەدات کە بەرهەمەکانیان ڕێکلامی بۆ بکەن و بۆئەوەی بگەن بە فرۆشی زیاتر. سەرەڕای ئەوەش، هەندێکجار تیکتۆک وەک یارمەتیدەرێکی ڤیدیۆیی لە پەروەردەدا بەکارهاتووە، کە پاڵنەرەکانی فێربوون و توانای زارەکی لەنێو فێرخوازاندا باشتر دەکات.

تیکتۆککەرە، کەسێکە کە ناوەڕۆک لە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا تیکتۆک " ڤیدیۆیی کورت و سەرگەرم"ی دروست دەکات و هاوبەشی دەکات (Iodice & Papapicco, 2021)، بەتایبەتی لەنێو بینەرانی منداڵ و گەنج، بەشێک لە تیکتۆککەرەکان بە دروستکردنی ناوەڕۆکی سەرنجڕاکێش و سەرگەرمی جۆراوجۆر لەوانە: (سەما، هاوکاتکردنی لێو، چاڵنج، ڤیدیۆیی زانیاری... زۆر شتیتر) کە لەسەر پلاتفۆرمەکە فۆلۆوەرێکی زۆریان بەدەست هێناوە و بوونەتە بە کەسی کاریگەر لە سۆشیال میدیا.

1-3-ڕەفتاری پرۆکۆمەڵایەتی:

بریتییە لە وێنەی دەروونیی تاک لە واقیعی کۆمەڵایەتی خۆی، بە کۆمەڵێک بیرۆکە و هەست و ڕەفتارێک نوێنەرایەتی دەکرێت کە گوزارشت لە ئاگایی خۆی بۆ ئەم واقیعە دەکات (خلیفة، ٢٠٢١: ١٩٤). پەروەردەی کۆمەڵایەتی و کولتووری ڕۆڵێکی گرنگیان لە دروستکردنی کەسایەتی هەیە (باخەوان، ٢٠١٥: ١١٢)، بەڵام ڕەفتاری پرۆکۆمەڵایەتی، ئاماژەیە بۆ ئەو کردارانەی کە مەبەست لێی سوودگەیاندنە بە کەسانی دیکە یان کۆمەڵگا بەگشتی. ئەم ڕەفتارانە تایبەتمەندن بە میهرەبانی، هاوکاری، هاوسۆزی و خەمی خۆشگوزەرانی کەسانی دیکە (Wang, et al., 2013, p.298). ڕەفتاری لایەنگری کۆمەڵایەتی دەتوانێت کردەوەکانی وەک یارمەتیدان، هاوبەشیکردن، دڵنەواییدان و خۆبەخشی لەخۆبگرێت

(Batson, 2011, p.21)، کە پێویستی بە کرداری چڕکردنەوەی ئاگاداربوون هەیە، ئەمەش دەبێتە مایەی ڕێنماییکردن (عثمان &علی, ٢٠٢٤: ٣١٤).

ڕەفتاری پڕۆکۆمەڵایەتی بریتییە لە "ڕەفتاری خۆبەخشانە، کە مەبەست لێی سوودگەیاندنە بە کەسێکی دیکە" (Pfattheicher, et al., 2022: 125). تایبەتمەندە بە کردەوەی میهرەبانی و بەزەیی و ڕەفتاری یارمەتیدان، کە زۆر کەس بە یەکێک لە جوانترین سیفەتەکانی سروشتی مرۆڤی دەزانن (Pfattheicher, et al., 2022:127)، بۆیە ڕەفتاری پڕۆکۆمەڵایەتی بۆ پەروەردەکردنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی، بونیادنانی کۆمەڵگای بەهێز و پێشخستنی پەیوەندییە ئەرێنییەکانی نێوان کەسەکان زۆر گرنگە.

2- میتۆدی توێژینەوە و دۆزینەوەکان

2-1- میتۆدی توێژینەوە:

توێژینەوەکە دیزاینی وەسفکەری بڕبڕەییە، کە (٤٩٢) دایک و باوکی قوتابی لە قەزای ناوەندی هەولێر بە ئامانج گرتووە. توێژینەوەکە لە ماوەی نێوان (٢٠٢٤/٥/١) تاکو (٢٠٢٤/٨/١٣) لە سەنتەری شاری هەولێر ئەنجام درا. لەم توێژینەوەیەدا تەکنیکی نموونە گرتنی ئاسانکاری (convenience sampling) بەکارهێنراوە. بۆ حسابکردنی نموونەی توێژینەوەکە (G*Power version 3.1.9) بەکارهێنرا، بە قەبارەی کاریگەری بچوکی (0.3) و ئاستی گرنگی (0.05) و هێزی خوازراوی (0.95)، کۆی (138) خێزان پێویست بوو بۆ توێژینەوەکە، بەڵام توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەسەر (٥٢٠) دایک و باوکی قوتابیانی بنەڕەتی لەڕێگەی ئۆنڵاینەوە دابەش کرد، تەنها (492) فۆرم بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بۆ توێژەر گەڕایەوە و (٢٨) فۆرم بە هۆکاری جیاواز نەگەڕایەوە و دوورخرایەوە، لەبەر ئەوە قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٤٩٢) خێزان. ڕاپرسییەکە لە چوار بەش پێک هاتبوو، بەشی یەکەم بریتی بوو لە لایەنی دێمۆگرافی بەشداربووان، کە لە (١٠) پرسیار پێک هاتبوو، بەشی دووەم: لە ڕێگا و شێوازەکانی بەکارهێنانی تیکتۆک کە لە (٨) بڕگە پێک هاتبوو، بەشی سێیەم: کاریگەری لەسەر بەها پەروەردەییەکان، کە لە (٩) بڕگە پێک هاتبوو، بەشی چوارەم: ئاستەنگەکانی ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی تیکتۆک بۆ منداڵان ئەمەشیان پێک هاتبوو لە (٩) بڕگە. سەرجەم بڕگەکان بەم شێوازە بۆ وەڵامدانەوە پۆلێن کرابوون: (١) هیچ کات (٢) هەندێک کات (٣) نازانم (٤) زۆر کات (٥) بۆ هەمیشە. بەردەست نەبوونی ئامێری زیرەک لەلایەن بەشێک لە دایک و باوکان و نەبوونی شارەزایی و هەروەها بەردەست نەبوونی هێڵێکی ئەنتەرنێتی بەردەوام و خێرا، ئەوانە هەمووی بەشێک بوون لە سنووردارکردنی توێژینەوەکە.

پێش ئەنجامدانی توێژینەوەکە، ڕەزامەندی فەرمی لە زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی ئاداب بۆ ئەو توێژینەوەیە وەرگیرا. توێژینەوەکە ڕاپرسییەکی ئۆنلاین بوو بەبێ ئەوەی ناوی خۆی تۆمار بکات، لینکی ڕاپرسییەکە لە ڕێگەی ئامێری زیرەکەوە بۆ دایک و باوکان نێردراوە، هەروەها ڕەزامەندی لە بەشداربووان وەرگیرا، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە بەشداری لە توێژینەوەکەدا بکەن. توێژەر پابەند بوو بە سەرجەم پرەنسیپە ئەخلاقییەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی. پڕۆگرامی (SPSS) وەشانی (26) ی بەکارهێنا بۆ شیکارکردنی زانیارییەکانی توێژینەوەکە.

خشتەی ژمارە (١) Reliability بۆ پرسیارەکانی بەشەکانی (2، 3 و 4)

Reliability Statistics		
بەشەکان	Cronbach's Alpha	Items
2. بەکارهێنانی تیکتۆک	0.872	8
3. بەها پەروەردەییەکان	0.937	9
4. ئاستەنگەکان	0.938	9

لە خشتەی ژمارە (١)دا، شیکاری Reliability یەکدەنگییەکی ناوخۆیی بەرز بۆ ئەو تەرازووانەی، کە لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون نیشان دەدات. ئەلفای کرۆنباخ بۆ پێوەری بەکارهێنانی تیکتۆک کە بریتی بوو لە (8 پرسیار) 0.872 ە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ متمانە پێ کراوییەکی باش. پێوەری بەها پەروەردەییەکان کە پێک هاتبوو لە (9 پرسیار) متمانەیەکی زۆر بەرزی لەگەڵ ئەلفا کرۆنباخی 0.937 هەیە، لە هەمان کاتدا پێوەری ئەو ئاستەنگانەی کە دایک و باوک لە ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی تیکتۆک ڕووبەڕووی دەبنەوە بریتی بوو لە (9 پرسیار)، کە متمانە پێ کراوییەکی نایاب نیشان دەدات بە ئەلفا کرۆنباخی 0.938. ئەم بەهایانە ئەوە نیشان دەدەن، کە پرسیارەکانی ناو هەر یەک لە بەشەکان زۆر یەکدەنگن لە ڕووی پێوانەکردنی بونیادەکانیانەوە.

2-2- دۆزینەوەکان:

خشتەی ژمارە (٢): تایبەتمەندییە دێمۆگرافیەکانی بەشداربووان

گۆڕاوەکان		دووبارەبووەوە	ڕێژەی سەدی %
تەمەنی دایک	25-18	12	2.4
	35-26	176	35.8
	45-36	228	46.3
	55-46	64	13.0
	55 و بەرەوسەر	12	2.4
ئاستی خوێندەواری دایک	بنەڕەتی	112	22.8
	ئامادەیی	56	11.4
	دبلۆم	92	18.7
	بەکالوریوس	168	34.1
	ماستەر	64	13.0
تەمەنی باوک	25-18	8	1.6
	35-26	92	18.7
	45-36	240	48.8
	55-46	108	22.0
	55 و بەرەوسەر	44	8.9
ئاستی خوێندەواری باوک	بنەڕەتی	104	21.1
	ئامادەیی	52	10.6
	دبلۆم	48	9.8
	بەکالوریوس	136	27.6
	ماستەر	152	30.9
ژمارەی کچ	هیچ	132	26.8
	3-1	348	70.7
	6-4	8	1.6
	7 و بەرەو سەر	4	0.8
ژمارەی کوڕ	هیچ	92	18.7

	3-1	376	76.4
	6-4	20	4.1
	7 و بەرەو سەر	4	0.8
مندالّەکانت لە چ جۆرە قوتابخانەیەکن	حکومی	236	48.0
	ناحکومی	212	43.1
	نێودەوڵەتی	44	8.9
ئایا وەک دایک و باوک تیکتۆک بەکار دەهێنن؟	بەڵێ هەردوکمان	216	43.9
	بەڵێ تەنها دایک	64	13.0
	بەڵێ تەنها باوک	88	17.9
	نەخێر هیچ یەکمان	124	25.2
کۆی گشتی		492	100.0

لە خشتەی ژمارە (٢)دا تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی ئەو دایک و باوکانەی کە بەشداربیان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە، ئاشکرای دەکات، کە زۆرینەی دایکان تەمەنیان لە نێوان ٣٦-٤٥ ساڵیدایە، کە ڕێژەکەی بریتییە لە (٤٦.٣%)، بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە بەڕێژەی (٣٤.١%)، هەروەها زۆربەی باوکەکان تەمەنیان لە نێوان ٣٦-٤٥ ساڵیدایە بەڕێژەی (٤٨.٨%) و بڕوانامەی ماستەریان بەڕێژەی (30.9%).

ژمارەی منداڵ لە خێزانەکان، ئەو خێزانانە 1-3 کچیان هەیە، بە ڕێژەی (70.7%)ە. ئەو خێزانانەی 1-3 کوڕیان هەیە، بە ڕێژەی (76.4%)ە. ئەو دایک و باوکانەی لە تۆڕێنەوەکەمان بەشدارن، زۆربەی منداڵانیان لە قوتابخانە حکومییەکان دەخوێنن، کە ڕێژەکەی بریتییە لە (٤٨%)، ئەوانەشی کە لە قوتابخانە ناحکومییەکان دەخوێنن ڕێژەکەیان بریتییە لە (٤٣.١%)، ڕێژەیەکی کەمیش دەچنە قوتابخانە نێودەوڵەتییەکان کە ڕێژەکەیان (٨.٩%)ە.

سەبارەت بە بەکارهێنانی تیکتۆک، بە ڕێژەی (٤٣.٩%)ی دایک و باوکان ڕایان گەیاندووە، کە هەردووکیان تیکتۆک بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا بە ڕێژەی (٢٥.٢%) ئاماژەیان بەوە کردووە، هیچ کام لە دایک و باوکەکان پلاتفۆرمەکە بەکارناهێنن "کەچی منداڵەکانیان بەکاردەهێنن"[1]. لە کاتی پەتاکەدا لە ساڵی ٢٠٢٠دا "تیکتۆک" بووە زۆرترین دابەزاندنی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە جیهان؛ بەپێی ئاماری ناوەندی ڕاگەیاندنی عێراق، لە ساڵی ٢٠٢٤ نزیکەی ٣٢ ملیۆن بەکارهێنەر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆک لە عێراقدا هەن، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٢٣ ژمارەی بەکارهێنەرانی ئەو تۆڕە بریتی بووە لە (٢٣,٨٨) ملیۆن (قادر، ٢٠٢٤)، وەک دەگوترێت ئەو نەوەیە، نەوەیەکی "ئەسپێکوژە"، ئەسپێکوژ بەو مانایەی نا کە تەمبەڵ و تەوەزەڵ بووە و هیچ کار و کردەوە و چالاکییەکی نییە، بەڵکو پتر بەو مانایەی بەکاردێت، کە بەردەوام موبایلەکەی بەدەستەوەیە و وەک ئەوەی دڵی لەناو چنگیدا بێت و نەکەوێت وەها توند گرتوویەتی (حەسەن, ٢٠١٥: ١٤١)، دەرەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە منداڵان و هەرزەکارنی ئەم وڵاتە لە پاڵ بەکارهێنانی یاری ڤیدیۆیی و جێگەی خۆیان دەدەنەوە بە دروستکردنی کەسی لەو شوێنانەی کە کارەکتەری سەرەکییانن. زیادبوونی خۆنوێنەرایەتیکردن و ڕەفتاری ئەدای، ئەوەش هۆکارەکەی بۆئەوە دەگەڕێتەوە تۆڕی کۆمەڵایەتی "تیکتۆک" بۆ سنووردارکردنی کاتی خودی پۆرتاڵەکە کە ڕێگە بە ماوەی ڤیدیۆ لە سەرووی ١٠ خولەکەوە نادات، هەروەها ئەو پلاتفۆرمە لەسەر بنەمای نەوەکان دەردەکەون، بەتایبەتیتر لەسەر بنەمای دۆخی نەوەکان، ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەوەی کە ئەوان لەگەڵ داواکارییەکانی...

[1] لەم توێژینەوەدا، پێویستە منداڵەکانیان پلاتفۆرمی تیکتۆک بەکاربهێنێت، ئەگەر هاتوو لە فۆرمی ڕاپرسییەکە ئاماژە بەوە کرابوو "منداڵەکەم تیکتۆک بەکارناهێنێت"، ڕاستەوخۆ ئەو فۆرمە ڕەتکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٣): ڕێگاو شێوازەکانی بەکارهێنانی تیکتۆک:

پرسیارەکان	وەڵامەکان	دووبارەبووەوە	%	Mean	Std. Deviation
منداڵەکەم تیکتۆک بەکاردەهێنێت	هیچ کات	144	29.3	2.8699	1.54213
	هەندێک کات	104	21.1		
	زۆر کات	160	32.5		
	بۆ هەمیشە	84	17.1		
بەشێوەیەکی گشتی، منداڵەکانم ڕۆژانە ٢ کاتژمێر و زیاتر تیکتۆک بەکاردەهێنن	هیچ کات	164	33.3	2.7154	1.50773
	هەندێک کات	96	19.5		
	نازانم	8	1.6		
	زۆر کات	164	33.3		
	بۆ هەمیشە	60	12.2		
ڕێگە بە منداڵەکانم دەدەم، کە تیکتۆک یان پلاتفۆرمی ڤیدیۆیی کورت فۆرم هاوشێوەی بەکاربهێنن.	هیچ کات	228	46.3	2.1057	1.29428
	هەندێک کات	128	26.0		
	نازانم	8	1.6		
	زۆر کات	112	22.8		
	بۆ هەمیشە	16	3.3		
ئێمە وەکو (دایک/ باوک) فۆلەوەری منداڵەکەمم.	هیچ کات	196	39.8	2.5285	1.54933
	هەندێک کات	100	20.3		
	نازانم	8	1.6		
	زۆر کات	116	23.6		
	بۆ هەمیشە	72	14.6		
لەگەڵ منداڵەکانم قسە لەسەر ناوەڕۆکی تکتۆکەکان دەکەین کە سەیری کردووە	هیچ کات	172	35.0	2.4797	1.39449
	هەندێک کات	124	25.2		
	نازانم	16	3.3		
	زۆر کات	148	30.1		
	بۆ هەمیشە	32	6.5		
ئارەزوو دەکەم منداڵەکانم ببن بە تیکتۆککەر	هیچ کات	352	71.5	1.6748	1.17334
	هەندێک کات	36	7.3		
	نازانم	20	4.1		
	زۆر کات	80	16.3		

	بۆ هەمیشە	4	0.8		
هانی منداڵەکانم دەدەم بۆئەوەی بەدواداچوون "فۆڵەوەری" ئەو تیکتۆککەرانە بن، کە پەرەدەدەن بەلایەنی پەروەردەیی.	هیچ کات	160	32.5	2.7398	1.47118
	هەندێک کات	84	17.1		
	نازانم	20	4.1		
	زۆر کات	180	36.6		
	بۆ هەمیشە	48	9.8		
هانی منداڵەکانم دەدەم بۆئەوەی بەدواداچوون "فۆڵەوەری" ئەو تیکتۆککەرانە بن، کە پەرەدەدەن بەلایەنی نوکتە و قسەی نەشیاو و کات بەسەربردن.	هیچ کات	364	74.0	1.6179	1.14540
	هەندێک کات	28	5.7		
	نازانم	36	7.3		
	زۆر کات	52	10.6		
	بۆ هەمیشە	12	2.4		

لە خشتەی ژمارە (٣)دا، وەڵامی دایک و باوکان بۆ لێدوانی جۆراوجۆر سەبارەت بە بەکارهێنانی تیکتۆک لەلایەن منداڵەکانیانەوە بە پێوەرێک خراوەتەڕوو. کە ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە (1 بۆ هیچ کات) تاکو (5 بۆ هەمیشە). تێکڕای وەڵامدانەوە بۆ ئەوەی کە ئایا منداڵەکەیان تیکتۆک بەکاردەهێنێت یاخود بەکارناهێنێت لە دەوروبەری (٢.٨٧) دایە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دایک و باوکان بەگشتی هەست دەکەن منداڵەکانیان هەندێک جار تا چەندین جار تیکتۆک بەکاردەهێنن. بە هەمان شێوە تێکڕای وەڵامدانەوە بۆ ئەو منداڵانەی کە تیکتۆک بەکاردەهێنن بۆ ماوەی ٢ کاتژمێر یان زیاتر لە ڕۆژێکدا (٢.٧٢) دایە، کە نزیکە لەگەڵ دەرئەنجامەکەی توێژینەوەکەی (چنار سەعد عبدالله) بە ڕێژەی (٥٠%)، کە قوتابیان لە (١- ٤) کاتژمێر سەیری یوتوب یان یاری ئەلکترۆنی دەکەن (عبدالله، ٢٠٢٤: ١٦). وەڵامی دایک و باوکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە هەندێک جار ڕێگە بە منداڵەکانیان دەدەن پلاتفۆرمی ڤیدیۆیی کورت هاوشێوەی ئەوەی لە تیکتۆک نمایش دەکرێت بەکاربهێنن بە (تێکڕا ٢.١١). لەگەڵ ئەوەشدا دایک و باوکان فۆڵۆوەری منداڵەکانیانن (تێکڕا ٢.٥٣)، هەروەها هەندێک جار لەگەڵ منداڵەکانیان قسە دەکەن دەربارەی ئەو ناوەڕۆکە کە سەیری دەکەن، کە لە تیکتۆک سەیریان کردووە (تێکڕا ٢.٤٨). بەگشتی دایک و باوک ئارەزووی ئەوە ناکەن منداڵەکانیان ببنە تیکتۆککەرە (تێکڕای 1.67) و بە دەگمەن هانی شوێنکەوتنی تیکتۆککەرەکان دەدەن، کە گاڵتەجاڕی یان ناوەڕۆکی نەگونجاو و قسەی نەشیاو بڵاو دەکەنەوە (تێکڕای 1.62). هاندان لەلایەن دایک و باوکانەوە بۆ شوێنکەوتنی تیکتۆککەرە پەروەردەییەکان تا ڕادەیەک باشە، بەڵام ئەنجامەکە زۆر دڵخۆشکەر نییە (تێکڕا 2.74). لادانە ستانداردەکان گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە وەڵامەکاندا لە سەرانسەری هەموو لێدوانەکاندا پێشنیار دەکەن.

دۆزینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە کاتێکدا دایک و باوکان بە شێوەیەکی مامناوەند ئاگادارن و تا ڕادەیەک بەشدارن لە بەکارهێنانی تیکتۆک لەلایەن منداڵەکانیانەوە، بەڵام گرووپێکی کەم نیشان دەدەن، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان ببنە تیکتۆککەرە یان شوێنکەوتنی دروستکەری ناوەڕۆک، بە تایبەت ئەوانەی کە بابەتی نەشیاو هاوبەش- بڵاو دەکەن. گۆڕانکاری لە وەڵامەکاندا پێشنیاری هەڵوێست و پراکتیکی جۆراوجۆری دایک و باوک دەکات، سەبارەت بە بەشداریکردنی منداڵەکانیان لەگەڵ تیکتۆک، کە ڕەنگدانەوەی ئاستی جیاوازی نیگەرانی و بەشداریکردنە لە بەڕێوەبردنی بەکارهێنانی میدیای دیجیتاڵی.

خشتەی ژمارە (٤): بۆچوونی دایک و باوکان سەبارەت بە کاریگەری تیکتۆککەرەکان لەسەر بەهاکانی پەروەردەیی

بڕگەکان	وەڵامەکان	دووبارەبوو ەوە	%	Mean	Std. Deviation
لەلای منداڵەکەم زۆر ئاساییە بێ خۆراک بێ! بەڵام بێ تیکتۆک نەبێت.	هیچ کات	252	51.2	2.2520	1.50271
	هەندێک کات	72	14.6		
	نازانم	8	1.6		
	زۆر کات	112	22.8		
	بۆ هەمیشە	48	9.8		
پێم وایە تیکتۆککەرەکان کاریگەرییان لەسەر بەها و بیروباوەڕی منداڵەکەم هەیە.	هیچ کات	112	22.8	3.0244	1.44675
	هەندێک کات	100	20.3		
	نازانم	16	3.3		
	زۆر کات	192	39.0		
	بۆ هەمیشە	72	14.6		
ناوەڕۆکی تیکتۆککەرەکان دژایەتی ئەو بەهایانەیە، کە فێری منداڵەکانم دەکەم.	هیچ کات	48	9.8	3.3984	1.27479
	هەندێک کات	112	22.8		
	نازانم	12	2.4		
	زۆر کات	236	48.0		
	بۆ هەمیشە	84	17.1		
سەرنجمداوە! گۆڕانکارییەکان لە بەهاکان و ڕەفتارەکانی منداڵەکانم دەگەڕێتەوە بۆ تیکتۆککەرەکان.	هیچ کات	148	30.1	2.6667	1.44226
	هەندێک کات	124	25.2		
	نازانم	16	3.3		
	زۆر کات	152	30.9		
	بۆ هەمیشە	52	10.6		

مندالّەکەم، تیکتۆککەرەکان وەکو نموونەی ڕۆژانەی وەردەگرێت.	هیچ کات	200	40.7	2.4797	1.49050
	هەندێک کات	92	18.7		
	نازانم	12	2.4		
	زۆر کات	140	28.5		
	بۆ هەمیشە	48	9.8		
مندالّەکانم هەست بەو بەها و پەیامانە دەکەن کە لەلایەن تیکتۆککەرەکانەوە پێشکەش دەکرێن	هیچ کات	136	27.6	2.6423	1.38146
	هەندێک کات	136	27.6		
	نازانم	32	6.5		
	زۆر کات	144	29.3		
	بۆ هەمیشە	44	8.9		
مندالّەکانم ڕێز لەخۆی گەورەتر ناگرێت.	هیچ کات	220	44.7	2.3496	1.42702
	هەندێک کات	76	15.4		
	نازانم	28	5.7		
	زۆر کات	140	28.5		
	بۆ هەمیشە	28	5.7		
مندالّەکانم بە ئەرکەکانی قوتابخانە پابەند نیین.	هیچ کات	152	30.9	2.6829	1.42321
	هەندێک کات	104	21.1		
	نازانم	24	4.9		
	زۆر کات	172	35.0		
	بۆ هەمیشە	40	8.1		
مندالّەکانم فێرە ئەو قسە نەشیاوانە بوونە، کە لەلایەن تیکتۆکەرەکانەوە ئاڕاستە دەکرێت.	هیچ کات	208	42.3	2.3984	1.45392
	هەندێک کات	96	19.5		
	نازانم	8	1.6		

	زۆر کات	144	29.3		
	بۆ هەمیشە	36	7.3		

لە خشتەی ژمارە (٤)دا ، بەهاکانی مامناوەندی و لادانێکی ستاندارد بۆ وەڵامەکانی دایک و باوک سەبارەت بە بەکارهێنانی تیکتۆک لەلایەن منداڵەکانیان و کاریگەرییەکانی لەسەر بەها پەروەردەیی و ڕەفتارەکانیان دیاری دەکات. ئەو لێدوانەی مامناوەندی (٢.٢٥٢٠) بەو مانایەی "هەندێک جار" "لەلای منداڵەکەم زۆر ئاساییە بێ خواردن بێت! بەڵام بێ تیکتۆک نەبێت"، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دایک و باوکان بەگشتی ناکۆکن یان بێلایەنن سەبارەت بەم وابەستەییە زۆرە بە تیکتۆک. بڕگەی "پێم وایە تیکتۆککەرەکان کاریگەرییان لەسەر بەها و بیروباوەڕی منداڵەکەم هەیە " مامناوەندی (٣.٠٢٤٤)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نادڵنیایی یان بێلایەنی لە نێوان دایک و باوکەکاندا؛ ڤیگۆتسکی دەڵێت: "منداڵ بە هەماهەنگی ژینگەکەی خۆی فۆرم دەگرێت"، ئەویش بەو مانایە دێت، کە منداڵ لەگەڵ دەوربەرەکەیدا خەریکی قسەکردن، گفتوگۆ و هێما گۆڕینەوەیە. ئەو منداڵە هەموو شتێک دەکات بۆ ئەوەی گوزارشت لە بوونی خۆی بکات و فۆرمێک بەبەر خۆیدا بکات (سەعید, ٢٠٢٠: ٥٩).

"ناوەڕۆکی تیکتۆککەرەکان دژایەتی ئەو بەهایانەیە، کە فێری منداڵەکانم دەکەم" مامناوەندی بەرزتری هەیە کە (٣.٣٩٨٤) ە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی زۆرێک لە دایک و باوکان پێیان وایە، ناوەڕۆکی تیکتۆک زۆرجار لەگەڵ بیروباوەڕو بەهاکانیان ناگونجێت. ئەو بڕگانەی کە ماونەتەوە، تایبەت بە گۆڕانکاری لە بەها و ڕەفتاری منداڵان و بە نموونەگرتنی تیکتۆکەرەکان بۆ ژیانی ڕۆژانەیان و پەیام و لێدوانە خراپەکانیان و بابەتی ڕێزگرتنی گەورەکان لەلایەن منداڵانەوە و ڕادەی پابەندی بە قوتابخانە و فێربوونی قسەی هەموو ئەمانە بەهای ئاماریان لەنێوان (٢.٥ بۆ ٢.٧) دایە؛ بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا کاریگەری ئەو بیروباوەڕە هەڵانەی کە پێشتر هەیان بووە، بەجۆرێک لە کاتی سەیرکردن و بەدواداچوونی ئەوان وا دەکات لەگەڵ ئەو بیروباوەڕەی پێشوویاندا کارلێک بکات بۆ بەرهەمهێنانی چەندان بیروباوەڕێکی هەڵەی تر (عبدالباقی، ٢٠٢٠: ١٦٤)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە تیکتۆک کاریگەریی لەسەر ئەم لایەنانە هەیە. لادانە ستانداردەکان بۆ هەموو بابەتەکان تاڕادەیەک بەرزن، کە ئاماژەیە بۆ گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە وەڵامەکانی دایک و باوکدا.

لە ڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژییەوە دەتوانرێت ڕەفتاری پرۆکۆمەڵایەتی وەک لایەنێکی بنەڕەتی کۆمەڵایەتییەتی مرۆڤ سەیر بکرێت کە بە قوواڵی لە نۆرم و پراکتیکە کولتوورییەکاندا چەسپاوە. ئەم ڕەفتارانە نەک هەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بەهێز دەکەن بەڵکو بەها و چوارچێوەی ئەخلاقی بنەڕەتیش ڕەنگ دەدەنەوە کە لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا جیاوازن. تێگەیشتن لە ڕەفتاری پرۆکۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی کولتووری خۆیدا ڕێگە بە قەدرزانییەکی دەوڵەمەندتر دەدات، کە چۆن کۆمەڵگاکان کردەوەی هاوبەش و خۆبەخشانە چاندن و بەردەوامی دەکەن.

دۆزینەوەکان ئەوە پیشان دەدەن، کە دایک و باوک کۆمەڵێک بۆچوون سەبارەت بە کاریگەرییەکانی تیکتۆک لەسەر بەها و ڕەفتاری منداڵەکانیان نیشان دەدەن، هەندێکیش سەبارەت بە ناتەبایی ناوەڕۆک لەگەڵ بەها فێرکراوەکانیان نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە. گۆڕانکاری لە وەڵامەکاندا تیشک دەخاتە سەر تێڕوانینە جیاوازەکانی دایک و باوک، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کاریگەری تیکتۆک لەسەر بەها و ڕەفتارە پەروەردەییەکانی منداڵان ئاڵۆزە و لەوانەیە لە نێوان خێزانە جیاوازەکاندا جیاوازییەکی بەرچاوی هەبێت.

خشتەی ژمارە (٥): ئەو ئاستەنگانە کە ڕووبەرووی دایک و باوک دەبێتەوە بۆ ڕێگریکردن لە منداڵەکانیان بۆ بەکارهێنانی تیکتۆک

بڕگەکان	وەڵامەمان	دووبارەبوو ەوە	%	Mean	Std. Deviation
تیکتۆک چەندین ناوەڕۆکی سەرنجڕاکێش و سەرگەرمی پێشکەش دەکات، کە بە ئاسانی دەتوانێت سەرنجی منداڵەکانم ڕابکێشێت.	هیچ کات	60	12.2	3.187	1.25294
	هەندێک کات	116	23.6		

	نازانم	40	8.1		
	زۆر کات	224	45.5		
	بۆ هەمیشە	52	10.6		
مندالّەکانم تیکتۆک بەکاردەهێنن، لەبەرئەوەی هاوڕێکانیان بەکاری دەهێنن، ئەمەش فشارێکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، تاوەکو بەشداری پلاتفۆرمەکە بکەن بۆ ئەوەی پەیوەندییان بەردەوام بێت.	هیچ کات	176	35.8		
	هەندێک کات	84	17.1		
	نازانم	24	4.9		
	زۆر کات	172	35.0		
	بۆ هەمیشە	36	7.3	2.6098	1.44771
مندالّەکانم دەستیان بە چەندین ئامێری (سمارتفۆن، تابلێت، کۆمپیوتەر) دەگات، ئەمەش وا دەکات ئێمە بە ئاستەم دەتوانین چاودێری هەموو چالاکییە ئۆنلاینەکانیان بین.	هیچ کات	108	22.0		
	هەندێک کات	100	20.3		
	نازانم	12	2.4		
	زۆر کات	240	48.8		
	بۆ هەمیشە	32	6.5	2.9756	1.35366
لەبەرئەوەی مندالّەکانم خاوەنی شارەزایی تەکنەلۆژی زیاترن لە ئێمە، ئەمەش وایان لێ دەکات کە خۆیان لە کۆنترۆڵ و سنووردارکردنی ئێمە بەدوور بگرن.	هیچ کات	120	24.4		
	هەندێک کات	120	24.4		
	نازانم	40	8.1		
	زۆر کات	172	35.0		
	بۆ هەمیشە	40	8.1	2.7805	1.3601
ئێمە وەک دایک و باوک کێشەمان هەیە بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگییەکی دروست لە نێوان پێدانی سەربەخۆیی مندالّەکانمان و دڵنیابوون لە سەلامەتی ئۆنلاینیان. کۆنترۆڵکردنی زیادەڕۆیی لەوانەیە ببێتە هۆی یاخیبوون و ڕەفتاری نهێنی مندالّەکانمان.	هیچ کات	60	12.2		
	هەندێک کات	132	26.8		
	نازانم	44	8.9		
	زۆر کات	200	40.7		
	بۆ هەمیشە	56	11.4	3.122	1.26739
مندالّەکەم ئالوودەی تیکتۆک بووە، کاتەکانی زیاتر لەسەر ئەو شاشەیە بەسەر دەبات، ئەوەش کاریگەری لەسەر تەندروستی دەروونی مندالّان و شێوازی خەوتن و ئەدای خوێندنی مندالّان دەبێت.	هیچ کات	184	37.4		
	هەندێک کات	60	12.2		
	نازانم	20	4.1	2.6911	1.51102
	زۆر کات	180	36.6		

	بۆ هەمیشە	48	9.8		
بەرکەوتن بە وێناکردنی ژیان و زۆرجار ناڕاستەقینە دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر خۆبەگەورەزانین و وێنەی جەستەی منداڵان هەبێت.	هیچ کات	108	22.0		
	هەندێک کات	116	23.6		
	نازانم	52	10.6		
	زۆر کات	180	36.6		
	بۆ هەمیشە	36	7.3	2.8374	1.32268
نیگەرانین سەبارەت بە چۆنیەتی کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیاری کەسی تیکتۆککەر، بەتایبەتی سەبارەت بە پاراستنی نهێنی منداڵەکانیان.	هیچ کات	88	17.9		
	هەندێک کات	88	17.9		
	نازانم	44	8.9		
	زۆر کات	212	43.1		
	بۆ هەمیشە	60	12.2	3.1382	1.34073
ئەگەری کارلێککردنی منداڵەکانم لەگەڵ کەسانی نامۆدا لەو پلاتفۆرمە مەترسییەکی بەرچاوی سەلامەتی دروست دەکات.	هیچ کات	84	17.1		
	هەندێک کات	72	14.6		
	نازانم	20	4.1		
	زۆر کات	232	47.2		
	بۆ هەمیشە	84	17.1	3.3252	1.37179

ئەزموونە هەستپێکراوەکانی کارلێککردن لەگەڵ کۆمەڵگای ناوخۆیی بووە هۆی پەرەسەندنی پەیوەندییە کەسییەکان لە نێوان تاکەکاندا، هەرچەندە ئەو کەسانە یان لایەنانەی کە لە ڕێگەی گروپەکەوە کارلێک دەکەن، بە شێوەیەکی واقیعی ڕووبەڕووی یەکتر نابینن، بەڵام کاریگەری و حوکم لەسەر تاکەکان دروست دەکەن. ئەوان پەیوەندی دەکەن بە پشتبەستن بەو نیشاندەرانەی، کە لە کاتی پرۆسەی کارلێکی ئەرێنی و گەشەپێدان لە ناو کۆمەڵگای ناوخۆییدا بەدەستی دەهێنن (محمود، ٢٠٢١: ١٦٤).

ئەرکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی دایک و باوک بریتییە لە پەروەردەکردنی منداڵەکانی و ڕاهێنانیان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و فێرکردنی زانیاری و چۆنیەتی شێواز و ڕەفتارەکانی ژیان، دەکرێت بەم شێوەیە فێرکردن پێناسە بکەین بریتییە لە "ڕوودانی گۆڕانکاریەکی دیار و بەرچاو لەسەر چۆنیەتی بەجێهێنان و وەڵامدانەوەی دەوروبەر" (ئالانی, ٢٠١٤: ١٩٧). لە خشتەی ژمارە (٥)دا مامناوەندی و لادانە ستانداردەکان دەخاتەڕوو بۆ تێڕوانینەکانی دایک و باوکان سەبارەت بەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بۆ ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی تیکتۆک لەلایەن منداڵەکانیانەوە. بەرزترین مامناوەندی (3.3252) ئەوە پیشان دەدات، کە دایک و باوکان تەواو نیگەرانن لە مەترسی سەلامەتی منداڵەکانیان بۆ ئەگەری کارلێککردن لەگەڵ کەسانی نامۆ لە تیکتۆکدا. بە هەمان شێوە نیگەرانییەکی مامناوەند تا بەرز دەردەبڕن سەبارەت بە ناوەڕۆکی سەرنجڕاکێشی تیکتۆک (3.187) و کێشەکانی زانیارییە کەسییەکان و پاراستنی نهێنییەکانی منداڵەکانیان (3.1382). دایک و باوکان دان بەوە دا دەنێن، کە کێشەیان هەیە لەبارەی ئەوەی چۆن بتوانن

هاوسەنگییەک دروست بکەن لەڕووی پێدانی سەربەخۆیی بە منداڵەکانیان و لەهەمان کاتیشدا دڵنیابوون لە سەلامەتیان (3.122) و دایک وباوکان پێیان وایە زۆر بوونی ئامێری جۆراوجۆر وای کردووە بە ئەستەم بتوانن چاودێری تەواوی منداڵەکانیان بکەن (2.9756). دایک و باوکان گرفتی کەمی شارەزاییان لە تەکنەلۆژیای نوێ هەیە و بەپێچەوانەوە منداڵەکان شارەزاییان زیاترە، ئەمەش ئەرکی چاودێری لەلایەن دایک و باوکانەوە قورستر دەکات. (2.7805) فشاری کۆمەڵایەتی (2.6098)، ئالوودەبوون (2.6911)، و کاریگەرییە نەرێنییەکان لەسەر خۆبەگەورەزانین (2.8374) هەموو ئەمانە نیگەرانییەکی تەواوی دروست کردووە بۆ دایک و باوکان.

دۆزینەوەکان، ئاماژە بەوە دەکەن کە دایک و باوکان بە پلەی یەکەم نیگەرانن لە مەترسییە سەلامەتییەکانی پەیوەست بە کارلێکی منداڵەکانیان لەگەڵ کەسانی نامۆ لە تیکتۆک، هەروەها ئەو پرسانەی پەیوەستن بە ناوەڕۆکی سەرنجڕاکێش و تایبەتمەندی. ئەم نیگەرانیانە لەگەڵ ئاستەنگەکانی چاودێریکردن بەهۆی بەردەستبوونی ئامێرەکانەوە، تیشک دەخەنە سەر ئەو ئاڵۆزییەی کە دایک و باوک ڕووبەڕووی دەبنەوە لە پاراستنی ئەزموونی ئۆنلاین منداڵەکانیان.

خشتەی ژمارە (٦): پەیوەندی لەنێوان ڕێگاو شێوازەکانی بەکارهێنانی تیکتۆک و بەها پەروەردەییەکان

Correlations		
		بەها پەروەردەییەکان
Spearman's correlation	Correlation Coefficient	0.667**
	Sig. (2-tailed)	0.000
	N	492
Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed).		

خشتەی ژمارە (٦) پەیوەندی لە نێوان بەکارهێنانی تیکتۆک و بەها پەروەردەییەکان دەخاتە ڕوو، کە ڕێژەی پەیوەندی سپیرمان 0.667 نیشان دەدات. ئەمەش ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکی ئەرێنی بەهێز، واتە لەگەڵ زیادبوونی بەکارهێنانی تیکتۆک، زیادبوونی هاوتا لە کاریگەرییە هەستپێکراوەکان لەسەر بەها پەروەردەییەکان زیاد دەکات. بەهای p (Sig. 2-tailed) ی 0.000 زۆر گرنگە، ئەمەش پشتڕاستی دەکاتەوە، کە پەیوەندییەکە لە ڕووی ئامارییەوە گرنگە لە ئاستی 0.01. قەبارەی نمونە 492 (N) یە، ئەمەش بەهێزی بۆ دۆزینەوەکان زیاد دەکات. بەم شێوەیە بەکارهێنانی تیکتۆک پەیوەندییەکی بەهێزی بە بەها پەروەردەییەکانەوە هەیە.

خشتەی ژمارە (٧): کاریگەری بەکارهێنانی تیکتۆک لەسەر بەها پەروەردەییەکان

ANOVAa									
جێگیر	Unstandardized Coefficients		Standardized Coefficients	t	Sig.	R	R Square	F	Sig.
	B	Std. Error	Beta						
	7.283	0.872		8.354	0.000	.684a	0.468	430.578	0.000
بەکارهێنانی تیکتۆک	0.887	0.043	0.684	20.750	0.000				

a. Dependent Variable: بەها پەروەردەییەکان
b. Predictors: (Constant), بەکارهێنانی تیکتۆک

خشتەی ژمارە (٧) کاریگەری بەکارهێنانی تیکتۆک لەسەر بەها پەروەردەییەکان ئاشکرادەکات. بەهای گرنگی (Sig.) 0.000 ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکی ئاماری گرنگ لە نێوان بەکارهێنانی تیکتۆک و بەها پەروەردەییەکان. بەهای F کە بریتییە لە 430.578، بە گرنگی 0.000، زیاتر پشتگیری لەم گرنگییە دەکات. بەهای R-squared کە 0.468 یە نیشان دەدات، کە نزیکەی 46.8%ی جیاوازی لە بەها پەروەردەییەکان بە بەکارهێنانی تیکتۆک ڕوون دەکرێتەوە. ڕێژەی ستاندارد (بێتا) بۆ بەکارهێنانی تیکتۆک 0.684 یە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەری ئەرێنی بەهێز. بەهای (t) کە بریتییە لە 20.750 بە بەهای گرنگی 0.000، پێشنیاری کاریگەری بەهێزی بەکارهێنانی تیکتۆک لەسەر بەها پەروەردەییەکان دەکات، لەگەڵ ڕێژەیەکی ناستانداردکراو 0.887 (B)، واتە بۆ هەر یەکەیەکی زیادبوونی بەکارهێنانی تیکتۆک، بەها پەروەردەییەکان بە ڕێژەی 0.887 یەکە زیاد دەکات.

شیکارییەکە دەری دەخات کە بەکارهێنانی تیکتۆک کاریگەرییەکی بەرچاو و ئەرێنی لەسەر بەها پەروەردەییەکان هەیە، لەگەڵ ڕێژەی بەهێز و گرنگی ئاماری کە ئاماژە بەوە دەکەن، کە زیادبوونی بەکارهێنانی تیکتۆک پەیوەندی بە بەها پەروەردەییە بالاکانەوە هەیە. ئەم ئەنجامانە ئەوە پیشان دەدەن کە تیکتۆک پێشبینیکەرێکی ماناداراە بۆ پەرەپێدانی بەهای پەروەردەیی، بۆیە وا باشترە ڕێک بخرێت و بەدواداچوون و سانسۆری بۆ بکرێت.

وەک تۆڕەرێکی ئەنترۆپۆلۆژیایی کولتووری، ئەم دۆزینەوانە تیشک دەخەنە سەر ئەو ڕێگا (Nuance) نیوانسانەی، کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان- "تیکتۆک" کارلێک لەگەڵ بەها و نۆرمەکانی کولتووری دەکەن، کە لەناو خێزانەکاندا دەگوازرێنەوە و بە ئەگەرێکی زۆرەوە تەحەدای دەکەن. گۆڕانکاری لە وەڵامەکانی دایک و باوکدا ئەوە پیشان دەدات، کە تیکتۆک هەم وەک شوێنی یەکگرتنی کولتووری و هەم وەک ململانێ کار دەکات، کە ناوەڕۆکی جیهانگیر لەوانەیە لەگەڵ بەها ناوخۆییەکان یان خێزانییەکان بەریەک بکەون. ئەم گرژییە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە فراوانترەکانە، لە چۆنیەتی کاریگەری بەکارهێنانی میدیا لە پێکهاتنی ناسنامە، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی نۆرمەکانی کولتووری بۆ نەوە گەنجەکان.

ئەو نیگەرانییانەی کە لەلایەن دایک و باوکانەوە دەربڕدراون سەبارەت بە ناتەبایی ناوەڕۆک لەگەڵ بەهاکانیان، جەخت لەسەر سروشتی داینامیکی گواستنەوەی کولتووری لە سەردەمی دیجیتاڵیدا دەکەنەوە، کە مندالان بەرکەوتەی سیستەمی بەهای جۆراوجۆر و هەندێک جاریش دژبەیەک دەبن. ئەمەش پرسیاری گرنگ لەسەر چۆنیەتی دانوستان و پاراستنی بەها کولتووریییەکان لە چوارچێوەی گۆڕانکاری خێرای تەکنەلۆژی و کۆمەڵایەتیدا دەوروژێنێت. گۆڕانکاری بەرچاو لە وەڵامەکاندا زیاتر ئاماژە بە پێویستی گەڕانێکی قوواڵتر و ئینتۆگرافی دەکات، کە چۆن خێزان و کۆمەڵگە جیاوازەکان ئەم تەحەددایانە بەڕێوە دەبەن، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە ستراتیژییە جیاوازەکانی گونجاندن، بەرخۆدان، یان تێکەڵکردنی ئەم کاریگەرییە دیجیتاڵییە نوێیانە لە چوارچێوەی کولتووری خۆیاندا ئاشکرا دەکات.

3- دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار

3-1- دەرئەنجام

1. ئەم تۆێژینەوەیە بۆ ڕوونکردنەوەی بۆچوونی دایک و باوکان لەسەر کاریگەرییەکانی تیکتۆککەرەکان لەسەر بەهاکانی پەروەردەیی لە قۆناغەکانی بنەڕەتی ئەنجام دراوە. نزیکەی نیوەی دایک و باوکەکان "هەردووکیان" پلاتفۆرمی تیکتۆک بەکاردەهێنن. هەرچەندە لە تیکتۆک وەکو یوتیوب فلتەری خێزانی تێدا نییە و ئاماژەی پێ نەکراوە، "فلتەرەکانی خێزان" دەتوانن ئەو ناوەڕۆکە فلتەر بکەن کە دایک و باوک ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن.
2. کاتێک بۆچوونی دایک و باوکەکان سەبارەت بەو کاتەی کە منداڵەکانیان لە تیکتۆک بەسەری دەبەن وەرگیرا، زۆربەی دایک و باوکەکان ڕایان گەیاند کە منداڵەکانیان (٢) دوو کاتژمێر زیاتر کاتەکانیان لە تیکتۆک بەسەر دەبەن. بەپێی

راپۆرتێکی پێگەی "datareportal" هاتووە، کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٤ ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەعێراق و هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی ٧٨.٧% یە. کۆمەڵەی دەروونی ئەمریکی پێشنیاری ئەوە دەکات، کە منداڵان نابێت لە ٢ کاتژمێر زیاتر کاتەکانی شاشەیان هەبێت.

3. یەک لەسەر سێی دایک و باوکان نیگەرانن لەو کاتەی کە منداڵەکانیان لە تیکتۆک بەسەریان بردووە، کەچی بە هەمان دەرئەنجام یەک لەسەر سێی دایک و باوکیش نیگەران نیین. بە گوتەی زیاتر لە نیوەی دایک و باوکەکان، ناوەڕۆکی تیکتۆککەرەکان دژایەتی ئەو بەهایانەیە کە فێری منداڵەکانیان دەکەن ، پێچەوانەی ئەخلاقەکانیانن. ئەم دژایەتییە دەتوانرێت بە ناکۆکی نێوان ئەولەویەتەکانی دایک و باوک و منداڵ و مەیلی دایک و باوک بۆ پاراستنی بەهاکانیان ڕوون بکرێتەوە. دایک و باوک چاودێری ڕەفتاری منداڵەکانیان دەکەن، زۆرجار ئەو تیکتۆککەرەانە ناناسن کە منداڵەکان سەیری دەکەن و فۆلەوەرین، بۆیە تیکتۆککەرەکان لە هەندێک ڤیدیۆدا هەڵسوکەوتی خراپ بکەن. هەرزەکاران، کە هەڵسوکەوتی خراپیان بە کۆمیدی یان ڤیدیۆیەکی هەزەلی دەزانن، لەوانەیە لاسایی ئەو ڕەفتارانە بکەنەوە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی تووشی کێشە بن. دەشێت بڵێین ئەم جۆرە بارودۆخانە کێشە لە نێوان دایک و باوک و منداڵەکاندا دروست دەکەن.

4. لە ئەنجامێکی دیکەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە دایک و باوکان نایانەوێت منداڵەکانیان ببن بە تیکتۆککەرە. ڕێژەی ئەو دایک و باوکانەی کە منداڵەکانیان تیکتۆککەرەکان زۆرجار وەک نمونەی ڕۆژانە وەردەگرن و ئەوانەی کە هەندێکجار نزیکە لە یەکتر. جگە لەوەش دایک و باوکان ڕەزامەندییان لەسەر ئەوە نییە، کە منداڵەکانیان فۆڵۆوی تیکتۆککەرەیەک بکەن، کاتێک ئەم سێ ئەنجامە لەبەرچاو دەگیرێن، لەکاتێکدا منداڵان تیکتۆککەرە لە ژیانیاندا هەیە، دایک و باوک نایانەوێت منداڵەکانیان وەک ئەو تیکتۆککەرە بن یان وەک نموونە وەریان بگرن. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمەش ئەوەیە کە دایک و باوک ناوەڕۆکی تیکتۆک وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر پێکهاتەی خێزانەکە هەست پێ دەکەن. دەتوانرێت بڵێین ڕەفتار یان لێدوانی جۆراوجۆری تیکتۆککەرە لەگەڵ سیستەمی بەهای خێزانەکان- بینەرەکاندا ناگونجێت. بەگوێرەی خشتەی ژمارە (5) لەسەرەوە کە ڕێژەی پەیوەندی لە نێوان بەکارهێنانی تیکتۆک و بەها پەروەردەییەکان دەخاتە ڕوو، هەموو ناوەڕۆکی تیکتۆک بە تەواوی نەرێنی نییە، بەڵام ئاگادار نەبوونی دایک و باوک لەم ڕاستییە دەتوانێت لێکەوتەی نەرێنی لێ بکەوێتەوە.

5. لەسەر بنەمای ئەم توێژینەوەیە، دایک و باوک باوەڕیان بەوە نییە، کە تیکتۆککەرەکان کاریگەری ئەرێنییان لەسەر بەهاکانی منداڵان هەبێت، گۆڕانکاریی ڕوویداوە لە بەهاکان و ڕەفتارەکانی منداڵەکانیان، یەک لە سەر سێ پێیان وایە منداڵەکانیان ڕێز لە خۆ گەورەتر ناگرن، کە ئەمەش بەهایەکی هەرە کاریگەری کۆمەڵگای کوردییە. دایک و باوکەکە بەشێکیان پێیان وایە بەهۆی بەکارهێنانی ئەو پلاتفۆرمە منداڵەکانیان پابەندنیین بە ئەرکەکانی قوتابخانە. بەهەمان شێوە دایکان و باوکان باوەڕیان بەوە نییە، کە منداڵەکانیان فێرە ئەو قسەنەشیاوانە بوونە کە لەلایەن تیکتۆکەرەکانەوە ئاڕاستە دەکرێت. وەکو توێژەر ئەوەی سەرنجامان داوە بەشێک لەو منداڵانە هەمان ئەو قسە ناشیاوانە دووبارە دەکانەوە کە لەلایەن تیکتۆککەرەکان ئاڕاستە دەکرێت و لە شاشەکان دەبینرێت، بۆیە تیکتۆککەرەکان دەکرێت فێر بکرێن و بە فلتەر بکرێن بەمەبەستی بەشداریکردن لە بەهاکانی پەروەردەیی وەک ڕێزگرتن، بەها ئەخلاقییەکان، بەرپرسیارێتی، ڕاستگۆیی، دەستپاکی، بەزەیی، لێبوردەیی، خۆکۆنترۆڵکردن، خێرخوازی، هاوسۆزی، نیشتمانپەروەری، هاوڕێیەتی، خێرخوازی.

3-2- ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

1. پێویستە دایک و باوک چالاکانە چاودێری و بەشداریکردن لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکەدا بکەن کە منداڵەکانیان لە سۆشیال میدیا-تیکتۆکدا بەکاری دەهێنن، بۆ ئەوەی دڵنیابن، کە لەگەڵ بەهاکانی خێزانەکەیاندا دەگونجێت. بە بەشداریکردن لە گفتوگۆکان سەبارەت بەوەی منداڵەکانیان سەیری چی دەکەن، دایک و باوک دەتوانن یارمەتیدەر بن لە بەهێزکردنی بەها ئەرێنییەکان و چارەسەرکردنی هەر ناوەرۆکێک کە ڕەنگە لەگەڵ فێرکارییە ئەخلاقییەکانیاندا ناکۆک بێت.

2. قوتابخانە و بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە وۆرک شۆپ بۆ دایک و باوک و منداڵان لەسەر خوێندەواری دیجیتاڵی پێشکەش بکەن، کە گرنگی بە چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانە بۆ ناوەڕۆکی ئۆنلاین بدەن. ئەمەش دەبێتە هۆی

ئەوەی کە هەردوو دایک و باوک و منداڵ بەو لێهاتوویانەی کە پێویستن مامەڵەیەکی بەرپرسیارانە لەگەڵ پلاتفۆرمەکان (تیکتۆک، یوتوب،...) بکەن.

3. پێویستە دایک و باوکان سنووریکی کاتی شاشە بۆ منداڵەکانیان دابنێن، بە شێوەیەکی ئایدیاڵ لەنێوان (١- ٢) کاتژمێر زیاتر نەبێت لە ڕۆژێکدا، بۆ دڵنیابوون لە شێوازێکی ژیانی هاوسەنگ کە کات بۆ پەروەردە و چالاکیی جەستەیی و ڕووبەڕووبوونەوە لەخۆدەگرێت.

4. ڕەخساندنی دەرفەتێک بۆ هاوکاری لە نێوان دامەزراوە پەروەردەییەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان- تیکتۆک بۆ دروستکردن و پێشخستنی ناوەڕۆک کە هاوتەریب بێت لەگەڵ بەها پەروەردەییەکان.

5. توێژینەوەی زیاتر پێویستە، بۆ توێژینەوە لە کاریگەرییە درێژخایەنەکانی تیکتۆک لەسەر گەشەکردنی پەروەردەیی و ئەخلاقی منداڵان. داڕێژەرانی سیاسەت پێویستە ئەم دۆزینەوانە لەبەرچاو بگرن لەکاتی پەرەپێدانی ڕێساکان لە دەوری بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن منداڵانەوە، دڵنیابن لەوەی کە پلاتفۆرمەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت سەبارەت بەو ناوەڕۆکە کە بەکارهێنەرانی گەنج دەستیان پێ دەگات.

6. پێشنیار دەکەم هەوڵبدرێت لە شار و شارۆچکەکانیتری هەرێمی کوردستان توێژینەوەی هاوشێوە ئەنجام بدرێت.

7. توێژینەوەی هاوشێوە لەسەر پلاتفۆرمەکانیتری سۆشیال میدیا لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت.

لیستی سەرچاوەکان:

1.سەرچاوەکان بە زمانی کوردی :

– باخەوان، ع.، ٢٠١٥. سۆسیۆلۆژیای زەبر و زەنگ. غەزەلنووس، سلێمانی/ هەرێمی کوردستانی عێراق.

– حەسەن, ش., ٢٠١٥. دەرۆزەکەرەکانی سەربەستی. غەزەلنووس، سلێمانی/ هەرێمی کوردستانی عێراق.

– خۆشناو, ک. ا. خ., ٢٠٢٤. بنیاتی هونەریی لە (مۆبایلە شیعر)یی کوردییدا. گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان, ٢٨(٣), pp. ٢٢٤- ٢٣٧.

– سیوەیلی، ڕ.، ٢٠١٦. فەلسەفە، ڕەگەزپەرستی، پەروەردە. ماڵی وەفایی، هەولێر/ هەرێمی کوردستانی عێراق.

– سەعید, ف., ٢٠٢٠. لیۆ ڤیگۆتسکی: تیۆریی سۆسیۆکولتووری و پەروەردەی هاوچەرخ. غەزەلنووس، سلێمانی/ هەرێمی کوردستانی عێراق.

– عبدالله، چ. س.، ٢٠٢٤. کاریگەری خوێندن بە زمانە بیانییەکان لەسەر ئاستی فێربوونی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا (توێژینەوەیەکی تیۆری مەیدانییە لە چوارچێوەی زانستی کۆمەڵناسی پەروەردە). گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٨(٤).

– عثمان, س. ی. & علی, س. ا., ٢٠٢٤. کاریگەری پڕۆگرامێکی فێرکاری بە بەکارهێنانی یاری بۆ کەمکردنەوەی فرە جوڵەیی لای منداڵانی باخچە. گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان.

– عەبدوڵڵا, ز., ٢٠٢٢. سۆسیۆلۆژیای کولتوور. چاپخانەی جەنگەڵ، کوردستان.

– قادر،ه.،٢٠٢٤.ڕووداودیجیتاڵ. Available at: https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/280620242 [١٥. ٠٨. ٢٠٢٤].

– میران، ڕ.، ٢٠٢١. مرۆڤناسی. چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر/ هەرێمی کوردستانی عێراق.

– ناصر، ئ.، ٢٠٢٠. زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی. وەرگێڕانی: دانا نادر محمد، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی کتێبخانەی هەژار موکریانی، هەڵەبجەی شەهید/ هەرێمی کوردستانی عێراق.

– ئالانی, ع., ٢٠١٤. پەروەردەکردنی منداڵەکانمان لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵگا و قوتابخانەدا. چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی/ هەرێمی کوردستانی عێراق.

2.سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی :

– ابراهيم، ى.خ.، ٢٠١٣. سوسيولوجيا (الخصائص الاجتماعية) للقائم بالاتصال فى الإعلام الإسلامي. تأليف: التربية الإعلامية، والمسؤولية الاجتماعية للإعلام الإسلامية. بغداد: دارالنفائس، للنشر و التوزيع- الأردن.

– الزهراني، ى. م. ع.، ٢٠١٨. أثر استخدام وسائل التواصل الاجتماعي. كلية التربية بالإسماعيلية، المجلد ٤١.

– خليفة، ف. ح. س.، ٢٠٢١. وسائل التواصل االجتماعي ودورها في تشكيل الوعي االجتماعي. كلية التربية، المجلد ٢٢.

– عبدالباقى، ه. ا. م. م.، ٢٠٢٠. أثر الخداع الإعلانى على القرار الشرائى للمستهلل على وسائل التواصل الاجتماعى و الكلمة المنطوقة كمتغير وسيط– دراسة تطبيقية على جامعة تبوک. العلوم الاقتصادية و الادارية و القانونية، ٤(٧)، pp. ١٥٩– ١٨٢.
– محمدى، و. ح. و حسنى، ا.، ٢٠٢٤. انماط إنت اج الشباب المصرى للفيديوهات القصيرة على تطبيق تيک توک. المجلة العلمية لبحوث الصحافة، المجلد ٢٨.
– محمود، ر. ع.، ٢٠٢١. وسائل التواصل الاجتاعى وتنمية المجتمع المحلى (دراسة ميدانية فى محافظة بنى سويف). مجلة كلية الاداب– جامعة بنى سويف، المجلد عدد خاص. مدينة بني سويف/ مصر.

3.سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

– Ahmed, H.I., 2018. Coffee Houses Culture in Erbil: A Review. Qalaai Zanist Journal, 3(4).
– BALTACI, A., 2019. SOCIAL SYSTEM THEORY AND ITS EFFECTS ON EDUCATIONAL ORGANIZATIONS. Medeniyet Eğitim Araştırmaları Dergisi, 3(1).
– Batson ،C .D. .2011 ،Altruism in Humans .Oxford University Press.
– Beaty ،J .J. .2016 ،Skills for Preschool Teachers .Pearson Education.
– Ibrahim, H.R. and Ahmed, H.I., 2023. The Role of Civilization Management in Social Life-Analytical Research (Economic, Administration and Cultural) in Erbil City. Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research, 3(8S).
– Iodice ،R و .Papapicco ،C. .2021 ،To be a TikToker in COVID-19 Era: An Experience of Social .Online Journal of Communication and Media Technologies.
– Miran, R., Novakova, D.M.K.S. and Ahmed, H.I., 2021. Culture and values in Kurdish society in the Kurdistan Region of Iraq. مجلة الفنون والأدب وعلوم الإنسانيات والاجتماع, (68).
– Pfattheicher, S., Nielsen, Y. A. & Thielmann, I., 2022. Prosocial behavior and altruism: A review of concepts and definitions. Current Opinion in Psychology, Volume 44.
– Suryanti, I., 2023. Educational Values in Seloko Traditional Marriage of the Mersam Community, Batanghari Regency. Indonesian Journal of Education Research, 4(:2722-1326).
– Wang ،L. ،Bruce ،C و .Hughes ،H. .2013 ،Sociocultural Theories and their Application in Information Literacy Research and Education .Australian Academic & Research Libraries ،Issue https://doi.org/10.1080/00048623.2011.10722242.
– we are social .2023 ،https://wearesocial.com Available at :https://wearesocial.com/wp-content/uploads/2023/03/Digital-2023-Global-Overview-Report..[2023 10 31]
– Yasaroglu, C. & Boylu, M. A., 2020. Youtubers' Effect on Children's Values: Parents' Views. European Journal of Educational Sciences, 7 No.4 (1857- 6036).
– YAZICI, M., 2013. THE VIEWS AND PROFILES OF THE TEACHERS VOLUNTARILY ARTICIPATING IN VALUES EDUCATION. International Journal of Social Science, Volume 6 (Issue 2).

تأثير تيكتوكر على القيم التعليمية: دراسة أنثروبولوجية في مدينة أربيل

هيردن ابراهيم احمد

قسم علم النفس،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين–أربيل،أقليم

كوردستان،العراق

herdn.ahmed@su.edu.krd

ملخص

يتناول هذا البحث من خلال عدسة الأنثروبولوجيا الثقافية. في مشهد رقمي سريع النمو، برز تيكتوك كقوة ثقافية مهيمنة في السنوات الأخيرة، وكان له تأثير كبير على حياة الأطفال والمراهقين. ما يلعب دورا رئيسيا في هذه المنصة هو "TikTokers" الذين لديهم تأثير كبير على قيم ومعتقدات جمهورها.

لمعالجة مشكلة هذا البحث، تم استخدام نهج الأنثروبولوجيا الثقافية، الذي يجمع بين الملاحظة المشاركة والعمل الميداني وتحليل المحتوى ونماذج المسح. باستخدام تصميم مقطعي وصفي يستهدف أولياء أمور الطلاب في وسط مدينة أربيل، استخدمت هذه الدراسة تقنية أخذ العينات الملائمة (Convenience Sampling). تم استخدام G*Power الإصدار 3.1.9 لحساب عينة الدراسة، وتم تحليل 492 نموذج مسح مكتمل. تسهل المنهجية فهم كيفية تفاعل الطلاب الابتدائيين مع محتوى تيك توك في سياقهم الثقافي.

تسلط النتائج الضوء على الديناميكيات الثقافية المعقدة لتيك توك، مع التأكيد على دور تيك توك في تشكيل القيمة التعليمية؛ عبروا الآباء عن قلقهم من أن محتوى تيك توك يتعارض مع القيم التربوية التي يعلمونها لأطفالهم؛ والعديد من المعلمين عبروا عن معارضتهم الشديدة لطموح أطفالهم إلى أن يصبحوا من مستخدمي تيك توك. تقدم الدراسة رؤى للآباء، وتسلط الضوء على التحديات وتأثير وسائل التواصل الاجتماعي على رفاهية الأطفال وتنمية القيم. يمكن أن تفيد النتائج المناقشات حول إنشا ء محتوى مسؤول وتعزيز القيمة التربوية في المساحات الرقمية.

الكلمات المفتاحية: TikTokers، القيمة التعليمية، الأخلاق الرقمية، السلوك الاجتماعي الإيجابي

The Impact of Tiktokers on Educational Value: An Anthropological Study in Erbil

Herdn Ibrahim Ahmed

Department of Psychology, College of Arts,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan
Region, Iraq
herdn.ahmed@su.edu.krd

Abstract

This research is examined through the lens of cultural anthropology. In a rapidly growing digital landscape, TikTok has emerged as a dominant cultural force in recent years, having a significant impact on the lives of children and teens. What plays a key role in this platform is the “TikTokers” who have a significant impact on the values and beliefs of its audience.

To address the problem of this research, a cultural anthropological approach is used, monitoring participants, fieldwork, content analysis, and survey forms. Using a descriptive cross-sectional design targeting parents of students in the centre of Erbil, in this study, a convenience sampling technique is used. G*Power version 3.1.9 was used to calculate the study sample, and 492 completed survey forms were analyzed. The methodology facilitates an understanding of how primary students engage with TikToker content in their cultural context.

The findings highlight the complex cultural dynamics of TikTok, emphasizing the role of TikTokers in shaping educational value; Parents expressed concern that TikTok content contradicted the educational values they were teaching their children; many educators expressed strong opposition to their children aspiring to be TikTokers. This study provides insights for parents, shedding light on the challenges and impact of social media on children’s well-being and improving their cultural values. The results can inform discussions on creating responsible content and promoting educational value in digital spaces.

Keywords: TikToker, educational value, digital ethics, prosocial behavior

Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.3.11

ڕۆڵی کارتۆن و کاریکاتێر لە هونەری کوردیدا (کوردستانی عێراق)

محەمەد سالّح ڕۆستەم زادە / بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،هەرێمی کوردستان، عێراق

OPEN ACCESS

*Corresponding author

Mohammad Saleh Rostamzadeh

mohammad.rostamzadeh@su.edu.krd

RECEIVED 06 /08/2024
ACCEPTED 12/12/ 2024
PUBLISHED 15/06/ 2025

پوختە

هونەری کاریکاتێر یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی، وەک ئامرازێکی مۆدێرنی دەربڕینی ڕەخنە بەشێوەی "وێنەیی"، توانیویەتی ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت، ئەمەش پاشی گەشەی ڕۆشنبیری و دامەزرانی سیستەمی مۆدێرنی دەسەڵاتداری لە جیهاندا، چەسپانی بیرۆکەی دیموکراسییەت و لادانی هەژمۆنی تاکەکەسی و پاشایەتی و گەشەی خێرای تێکنۆلۆژیا بەتایبەتی پیشەی چاپ، دەرفەت بۆ ڕەخنەی ڕاستەوخۆ پتر ڕەخسا، بەڵام ئەمەش کارێکی ئاسان نییە. هەندێک دەسەڵات لە ناوچە جیاوازەکان بە ناوی کۆماریيەت و دیموکراسیەت هەر لە سەر ڕێچکەی پێشووی دەسەڵاتی خانەدانی یان سەرمایەداری و نیۆلیبرالیزم کۆمەڵگا دەچەوسێننەوە، کە ئەوە ئەرکی ڕۆژنامەگەری و هونەرمەندانی ڕەخنەگری ئەستەمتر کردووە، بەڵام نەوەستاوە. بەشێکی تری ئەم هونەرە لە بەر خەمۆکی و تەنیایی مرۆڤی ئەو سەردەمە ئەرکی سەرقاڵکردنی (Entertainment) گرتوتە ئەستۆ. تۆژەر لەبەر دەوڵەمەندی ئەم ژانرە ویستوویەتی تیشک بخاتە سەر پێگەی هونەری کاریکاتێر لە کوردستانی عێراق . ئەم تۆژینەوەیە لە چوار بەش پێک دێت؛ بەشی یەکەم چوارچێوەی گشتی تۆژینەوەکە، کە پێک هاتووە لە: پێشەکی، کێشەی تۆژینەوە ، گرنگیی تۆژینەوە، ئامانجی تۆژینەوە، سنووری تۆژینەوە و پێناسەی چەمکەکان وە بەشی دووەم تایبەتە بە چوارچێوەی تیۆری تۆژینەوە بە لە خۆگرتنی دوو تۆژگە: تۆژگەی یەکەم، باسی مێژووی هونەری کارتۆن وکاریکاتێر لە جیهان، وڵاتی عێراق و کوردستانی عێراق، هەروەها بڵاوکراوەکانی کاریکاتێر و هونەرمەندانی کاریکاتێریست لە کوردستان دەکات . لە تۆژگەی دووەەم ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری هاتووە، ئینجا بەشی سێیەم دێت، کە تایبەتە بە ڕێکارەکانی تۆژینەوە، کۆمەڵگای تۆژینەوە و نموونەی تۆژینهوە و ڕێبازی تۆژینەوە، بە لە خۆگرتنی ٤ نموونە. بەشی چوارەم و کۆتایی تایبەتە بە ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی تۆژینەوەکە.

وشە سەرەکییەکان:
کارتۆن ،
کاریکاتێر ،
هونەری کوردی.

About the Journal
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

پێشەکی

لەنێو بواره جیاوازەکانی هونەردا هونەرمەندانی کاریکاتێریست زیاتر لەوانی تر ڕووبەرووی مەترسی بوونەتەوە، بۆ نموونە تیرۆری ناجی عەلی کاریکاتێریستی فەلەستینی لە ساڵی (١٩٨٧)، یان تیرۆری هونەرمەندانی گۆڤاری شارلی ئیبدۆ لە فەرەنسا لە ساڵی (٢٠١٥)دا. ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە هونەری کاریکاتێر هونەرێکی کاریگەر و زیندووە و مشتومڕ دروست دەکات، دەبێتە هۆی تێڕامان وتێفکرین. ئەو هونەرە لە پڕبینەرترین هونەرەکانی سەردەمە. هونەری کاریکاتێر ژانرێکی هونەری دیدارییە، کە پەیامەکەی لە شکل و بیچمێکی زێدەڕۆییانەدا دەگوازرێتەوە بۆبینەر و بەردەنگ. زێدەڕۆیی چەمکێکی سەرەکی هونەری کاریکاتێرە، هونەرمەندی کاریکاتێریست بەم شێوەیە سەرنجی بینەر ڕادەکێشێت، دواتر بە یارمەتی گاڵتە و لاتاو و تەوس و توانج پەیامەکەی دەچەسپێنێت، خاڵی سەرکەوتنیشی لەمەدایە، کە وێنەیی و دیدارییە وەک میدیایەکی وێنەیی ڕاستەوخۆ بەردەنگ ئاوێتە دەکات، کاریگەری قوواڵ و درێژخایەن لەسەر نەستی بینەر دادەنێت. لەبەر ئەوەی هەڵگری پەیامە، دەتوانێت لەسەر بیر و باوەڕ و بۆچوونی تاک کاریگەریی هەبێت، هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕەوتی پێشهاتەکانی ناو کۆمەڵگە بگۆڕێت.

لە ڕاستیدا، ڕەخنە و شرۆڤەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، خاڵی دەسپێکی ئافراندنی کاریکاتێرە. کاریکاتێر هونەری هەڵوێستە. هونەرمەندی کاریکاتێریست بە هەستیارییەوە دەڕوانێتە کێشەکان و بە بەرهەمەکەی. لە لایەکەوە باسی داڵغەکانی خۆی دەکات و لە لایەکی تریشەوە بە ئامانج و مەبەستی تایبەت هەنگاو هەڵدێنێت ، هەوڵی ئەوە دەدات سەرنجی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بۆ پرسە تایبەتەکان ڕابکێشێت و پێیان بڵێت، کە سەرچاوەی کێشەکە چییە و لە کوێدایە. بەم جۆرە دەکرێت بڵێین هونەری کاریکاتێر هونەرێکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕۆشنبیرکردن وهۆشیاریی تاکی کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵام بەردەنگانی ئەو هونەرە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە (خوێندەوار و نەخوێندەوار) لە خۆ دەگرێت. تایبەتمەندییەکی تری ئەو هونەرە ئەوەیە، کە هونەرمەند بە کەرستەی زۆر سانا و ساکار دەتوانێت کار بکات و بە کەمترین تێچووی مادە و کات و زەمان، باشترین و کاریگەرترین بەرهەم پێشکەش بکات؛ ئەوەش وا دەکات بەرهەمەکە ئەگەری بڵاوبوونەوەی زیاتر بێت ، ژمارەی بەردەنگانی لە ژانرە هونەرییەکانی تر زۆرتر بێت، بە کورتی دەکرێت بێژیین ئەو هونەرە هونەرێکە ، کە لەناو ناخی کۆمەڵگەدا سەرهەڵ دەدات و گەشە دەکات و دەبێتە هۆی گەشەی کۆمەڵگا ، لەوەش زیاتر هونەری کاریکاتێر نە تەنیا گۆڕەپانی جڤاکی دەپێوێت، بەڵکو دەچێتە نێو بازنەی سیاسەتیشەوە و ڕەخنە لە سیستەم و یاسا و دەسەڵات دەگرێت و لێپێچینەوەی لێ دەکات.

کاریکاتێریستەکان بوێرترین کەسانی کۆمەڵگەن و هونەرەکەیان وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە چەمکی ئازادی بەگەڕدەخەن، چ ئازادی تاک، چ ئازادی کۆمەڵگە و نیشتمان. بۆ ئەم مەبەستەش هونەری کاریکاتێر هونەرێکی سەربەخۆ و بوێر و خۆنەپارێزە و لە مێژووی هونەردا، زۆر جار ڕووبەرووی سانسۆربەربەست و توندوتیژی بۆتەوە.

یەکەم :

1-1- کێشەی توێژینەوە:

سەرەڕای هەوڵ و ماندووبوونی بێوچانی نووسەران، وەرگێڕان و توێژەران، لاوازی کتێبخانەی کوردی لە هەندێ بواردا حاشاهەڵنەگرە. کێشەیەکی سەرەکی فێرخوازان و خوێندکارانی هونەر نەبوون یان لاوازبوونی سەرچاوەکانە. ئەگەرچی هەندێک هەوڵی پچڕ پچڕ بۆ نووسینی مێژوو یان ناساندنی هونەرمەندانی کاریکاتێریست لە هەندێ گۆڤار و سایت دا دراوە، بەڵام تاکو ئێستا سەرچاوەیەکی تۆکمە و ڕێکوپێک بۆ ئەو بابەتە بەردەست نییە، هەروەها ئەو گۆڤار و بڵاوکراوانەی تایبەتن بە هونەری کاریکاتێر، ئەرشیڤ نەکراون و بەردەست نین. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ڕێکردنەوەی ئەو بۆشایەی کە لەم بوارەدا هەیە، بۆیە کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەم دوو پرسیارەدا دەدۆزێتەوە:

١- ئایا هونەری کاریکاتێر و کارتۆن لە کوردستان وەکو و وڵاتانی تر گەشەی کردووە؟

٢- ئایا هونەری کاریکاتێری کوردی ئێستا بە ڕادەی پێویست لەناو ڕاگەیاندنەکاندا کارا و چاڵاکە؟

1-2- گرنگیی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی کوردی وەک کۆمەڵگەیەکی نەریتخواز و داخراو بەڵام ڕوو لە گەشە؛ بۆ گەیشتن بە ستانداردەکانی پێشکەوتن و بۆ دەربازبوون لە چەقبەستوویی پێویستی بە ڕەخنەیە، هەروەها لە گۆڕەپانی سیاسەتیشدا، هونەرمەندان وەک چینەکانی تری کۆمەڵگە دەتوانن دەوریان هەبێت و ڕۆڵی ئەرێنی بنوێنن. ئەگەر لە هونەر بەگشتی و هونەری کاریکاتێر بەتایبەتی وەک فاکتەرێکی دەرخەری پێشکەوتنی ڕۆشنبیری سیاسی، کۆمەڵایەتی بڕوانین، گرنگی ئەو توێژینەوەیە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی زانستی و ئەکادیمیی لەناو کتێبخانەی کوردی دەردەکەوێت و دەتوانێت وەک سەرچاوەیەک بۆ فێرخوازان، هونەرمەندان و توێژەران بەسوود بێت.

1-3- ئامانجی توێژینەوە:

ئاشکراکردنی ڕۆڵی کارتۆن و کاریکاتێرە لە هونەری کوردیدا (کوردستانی عێراق).

1-4- سنووری توێژینەوە:

1- سنووری بابەتی: ڕۆڵی کارتۆن و کاریکاتێر لە هونەری کوردیدا (کوردستانی عێراق)

2- سنووری شوێن: کەرکوک – دیالە

3- سنووری کاتی: (٢٠١١-٢٠٢٣)

1-5- چەمکەکانی توێژینەوە:

- **یەکەم: کارتۆن**
- **لە ڕووی زمانەوانییەوە:**
- "وشەی کارتۆن (Cartoon) ئیتاڵییە و لە وشەی Cartone وەرگیراوە. لە ڕابردوودا ئەم وشەیە بە پێی پێویست بۆ هەندێ شتی وەک مقەبا، کارتی ویزیت و بۆنەکان هەروەها کاغەزی یاری بەکار دەهات، بەڵام لەوانە گرینگتر بۆ ئەو کاغەزە بەکارهاتووە کە نیگارکێشەکان لە ڕێگەی ئەوەوە هێڵکاری و دیزاینی سەرەتایی بەرهەمەکانیان پێ گواستۆتەوە سەر دیوار و شوشە و موزاییک "(ضیایی،١٣٨٨، ص١١) .
- **لە ڕووی دەستەواژەوە:**
- "کارتۆن جۆرێکە لە هونەری دیداری، کە بە شێوەیەکی تایبەت دەکێشرێتەوە. لە سەردەمی مۆدێرن دا ئاماژەیە بە: وێنە یان زنجیرەیەک وێنە کە مەبەست لێی تەنز، کاریکاتێر یان نوکتە یان فیلمێکی جوڵاوە". (ویکیپیدیا ئینگلیسی). "هێڵکارییەکی پێکەنیناوییە، بەتایبەتی لە ڕۆژنامە یان گۆڤاردا" (Oxford, 2000,p 99).
- **لە ڕووی ڕێکارییەوە:**
- لە کارتۆندا فۆرمەکە دەشێوێنرێت، واتە دێفۆرمە دەکرێت. لە هەمان کاتدا وێنەکە تا ئاستی دووڕەهەندی سانا دەکرێت، مەبەستی سەرەکیش لەو دێفۆرمە کردنە گاڵتە و پێکەنینە. زۆربەی جاران لە چەند فرێم پێک دێت و جاروباریش پیشاندانی بابەتێکی تاڵە بە زمانی تەوس.
- **دووەم: کاریکاتێر:**
- **لە ڕووی زمانەوانییەوە:**
- "کاریکاتێر(Caricature) لە وشەی کاریکاتورا Caricatura وەرگیراوە ، ئەم وشەیەش ئیتاڵییە و لە سەردەمی رێنێسانس لە ئیتاڵیا بەکارهاتووە . ساڵی ١٧٥٧ی زایینی وەکو وشەیەکی سەربەخۆ هاتۆتە ناو فەرهەنگی وشەی **سامۆئێل یوهانسۆن**[1] -ەوە". (ضیایی، ١٣٩٣).

- لە ڕووی دەستەواژەوە:

- "وێنە یان وتەیەک لەسەر بابەت یان کەسێک کە زۆر زێدەڕۆیی تێدا کرابێت، وا بکات ڕوالەت یان هەڵسوکەوتی ئەو پێکەنیناوی دەرکەوێت". (Oxford,2000, p 98) "کاریکاتێر سکێچێک ، هەندێجاریش دیالۆگ، مۆنۆلۆگ یان شرۆڤەیەک

لەخۆ دەگرێت و دەتوانێت ئەو ڕۆلانە بگێڕێت، لەوانە ڕۆڵی دەروونی کە ئامانجی سەرقاڵکردنی خوێنەرە، هەروەها ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، کە ئامانجی هۆشیاری و ڕۆشنبیرییە." (الهاجری، ۲۰۲۰. ص۲۱۰)

-لە ڕووی ڕێکارییەوە:

– لە ساناترین پێناسەدا دەتوانین بیژین: کاریکاتێر بە واتای هێڵکاری و کێشانەوەی کەسێک، بوونەوەرێک یان شتێک،کە فۆرم و ئەندامەکانی لەشی بە مەبەستی گاڵتە و ڕابووواردن و تانە لێدان و تەنانەت دەربڕینی نەفرەت و بە زێدەڕۆیی لە ئەندامەکانی جەستە یان فۆرمەکە دەشێوێنرێت و دێفۆرمە دەکرێت. ئامانجی سەرەکی کاریکاتێر تەنها گاڵتە و پێکەنین نییە، بەڵکو دروستکردنی ڕامانە لای بەردەنگ.

– سێیەم: هونەری کوردی:

-لە ڕووی دەستەواژەوە:

- " هونەرێک کە دەگەڕێتەوە بۆ (نەتەوەی کورد). کورد وەک نەتەوەیەکی دێرینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە هۆی ئەو ژیوار و ژینگەیەی تێیدا دەژی و ئەو ڕووداوانەی بە درێژایی مێژوو بەسەری هاتووە، خاوەنی کۆمەڵێک چەمک و تایبەتمەندی خۆیەتی و بەوان پێناسە دەکرێت وەک: زمان، ئایین ، جلوبەرگ، کەلتوور، هونەر و جووانیناسی" (یوسفی، ۱۳۸۲،ص ۵)

- لە ڕووی ڕێکارییەوە:

- دەستەواژەی (هونەری کوردی) مەبەست لە وشەی هونەر لێرەدا، بە واتای ڕیبازێکی هونەری نییە، بەو جۆرەی لە پاش ڕێنێسانس لە ئەوروپا ناویان لێ دەنان، بەڵکو بە واتای ئەو سیفەتە گشتییەیە، کە باس کرا وەک هونەری ئەڵمانی، هونەری ژاپۆنی و ...هتد. ئەو دەستەواژەیە بە مانای هونەرگەلێک دێت، کە هی تاکی کورد، هونەرمەندی کورد و بە واتا گشتییەکەی هی نەتەوەی کوردە، بە تەواوی تایبەتمەندییەکانییەوە.

2 2-چوارچێوەی توێژینەوە:

2-1- چەمکی مێژوویی کارتۆن و کاریکاتێر:

2-1-1- جیاوازی نێوان کارتۆن و کاریکاتێر:

وشەی کارتۆن (Cartoon) ئیتاڵییە و لە وشەی Cartone وەرگیراوە. لە ڕابردوودا ئەم وشەیە بە پێی پێویست بۆ هەندێ شتی وەک مقەبا، کارتی ویزیت و بۆنەکان، هەروەها وەرەقەی یاری بەکار دەهات، بەڵام لەوانە گرینگتر بۆ ئەو کاغەزە بەکارهاتووە، کە نیگارکێشەکان لە ڕێگەی ئەوەوە هێڵکاری و دیزاینی سەرەتایی بەرهەمەکانیان پێ گوواستۆتەوە سەر دیوار و شوشە و موزاییک." (ضیایی،۱۳۸۸، ص۱۱). "کاریکاتێر(Caricature) لە وشەی کاریکاتورا Caricatura وەرگیراوە ، ئەم وشەیەش ئیتاڵییە و لە سەردەمی ڕێنێسانس لە ئیتاڵیا بەکارهاتووە و ساڵی ۱۷۵۷ی زایینی وەکو وشەیەکی سەربەخۆ هاتوتە ناو فەرهەنگی وشەی دوکتور سامۆئێل یوهانسۆن –هوە." (ضیایی، ۱۳۹۳)، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ئەو دوو وشەیە هەریەکەیان بە واتای جیاواز و بە مەبەستی جیاواز بەکاردێن. کارتۆن هونەرێکی دوو ڕەهەندی و تا ڕادەیەک سادەیە، هەوڵ دەدات بابەتێک بوروژێنێت و بیخاتە بەر پلاری تەوس و توانج، لە ڕێگەی گاڵتە پێکردن سەرەنجی بینەر بۆ لای بابەتە ڕابکێشێت. زۆرینەی کارتۆنەکان بە شێوازی هێڵی دەوروبەر(Out Line) دەکێشرێنەوە. بابەتەکان پتر ڕۆژانەن و لە چەند فریم دا دادەبەزن (هەندێ جار تاک فریمیشن).

"کاریکاتێر واتە وێنە و بیچمێک لە کەسەکان کە زێدەڕۆیی تێدا کراوە، وەک کاریکاتێری کەسایەتی سیاسی، ئەدەبی، هونەری، وەرزشی و .... هتد. " (ضیایی، ۱۳۹۳)، بە پێچەوانەی کارتۆن زیاتر چەند ڕەهەندیی و پڕ لە وردەکارییە، ئەگەرچی زێدەڕۆیی لە دێفۆرمەکردن دا هەیە، بەڵام کاراکتێرەکان زۆر وەک خۆیان دەچن و بابەتەکان گشتی و گرینگن و هونەرمەند بە تەوسێکی تاڵ بینەر دەخاتە دۆخی ڕامان و لێکدانەوە. هەڵبەت پێویستە ئاماژە بەو خاڵەش بکرێت لە کوردستانی عێراق ، کاریکاتور بە کاریکاتێر پێناسە دەکرێت.

"کارتۆن لە سەردەمی ئێمەدا بۆ چاڵاکی مرۆڤ لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شێوازێکی زێدەڕۆییانە دا بەکار دێت؛ واتە وشەی کاریکاتێر تەنیا بۆ کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و وشەی کارتۆن بۆ گشت چاڵاکییەکانی

ئەو کەسایەتیانە لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکار دێت. لە کارتۆن دا دەکرێت لە هەموو جۆرە کاراکتێرێک سوود وەربگیرێت، بەڵام لە کاریکاتێردا تەنیا کەسێکی تایبەت مەبەستە نەک کەسایەتی یان کاراکتێرێک. بەگشتی دەکرێت بڵێین بازنەی هونەریی کارتۆن زۆر لە کاریکاتێر بەرینترە؛ لەبەر ئەوەی دەتوانین کاریکاتێریشی تێکەڵ بکەین، بۆ وێنە: کاتێک کارتۆنی کەسایەتییەکی سیاسی دەکێشینەوە لە ڕاستیدا هەم کاریکاتێری ئەو کەسەمان کێشاوە و هەمیش بازنەی چالاکییەکانی. بە بەرهەمێکی وەها نالێین "کاریکاتێر- کارتۆن" بەڵکو ئەمە " **کارتۆن**"-ە." (ضیایی، ۱۳۹۳)

ئەگەر بمانەوێت کارتۆن و کاریکاتێر لەسەر بنەمای ئەو پرسە شرۆڤە بکەین، کە ئایا ئەم هونەرە هونەرێکی ڕێئالە یان نا؟ بێگومان ئەو هونەرە یەکێکە لە ڕێئالترین لقەکانی هونەری دیداری تا ئەو ڕادەیەی کە لە ۱۸۰۰ زایینی بەملاوە کارتۆن و کاریکاتێر وەک ئامرازێکی پرۆتێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاتۆتە ناو گۆڕەپانی شۆڕشە جەماوەرییەکانی جیهانەوە. (ضیایی،۱۳۸۸، ص۲۱٦)

لە کوردستان هەر لە دەسپێکی ئەم ژانرە لە هونەری وێنە کێشان تا ئێستا وشەی کارتۆن و کاریکاتێرو لێک جیا نەکراوەنەتەوە و بۆ هەموو جۆرەکان هەر وشەی کاریکاتێر بەکاردەبرێت.

2-1-2- جۆرەکانی کاریکاتێر:

"بە پێی پۆلێنکردنی گۆڤاری "**وێزی ورلد**" Whity World گۆڤاری تایبەتی نێودەوڵەتی کارتۆن و کاریکاتێر؛ جۆرەکانی کاریکاتێر بەم شێوەیەن:

یەکەم: کاریکاتێری سیاسی : Political Caricature - دووەم : کاریکاتێر لە ڕوخسار:Face Caricature - سێیەم: کۆمیک ستریپ: Comic Strip - چوارەم: ڕابواردن و قۆشمەگەری :Gag - پێنجەم: ئەنیمەیشێن یان وێنەی جوواڵاو: Animation - شەشەم: پەرتووکی کۆمیک: Comic Book - هەفتەم: وێنەسازیی گاڵتەجاڕی: Humorous Illustration ." (ضیایی،۱۳۸۸، ص ۲٤)

2-1-3- میژووی کاریکاتێر لە جیهاندا:

"هونەری کاریکاتێر زۆر پێش ڕۆژنامەوانی و تەنانەت پیشەی چاپیش لە جیهاندا هەبووە. کاریکاتێر بەر لە هەموو شتێک زمانی "وێنەیە" و دەزانین لە ڕۆژگاری کۆندا بەر لە وشە و نووسین، وێنە ئەرکی نووسینیشی لە ئەستۆ بووە. " (لطیفی، ۱۳۹٤، ص ٤).

هەندێ ڕایان وایە، کە یەکەم کاریکاتێرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە شاری پۆمپای[۲] دۆزراونەتەوە، ئەم کاریکاتێرانە لەسەر کۆڵەکەی بەردین هەڵکەنراون و لەبەرچاوی خەڵک بوون. مەمدوح حەمادە نووسەری کتێبی پوختەیەک لە میژووی هونەری کاریکاتێر کۆمەڵێک وێنەی هەڵکەنراوی سەر تاشە بەردەکانی دۆڵی "جەرات" لە وڵاتی جەزائیر دەخاتە ڕیزی یەکەمین بەرهەمە گاڵتەجارییەکانی میژووەوە. (مەمدوح ۲۰۱۸، ل ۱۲). هەندێک لە پسپۆڕانیش ئاماژە دەکەن، بە وێنەکانی سەر پاپیروسەکانی میسر کە بیچمی تێکەڵاوی مرۆڤ و ئاژەڵیان تێدایە، یان باسی هونەری یۆنانی کەونارا و ڕۆما دەکەن؛ بۆ وێنە "لە ڕۆمای کەونارا مرۆڤی کورتەبالا یەکێک لە بابەتە سەرنجڕاکێشەکانی دنیای هونەر بووە، پتر لە چوار لەسەر پێنجی بەرهەمگەلی گاڵتەجارانەی ئەو سەردەمەیان پێکهێناوە. پاش سەردەمی یۆنان و ڕۆما لە سەدەکانی ناوین دا هونەر بەگشتی دەکەوێتە بەر سێبەری ئایینی مەسیحییەتەوە و گاڵتە کردن و پێکەنین بە بابەتە ئایینییەکان سنووردار دەکرێت؛ سەرەڕای ئەوەش دیسان بەکارهێنانی بیچمی پێکەنیناوی و گاڵتەجارانە هەر بە کاردێت دواجار لە سەدەی پازدەهەمدا داهێنانی ئامێری چاپ، خاڵی وەرچەرخان بوو لە جیهانی هونەردا." (عبدعلی، ۱۳۹٤)

"هانس هۆلبێین (Hans Holbein) شێوەکار، کۆڵەر، چاپگەری خەڵکی ئالمان؛ کۆمەڵێک لە بەرهەمە هەڵکەنراوەکانی خۆی لە ساڵی ۱۵۲۵ دا بە ناوی " سەمای مەرگ" بە وشەی کاریکاتێر پێناسە کردووە."(ضیایی،۱۳۸۸، ص۹)، "لەکۆتایی سەدەی پازدە و درێژایی سەدەی شازدە واتە سەردەمی ڕێنێسانس (بووژانەوە) هونەرمەندانی وەک لیۆناردۆ داڤینچی و مایکێل ئانجیلۆ، کۆمەڵێک بەرهەمیان ئافراند کە هەندێ لە پسپۆڕان ناوی کاریکاتێریان لێناوە. بەڵام بۆ وێنە: "پێنج سەری گرۆتێسک" (وێنەی دزێو و تۆقێنەر)-ی داڤینچی سەرەڕای ئەوەی لە باری شکڵ و فیگورەوە دێفۆرمە کراون

ناچنە خانەی هونەری کاریکاتێرەوە، لەبەرئەوەی ئەو سەرانە پەیوەندی بە مرۆڤی ڕاستەقینەوە نییە، هەروەها هەڵگری پەیام و مژاری تەوس و لاتاو نین" (عبدعلی، ١٣٩٤)، "نەریتی کاریکاتێر کە لەسەر بنەمای پێکەنینە؛ لە سەدەی هەڤدە و بە دەستی ئاگۆستینۆ کاراتچی[٣] لە ئیتاڵیا دامەزرا. کاراتچی یەکەم هونەرمەندە کە بۆ ڕابواردنی خۆی و هاوڕێکانی وێنەی کۆمێدی لە دیمە و ڕوخساری خەڵک دەکێشایەوە. ئەو کەسانەی سەردانی ستودیۆی ئەو هونەرمەندەیان دەکرد دەبوونە مۆدێلی و دواتر دەیاندیت کە کاراتچی ڕوخساریانی وەک: سەگ، بەراز، هێستر یان تەنانەت نان و دۆڵکەی ئاو کێشاوەتەوە! "(سیمرغ، ١٣٩٣)، لە میانەی سەدەی هەڤدە مەکۆی کاریکاتێر لە بۆلۆنیاوە، کە لە ژێر ڕکێفی کاراتچی دابوو گوازرایەوە بۆ شاری ڕۆم. لەم شارە، بەهرەی بێرنینی [٤] هونەرمندی شێوەکار و پەیکەرساز و بیناسازی ئیتاڵی وای کرد کاریکاتێر وەک شێوازێکی هونەری بگاتە ئاستێکی باڵا. بێرنینی بە پێچەوانەی کاراتچی و بنەماڵەکەی دیمە و ڕوخساری یەک کەسی هەڵبژارد و کاراکتێرێکی تایبەتی دروست کرد، بۆیەش " وێتکۆوێر [٥] پێیوایە بێرنینی ئافرێنەری ڕاستەقینەی کاریکاتێرە". (عبدعلی، ١٣٩٤).

بەناوبانگترین کاریکاتێریستی سەدەی هەژدە، هونەرمەندی شێوەکاری بەریتانیایی " ویلیام هۆگارس"–ە . هەڵبەت هۆگارس حەزی نەدەکرد، وەک کاریکاتێریستێک بناسرێت. بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە گشت لایەنە گەمژانە و ئیبلیس ئاساکانی مرۆڤی ئەو سەردەمەی بەریتانیا پێشان دەدەن. هۆگارس زۆر بە دەگمەن ڕوخساری ڕاستەقینەی خەڵکی دەکێشایەوە، کاراکتێری نێو بەرهەمەکانی مرۆڤی باش و خراپ، عارەق خۆر، پیاوان و ژنانی چاوچنۆک و مۆدەپەرست بوون." (سیمرغ، ١٣٩٣)

"سەرهەڵدانی شۆڕشی فەڕەنسا و بەشداری بەریتانیا لە شەڕی ناپلیۆندا، بووە هۆی ئەوەی خەڵکی بەریتانیا زیاتر سەرنجیان بۆ لای هونەری کاریکاتێر ڕابکێشرێت. لە ڕاستیدا شۆڕشی فەڕەنسا لە بەریتانیا پتر لە فەڕەنسا کاریگەری لەسەر هونەری کاریکاتێر هەبووە، بەڵام لە فەڕەنسا دواتر و لە سەدەی نۆزدەدا لەسەر دەستی هونەرمەندی وەک " هۆنۆرێ دۆمیێ" گەشە دەکات، واتە پاش داهێنانی چاپی بەردین. هەر ئەوە دەرفەتی زێڕینی بە کەسانی وەک دۆمیێ دا بەرهەمەکانیان بە تیراژی زۆر بڵاو بکەنەوە. لە ساڵی ١٨٣٢ هۆنۆرێ دۆمیێ لەبەر کێشانەوەی کاریکاتێری لوئی فیلیپ [٦] زیندانی کرا. لەو سەردەمەدا دۆمیێ هاوکاری ڕۆژنامەی "لاکاریکاتور"ی دەکرد کە شارل فیلیپۆن بەڕێوەی دەبرد. سەرەڕای بەربەست و کێشەی زۆر لە لایەن حکومەتی شا فیلیپەوە، شارل فیلیپۆن چەند ساڵ دواتر ڕۆژنامەیەکی تری بە ناوی لا شاریواری دامەزراند و هونەرمەندانی زۆری لە خۆی کۆکردەوە. دەکرێ شارل فیلیپۆن وەک باوکی کاریکاتێری مۆدێرنی سیاسی ناوزەد بکەین. لە ئالمان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا بواری گونجاو بۆ بڵاوکراوەیەکی کاریکاتێر ڕەخسا. لەبەر ئەوەی یاسای سانسۆر پتر لە ٣٠ ساڵ باڵی کێشابوو بەسەر بڵاوکراوەکان دا. لە ئاگۆستی ١٨٤٥ کاسپار براون و فریدریش شنایدێر ڕۆژنامەیەکیان لەسەر شێوازی لاشاریواری بڵاو کردەوە، ناوی ئەم ڕۆژنامەیە فیگیندە بلاتێر بوو." (عبدعلی، ١٣٩٤).

"یەکەم بەرهەمە گرینگەکانی کاریکاتێر لە وڵاتی ئەمریکا لە نێوان ساڵانی ١٨٢٨–١٨٣٦ دەرکەوتن. توماس ناست یەکەم کاریکاتێریستی ناوداری ئەمریکی بوو، کە کاریگەری زۆری لەسەر ڕێنێسانسی ئەمریکی، بەدرێژایی شەڕی ناوخۆیی ئەمریکا هەبوو" (عبدعلی، ١٣٩٤).

2-1-4- مێژووی کاریکاتێر لە عێراق:

"وڵاتی عێراق خاوەنی میراتێکی گەورەیە لە ڕۆژنامەگەری تەنزو تەوس دا. بە پێی بەڵگەکان یەکەم بڵاوکراوەی تەنز لە عێراق، مرقعة الهندي–ە کە لە ٢١ی نۆڤامبری ١٩٠٩ بە زمانی عەرەبی لە شاری بەسرە بڵاو بۆتەوە، لەسەر بەرگی ڕۆژنامەکە نووسرابوو، هەفتەنامەی تەنز و ڕەخنەیی وێنەدار و بە ناوی ئەو هیندییانەوە کرابوو، کە جلوبەرگیان پینە و پەڕۆی پێوە بوو، لە بەندەری بەسرە کاریان دەکرد. خاوەنی ئەو بڵاوکۆکە احمد حمدی مشرافی و بەڕێوەبەرەکەشی محمد حمدی بوو. لە شاری موسل ڕۆژنامەیەکی تر دەرچوو بە زمانی تورکی و عەرەبی بە ناوی "جنەباز" بە واتای چەنەباز و زۆربڵە. ئەو ڕۆژنامەیە لە ساڵی ١٩١١ و بە سەرپەرشتی عبدالمجید خیالی دەرچوو، لەسەر بەرگی ڕۆژنامەکە نووسرابوو: "ڕۆژنامەیەکی سیاسی، زانستی، ئەدەبی، هونەری و تەنز"، هەروەها لە ٢٥–ی جولای ١٩١١ لە

شاری بەغدا ڕۆژنامەی النوادر بە سەرپەرشتی محمد وهیب نورجە دەرچوو، کە لەسەر بەرگەکەی نووسرابوو: "بڵاوکراوەیەکی تەنز، ڕەخنەیی، وێنەداری عەرەبییە، کە هەفتەی جارێک بڵاودەبێتەوە". دواتر لە ساڵی ١٩١٣ لە شاری بەسرە گۆڤارێک دەرچوو بە ناوی الغرائب کە لە سەربەرگی نووسرابوو: دووهەفتەنامەیەکی تەنز، ڕەخنەیی" . لە هەمان ساڵدا واتە ١٩١٣ لە بەغدا گۆڤارێک بڵاو بۆوە بە ناوی مجلة الرصافة کە خاوەنەکەی محمد صادق الاعرجي بووە و لەسەری نووسرابوو "مانگانەیەکی زانستی، ئەدەبی، تاریخی و تەنز".

لە ساڵەکانی یەکەمی حکومەتی نیشتیمانی لە عێراق، هەتا شۆڕشی ١٤ی جولای ١٩٥٨ زیاتر لە سی بڵاوکراوەی تەوس و تەنز لە عێراق لە چاپ دراون، بۆ وێنە :

بابل، ١٩٢٣،حسين ال كتاب.

النديم، ١٩٢٣.

ابو الشمقمق، ١٩٢٣.

جحا الرومی، ١٩٢٣، رشيد صقفی.

الهزل ،١٩٢٤، علاءالدين عوني.

بالک ، ١٩٢٥، عبدالحميد فخري.

الكرخ ،١٩٢٧، شاعر ملاعبود الكرخي.

كناس الشوارع، ١٩٢٥، ميخائيل تيسي.

حبزبوز، ١٩٣١، نوری ثابت.

البهلول ، ١٩٣٢، محمد حسن القطيفي.

قرندل، ١٩٤٥ ، صادق الازدي.

الفكاهة.

الكشكول " (خەلیل علاف، ٢٠١٧)

2-1-5- میژووی کاریکاتێر لە کوردستانی عێراق:

سەبارەت بە میژووی هونەری کاریکاتێر لە کوردستانی عێراقدا، هیچ سەرچاوەیەکی نووسراو بەردەست نییە. تۆیژەر لە وتوویژ و چاوپێکەوتنەکانیدا بۆی دەرکەوت، کە هۆکاری سەرەکی نادیاری دەسپێکی میژووی ئەو هونەرە لە کوردستاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان بە ویستی خۆیان نەکردووە بەرهەمەکانیان لەناو بڵاوکراوەکانی سەردەمی بەعس بڵاو ببێتەوە. ئەوەی ڕوونە و ئاشکرایە ئەوەیە، کە سەرەتای هەشتاکان کەسێک بە ناوی عەبە کە ناوێکی خوازراو بووە، لە گۆڤاری کاروان و گۆڤاری بەیان کاریکاتێری بڵاوکردۆتەوە، هەروەها هونەرمەند سمکۆ ناکام (کە لە بواری شانۆدا کاردەکات) چەند کاریکاتێرێکی بڵاو کردۆتەوە، بەڵام بەردەوام نەبووە. دواتر چەند هونەرمەندێک لەم بوارە کار دەکەن ،کە وەک پێشەنگ لە هونەری کاریکاتێر دەناسرێن، ئەوانیش هونەرمەندان دارا محەمەد عەلی و عەلی مەندەلاوی و هونەرمەند محەمەد ساڵەیی. پاشی ئەوان و لە ساڵانی (٨٤) و (٨٥)دەوە کەسانێک وەک هونەرمەند گرفتار کاکەیی کارەکانی بڵاو کردۆتەوە. ئەو هونەرمەندانە و هونەرمەندانی دوای ئەوانیش بەگشتی بە شێوەی خۆڕسک و بێ ئەوەی مامۆستا یان فێرگەیەکیان بینیبێت فێری هونەری کاریکاتێر بوون.

لە پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری (1991)، کە بۆ میللەتەکەمان وەرچەرخانێک بوو، پەیتا پەیتا لە هەموو بوارەکاندا بە تایبەتی بواری میدیا سەرهەڵدانێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی، لەوانە :کردنەوەی دام و دەزگا و چاپەمەنی سەردەم، کە ئەمانە بوونە هۆی دروستبوونی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان، کاریکاتێریستەکان توانیان بەرهەمەکانیان بڵاو بکەنەوە. لە ساڵانی دواتردا کۆمەڵێک بڵاوکراوەی تایبەت بە کاریکاتێریش هاتوونەتە گۆڕەپانەوە، بەڵام لەو دەیەی ڕابردوودا زۆرینەیان بە هۆکاری ماددی داخراون ، تا ڕادەیەک کە ئێستا هیچ بڵاوکراوەیەک تایبەت بە کاریکاتێر لە هەرێمی کوردستان چاپ ناکرێت.

2-1-5-1- بڵاوکراوەکان لە کوردستانی عێراق:

بڵاوکراوەی فشقی تایمز: "یەکەمین بڵاوکراوەی گاڵتەجاریی تەنزئامێزە لە کوردستان. ئەم بڵاوکراوەیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ ژمارە (سفر) ی بە تیراژی ٤٠ دانەی ٨ لاپەڕەیی لە زانکۆی سەلاحەدینی شاری هەولێر لە لایەن چوار خوێندکارەوە دەرچووە. بڵاوکراوەیەکی هەمەڕەنگ بوو، زیاتر گرنگی بە توێژی خوێندکارانی زانکۆ دەدا. کاتی دەرچوونی بڵاوکراوەکە دیار نەبوو، هەر کاتێک ئارەزوویان لێ بووایە ژمارەیەکیان دەردەکرد، ژمارەی لاپەڕەکانیشی نادیار بوو، بەڵام تیراژەکەی بەردەوام لە زیادبووندا بوو، دوا ژمارەی تیراژەکەی گەیشتە ٤٠٠ دانە. فشقی تایمز تەنها ٢٨ ژمارەی لێ دەرچوو. بە هۆی لێکدابڕانی دەستەی نووسەران و نەبوونی پاڵپشتی ماددی، وای کرد بڵاوکراوەکە نەتوانێت بەردەوام بێت." (خۆشناو، ٢٠٠٨، ل٩٥)

گۆڤاری سیخورمە: یەکەم گۆڤاری ساتریکالی کۆمیدی بوو، کە لە شاری سلێمانی لە ٧/٢/١٩٩٧ یەکەم ژمارەی دەرچوو وە ستافی گۆڤارەکەش پێک هاتبوو لە ئاکۆ غەریب وەک بەڕێوەبەر و د.شێرکۆ عەبدوڵا وەک سەرنووسەر و ئاراس شێخ جەنگی خاوەن ئیمتیاز، کاریکاتێریستەکانیش بریتی بوون لە :محەمەد فەتاح، ئاکۆ غەریب، سائیر بەدری. هەتا ساڵی ٢٠١٣ بەردەوام بوو و دواتر بە هۆی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و دۆخی ئابووری داخرا و بوو بە گۆڤارێکی ئەلیکترۆنی و بەردەوام بوو (محەمەد فەتاح، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ٨/٤/٢٠٢٣)

گۆڤاری مەلامەشهور: "یەکەمین گۆڤاری تایبەت بە کاریکاتێر بوو، کە لە هەولێر دەردەچوو، ژمارە ١ لە مانگی ٧/١٩٩٧ بڵاوکراوە و تا ساڵی ٢٠٠٣، (٤٥) ژمارەی لێ دەرچووە، گۆڤارێکی ١٦ لاپەڕەیی بە تیراژی ١٠٠٠ دانە بوو، گۆڤارێکی مانگانەی سەربەخۆ و سەر بە هیچ لایەن و حزبێکەوە نەبوو، بەڵام کۆمەکی دارایی دەکرا لە لایەن ئەو بەرپرس و کەسانەی باوەڕیان بە دیموکراسی و ڕەخنە هەبوو. بە درێژایی تەمەنی گۆڤارەکە توانیویەتی دوو پێشانگەی هاوبەشی کاریکاتێریی بۆ کاریکاتێریستانی گۆڤارەکە لە شاری هەولێر بکاتەوە، یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٠٠ و دووهەمیان لە ساڵی ٢٠٠٣، دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە پێک هاتبوو لە : خاوەن ئیمتیاز: عەبدولڕەحمان پاشا. سەرنووسەر: حەیدەر قادر. سکرتێری نووسین : عەلۆ سندی بە هاوکاری جەلال زەنگابادی. کاریکاتێریستەکان: سەردار کێستەیی، کامەران خۆشناو، لوئەی کۆیی (لوئەی مەتی)، جەمیل محەمەد، گرفتار کاکەیی، هەندرێن خۆشناو، عەلی دەرۆێش (بەمۆ)، سەلاح محەمەد عەلی، دیار ئاکرەیی. ناوەناوە گۆڕانکاری بەسەر دەستەی بەڕێوەبەری داهاتووە و لە ژمارە (٤٢) لە ٥ / ٢٠٠١ (کامەران خۆشناو) بووە بە بەڕێوەبەری نووسین و لە ژمارە (٤٣) -ێش لە ١٢/ ٢٠٠٢ بووە بە سەرنووسەر و لە ژمارە دواییەکانیشدا تەنیا (لوئەی کۆیی، هەندرێن خۆشناو و عەلی دەرۆێش) وەک کاریکاتێریست بەردەوام بوون ." (خۆشناو، هەندرێن، ٢٠٠٨، ل٩٥) "هۆیە سەرەکییەکانی ڕاوەستانی ئەم گۆڤارەش لە وەشاندن، نەبوونی هاوکاری ماددی، چونکە ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی ئەهلی بوو، یارمەتی دارایی نەدەکرا، وەکو گۆڤارەکانی تر، هەروەها نەبوونی شوێنێک بۆ کارکردن و دیزاینکردنی گۆڤارەکە، نەبوونی مەودایەک و کەشوهەوایەکی گونجاو بۆ کارکردن و چەندین هۆی تریش."(هەندرێن خۆشناو، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ١٠/٨/٢٠٢٢)

نەقیزە: نەقیزە چەند لاپەڕەیەکی کۆپی بوو، بە دەست نووسراوبوو و بەڕێزێک بە ناوی خاڵە حەمرین دەری دەکرد و لە چایەخانەی مەچکۆ بڵاوی دەکردنەوە . (گرفتار کاکەیی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- ئالمان، ٥/٨/٢٠٢٢)

دەهۆڵ تایمز: "گۆڤارێکی تەنزئامێزی کۆمەڵایەتی- کاریکاتێری بوو، ژمارەی (١)-ی لە ١٥/١٢/١٩٩٩ لە هەولێر دەرچوو و تا مانگی ٧ی ٢٠٠٢ ،(٣٢) ژمارەی لێ چاپکرا. گۆڤارێکی مانگانەی ٢٠ لاپەڕەیی بوو، دەستەی ستافی گۆڤارەکە پێک هاتبوو لە: خاوەن ئیمتیاز: خالید ئەحمەد خدر (میران)، سەرنووسەر د.شاپان (رزگار نوری شاوەیس) ، کاریکاتێریست: عەلی دەرۆێش (بەمۆ). لە زۆربەی ژمارەکانیدا گرنگییەکی تەواوی بە لایەنی کاریکاتێر و وێنەی

فۆتۆیی دەدرا. چەند گۆشەیەکی بەردەوامی هەبوو ، کە تیایدا ڕەخنە لە کەسانی یاساشکێن و چەند دەزگایەکی حکومی دەگرت، زۆر بەکەمی بە لای دیاردە سیاسییەکاندا دەچوو." (خۆشناو، ۲۰۰۸، ل٩٦)

گەپ: یەکەم ژمارەی ئەم بڵاوکراوەیە ١/١٠/٢٠٠٤ بە شێوەی کاغەزی ڕۆژنامە لە (١٢) لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگدا دەرچوو. سەرنووسەرەکەی ئازا حەسیب قەرەداغی ، جێگرانی سەرنووسەر محەمەد قادر و ئیسماعیل بەرزنجی، هەروەها بەڕێوەبەری نووسین بەرهەم عەلی بوو. دوای ساڵێک محەمەد قادر بووە، سەرنووسەر و ئیسماعیل بەرزنجی، خاوەن ئیمتیاز و پاش ٣ ساڵ ئەمجار محەمەد قادر دەبێتە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر . لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەم بڵاوکراوەیە بوو بە گۆڤار لە (٤٠) لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ بە قەبارەی ٢١ بە ٢٩ سم ،دەردەچوو. دواین ژمارەی گۆڤارەکە ژمارە ١٧٢ بوو، کە لە ٢٨/١٠/٢٠١٥ دەرچوو. لە ماوەی تەمەنی دا گۆڤاری گەپ دووجار بۆتە چاوگی سەرەکی دوو ماستەرنامە لە زانکۆی بەغدا و زانکۆی سلێمانی. (محەمەد قادر، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ١٠/١/٢٠٢٣)

تەنزوێنە: "تەنزوێنە گۆڤارێکی مانگانە بوو، (١٦) لاپەڕەی قەبارە ٢٣ بە ٣٣ سم، کۆمەڵەی کاریکاتێریستانی کوردستان دەری دەکرد، ئەم کۆمەڵەیەش لە ٧ ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ لە هەولێر دامەزرا، ژمارەی (١)، لە ٢١/٣/٢٠٠٦ لە هەولێر دەرچووە. توانی یەک ساڵ بەردەوام بێت و دوا ژمارەشی (٧و٨) لە مانگی ٣ ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەولێر دەرچوو. لە یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە خاوەن ئیمتیاز کامەران خۆشناو ، سەرنووسەر شێخ ئەڤراز ئەتروشی، جێگری سەرنووسەر بۆتان نالەیی، بەڕێوەبەری نووسین هەندرێن خۆشناو، ڕاوێژکاری یاسایی حوسامەدین سەرداری، دەستەی کاریکاتێریستان لوئەی کۆیی، عەلی دەرویش، دیار ئاکرەیی، سەلاح محەمەد عەلی، نەخشەسازیی جەوهەر فەتاح بوون. جیاکارییەکانی گۆڤاری تەنزوێنە لەگەڵ گۆڤارە گاڵتەجاڕیی و کاریکاتێرییەکانی تر ئەوەبوون کە ئەم گۆڤارە بێلایەن بوو و دەزگایەکی هونەریی بڵاوی دەکردەوە، زمانحاڵی جەماوەربوو، بۆیە جەماوەرییەکی زۆری پەیدا کردبوو، گرنگی و بایەخی زیاتری بە لایەنی کارتۆن و کاریکاتێر و کاریکاتێریستانەوە دەدا، هەروا بایەخێکی زیاتر بە شێوە و شێوازی هونەریی و دیزانی گۆڤارەکە دەدراو چەندین گۆشەی نوێ لە گۆڤارەکە بڵاو دەکرایەوە، لەوانەش داهێنانی گۆشەیەکی تایبەت بە کاریکاتێری جیهانی، گۆشەیەکی تایبەت بە ژیانی هونەرمەندانی کاریکاتێرەوە، بە هونەرمەندانی کوردیش دەستپێکرا، دواتر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان و عیراقیش لاسایی دەکرانەوە. لەبەر بوونی چەندین کێشەی کارگێڕی لە کۆمەڵەی کاریکاتێریستانی کوردستانەوە، دەست لەکارکێشانەوەی ستافە سەرەکییەکەی گۆڤارکە لە کۆمەڵە و گۆڤارەکە کامەران خۆشناو، هەندرێن خۆشناو، لوئەی کۆیی لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٧ و چەندین هۆی تریش، گۆڤارەکە لە وەشاندن وەستا". (هەندرێن خۆشناو، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ١٠/٨/٢٠٢٢)

کاری کاتۆر: پاشکۆیەکی ڕۆژنامەیی کە لە نێو کوردستانی نوێ چاپ و بڵاو دەکرایەوە، یەکەم ژمارەی لە ٢٤/١١/٢٠١٨ دەرچوو، (٢٢) ژمارەی لێ بڵاو بووەوە. لە ساڵی ٢٠٢٠ بە هۆی گۆڕانکاری لە دەزگای ڕاگەیاندن دا ڕاوەستا. سەرنووسەر : ستران عەبدوللا، سەرپەرشتیار: بەختیار سەعید ، دیزاینێر: پەروەر کەرکوکی. (بەختیار سەعید، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ١٩/١/٢٠٢٢)

2-1-5-2- هونەرمەندانی کاریکاتێریستی کورستانی عێراق: (نەوەی یەکەم و دووهەمی هونەرمەندانی کاریکاتێریست)

توێژەر بۆ ئەو بەشە، جگە لە زانیاری لەسەر چەند بەڕێزێک کە لە کتێب و سەرچاوە سوودی وەرگرتووە (کە وەک سەرچاوە ئاماژەی پێ کراوە)؛ ناچار بوو بۆ زۆرینەی هونەرمەندان پەیوەندی بە خۆیانەوە بگرێت.

تێبینی: ڕێزبەندی ناو و ژیاننامەی هونەرمەندەکان بە پێی ڕێکەوتی لەدایکبوونیان کراوە.

حەسەن فەلاح: "ئەو هونەرمەندە لە ڕاستیدا ناوی " شەمسەدین عەبدولقادر"ە و لە ساڵی ١٩١٠ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٧٦ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە. حەسەن فەلاح ژیانێکی پڕ چەرمەسەری بەسەربردووە و لە زۆر شوێنی جۆراوجۆر ژیاوە و لە زۆر بواردا کاری کردووە . لە هەولێر، کەرکوک و بەغدا سەربازی ئیشوکاری ڕۆژانە خەریکی ڕەسم کردن بووە. حەسەن فەلاح بەشداری کردووە لە شۆڕشی شێخ مەحمود و لە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی ئیستیقلال دا لە ساڵی ١٩٢٣ لە حکومەتەکەی شێخی نەمردا ناوی بە (ناظر الخدمه)-

هاتووە، هەر لەو سەروبەندەشدا و بەتایبەتی لە سالّی ١٩٣٠ هاوڕێیەتی لەگەڵ عەزیز سەلیم –ی هونەرمەند دا دروست کردووە، سالّی ١٩٤١ لە کاتی شەڕەکەی ڕەشید عالی گەیلانی لە بەغدا بەشداری لە گۆڤاری " حەبەزبوز" دا کردووە، حەسەن فەلاح لەو گۆڤارەدا بە کاریکاتێر وێنەی نووری سەعید و عەبدولئیلای کێشاوەتەوە، هەروەها بە پێی سەرچاوەکان هاوکاری گۆڤاری " الکشکول" –یشی کردووە. " (پیربالّ، ٢٠٠٦، ل ٩٨-١٠١)

ئەنوەر تووفی: "ئەنوەر سینۆ محەمەد شەریف ناسراو بە ئەنڤەر تووفی، لە سالّی ١٩٢٧ لە گوندی بامەڕنی سەر بە شاری دهۆک لەدایکبووە، بنەماڵەکەیان لە گوندی تووفی لە کورستانی تورکیاوە هاتوون، لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا دارالمعلمینی لە مووسڵ تەواو کردووە، وێڕای ئەوەی سەرقاڵی هونەری شانۆگەری بووە، دەستی وێنەکێشانیشی هەبووە و بە یەکێک لە مامۆستایان و پێشەوای ڕەسم دەژمێردرێت لە کوردستاندا، هونەرمەند وەک زۆربەی نیگارێشانی ئەو سەردەمە، لە بەستێنی ڕازاندنەوەی بەرگی کتێبانیشدا کاری کردووە، لە هەمان کاتدا ئەگەر یەکەمین هونەرمەندی کاریکاتێریستیش نەبووبێت، ئەوا یەکێک بووە لە یەکەمین ئەو نیگارکێشانەی کە کاریکاتێریان دروست کردووە و بڵاوکردۆتەوە.(پیربالّ، ٢٠٠٦، ل ١٢١-١٢٢)

دارا محەمەد عەلی: لە سالّی ١٩٥٠ لە شاری هەولێر لە دایکبووە و لە هەفتاکانەوە دەستی بە کاری هونەری کردووە. یەکەمین کاریکاتێری لە هەفتەنامەی هاوکاری بڵاو کردۆتەوە و پاشان لە گۆڤار و ڕۆژنامەگەلێکی وەک : ڕۆشنبیری نوێ، ئەستێرە، کاروانی وەرزشی، مەلای مەشهور، پێشکەوتن، زریمۆک، ئاسۆی فلکلۆر، گەپ، هەنگ، کوردستانی نوێ ، الموطن بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە. (دارا محەمەد عەلی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- ٢٩/١٢/٢٠٢٢)

سەلاح محەمەد عەلی: "لەدایکبووی سالّی ١٩٥١ –ە لە شاری هەولێر. یەکەم کاریکاتێری خۆی لە سالّی ١٩٩٠ لە هەفتەنامەی "هاوکاری" بڵاو کردۆتەوە. لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان، کاریکاتێری بڵاو کردۆتەوە، هەروەها لەو هەفتەنامە و گۆڤارانەی بەر لە ڕاپەڕینیش دا وەک: " پاشکۆی عێراق، هاوکاری، کاروانی وەرزش، تەندروستی و کۆمەڵ، ڕەنگین، کاروانی منداڵان" کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق بوون، کاریکاتێری بڵاو کردۆتەوە." (خۆشناو، ٢٠٠٨، ل٩٨)

خالید ستار: لە سالّی ١٩٥٤ لە شاری کەرکوک لەدایکبووە. لە سالّی ١٩٦٧ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە و قوتابخانەی جێهێشتووە. لە سالّی ١٩٨٤-ەوە لە وڵاتی سوید نیشتەجێ و قۆناغی زانکۆی لە بواری سێرامیک لەو وڵاتە تێپەڕاندووە. لە سالّی ٢٠٠٠-ەوە دەستی بە ئیشی کاریکاتێر کردووە، بەڵام بەرهەمەکانی لە گۆڤارەکان بڵاو نەکردۆتەوە. (خالید ستار، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سوید، ١٩/٤/٢٠٢٣)

عەلی مەندەلاوی: لە سالّی ١٩٥٨ لە مەندەلی لەدایکبووە و لە سالّی ١٩٧٩ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە و دواترلە ١٩٨٦ بەکالۆریۆسی لە بواری گرافیک دیزاین لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگرتووە. دەستپێکی کاری هونەریی بە وێنەچیرۆک (ئیلیستریشن) بووە. یەکەم کاریکاتێری لە ڕۆژنامەی **تأخی** (برایەتی) لە بەغدا بڵاو کردۆتەوە و دواتر لە سالّی ١٩٧٣ یەکەم پێشانگای لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا کردۆتەوە، لە سالّی ١٩٧٥ لە پێشانگای پۆستێری سیاسی لە پەیمانگا بە پۆستێرێکی کاریکاتێر بەشداری کردووە. لە بڵاوکراوە کاریکاتێرییەکانی کوردستان لەگەڵ گۆڤاری **گەپ** هاوکاری کردووە. (عەلی مەندەلاوی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هۆلەندا، ٨/٤/٢٠٢٣)

ئازا حەسیب قەرەداغی: لە سالّی ١٩٦٠ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و لە نیوەی دووهەمی هەشتاکان دا چەند دانە پۆرترێتی کاریکاتێری لە گۆڤاری "کاروان" بڵاوکردۆتەوە، دواتر بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر بەرهەماکانی بە واژۆی "گەشە" و هەندێجار بە ناوی خۆیەوە لە گۆڤاری "تەندروستی و کۆمەڵ" بڵاوکردۆتەوە. لە دوای ڕاپەڕین یەکەم نامیلکەی کاریکاتێریی بە ناوی "دژە سەددام" بڵاو کردەوە. ئەمجار بەرهەمەکانی بە واژۆی "بڕوا" لە ڕۆژنامەی "ڕێگای کوردستان" بڵاو کردۆتەوە، وەک خۆی دەڵێت: دواییین چالاکی لە بواری کاریکاتێردا دووسالّ ئەرکی سەرنووسەر گۆڤاری "گەپ" بووە. (ئازا حەسیب، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ٢٩/١٢/٢٠٢٣)

محەمەد عەبدولجەبار سالّەیی (محەمەد سالّەیی): لە یەکەم کاریکاتێریستەکانی کوردستانە کە لە سالّی ١٩٦٢ لە شاری کەرکوک لەدایکبووە. قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندنی هەر لەو شارە تێپەراندووە، لە سالّی ١٩٨٨ بەکالۆریۆس لە کۆلێژی کشتوکالّی زانکۆی سەلّاحەدین وەرگرتووە و دواتر لە ٢٠٠٨ بەکالۆریۆس "وێنەکێشان"ی لە زانکۆی بێلفۆرد لە ئەمەریکا وەرگرتووە، هەروەها لە سالّی ٢٠١٠ لە وڵاتی کەنەدا کۆلێژی ئەکادیمیای ئینگلیزی تەواو کردووە. لە سالّی ١٩٨٤ –ەوە دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی کاریکاتێرەکانی لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە، وەک : ڕۆژنامەی هاوکاری، ڕەنگین، تەندروستی و کۆمەڵ، بەیان، کاروان، کاروانی مندالّان، کاروانی وەرزش، کورستانی نوێ ، برایەتی ، گوڵان، هەنگ و .... هتد. لە سالّی ١٩٨٨ تەنها هونەرمەندی کورد بووە، کە لە بەغدا بەشداری پێشبڕکێی کاریکاتێر بووە و خەڵاتی دووهەمی بەدەست هێناوە. لە ئێستادا پتر سەرقالّی وێنەکێشانەوە و وازی لە هونەری کاریکاتێر هێناوە. (محەمەد سالّەیی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر– کانادا، ٢/١/٢٠٢٣)

بەکر عەبدولڕەحمان: لە سالّی ١٩٦٢ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، یەکەمین بەرهەمی لە سالّی ٢٠٠٤ لە ڕۆژنامەی "**ژیانەوە**" بڵاوکردۆتەوە و لە دوای ئەو لە ڕۆژنامەکانی هاوڵاتی ، بەرگری، پێگە، کوردستانی نوێ و گۆڤاری کار، هەروەها لە گۆڤاری کاریکاتێریستانی جیهان union of world cartoonists ، گۆڤاری BirKitabBinDost ی تورکی و گۆڤاری Rossem Cartoon House ی مالیزیایی و لە مجلة جوهرة القوافی میسری و مجلة التقارب الثقافی جەزائیر و مجلة المنتدی لوبنانی بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە. (بەکر عەبدولڕەحمان، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر– سلێمانی، ٩/٥/٢٠٢٣)

ئاکۆ حەمە غەریب: لە سالّی ١٩٦٢ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، یەکەم جار لە گۆڤاری سیخورمە کاریکاتێری بڵاو کردۆتەوە و هەر بە خۆیشی دەستەی دامەزرێنەری بووە، هەروەها لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و هەفتەنامەی سۆما کاریکاتێری بڵاو کردۆتەوە.(ئاکۆ غەریب، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر– سلێمانی، ١٢/٥/٢٠٢٣)

جەبار سابیر قادر: لە سالّی ١٩٦٤ لە شاری هەولێر لەدایکبووە، یەکەم کاریکاتێری لە سالّی ١٩٩٢ بڵاو کردۆتەوە. لە ٢٠٠٥–ەوە هەتا ئێستا کاریکاتێرەکانی لە زۆربەی مالّپەڕو گۆڤارە ئەلکترۆنییە جیهانییەکان (تورکی، میسری، ئەرجەنتینی، عیراقی و مالیزی و ....هتد) بڵاو بۆتەوە. لە ناوخۆی کوردستانیش لە گۆڤارگەلێکی وەک: کوردستانی نوێ، میدیا، خۆرنەوازان، چەرمۆ، ژیان، نەنم و .... هتد بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە. (جەبار سابیر، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر– هەولێر، ٤/٧/٢٠٢١)

فەلاح عومەر(فەلاح شوان): لە سالّی ١٩٦٥ لە شاری کەرکوک لەدایکبووە، لە سالّی ١٩٩١ یەکەم کاریکاتێری لە ناو ڕۆژنامەی کەرکوک بڵاوبۆوە، دواتر لە ڕۆژنامەی خەبات، کوردستانی نوێ و گەل بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە و پاشان لە ڕۆژنامەی المؤتمر وەک کاریکاتێریست و دیزاینێر دامەزرا تا سالّی١٩٩٣ ، دواتر دەچێتە دەمیشق و لەوێ پێشانگا دەکاتەوەو کاریکاتێرەکانی لە ڕۆژنامەکانی ئۆپۆزۆسیۆنی عیراقی وەک: الاعتصام، نداء الرافدين ، الورکا، الرأي الأخر، بغداد، هەروەها لە گۆڤاری الهدف ی فەلەستین بڵاو دەکاتەوە. لە سالّی ٢٠٠٤–ەوە وازی لە کاریکاتێر هێناوە. (فەلاح شوان، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر– ئەمەریکا، ١٦/٨/٢٠٢٣)

محەمەد فەتاح: ١٩٦٥ لە سلێمانی لە دایکبووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان و دواتر زانکۆی هونەر بەشی شێوەکاری لە شاری سلێمانییە و ئێستا بەڕێوەبەری گشتییە لە ڕۆشنبیری هەڵەبجە. لە هەشتاکانەوە دەستی بە کاریکاتێر کردووە، بەڵام لەبەر دەسەڵاتی حکومەتی بەعس بڵاوی نەکردوونەتەوە، تا سەرەتای نەوەدەکان کە بەشداری چەندین پێشانگای کاریکاتێری کردووە ، لەگەڵ دامەزراندنی گۆڤاری سیخورمە لە یەکەم ژمارە تا کۆتا ژمارە بەشدار بووە، جیا لەو لە گۆڤارەکانی : سلێمانی، سلێمانی نوێ، بونیات، تایم، ئیتحاد، کریف ، سپێدە و....هتد بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە . (محەمەد فەتاح، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر– سلێمانی، ٨/٤/٢٠٢٣)

ئەدیبە سمایل مامە: "لە دایکبووی سالّی ١٩٦٦ی شاری هەولێرە، ئەدیبە سمایل مامە، کە بە یەکەم کچ دەژمێردرێت لە باشووری کوردستاندا، کە دەستی داوەتە قەڵەم لە بواری هونەری کاریکاتێر . یەکەم بەرهەمی کاریکاتێریی لە ١٩٨٧ لە هەفتەنامەی کاروانی وەرزش بڵاو کردۆتەوە. بەردەوامیش بوو لە بڵاوکردنەوەی تابلۆ کاریکاتێرییەکانی لە ڕۆژنامەکانی

هاوکاری و پشکۆی عیراق و ڕەنگین و تەندروستی و کۆمەڵ و گۆڤاری منداڵان، هەروەها دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ١٩٩١، ئەدیبە ئیسماعیل مامە بەردەوام بوو لەسەر ئەم ڕێچکە هونەرییە و لە ڕۆژنامەکانی کوردستانیش بەرهەمەکانی بڵاو دەکردەوە. ئەو کچە هەست ناسکە زۆر خولیای هونەر بوو، بۆیە هەوڵی ئەوەی دا ئەکادیمیانە شارەزای بنەماکانی هونەر بێت، ویستی لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە بەغدا وەربگیرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی نەببوو بە بەعسی ئەو ئاواتەی نەهاتە دی، لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی وەرگیرا، بەڵام لەبەر گرانی ئەرکی سەرشانی، ئەدیبە نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات. ئەم هەموو کارەسات و نەهامەتییانەی کە هاتبوونە بەردەم ئەدیبە، وای لێ کرد، کە دەست بداتە قەڵەم و فڵچە بۆ نەخشاندنی چەندین تابلۆی هونەری، دوایی هەستی کرد کە تەنیا بە هونەری کاریکاتێر بە جوانترین شێوە ئەو ئێش و ئازارانە دەربببڕێت و هەوڵی گۆڕینی ئەو واقیعە تاڵە بدات تێیکەوتبوو خۆی ، خێزان و گەلەکەشی." (خۆشناو، ٢٠٠٨، ل٩٩).

عەلی دەرویش (بەمۆ): لە ساڵی ١٩٦٦ لە کەرکوک لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٩٢-ەوە بە شێوازێکی جدی هاتۆتە نێو بواری کاریکاتێرەوە. لە ساڵی ١٩٩٦ بۆ یەکەمجار لە کەرکوک پێشانگایەک لە کاریکاتێری کەسایەتییەکانی شاری کەرکوک دەکاتەوە. هونەرمەند عەلی دەرویش لەگەڵ زۆرینەی گۆڤار و بڵاوکراوەکانی کاریکاتێر لە کوردستان هاوکاری کردووە، لە هەندێکیان وەک دەهۆڵ تایمز دەوری سەرەکی هەبووە. (عەلی دەرویش، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- فەرەنسا، ٦/٨/٢٠٢٢)

ئازاد جەواد ئەحمەد (گرفتار کاکەیی): لە ساڵی ١٩٦٧ لە شاری کەرکوک لەدایکبووە. لە سەرەتای هەشتاکانەوە دەستی کردووە بە کاری کاریکاتێر، بەڵام لە بڵاو کراوەکانی سەردەمی بەعس بڵاوی نەکردوونەتەوە. لە ١٩٩٢ یەکەم کاریکاتێری لە ڕۆژنامەی ڕێگەی کوردستان بڵاو کردۆتەوە و هەتا ئێستا بەرهەمەکانی لە زۆرینەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان وەک : زەنگی ئاوارە، المؤتمر، مەلامەشهور، سیخورمە، گەپ بڵاو بوونەتەوە. (گرفتار کاکەیی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- ئالمان، ٥/٨/٢٠٢٢)

سەرچڵ شەوقی: سەرچڵ مەحمود عەبدولقادر شەوقی، لەساڵی ١٩٦٣ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، دبلۆمی نیگارکێشان و بەکالۆریۆس پەروەردەیی لە بواری هونەردا بەدەست هێناوە. لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە و لە ساڵی ١٩٨٩ بۆ یەکەم جار پێشانگای کاریکاتێری لە سلێمانی کردۆتەوە. بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی وەک : هاوکاری، پاشکۆی عێراق، ڕەنگین و هەروەها پاش ڕاپەڕین لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، دەروازە و گۆڤاری سیخورمە ، سەنگەر و لە گۆڤاری دیمانە کە لە سوید دەردەچوو بڵاو کردۆتەوە. (سەرچڵ شەوقی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ١٩/٤/٢٠٢٣)

محەمەد قادر: (سەردەم) لە ساڵی ١٩٧١ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانییە لە بەشی نیگارکێشان. لە زۆربەی گۆڤار و بڵاوکراوەکانی کاریکاتێر لە کوردستاندا کاریکاتێری بڵاو کردۆتەوە و لە گۆڤاری گەپ وەک سەرنووسەر و دەستەی دامەزرێنەر و دواتر وەک خاوەن ئیمتیاز کاری کردووە .(محەمەد قادر، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ١٠/١/٢٠٢٣)

شەمال شوکور مەولود (پەروەر کەرکوکی): لە ساڵی ١٩٧٢ لە کەرکوک لەدایکبووە، یەکەمین کاریکاتێری لەساڵی ١٩٨٦ بڵاو کردۆتەوە. لە زۆربەی بڵاوکراوەکانی دوای ڕاپەرین بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە وەک : هاوڵاتی، ئاوێنە، کوردستانی نوێ، برایەتی، الاسبوعیە- دەزگای خەندان و هەروەها گۆڤاری گەپ. (پەروەر کەرکوکی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ٤/٨/٢٠٢٢)

ڕێناس عارف: لە ساڵی ١٩٧٢ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، لە چەندین بواری جیا وەک گرافیک میدیا، مەلتی میدیا و وێب دیزاین و هەروەها نیگارکێشان لە زانکۆکانی هۆلەند دەرسی خوێندووە . کاریکاتێرەکانی لە گۆڤارەکانی : ئاوێنە، هاوڵاتی، لڤین، کوردستانی نوێ، ئۆکتۆبەر، میدیا، گۆڤاری وەرزی دەرگاوان. لە گۆڤارە هۆلەندییەکان وەک: Nieuwspoor وUAF و هەروەها لە هەندێ گۆڤاری جیهانی وەک : Rossum Cartoon House, umc

cartoon, de tulp بڵاو بوونەتەوە. (ڕیناس عارف، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هۆلەندا، ١٩/٤/٢٠٢٣)

سەردار کێستەیی: لە ساڵی ١٩٧٣ لە شاری دهۆک لەدایکبووە و یەکەم پێشانگای کاریکاتێری لە ساڵی ١٩٩٤ لە دهۆک کردۆتەوە. بەرهەمەکانی لە : هەفتەنامەی پەیمان، گۆڤاری مەتین، گازی، مەلامەشهور، گەپ، هێلین و هەروەها مجلة الصوت الاخر ، ڕۆژنامەی وار و ....هتد . بڵاو کردۆتەوە. (سەردار کێستەیی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- ئەمەریکا، ٢١/٤/٢٠٢٣)

کیڤان محو ئیسماعیل: (کیڤان بارزانی) لە ساڵی ١٩٧٣ لە بارزان لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی هونەرەجوانەکانە لە بەشی شێوەکاری. یەکەمین کاریکاتێری لە ڕۆژنامەی (مؤتمر معارضة العراقية) بڵاو کردۆتەوە ، دواتر لەبڵاوکراوەکانی وەک گوڵان، خەبات و دەنگی پێشمەرگە بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە. (کیڤان محو، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ٢١/٤/٢٠٢٣)

سالم سەلیم (سالم دۆسکی): لە ساڵی ١٩٧٨ لە شاری دهۆک لە دایکبووە؛ دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دهۆک و دواتر زانکۆی هونەری دهۆکە لە بەشی شێوەکاری. بەرهەمەکانی لە گۆڤاری گەپ و هەروەها چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاریتر بڵاوکردۆتەوە و نها سەرقاڵی کاری گرافیک دیزاینە. (سالم سەلیم، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- دهۆک، ١٩/٤/٢٠٢٣)

سەردار عەبدوڵڵا: لە ساڵی ١٩٦٧ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و یەکەم کاریکاتێری لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاو کردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٩٤ یەکەم پێشانگای کاریکاتێری لەگەڵ ڕێناس عارف و شوکاک عەبدولستار لە هۆڵی سورکێو لە سلێمانی و دواتر لە ڕانیە و هەولێر بەڕێوە دەبات. بەرهەمەکانی لە گۆڤارەکانی ئەدەب، هونەری کرێکاری، شەبەنگ، بۆ پێشەوە، ڕێگای کوردستان، کوردستانی نوێ، القدس و کیهان بڵاو کردۆتەوە. جگە لەوە لە وڵاتانی وەک تورکیا، سوید، کەنەدا، فینلاند، ئەلمانیا و یابان پێشانگای کاریکاتێری بەڕێوە بردووە.(سەردار عەبدوڵڵا، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ٢٧/٦/٢٠٢٣)

شوکاک عەبدولستار: لە ساڵی ١٩٦٠ لە سلێمانی لە دایکبووە. لە ساڵی ١٩٩٣ تا ١٩٩٥ پێشانگای هاوبەشی کاریکاتێری سیاسی لە هۆڵی سورکێو کردۆتەوە، بەرهەمەکانی لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا بڵاو بۆتەوە.

هەندرێن خۆشناو: لە ساڵی ١٩٦٩ لە شاری هەولێر لەدایکبووە، لە بواری کاریکاتێر دا کەسێکی زۆر چالاکە : لە گۆڤاری مەلامەشهور دا کاریکاتێریست و نووسەر ، لە گۆڤاری تەنزوێنە دەستەی دامەزرێنەر، بەڕێوەبەری نووسین و کاریکاتێریست و لە گۆڤاری گەپ دەستەی دامەزرێنەر و کاریکاتێریست، هەروەها لە پاشکۆی کاریکاتێری کاری کاتۆر نووسەر و کاریکاتێریست بووە. لە زۆرینەی بڵاوکراوەکانی کاریکاتێر لە کوردستان بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە. (هەندرێن خۆشناو، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ١٠/٨/٢٠٢٢)

سەباح حسێن سالح: لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٣ لە دهۆی مزووری بالایە و ساڵی ١٩٩٩ بەکالۆریۆس لە بواری وێنەکێشان لە زانکۆی هونەری تاران و ساڵی ٢٠٠٣ ماستەری ئەنیمەیشنی لە زانکۆی تربیت مدرسی تاران و ساڵی ٢٠١٩ دکتۆرای لە بواری تۆیژینەوەی هونەر لە زانکۆی هونەری ئیسفەهان وەرگرتووە. پتر لە ٣٠ ساڵە لە بواری کاریکاتێر کار دەکات. لە ژانرەکانی : کاریکاتێری پیشەیی، تەنزی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ڕەخنەیی لەخۆ دەگرێت و جاروبار لە هەندێ گۆڤار و ڕۆژنامەدا کارەکانی بڵاو کردۆتەوە. ئێستاش لە کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، مامۆستایە. (سەباح حسێن ، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ٢٦/٥/٢٠٢٤)

بۆتان نالەیی: لە ساڵی ١٩٧٩ لە شاری هەولێر لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٩٤-ەوە سەرقاڵی کاری هونەرییە، سەرۆکی کۆمەڵەی هونەری کاریکاتێری کوردستانە، جێگری سەرنووسەر لە گۆڤاری تەنزوێنە و بەڕێوەبەری گشتی هەفتەنامەی کاریکاتێر بووە لە هەفتەنامەی بەدرخان، لەگەڵ چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان هاوکاری کردووە. (بۆتان نالەیی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ١٦/٦/٢٠٢٣) .

2-2- ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری:

1- تا پێش ڕاپەڕینی کوردستانی عێراق، تەنها چەند کاریکاتێریستێک بەرهەمەکانیان بڵاو کردۆتەوە.
2- هونەرمەندان بە حەز و خولیای خۆیان و بێ هیچ چەشنە پەروەردەیەکی ئەکادیمی، دەستیان داوەتە هونەری کاریکاتێر و فێری بوون.
3- لەپاش ڕاپەڕینی کوردستانی عێراقەوە، کاریکاتێریستەکان وردە وردە بەرهەمەکانیان بڵاو دەکەنەوە و لە ساڵی ٩٧ تا ٢٠١٥ ژمارەیەک گۆڤاری تایبەت بە هونەری کاریکاتێر چاپ و بڵاو دەبنەوە و چاڵاکییەکان زیاتر دەبن.
4- لە ٩٧-ەوە تا ٢٠١٥، چاڵاکییەکان و بەتایبەتی بڵاوکراوەکان بەردەوام دەبن. دواتر بە هۆی کێشەی ئابووری، چاڵاکییەکان دەوەستن و بڵاوکراوەکان بە یەکجاری دادەخرێن، لەو کاتەوە تا ئەمرۆ هیچ گۆڤارێکی تایبەت بە کاریکاتێر لە هەرێمی کوردستان دەرنەچووە.

سێیەم: ڕێکارەکانی توێژینەوە:

3-1- کۆمەڵگای توێژینەوە:

توێژەر کۆمەڵگای توێژینەوەکەی کە لە ٢٧ هونەرمەندی کاریکاتێریست پێکهاتووە، دیاری کردووە کە لە بواری کارتۆن و کاریکاتێر ساڵانێکە چاڵاکن و خاوەنی ئەزموونن چ لە نێوخۆی کوردستان (بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمەوە)، چ لە دەرەوەی وڵات.

3-2- ڕێبازی توێژینەوە:


توێژەر بۆ ئەم تووێژینەوەیە لە ڕێبازی شیکاری- وەسفی سوودی وەرگرتووە.

3-3- نموونەی توێژینەوە:

توێژەر ٤ نموونەی لە ٤ هونەرمەندی کاریکاتێریست کە لە جۆری بابەت و تەکنیک لێک جیاوازن وەرگرتووە ، بۆ ئەم مەبەستەش ئانالیزی هەرکامیان بە جیا ئەنجام دەدات.

3-4- شیکردنەوەی نموونەکان:

نموونەی ژمارە ١:



ناوی هونەرمەند: خالید ستار محەمەد

ناوی تابلۆ: بێ شڕۆڤە

قەبارە: ٢٠ X٢٠ سم

مەتریالی بەکارهاتوو: قەڵەم سۆفت لەسەر کەغەزی ڕەنگی

ساڵی دروستکردن: ٢٠١١

ژانر : کاریکاتێری سیاسی

وەسفی کاری هونەری: ئەم کارە لە شێوەی چوارگۆشەیە و لە سێ فیگەر پێکهاتووە، دوو لە فیگەرەکان بە شێوەی پۆرترێتی گەورە کە لە بەشی ڕاست و چەپ دان. یەکیان کڵاوێکی سووری لەسەردایە، ئەویتریش مەلایەکە بە مێزەرێکی ڕەشەوە. فیگەری سێهەم کەسێکە بە جلی کوردییەوە بە قەبارەی بچوکتر لە ناوەندی هەردوکیان و ناوەڕاستی بەرهەمەکە ڕاوەستاوە. بەشی هەرە زۆری فەزای کارەکە بە ڕەنگی مەیلەو زەردە.

داڕشتن: سیستەمی داڕشتنی ئەم بەرهەمە کە سێ فیگەر لەخۆ دەگرێت؛ ئەگەر بە خاڵ بیانچووێنین، لە شێوەی سێگۆشەیەکی سەراوبنە، کە لەسەر گۆشەیەکەیی وەستاوە و ناسەقامگیرە. کڵاوە سوورەکەی پۆرترێتی لای ڕاست یەکەم فاکتەرە کە سەرنجی بینەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و لەوێوە نیگا دەچێتە سەر پۆرترێتی لای چەپ، کە مێزەرێکی ڕەشی لەسەرە و لەوێشەوە دەچێتە سەر کەسایەتی سەنتەری بەرهەمەکە ،کە پیاوێکی کوردە. لەگەڵ ئەوەی ڕەنگی سووری کڵاوەکە سەرنج ڕادەکێشێت، بەڵام سیادەی ئەم کارە بە دوو هۆکار دێتە سەر فیگەری پیاوە کوردەکە: یەکەم هۆکار – ئەوەیە کە بەکگراوندی پشتی ئەم کەسایەتییە ڕووبەرێکی ڕەشە، کە لە جەستەی فیگەرەکانی تر پێکهاتووە و بۆتە هۆی دروستبوونی کۆنتراستێک بۆ بارز بوونی. دووهەم هۆکار– ئەوەیە کە خاڵی یەکتربڕی هێڵەکانی گۆشە بۆ گۆشە ڕێک دەکەوێتە سەنتەری تابلۆکە، کە سەری پیاوە کوردەکەیە.

تەکنیک: هونەرمەند بۆ ئەو بەرهەمە سوودی لە قەڵەم سۆفت لەسەر کاغەزی فابریانۆی ڕەنگی مەیلەو زەرد وەرگرتووە.

شرۆڤە: تۆێژەر پێی وایە هونەرمەند خالید ستار دوو کەسایەتیی لە دوو کاراکتێردا کە نوێنەری دوو وڵاتن پیشانداوە؛ یەکیان نوێنەری هێڵی سوننەی تورکی عوسمانی و ئەوی تر نوێنەری هێڵی دەوڵەتی شیعەی سەفەوی ئێرانییە. ئەو دوو کاراکتێرە وەک دوو کەسی بە تەمەن پیشاندراون، کە گوزارشت لە دوو دەسەڵاتی کۆنی ناوچەکە دەکەن. لەسەر و سیمادا لێک جیاوازن، بەڵام لە بەشی جەستەدا بەیەکەوە لکاون و یەک شتن. هەردووک لێو بەخەندە و شادن، لە ناوەندی ئەو دوو کاراکتێرە کەسێک بە جلی کوردییەوە بوونی هەیە، بە پێچەوانەی ئەوان خەمبار و ناشادە، ئەگەرچی ئەو دوو کاراکتێرە بەس ڕوخسارن، بەڵام ئەو بالای تەواوە و لە سایز و قەوارەدا بچوکترە. بە هەردوو دەستی نێوگیرفانەکانی دەرهێناوە، کە گوزارشت لە بێ سامانی و خراپبوونی دۆخی دەکات، بەپێچەوانەی ئەو کاراکتێرانەی تر، کە جەستەیان تۆخ و تاریکە، گشت جەستەی ئەو لە ڕووناکی دایە. هونەرمەند لە زەمینەی مەیلەو زەردی کاغەزەکە بۆ ئەم مەبەستە سوودی بینیووە و بە هێڵی چەماوی دەوروبەر نیشانی داوە. ئاراستەی هێڵەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، هونەرمەند هەوڵی داوە یەکتربڕ نەبن. دوو کاراکتێرەکە دەڕوواننە پیاوە کوردەکە. وا دەردەکەوێت بە دۆخی ناشادی ئەو شادن!! هەندێجار هێڵەکان لە فۆرمەکە ترازاون و تێکەڵ بە باکگراوندە زەردەکە بوون، هەر ئەمەش لە باری تەکنیکەوە دەوڵەمەندی کردووە و لە حاڵەتی گرافیکی دەری هێناوە.

تۆێژەر پێی وایە بە پێی تایبەتمەندییەکانی ئەم بەرهەمە؛ خاوەنی تەکنیکێکی بەرز و ڕەخنەیی و کریتیکاڵە و لە ژانری کاریکاتێری سیاسی دایە، دەکرێت تا ئاستی بەرهەمێکی جیهانی هەژمار بکرێت.

نموونەی ژمارە 2:



ناوی هونەرمەند: عەلی مەندەلاوی

ناوی تابلۆ: پۆرترێتی ئیسماعیل خەیات

قەبارە: ٣٠ X٢٠ سم

مەتریالی بەکارهاتوو: ڕەنگی ئاوی لەسەر کاغەز

ساڵی دروستکردن: ٢٠١٤

ژانر: فەیس کاریکاتێر

وەسفی کاری هونەری: لە یەکەم نیگادا چاوی بینەر بە کەسێک دەکەوێت؛ سەرو سمێڵێکی گەورە ، مڕ و مۆچ و زۆر جددی، دوو باڵی لێک کردۆتەوە. بە دەستی چەپ پێنووسێکی هێڵکاری پێیە و بە دەستی ڕاستیشی فڵچەیەکی گەورەی وێنەکێشان کە نووکی فڵچەکە ئاگری لێ بەرز بۆتەوە. سەری زلە و قاچەکانی بچووک و لەسەر شتێک ڕاوەستاوە.

داڕشتن: چوارچێوەی کارەکە لاکێشی ستوونییە، ئەم تابلۆیە لە باری داڕشتنەوە؛ سانا و ساکارە. لە یەکەم نیگادا چاو دەچێتە سەر ڕوخسارەکە و دواتر نیگا دادەخزێتە سەر فڵچەکە. هونەرمەند بۆ فڵچەکە لە هێڵی لار (مایل) کەڵکی وەرگرتووە. نیگای بینەر لە ئاگرەکەوە خێرا دێتە خوارێ بۆ ئەو بەشەی جەستەی کاراکتێرەکە کە کۆمەڵێک پێنووس و قەڵەمی بە شێوەی فیشەکدان لە کەمەری بەستووە و لەوێشەوە دەگوازرێتەوە بەرەو دەستی چەپ کە قەڵەمەکەی پێیە. لاقەکان دوایین شتە، کە بینەر سەرنجی دەدات.

ئاراستەی فڵچە و لاقەکان و پێنووسەکە لە بەشی لای ڕاستی خوارەوەی تابلۆکە لە خاڵێکدا یەک دەگرنەوە واتە گۆشەی دیدی بینەر لە سەرەوەیە. ئەگەرچی کاراکتێری نێو تابلۆکە لەسەر فۆرمێکی هاوشێوەی بەرد وەستاوە و ئاوێزان نییە، سەرەڕای ئەوەش لە باری داڕشتنەوە ماینده و جێگیر نییە.

هونەرمەند گۆشەی ڕاستی لای خوارێی بەرهەمەکەی بە تاریکییەکی تۆخ پڕ کردۆتەوە بە مەبەستی دروستکردنی پارسەنگیەک لە بەرانبەر تاریکی و تۆخی پرچ و سمێڵی کاراکتێرەکە و هەروەها بەشە ڕەنگییەکانی ڕوخسار و ئاگری فڵچەکە.

تەکنیک: هونەرمەند بۆ ئەم بەرهەمە لە پێشدا کەڵکی لە ڕەنگی ئاوی لەسەر کاغەز وەرگرتووە و بۆ قۆناغی کۆتایی سوودی لە ئامرازەکانی دیجیتال بینیووە.

شرۆڤە: هونەرمەند سالانێکی زۆر لەسەر پۆرترێتی کەسایەتییە سیاسی، هونەری و ئەدەبییەکانی جیهان و ناوچەکە کاری کردووە. کاراکتێری ئەم نموونەیە ڕەوانشاد هونەرمەند ئیسماعیل خەیات–ە [۷] . لەبەر ئەوەی هونەرمەند مەندەلاوی ئاناتۆمی ڕوخسار و جەستە باش دەناسێت، بە سوود وەرگرتن لە تۆناتی ڕەنگی، باڕست و قەبارەی ڕوخسارەکەی بە باشی دەرهێناوە و بە پێی توانا، دیفۆرمەی کردووە واتە ڕێژەکانی گۆڕیووە. ئەم بەرهەمە و زۆربەی کارەکانی تری، کە لەسەر کەسایەتییەکان کردوویەتی، تاک پێرسۆناژ و بە تەنیان. تەواو باڵایان دیارە و هەر کەسە و ئامێرێکی تایبەتی بەدەستەوەیە، کە سیمبول و هێمای پسپۆڕی کارەکەیەتی. لێرەدا ئیسماعیل خەیات کە هونەرمەندێکی بواری شێوەکاری–وێنەکێشانە، پێنووس و فڵچەی بە دەستەوەیە. جگە لەوە، لەم بەرهەمەدا هێمایەکی تریش دەبینرێت، بەردەکەی بن پێی سمایل خەیات، کە ئاماژەیە بە رابردووی هونەری ئەم کاراکتێرە؛ واتە پرۆژەی ئاشتی[۸] کە دواتریش بووە هۆی ئەوەی " **بەرد**" ببێتە کەرەستەیەکی سەرەکی بەرهەمەکانی. هونەرمەند ناسیاوی باشی لەگەڵ ئەو کاراکتێرەی هەڵبژاردووە هەیە؛ لەبەر ئەوە وای پێشانداوە، کە بە هونەرەکەی دەجەنگێت، فڵچەکەی دەستی بۆتە ئاگر و پێینووسەکانی بوونەتە فیشەک.

لە باری پۆزەیشن و میمیکی ڕوخسارەوە (حاڵاتی دەموچاو)، ئەم پۆرترێتە و ئەوانی تریش سارد و بێ هەست و خوستن، مۆدێل بەو جۆرەی دەستی بەرز کردۆتەوە،دەڵێی دەچێتە جەنگێکی هونەرییەوە. لانیکەم دەبوایە گۆڕانێک لە میمیکی ڕوخسار و گرژبوونەوەیەک لە هەندێ لە ماسولکەکانی دەموچاوی ڕووبدات، کە پەیوەندی هەبووایە لەگەڵ جوولەی جەستەی. تۆزێەر پێی وایە هونەرمەند سوودی لە وێنە وەرگرتووە، تا شێوەی کەسەکە وەک خۆی دەربچێت، هەر ئەوەش ڕۆڵی هەبووە لە ئیشکی کارەکەدا. ئەم بەرهەمە و کۆ بەرهەمەکانی تری هونەرمەند کە لەسەر کەسایەتییەکان کردوویەتی، پتر لە پەیکەرێک دەچن، کە لە شوێنێک و گۆڕەپانێکی گشتی لەبەردیدی جەماوەر دانراین، واتە قورسایی و هێزێکی داوە بە کەسایەتییەکان.

هونەرمەند جگە لە دوو شێوازی گرنگی Humor (گاڵتە و گەپ) و Satir (تەوس و پلار تێگرتن) کە کاری تێیدا کردووە، لە بواری پۆرترێتیشدا شارەزا و لێهاتووە و ئەو بەرهەمانەی دەچێتە ژانری فەیس کاریکاتێرەوە.

نموونەی ژمارە 3:



ناوی هونەرمەند: شەماڵ شوکور مەولود (پەروەر کەرکوکی)

ناوی تابلۆ: بێشرۆڤە

قەبارە: ٤٢ x ٣٠ سم (A3)

مەتریالی بەکارهاتوو: دیجیتال

ساڵی دروستکردن: ٢٠١٨

ژانر: Satir (تەوس و پلار)

وەسفی کاری هونەری: ڕاست لە ناوەندی لاپەڕەکە فیگەرێک دەبینرێت، کە بە هەیبەتێکەوە قیت ڕاوەستاوە، سینگی داوەتە پێش و دەستەکانی هەڵپێکاوە. سەری بە حاڵەتی غرور بەرز کردۆتەوە و لێو بە بزە و جگەرێکیش لەسەر لێویەتی. کڵاو و جامانەی کوردی لەسەرە، نیوەی جەستەی بۆتە بەرمیلێک و سەری بۆ لای چەپ سووڕاندووە.

داڕشتن: سیستەمی ئاراستەی ئەم بەرهەمە لاکێشی ستوونییە، کارێکی دیجیتاڵییە بە سایزی A3. لە ئانالیزی کارەکەدا تۆڕەر پێیوایە جگە لە وردەکارییەکان ئەم بەرهەمە لە چەند فۆرمی بنەڕەتی پێکهاتووە: ١- فۆرمێکی هێلکەیی گەورەی زەرد، کەسک و مەیلەو زەیتوونی، لە پشت فیگەرەکە بە چەشنی ستوونییە. ٢- فۆرمێکی هێلکەیی بە شێوەی ئاسۆیی نیلی، بەشی نەوتە ڕژاوەکە. ٣- فیگەرەکە هەر بۆ خۆی لە سێ فۆرمی سەرەکی پێک هاتووە؛ بەشی جەستە کە فۆرمێکی لاکێشی ستوونییە، بەشی سەلکە سەرەکەش فۆرمێکی هێلکەییە، سەرسینگی کە ئەویش هەر فۆرمەکەی هێلکەییە. واتە بەگشتی دەسەڵات زیاتر بە فۆرمی هێلکەیی، بازنەیی و هێڵی کەوانییە، لەم فۆرمانەش دا گەڕانەوەی وزە بۆ نێو خودی فۆرمەکەیە. ئەمانە و شێوازی ڕاوەستانی فیگەرەکە، جۆرێک سەقامگیری بە کارەکە بەخشیووە.

تۆڕەر ڕای وایە، چاوی بینەر بەر لە هەموو شتێک دەکەوێتە سەر سینگی فیگەرەکە، بە چەند هۆکارێک: ١- دروست لە ناوەندی لاپەڕەکە دایە. ٢- وەک فۆرمێکی بچووککراوە لە فۆرمە هێلکەییە گەورەکەی پشتەوە کە پرسپێکتیڤێک بەرەو ژوورەوە دروست دەکات. ٣- دژبەر(کۆنتراست)-ی زۆری هەیە لەگەڵ دەوروبەری خۆی.

دوای ئەوە نیگا دەچێتە سەر ڕوخساری کاراکتێرەکە و لەوێشەوە بەرەو جەستە، کە هونەرمەند وەک بەرمیلێک پێشانی داوە، نیگا دادەبەزێتە سەر ئەو کونانەی نەوتەکەی لێ دەچۆڕێت و دەڕژێتە خوارەوە، پاشان ئەو بەشەی نەوتەکە کە زەمینەیەکی ڕەشە و وەک ئەنجامێک سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.

کۆنتراست لەو بەرهەمەدا: ڕەنگی زەرد کەسکی زەمینە بۆ دەرخستنی ڕەنگی سورمۆری جگەرەکە و دەرخستنی فیگەرەکە بەگشتی. فۆرمی هەڵگەڕانی بزە و سمێڵ بەرەو سەرەوە، بەپێچەوانە فۆرمی نەوتەکە، کە لە کونەکانەوە دەڕژێتە خوارەوە. دژبەرییەکی تر لە کۆنتراستی ڕەنگەکاندایە. دژبەری سێهەم کە تۆڕەر لێی ڕوون نییە، ئایا بە زانست کراوە یا نا. ئێلیمانی جگەرەکەیە لە کۆنتراست لەگەڵ نەوتەکەدا.(وەکو دوو بابەتی دژبەیەک لە خەسڵەت دا کە جێی مەترسییە). جوولە لەم کارەدا زۆر کەم و قەتیس، بەگشتی داڕشتنێکی هێلکەیی وسانترالیزە.

تەکنیک: هونەرمەند پەروەر کەرکوکی بۆ دروست کردنی ئەم بەرهەمە سوودی لە ئامێر و تەکنیکی دیجیتاڵی وەرگرتووە. لە پێشدا بە شێوەی ئاوتلاین پاشان بە ڕەنگ پڕی کردۆتەوە . فۆرمە هێلکەییە گەورەکەی پشتەوە و هەروەها فۆرمی هێلکەیی نەوتە ڕژاوەکە تەخت و فلاتن، بەڵام جەستەی کاراکتێرەکە بە تەکنیکی گرادیەنت بەرجەستە کراوە (سەرەوە کاڵە و بەرەبەرە بۆ خوارەوە تۆخ بووە تا گەیشتۆتە تۆخی ڕەنگی نەوتەکە).

توێژەر پێی وایە هونەرمەند کەمتر لە هێڵی ئازاد سوودی بینیووە، هێڵەکان داخراون و ڕووبەریان پێک هێناوە. قەوس و کەوان زاڵە و هێڵی شکاوی تێدا نییە. لە باری دیفۆرمە کردن پەروەر هەوڵ دەدات، کاراکتێر و ستایلێکی تایبەت و جیاواز بۆخۆی دەستەبەر بکات. زۆربەی کارەکانی تاک پێرسۆناژین و ئەو تاکە گوزارشت لە جەماوەر دەکات، کاراکتێرەکان هەم جیهانی هەم ناوچەیین واتە ئارکیتایپن.

شـــرۆڤە: بەگشـــتی کارەکانی پەروەر ســـاکار و مینیمالن؛ ئەو بەرهەمەش هەروایە، هیچ ڕەنگێک یا هێڵێک بە زیاد دانەنراوە ، هەر شـــتێک بەقەرا و ئەندازەی خۆیەتی، تەنانەت دڵۆپەکانی خوارەوەش بە شـــێوەی هاوتا (ســـیمیتریک) دانراون، هەر ئەوەش شـــێوەیەکی پەیکەرە ئاســـای بەکارەکە بەخشـــیووە، بەڵام فۆرمالیتە و ڕووکەشـــانەیە؛ وەک فوودانەیەک بەرەو پوکانەوە. هونەرمەند لێرەدا ڕەخنەیەکی ســـیاســـی ئابووری لە دەســـەڵاتی هەرێمی کوردســـتان دەگرێت، ئەم دەسەڵاتە لە قەوارەی کەسیک کە کڵاو و جامانەی لەسەرە، پۆزێکی زلی هەیە و سمێڵ بابڕە بەرجەستە کراوە؛ جگەرەیەکیش بە لالێویەتی کە گوزارش لە دۆخێکی باش و گونجاو دەکات. دەوری چاوەکانی ڕەش، کە دوو خاڵی ســپی زەق لە ناوەندی دایە کە شـێوەیەکی ئەهریمەنی پێ داوە. بزەیەکی خۆشـیی پڕ لە شـانازی و شـکۆمەندی لەســەر لێوەیەتی، وا پێ دەچێت، کە کەیفی ســازە و لە دۆخێکی باشــدایە. هونەرمەند ئەم کەســایەتییە دەکاتە کاراکتێر و ئارکیتایپی دەســـەڵاتێکی کوردی . ئەو جۆرە کەســـایەتییە لە وێنە کۆنەکانیشـــدا زۆر بەرچاوە- ســـەرۆک عەشـــیرە و هۆزەکان بەو قەڵافەتە دەرکەوتوون، دیارە هونەرمەند بە زانستەوە سوودی لەم پۆزیشێنە بینیووە.

دژبەرییەکی تر کە لێرەدا دێتە ئاراوە، خۆشحاڵی کاراکتێرەکە و کون کونبوونی جەستەیەتی!! دۆخێکی ناتەبا یە، ڕوون نییە، ئایا خۆشـــحاڵە کە خاوەنی نەوتە و ســـاماندارە، یان خۆشـــحاڵە لەوەی لەبەری دەڕوات و لە کۆڵی دەبێتەوە؟! لە پشـت فیگەرەکە هونەرمەند پەروەر، شـەبەنگێکی گەورەی زەردکەسـکی لە چەشـنی هێلکە دروسـت کردووە، بۆ ئەوەی زیاتر فۆکس بکەوێتە ســەر فیگەرەکە. ئەو فۆرمە هێلکەییەش دەکرێت گوزارشـت لە فەریکە دەســەڵاتێک بێ کە هێشـتا نەجوقاوە و نەهاتوتە دەرێ.

ئەو بەرهەمە دەچێتە ژانری کارتۆنی- Satir واتە تەوس و پلارەوە .

نموونەی ژمارە 4:



ناوی هونەرمەند: ئازاد جەواد ئەحمەد (گرفتار کاکەیی)

ناوی تابلۆ: بێشرۆڤە

قەبارە: ٤٢ x ٣٠ سم (A3)

مەتریالی بەکارهاتوو: ڕەنگی ئاوی لەسەر کاغەزی فابریانۆ

ساڵی دروستکردن: ٢٠٢٣

ژانر: Satir (تەوس و توانج)

وەسفی کاری هونەری: ئەم کارە هونەریە شێوەی لاکێشەیی ئاسۆیی وەرگرتووە، دوو کەسایەتی کاریکاتێری لە شێوەی ڕەگەزی پیاو لە بەرانبەری یەکتر وەستاون. ئەوەی لای چەپ بە تووڕەییەوە بە دەست و پەنجە ئاماژە بە بەشێک لە قۆڵی کراسی کەسی بەرانبەری دەکات، بە دەستەکەی تری داو و دەرزی پێیە و دەیەوێت بۆی بدووریتەوە، بەڵام خۆی پشتەوەی پانتۆڵەکەی دڕاوە و بەشێک لە جەستەی بەدەرەوەیە!!

ئەوەی لای ڕاست بە سەرسوڕمانەوە سەیری پەنجەکانی دەکات و سیمای سوور هەڵگەڕاوە. بەکگراوندی کارەکە ئاسمانێکی مۆرە.

داڕشتن: ئاراستەی داڕشتنی ئەو بەرهەمە لاکێشی ئاسۆییە و شێوازی داڕشتنەکە سادە و ساکارە، دوو فیگەر لەم بەر و ئەو بەری لاپەڕەکە بە چەشنی سیمیتریک (هاوتا) ڕاوەستاون. پانتۆڵی کەسی لای ڕاست تۆختر. هونەرمەند بۆ

زەمینەی پشتەوە ڕەنگی مۆری بەکار هێناوە، کە وەک تاقی ئاسمان دەنوێنێت و حاڵەتی کەوانی هەیە و لەبەری لای چەپ ڕەنگەکە بەرەو سوورمۆر یان ئالیزارین کریمسۆن ڕۆیشتووە. کە هونەرمەند لە لایەک بە ڕەنگی زەردی کراسی کەسی لای ڕاست کۆنتراست و هاوکات بە تۆخیی ڕەنگی پانتۆڵەکەی هاوسەنگییەکی لەگەڵ ئەو سوورمۆرە دروست کردووە .

جوڵەی دەستی کەسی لای چەپ لەگەڵ کەوانی ئاسمانەکە هاوتەریبن. لە بەشی خوارەوەش چاو دێتە سەر پانتۆڵی دڕاوی کەسی لای چەپ و لەوێشڕا لە ڕێگەی ئەو دەستەی داو و دەرزییەکەی پێیە و دواتر ئەو دەستەی ئاماژە بە قۆڵی دڕاوی کەسی بەرانبەر دەکات، نیگا دەچێتە سەر پانتۆڵی قاوەیی تۆخی کەسی لای ڕاست و پاشان چاو هەڵدەگەڕێتەوە سەر ڕوخساری و لەوێشڕا بەرەوە ئاسمانەکە. ئەو جوولەیە بەردەوامە و بە شێوازی هێلکەیی چاو لە ناو بەرهەمەکەدا دەگەڕێت.

تەکنیک: هونەرمەند سەرەتا بۆ هێڵی دەوروبەر(ئاوتلاین)-ەکان لە قەڵەم سۆفتی ڕەش لەسەر کاغەزی فابریانۆ کەڵکی وەرگرتووە و دواتر بە ڕەنگی ئاویی پڕی کردۆتەوە. تەکنیکی ئەو کارە پتر لەسەر هێڵی چەماوە و زۆرکەم هێڵی شکاو بەکارهاتووە.

شرۆڤە: بە پێی نموونەی بەردەست و بەرهەمەکانی تری هونەرمەند، تۆێژەر پێی وایە کە سانا و ساکاریی, تایبەتمەندیی بەرهەمەکانی گرفتار کاکەییە واتە بەرهەمەکان تەقلیلی و مینیمالن، لە ئاستی جیهانی دا هونەرمەندانێکی وەک : S.V.D.Born-ی هۆلەندی، Drilevic Darko خەڵکی یۆگۆسلاڤیای پێشوو،Pavel Matuska لە کۆماری چیک و هەروەها کۆمەڵێک لە کاریکاتێریستانی عەرەب و فارس بەم شێوازە کاریان کردووە. لەم نموونەیەدا تەنها دوو کاراکتێری دێفۆرمەکراوی خەیاڵی دەبینین، کە بە هێڵی دەوروبەری(ئاوتلاین) سادە کێشراونەتەوە. ئەو کارە ئاماژە بە پەندێکی پێشینیان دەکات کە دەڵێ:" دەرزییەک لە خۆت ڕۆکە، ئینجا سوڕنێک لە چاوی خەڵک".

تۆێژەر ڕای وایە کە دەکرێت دوو شرۆڤەی جیاوازبۆ ئەم کارتونە بکرێت:

* وەک ڕەخنەیەکی سانا و ساکاری کۆمەڵایەتی کە تاکی کۆمەڵگە بە هەموو چین و تۆێژەکانەوە دەگرێتەوە.
* وەک کارتونێکی سیاسی کە تێیدا ئاراستەی ڕەخنەکەی ڕووی لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، کە عەیب و عار و کەموکوڕی خۆیان نابینن و ئامادە نیین چارەسەری بکەن ، بەڵام ڕەخنە لە لایەنی بەرانبەر دەگرن و ئەم مشتومڕەش دەگوازنەوە بۆ ڕاگەیاندنەکان.

ئەگەر یەکێک لە ئەرکەکانی کارتون و بەگشتی کاریکاتێر ڕەخنەگرتن بێت، ئەو بەرهەمە بە باشی مەبەستی پێکاوە و بەرهەمێکی سەرکەوتووە، کە بە کەمترین هێڵ توانیویەتی زۆرترین پەیام بگەیەنێتە بینەر و ببێتە هۆی تێڕامان و مشتومڕ.

فیگەرەکان سەرەڕای ئەوەی خەیاڵیین، بەڵام ڕوخساریان وزە و ئێنێرژی تێدایە، خەم وتووڕەیی و شادی لە کارەکاندا بوونی هەیە، بەڵام بە شێوازێکی کڵێشەیی . فۆرمی چاوەکان، لوت و گوێچکە و پوزەیشنی کاراکتێرەکان و شێوازی ڕاوەستانیان، ڕەچاوی فۆرمێکی دووبارە دەکەن، ئارکیتایپن و نموونەیین. قەبارە و جەستەی فیگەرەکان و ئەندامەکانی لەش جێگیر و نەگۆڕ نیین و بە پێی کارێک کە ئەنجامی دەدەن کورت و درێژ و قەڵەو و باریک دەبنەوە، حاڵەتی ئێلێستیتە و نەرمیان هەیە. ئەم تایبەتمەندییە لەنێو کارتون و کاریکاتێرەکانی هونەرمەندی عێراقی خضیرالحمیری-شدا دەبینرێت.

چوارەم:

4-1- ئەنجامەکانی تۆێژینەوە:

1- بە هۆی ئەوەی زۆرینەی هونەرمەندانی کاریکاتێریست بەر لە ڕاپەڕین حەزیان نەکردووە بەرهەمەکانیان لەنێو بڵاوکراوەکانی سەردەمی بەعس دا چاپ بکرێت، هونەری کاریکاتێر لە کوردستانی عێراق مێژوویەکی دوور و درێژی نییە.

2- لە پاش ڕاپەڕین و بەتایبەتی لە ١٩٩٧-ەوە هونەری کاریکاتێر دەکەوێتە قۆناغێکی نوێووە، ژمارەی گۆڤارەکان زیاتر دەبن، ستافی تایبەت بە کاریکاتێر دروست دەبێت، فەزایەک دەخولقێت کە هونەرمەندانی گەنج ڕادەکێشێت. لەم قۆناغەدا چالاکییەکان لە چاپەمەنییەوە هەتا بەڕێوەبردنی پێشانگا و بەینال زیاتر دەبێت.

3- لەم قۆناغەدا گەشەی ئابووری، کۆمەلایەتی، سیاسی کە دەرکەوتەی پێگەی کوردە وەک نەتەوەیەکی خاوەن دەسەلات؛ پشتگیری لە هونەر و هونەرمەندان زیاتر دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەی هزری و تەکنیکی بەرهەمەکان. هونەرمەندان لە فێستیڤال و بەینالە دەرەکییەکان بەشدار دەبن و خەلات وەردەگرن. کۆمەلێک لە کاریکاتێریستەکان هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، شێوازە جۆراجۆرەکانی کاریکاتێر تاقی دەکەنەوە.

4- زۆرینەی هەرە زۆری گۆڤارە کاریکاتێرییەکان بە هۆکاری ماددی دادەخرێن، ئەو کێشەیە بەتایبەتی لە ٢٠١٤- ٢٠١٥ دەگاتە لوتکە و گۆڤارەکان دەوەستن و هەتا ئەمڕۆ هیچ گۆڤارێکی تایبەت بە کاریکاتێر چاپ ناکرێت، تەنها یەک پاشکۆی کاریکاتێری بۆ ماوەی دوو ساڵ لە چاپ دەدرێت، کە ئەویش لە ٢٠٢٠ دەوەستێت. لەو قۆناغەدا بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان بە هۆی نەبوونی فەزا و پشتگیری، بەناچاری واز لە کاریکاتێر دەهێنن، کە ئەوەش خەسارەتێکی زۆرە. هەنووکە تەنها بەشێکی کەم لە هونەرمەندانی کاریکاتێریست لە کارەکەیان بەردەوامن و لە لاپەرەی کەسیی خۆیان لە سوشیال میدیا (فەیسبوک، ئینستاگرام و...هتد) کارەکانیان بڵاو دەکەنەوە.

4-2- ڕاسپاردەکان:

1- پاڵپشتی و پشتگیری ماددی بۆ دووبارە چاپبوونەوەی بڵاوکراوەکانی تایبەت بە هونەری کاریکاتێر لە کوردستان.

2- دامەزراندنی سەنتەری تایبەت بە کۆکردنەوە و ئەرشیڤی گۆڤار و بڵاوکراوەی کاریکاتێر کە تا ئێستا چاپ و بڵاو بوونەتەوە.

3- دالّدە و پاڵپشتی هونەرمەندانی کورد بۆ بەشداری لە پێشانگا و بەینالە ناوخۆیی و جیهانییەکان.

4- زیاد کردنی ماددەی دەرسی تایبەت بە هونەری کاریکاتێر لە پەیمانگا و کۆلێژی هونەرەجوانەکان وەکو وانەی هەڵبژاردە (ئێلێکتیڤ).

4-3- پێشنیارەکان:

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەدا، توێژەر پێشنیار دەکات :

١- لەسەر شێوە و ناوەڕۆکی هونەری کاریکاتێر لە کوردستان توێژینەوە بکرێت.

٢- توێژینەوە لەسەر شێوازی هونەرمەندانی ناسراوی کورد لە بواری کاریکاتێر و کارتۆند ا.

٣- لێکۆڵینەوە لەسەر ڕەنگدانەوەی دیاردە کۆمەلایەتییەکان لە نێو گۆڤارە کاریکاتێرییەکانی کوردستانی عێراق دا.

٤- توێژینەوە لەسەر تەکنیکی دیجیتاڵی لە نێو بەرهەمی کاریکاتێریستانی کورددا.

پەراوێزەکان:

1- **سامۆئێل یۆهانسۆن**: (Samuel Johnson 1709-1784) شاعیر، نووسەر، ڕەخنەگر و نووسەری قامووس لە بەریتانیای سەدەی هەژدەهەم.

2- **پۆمپای**: شارێکی کەونارایە لە وڵاتی ئیتاڵیا کە ساڵی ٧٩-ی پاش زایین کەوتە ژێر خاک و خۆڵەمێشی گرکانی وێزوو و زۆرینەی خەڵکەکە بە زیندووی نێژران.

3- **ئاگۆستینۆ کاراچی**: (Agostino Caracci 1557-1602) وێنەکێشی گەورەی سەدەی شازدەی ئیتاڵیا، لەگەڵ برا و ئامۆزاکانی قوتابخانەی بۆلۆنی-یان دامەزراند بە دژی ڕێبازی مێنێریزم.

4- **بێرنینی**: (Gian Lorenzo Bernini 1598-1680) نیگار کێش، بیناساز و پەیکەرسازی ناسراوی ئیتاڵی لە ڕێبازی بارۆک دا.

5- **وێتکۆوێر**: (Rodolf Wittkower 1710-1971) ڕۆدۆلف وێتکۆوێر؛ مێژوونووسی ئەلمانی-ئەمریکی کە پسپۆڕی هونەر و بیناسازی ڕێنێسانس و بارۆک بوو.

6- لوئی فیلیپ: (Louis Philippe 1850- 1773) لوئی فیلیپی یەکەم پادشای فەرەنسا بوو. سیاسەتی پاوانخوازی پەیرەو دەکرد و هەروەها ڕیکەوتنی لەگەڵ وڵاتی بەریتانیا کرد، پاڵپشتی لە سیاسەتی بە کلۆنی کردنی وڵاتی ئەلجەزایر دەکرد. لە ساڵی ١٨٤٧ بە هۆی خراپتربوونی باری ئابووری فەڕەنسا کەوتە بەر پلاری ڕەخنەگران و ناچار لە پاش شۆڕشی فەڕەنسا وازی لە دەسەڵات هێنا و تا کاتی مەرگی لە وڵاتی بەریتانیا وەک پەنابەر ژیا.

7- ئیسماعیل خەیات: (1944-2022) هونەرمەندی شێوەکاری کوردی کوردستانی عێراق و لەدایکبووی شاری خانەقینە، کە بە شێوەی دەربڕینخوازی یان ئێکسپێرشێنیزم کاری کردووە.

8- پڕۆژەی ئاشتی: پڕۆژەیەکی هونەری ناسراوە کە لە ساڵی ٢٠٠٠ لە لایەن هونەرمەند ئیسماعیل خەیات-ەوە وەک هەڵوێستێک دژی شەڕی براکوژی بەڕێوەچوو. هونەرمەند لەو پڕۆژەیەدا، تاشەبەردەکانی گوندی پیرەر-ی لەسەر ڕێگای کۆیە-هەولێر ڕەنگ کرد و بۆ ئەو مەبەستەش لە هەموو ڕەنگەکانی سوود وەرگرت.

سەرچاوەکان:

سەرچاوە کوردییەکان:

- پیرباڵ، فەرهاد. (٢٠٠٦)، مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا، چاپی یەکەم،هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- حەمادە، مەمدوح. (٢٠١٨)، پوختەیەک لە مێژووی هونەری کاریکاتێر، (وەرگێڕان لە عەڕەبییەوە: پەروەر کەرکوکی)، سلێمانی، ناوەندی هونەری ٧ ڕەنگە.
- خۆشناو، هەندرێن. (٢٠٠٨)، مێژووی هونەری کاریکاتێر لە شاری هەولێر، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە ٤، ل ٨٩-١٠٣.

سەرچاوە فارسییەکان:

- ضیایی، محمد رفیع. (١٣٨٨)، پرونده کاریکاتور(جلد١) ، تهران، پژوهشگاه فرهنگ و هنر اسلامی.
- ضیایی، محمد رفیع. (١٣٩٣)، بررسی زبان و کارکرد کارتون و کاریکاتور،https://www.dinonline.com.
- عبدعلی، محمد. (١٣٩٤)، تاریخ کاریکاتور، نگاهی کوتاه به تاریخ بلند کاریکاتور جهان، http://ensani.ir.
- لطیفی، غلامعلی. (١٣٩٤)، تاریخچه جهانی کاریکاتور، مجله ایران کارتون، مرداد ١٣٩٤، شماره ٤٢، صص ٤-١١.
- گروه فرهنگ و هنر سیمرغ. (١٣٩٣)، تاریچه پیدایش کاریکاتور، https://seemorgh.com.

سەرچاوە عەڕەبییەکان:

- خلیل العلاف، ابراهیم. (٢٠١٧)، بدایات الصحافة الفکاهیة في العراق،https://www.allafblogspotcom.blogspot.com.

سەرچاوەکانی توێژینەوە و تێزە زانکۆییەکان:

- حمد الهاجری، نور(٢٠٢٠)، سیمائیه جائحه کورونا فی کاریکاتیر الصحافة القطریة، مجلة أنساق، دار نشر جامعه قطر، العددان ١-٢.
- یوسفی، حمیده (١٣٨٢)، فرش افشار کردستان، دانشگاه صنعتی سهند تبریز، دانشکده هنرهای کاربردی، پایاننامه تحصیلی کارشناسی.

وتووێژەکان:

- ئازا حەسیب، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر-هەولێر، ٢٠/١٢/٢٠٢٣.
- ئازاد جەواد (گرفتار)، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- ئالمان، ٥/٨/٢٠٢٢.
- ئاکۆ غەریب، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ١٢/٥/٢٠٢٣.
- بۆتان نالەیی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ١٦/٦/٢٠٢٣.
- بەختیار سەعید، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ١٤/١/٢٠٢٢.
- بەکر عەبدولڕەحمان، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ٩/٥/٢٠٢٣.
- پەروەر کەرکوکی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ٤/٨/٢٠٢٢.
- جەبار سابیر، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ٤/٧/٢٠٢١.
- خالید ستار، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سوید، ١٩/٤/٢٠٢٣.
- دارا محەمەد عەلی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ٢٩/١٢/٢٠٢٢.
- ڕێناس عارف، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هۆڵەندا، ١٩/٤/٢٠٢٣.
- سالم سەلیم، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- دهۆک، ١٩/٤/٢٠٢٣.
- سەباح حسێن، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ٢٦/٥/٢٠٢٤.
- سەرچڵ شەوقی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ١٩/٤/٢٠٢٣.
- سەردار عەبدوڵڵا، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ٢٧/٦/٢٠٢٣.
- سەردار کێستەیی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- ئەمەریکا، ٢١/٤/٢٠٢٣.
- عەلی دەرویش ، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- فەرەنسا، ٦/٨/٢٠٢٢.

- عەلی مەندەلاوی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هۆلەندا، ٨/٤/٢٠٢٣.
- فەلاح شوان، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر-ئەمەریکا، ١٦/٨/٢٠٢٣.
- کیڤان محو، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ٢١/٤/٢٠٢٣.
- محەمەد سالّەیی، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر-کانادا، ٢/١/٢٠٢٣.
- محەمەد فەتاح، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- سلێمانی، ٨/٤/٢٠٢٣.
- محەمەد قادر، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ١٠/١/٢٠٢٣.
- هەندرێن خۆشناو، گفتگۆی تایبەت، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، هەولێر- هەولێر، ١٠/٨/٢٠٢٢.

تۆڕی زانیاری ئینتەرنێت:

- https://en.wikipedia.org

فەرهەنگەکان:

- Oxford wordpower dictionary, London ,Oxford university press,2000

دور الرسوم الكارتونية والرسوم الكاريكاتورية في الفن الكردي (كوردستان العراق)

محمد صالح روستم زاده
قسم تشكيلى، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين– أربيل. أقليم كوردستان،العراق
mohammad.rostamzadeh@su.edu.krd

ملخص

أحد العوامل المهمة في التنمية الاجتماعية هو فن الكاريكاتير وباعتبارها وسيلة حديثة للتعبير عن النقد بطريقة "مصورة"، فقد لعبت دورا مهما. بعد تطور التنوير وإنشاء الـ نظام السلطوي الحديث في العالم، وانتشار الأفكار الديمقراطية، وتراجع الملكية والاستبداد، والتقدم السريع للتكنولوجيا، وخاصة صناعة الطباعة، أتيحت الفرصة للنقد المباشر. لكن هذا ليس الحال دائماً؛ ففي بعض المناطق، باسم الجمهورية والديمقراطية، لا تزال المجتمعات تدار بنفس الأنظمة الملكية أو الرأسمالية والليبرالية الجديدة القديمة. وهذا جعل مهمة الصحفيين والفنانين الناقدين أكثر تحدياً، ولكن ليس مستحيلاً. بالإضافة إلى ذلك، جزء آخر من هذا الفن، نظراً للقلق والوحدة التي يشعر بها الأفراد في هذا العصر، قد تولى مهمة الترفيه. الباحث، مقدراً غنى هذا النوع، يسعى لتسليط الضوء على أسس فن الكاريكاتير في كردستان العراق ويهدف إلى تقديمه للقارئ. يتألف هذا البحث من أربعة أجزاء: الجزء الأول يحدد الإطار العام للبحث، بما في ذلك: المقدمة، مشكلة البحث، أهمية البحث، أهداف البحث، حدود البحـ ث، وتعريفات المصطلحات. الجزء الثاني فيتناول الإطار النظري للبحث من خلال قسمين: القسم الأول يناقش تاريخ فن الكاريكاتير والكارتون في العالم، العراق، وكردستان العراق، منشورات الكاريكاتير والفنانين الكاريكاتيريين في كردستان، القسم الثانى المراجع الإطارية النظرية. الجزء الثالث من البحث يركز على مناهج البحث: مجتمع البحث، عينة البحث، ومنهج البحث، بما في ذلك أربع عينات من أربعة فنانين، الجزء الرابع وأخيراً تعرض النتائج ويقدم الباحث اقتراحاته وتوصياته.

الكلمات المفتاحية: الكارتون، الكاريكاتير، الفن الكردي.

The Role of Cartoons and Caricatures in Kurdish Art (Iraqi Kurdistan)

Mohammad Saleh Rostamzadeh
Department of Plastic Art, College of Fine Art, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
mohammad.rostamzadeh@su.edu.krd

Abstract

One of the important factors in social development is the art of caricature, as a modern tool of expressing criticism in a "pictorial" way, has been able to play a prominent role. Following the development of enlightenment and the establishment of the modern authoritarian system in the world, the spread of democratic ideas, the decline of monarchy and absolutism, and the rapid advancement of technology, particularly the printing industry, have provided an opportunity for more direct criticism. However, this is not always the case; in some regions, in the name of republicanism and democracy, societies are still governed by the same old monarchical or capitalist and neoliberal systems. This has made the task of critical journalists and artists even more challenging, but not impossible. Additionally, another part of this art, due to the anxiety and loneliness of individuals in this era, has taken on the task of entertainment. The researcher, appreciating the richness of this genre, seeks to highlight the foundations of caricature art in Iraqi Kurdistan and aims to introduce it to the reader. This research consists of four parts: the first part outlines the general framework of the research, including: the preface, research problem, importance of the research, objectives, research boundaries, and definitions of terms. The second part is divided into two sections: the first discusses the history of caricature and cartoon art in the world, Iraq, and Iraqi Kurdistan, as well as the publications of caricatures and caricature artists in Kurdistan, and second section contains the theoretical framework references. The third part of the research focuses on research methodologies: research community, research sample, and research method, including four samples from four artists, and The fourth and final section is dedicated to its conclusions, suggestions and recommendations.

Keywords: Cartoon, Caricature, Kurdish art

Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.3.12

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Fatma Saad Al-Naimi
fatmasalnaimi@qu.edu.qa

مهارات القيادة الناجحة وإدارة الفريق في القرآن الكريم

فاطمة سعد النعيمي / قسم القرآن والسنة، كلية الشريعة والدراسات الإسلامية، جامعة قطر، الدوحة، قطر

RECEIVED :17 /03/2025
ACCEPTED :24/04/ 2025
PUBLISHED :15/06/ 2025

ملخص

يستعرض هذا البحث مهارات القيادة الناجحة وإدارة الفريق كما وردت في القرآن الكريم وسنة النبي محمد ﷺ يبدأ البحث بتوضيح مفهوم القيادة في الإسلام، ويبين أن القيادة ليست مجرد السلطة أو النفوذ، بل هي مسؤولية تتطلب الرحمة، العدالة، والشورى؛ يشمل البحث دور القائد في تشجيع وتحفيز الفريق، بالإضافة إلى أهمية التخطيط والتنظيم في تحقيق الأهداف.

يتناول البحث أيضًا الفرق بين القيادة في القرآن والمفاهيم التقليدية للقيادة، مشيرًا إلى أن القيادة القرآنية تركز على الشورى والتعاون بين أفراد المجتمع بدلاً من التركيز على السلطة الفردية. كما يُبرز صفات القائد الناجح في القرآن الكريم مثل الصدق، الحكمة، والرحمة، ويعرض بعض القصص القرآنية التي تجسد هذه المبادئ، مثل قصة النبي يوسف عليه السلام، حيث قام بتخزين المحاصيل في سنوات الوفرة لمواجهة المجاعة المستقبلية، مما يعكس أهمية التخطيط الاستراتيجي في القيادة.

أيضًا، يناقش البحث دور النبي محمد ﷺ في إدارة الفريق من خلال الشورى، وكيف كانت قراراته مبنية على الاستماع لآراء الصحابة، مما يعزز روح التعاون والانخراط في اتخاذ القرارات. كما يُظهر البحث قصة ذو القرنين كنموذج للقيادة الرشيدة والعدالة، حيث جمع بين القوة والحكمة في إدارة الأمور.

أخيرًا، يعرض البحث مبادئ القيادة والإدارة المستوحاة من القرآن مثل التحفيز، بناء الثقة، وتنظيم العمل الجماعي، مما يوفر إطارًا متكاملاً للقيادة الناجحة في السياقات المعاصرة.

الكلمات المفتاحية:

القيادة الناجحة،
إدارة الفريق،
مهارات،
القرآن الكريم

About the Journal
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

المقدمة

تُعَدُّ القيادة الناجحة وإدارة الفريق من القيم الأساسية التي تُشكِّل جوهر نجاح أي مؤسسة أو جماعة في الإسلام، ويُقدِّم القرآن الكريم نموذجًا متكاملاً للقيادة الرشيدة من خلال القصص القرآنية والمبادئ التوجيهية التي توضح أُسس التعامل مع الأفراد والجماعات. كما يحتوي على أمثلة واضحة لقادة أُلهموا الحكمة والإخلاص في تحمل المسؤوليات، مثل النبي محمد ﷺ، ونبي الله يوسف عليه السلام، وذو القرنين، وغيرهم.

يبرز القرآن الكريم أهمية القيم الأخلاقية، مثل العدالة، والتواضع، والشورى، وتحمل المسؤولية، باعتبارها أساسيات القائد الناجح. يقول الله تعالى: ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ (آل عمران: 159)، مما يُبرز دور المشورة والعمل الجماعي في تعزيز الثقة وتحقيق الأهداف المشتركة.

يتناول هذا البحث تحليل المهارات القيادية وإدارة الفرق في ضوء النصوص القرآنية، مستعرضًا القواعد العملية التي يمكن استخلاصها وتطبيقها في الحياة المعاصرة. من خلال التركيز على مفاهيم مثل الإخلاص، والعدل، وحسن التخطيط، سنُبيِّن كيف يُمكن للقرآن الكريم أن يكون مصدر إلهام لقادة العصر الحديث، وكيف يُمكن تطبيق مبادئه في إدارة الفرق وتحقيق النجاح.

أولاً: عناصر البحث

1-1: مشكلة البحث

على الرغم من وفرة الدراسات المتعلقة بالقيادة وإدارة الفرق في المجالات الإدارية الحديثة، إلا أن هناك نقصًا واضحًا في استلهام القيم القرآنية كأساس لبناء نموذج قيادي شامل. يطرح هذا البحث سؤالًا جوهريًا: كيف يمكن تطبيق المبادئ القرآنية المتعلقة بالقيادة وإدارة الفريق في السياقات المعاصرة لتحقيق النجاح والتناغم الجماعي؟

ينطلق البحث من الحاجة إلى إعادة اكتشاف الأطر القيادية التي وردت في القرآن الكريم وتفسير كيفية الاستفادة منها في معالجة التحديات الإدارية والاجتماعية الحالية.

1-2: أهمية البحث

1. تسليط الضوء على الجوانب القيادية في النصوص القرآنية، مما يثري الدراسات الإسلامية والإدارية.
2. تقديم نموذج قيادي متوازن يجمع بين القيم الروحية والأخلاقية والمتطلبات العملية.
3. توفير مرجعية قيادية مستوحاة من القرآن الكريم للقادة في المؤسسات المختلفة.
4. تعزيز القيم الإسلامية في مجال إدارة الأعمال وتنظيم الفرق.

1-3: أهداف البحث

1. تحليل المهارات القيادية في القرآن الكريم واستنباط أهم القيم والمبادئ المرتبطة بها.
2. دراسة النماذج القيادية في القصص القرآني، مثل النبي يوسف عليه السلام وذو القرنين والنبي محمد ﷺ.
3. تقديم تطبيقات عملية للمبادئ القرآنية في القيادة وإدارة الفرق المعاصرة.
4. إبراز دور القيم الأخلاقية مثل العدالة، الحكمة، والشورى في تحقيق نجاح القيادة.

1-4: منهج البحث:

يعتمد البحث على المنهج الاستقرائي وذلك من خلال استقراء النصوص القرآنية التي تتناول موضوع القيادة وإدارة الفرق؛ جمع الآيات التي توضح صفات القادة الناجحين والممارسات القيادية الفعالة.

والمنهج التحليلي وذلك من خلال تحليل النصوص القرآنية وتفسيرها وفقًا للتفاسير المعتمدة؛ مقارنة المبادئ القرآنية بالنظريات القيادية المعاصرة لاستخلاص القيم المشتركة.

1-5: الدراسات السابقة:

مفهوم القيادة في الإسلام، وأنواعها ودعائمها، لمحمد يوسف إسماعيل وغيره، (مجلة علوم الحديث، جامعة ماليزيا، 2017) تناولت هذه الدراسة إلى بيان مفهوم القيادة في الإسلام، وأنواعها ودعائمها، وقد خلصت إلى أن القيادة ثلاثة أنواع مترابطة، أعلاها قيادة الدولة والشعب، تليها قيادة المؤسسات كالمسؤولين والوزراء، ثم قيادة الأسرة، وتُعد القيادة الكبرى موهبة إلهية لا يقدر عليها إلا القليل، ويتطلب في القائد العلم والكفاءة والصحة البدنية.

أسس القيادة الناجحة في ضوء القرآن الكريم دراسة موضوعية، لعبد المحسن أحمد محمد علي، مدرس بقسم التفسير وعلوم القرآن .كلية أصول الدين والدعوة الإسلامية . جامعة الأزهر . فرع أسيوط (حولية كلية اللغة العربية بجرجا مجلة علمية محكمة، جامعة الأزهر المجلد 22، العدد 3، 2018 الصفحة 1939-2100): تناولت الدراسة "أسس القيادة الناجحة في ضوء القرآن الكريم"، مبينة أن القيادة مسؤولية ربانية تهدف لتحقيق التوازن واستقامة المجتمعات، وركّزت على أبرز مصطلحات القيادة في القرآن كـ"الخلافة" و"الإمامة"، وأهم أسس نجاحها مثل: الشورى، الأمانة، العدل، الصدق، والحكمة، مؤكدة أن القائد الناجح هو من يلتزم بالنهج القرآني ويكمله بالسنة النبوية.

1-6: الفرق بين البحث والدراسات السابقة

يختلف هذا البحث في تركيزه الشامل على استقراء النصوص القرآنية بشكل عميق وربطها بمبادئ القيادة الحديثة. كما يُميّزه السعي إلى تقديم تطبيق عملي للمبادئ القرآنية في السياقات الإدارية والاجتماعية المعاصرة.

2: مفهوم القيادة الناجحة في القرآن الكريم

2-1:تعريف القيادة من منظور قرآني:

القيادة من منظور قرآني تعني القدرة على توجيه الأفراد والجماعات لتحقيق الأهداف المشتركة بما يتفق مع القيم والمبادئ(عايد، 2023) الإلهية التي تحقق الخير والصلاح. يتجلى مفهوم القيادة في القرآن الكريم من خلال الوظيفة التكليفية للقائد كحامل للأمانة ومسؤول عن إدارة شؤون من تحته بما يرضي الله ويحقق العدل.

2-2: المرتكزات الأساسية للقيادة في القرآن الكريم (الأعظمي،2012، ص35) (كريم،2017، ص40):

1.الأمانةوالمسؤولية:

القيادة ليست مكانة تشريفية بل تكليفية؛ يقول الله تعالى: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا﴾ [النساء: 58]. هنا يظهر أن القائد مُطالب بتحمل الأمانة وإدارتها بعدل. يقول القشيري: إن ردَّ الأمانات إلى أهلها يعني إعادة حقوق الناس إليهم بعد أن تكون قد توليتها دون أن تُلحق بها ضررًا أو فسادًا. كما أن لله – سبحانه وتعالى – أمانات أودعها لديك، وردُّها إليه يكون بحفظها وصيانتها دون خيانة؛ فمن صور خيانة أمانة القلب ادعاء ما ليس لك، أما خيانة أمانة السِّر فتتمثل في ملاحظتك لها والتفاتك إليها. أما الحكم بين الناس بالعدل، فهو تحقيق المساواة بين القريب والبعيد في العطاء والبذل، وألّا يدفعك الحقد إلى الانتقام لنفسك (القشيري، ج3، ص341).

2.الشورى والعمل الجماعي:

تُشجع القيادة القرآنية على اتخاذ القرارات بالشورى: ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ [آل عمران: 159]، مما يعزز التعاون بين القائد وأفراد فريقه ويؤسس لقيادة شاملة. يؤكد أبو زهرة أن الشورى مبدأ أساسي في الإسلام، وقد أمر الله بها نبيه ﷺ، مما يدل على عفوه وسماحته، حتى بعد الخطأ في غزوة أحد عندما مال للبقاء في المدينة، لكن الصحابة أشاروا بالخروج فاستجاب لهم. التزم

النبي ﷺ بالشورى في جميع القضايا العامة، واستمر الخلفاء من بعده عليها، لكن ضعفها أدى إلى اضطراب الحكم لاحقًا. رغم عدم وجود نظام محدد للشورى في القرآن أو السنة، فإنها تقتضي اختيار أهل الخبرة في كل مجال. الشورى تعكس عدل الحاكم، وتلزم المستشارين بالشعور بالمسؤولية، ولا يعاديها إلا مغرور أو خائف من انكشاف أمره. تأتي في مرحلة التخطيط، وبعدها يجب تنفيذ القرار دون تردد، كما فعل النبي ﷺ في أحد حين رفض التراجع بعد المشاورة، لأن ذلك يؤدي إلى الفوضى والاضطراب (أبو زهرة، ج3، ص1476).

3.العدل والحكمة:

القائد القرآني يجب أن يكون عادلاً في قراراته وحكيمًا في التعامل مع الناس، كما قال تعالى: ﴿وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ﴾ [النساء: 58]. ويبيّن الفخر الرازي أن الله تعالى، بعد أن أمر في هذه الآيات بالحكم بالعدل وأداء الأمانة، ختم بقوله: "إن الله كان سميعًا بصيرًا"، أي أنه يسمع حكم العدل ويراه، كما يرى أداء الأمانة ويحيط به علمًا. وهذا التأكيد يُعد من أعظم الدوافع للمطيع على الاستمرار في الطاعة، ومن أقوى أسباب التحذير للعاصي من خيانة الأمانة أو الظلم في الحكم (الرازي، ج10، ص 111).

4.الكفاءة والقوة والأمانة:

يُبرز القرآن أهمية الكفاءة مع الأمانة كمعايير للاختيار القيادي: ﴿إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ﴾ [القصص: 26]. يقول ابن سعدي إن موسى عليه السلام كان خير من يُستأجر، لأنه جمع بين القوة التي تمكنه من أداء العمل، والأمانة التي تضمن عدم خيانته فيه. وهذان الوصفان ضروريان لكل من يُوكل إليه عمل، سواء كان بأجرة أو بغيرها، لأن أي خلل في العمل يعود غالبًا إلى غياب أحدهما أو كليهما، أما إذا اجتمعا، فإن العمل يكتمل على الوجه الأمثل (السعدي، 1420هـ، ص614).

5.التخطيط والرؤية المستقبلية:

يتضح ذلك في قصة النبي يوسف عليه السلام الذي خطط لإدارة أزمة القحط: ﴿قَالَ اجْعَلْنِي عَلَى خَزَائِنِ الْأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ﴾ [يوسف: 55]. يذكر الزمخشري أن يوسف عليه السلام وصف نفسه بالأمانة والكفاءة، وهما الصفتان الأساسيتان التي يبحث عنها الملوك فيمن يولونهم المسؤوليات. ولم يكن طلبه للولاية بدافع حب السلطة أو الدنيا، بل رغبة في إقامة العدل، وتنفيذ أحكام الله، وتحقيق الهدف الذي تُبعث الأنبياء من أجله، لعلمه بأنه الأقدر على أداء هذه المهمة على أكمل وجه (الزمخشري، 1407هـ، ج2، ص482).

أما أهداف القيادة في المنظور القرآني، فهي:

- تحقيق العدالة والرفاه للأفراد والجماعات.
- الإرشاد نحو الطريق الصحيح (الهدى) الذي يُرضي الله.
- توظيف الإمكانيات لتحقيق التنمية الشاملة.

فالقيادة في القرآن تقوم على المبادئ الإلهية التي تجعل القائد قدوة حسنة تسعى لتحقيق العدل، وتعزز من قيم الشورى والمسؤولية الجماعية، مع الاعتماد على كفاءته وأمانته.

3-2: أهمية القيادة في الإسلام.

القيادة في الإسلام هي القدرة على توجيه الأفراد والجماعات لتحقيق أهدافهم وفق المبادئ والقيم الإسلامية التي تعزز الخير والصلاح. القيادة ليست مجرد سلطة أو نفوذ، بل مسؤولية وأمانة تتطلب من القائد الالتزام بالعدل والإحسان في معاملته للناس

وتحقيق المصالح العامة بما يرضي الله. وقد عرّفها العلماء بأنها "توجيه الآخرين لتحقيق هدف مشترك في إطار من القيم والأخلاق"(الزيان، 2005، ص1013–1065).

2-4: أهمية القيادة في الإسلام (محمود، 215، ص124):

1. تحقيق العدل والشورى :القيادة هي أداة لتحقيق العدل بين الناس، وهي مبدأ أساسي في الإسلام، كما ورد في قوله تعالى :﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ﴾ [النساء: 58]. كما تُبنى القيادة الإسلامية على الشورى :﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ﴾ [الشورى: 38]. يذكر الإمام الماتريدي في تفسيره "تأويلات أهل السنة" عند تفسير قوله تعالى: ﴿وأمرهم شورى بينهم﴾ [الشورى: 38] أن هذه الآية نزلت في مدح الأنصار، إذ كانوا يتشاورون فيما بينهم حتى في غياب رسول الله ﷺ. ونُقل عن الحسن البصري أنه تلا هذه الآية وقال: "والله، ما تشاور قومٌ قط إلا هداهم الله تعالى إلى أفضل ما لديهم".

ويبين الماتريدي أن أصل المشاورة أن الله سبحانه وتعالى أمر نبيه ﷺ أن يشاور أصحابه، كما جاء في قوله: ﴿وشاورهم في الأمر﴾ [آل عمران: 159]. ويرى أن المشاورة هي اجتماع العقول وتلاقح الأذهان، وأن اجتماعها يؤدي إلى إدراك الحق والصواب بشكل أسرع وأدق مما لو انفرد كل عقل برأيه دون مشاركة الآخرين (الماتريدي، 1426هـ، ج9، ص133).

2.توجيه المجتمع نحو الصلاح :القائد في الإسلام مسؤول عن إرشاد الناس إلى الخير ومنع الظلم والفساد. وقد ورد في الحديث الشريف :"كلكم راعٍ وكلكم مسؤول عن رعيته" رواه (البخاري، صحيح البخاري، كتاب الجمعة، حديث رقم 893) (مسلم، صحيح مسلم، كتاب الإمارة، حديث رقم 1829)، مما يُبرز أن القيادة تكليف وليست تشريفًا.

3.تحقيق الأمن والاستقرار :القيادة الفعّالة تضمن استقرار المجتمع وتوحيد الصفوف لمواجهة التحديات. وقد جسّد النبي محمد ﷺ هذا الدور في توحيد الأمة الإسلامية وإرساء دعائم الدولة على مبادئ العدل والمساواة.

4.النموذج الأخلاقي :القيادة الإسلامية ليست فقط في اتخاذ القرارات بل أيضًا في كون القائد قدوة حسنة للآخرين في الأمانة، الصدق، والحكمة.

فالقرآن الكريم والسنة النبوية يقدمان نماذج مثالية للقيادة، مثل النبي يوسف عليه السلام وذو القرنين والنبي محمد ﷺ، حيث أظهروا الحكمة، العدل، والكفاءة في التعامل مع قضايا مجتمعاتهم.

والقيادة في الإسلام هي عمل تكاملي يهدف إلى تحقيق الخير للأمة وفقًا لقيم العدل، الشورى، والعمل الجماعي. كما تعد أداة هامة لتحقيق الإصلاح الاجتماعي وضمان استقرار المجتمعات وفق المبادئ الإسلامية.

2-5: المطلب الثالث: الفرق بين القيادة في القرآن وبين المفهوم التقليدي للقيادة.

القيادة في القرآن الكريم تختلف عن المفهوم التقليدي للقيادة في العديد من الجوانب، سواء من حيث الأهداف أو المبادئ أو كيفية ممارستها. وأبرز الفروق بينهما (القاسم،2021، ص145)(علي، 2022، ص63)(سعيد،2005):

1.الهدف الأسمى:

